ژماره (٣) ئەیلولی ٢٠٠٩

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان


ئەلفوبێی کوردی و لاتینی

سوداد ڕەسوڵ

زمان و بیر

وەرگێڕانی: نەریمان خۆشناو

دایەسپۆرای کوردی،
دیاردەیەکی تری کوشتنی زمان

سەلام ناوخۆش

سیستەمی ڕێزگرتن لەزمانی کوردیدا

وەرگێڕانی: ڕۆژگار جەلال

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ژمارە (3) ئەیلولی 2009




**گۆڤاری زمانناسی**

**لەسەر ئەم ماڵپەڕە بخوێنەوە:**

**www.zimannasi.com**

**خاوەنی ئیمتیاز**
**پ.ی سەلام ناوخۆش**
**07504467184**

**سەرپەرشتیاری زانستی**
**د. شێرکۆ بابان**

**سەرنووسەر**
**نەریمان خۆشناو**
**07504947787**
**07702577528**

**دەستەی راوێژکاران**
**پ. د. یوسف شەریف**
**پ . ی .د. فوئاد رەشید**
**د. سەباح ڕەشید**
**ئیدریس عەبدوڵڵا**
**مستەفا سەید مینە**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**کۆچەر ئەنوەر نایف**

**ناونیشان**

**کوردستان ـ هەولێر**

**بۆ پەیوەندیکردن:**

zimannasi@yahoo.com
koshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com

# لەم ژمارەیەدا

## سەروتـار


- ئەلفبێی کوردی بەشێك لە ئاسایشی زمانی کوردی دەەگەیەنێت .........خاوەن ئیمتیاز 3


## لێکۆڵینەوە


- ئەلفوبێی کوردی و لاتینی......................................... سوداد ڕەسول 6
- دایەسپۆرای کوردی، دیاردەیەکی تری کوشتنی زمان ....................سەلام ناوخۆش 29
- ڕۆڵ و گرینگی فۆنیمی (ە – e) لە زماندا.......................... ئەحمەد هیرانی 38
- دیوە تیۆریەکانی گرێی دەنگسازی........................... د. شێرکۆ بابان 65


## ژیاننامەی زانستی


- ژیاننامەی زانستی پرۆفیسـۆر ئەوڕەحمـانی حاجی مارف...........ئا: نەریمان خۆشناو 82


## وەرگێڕان


- زمان و بیر............................................. و: نەریمان خۆشناو 91
- سەرەتایەك لە واتاسازی .......................... و: یووسف نووری محەمەدئەمین 120
- سیستەمی ڕێزگرتن (ڕێزلێنان) لە زمانی کوردیدا............... و: ڕۆژگار جەلال 136


## ئەرشیفی زمانناسی


- حیسابی ئەبجەد....................................پ.د. وریا عومەر ئەمین 151


## بیبلۆگرافیا


- بیبلۆگرافیای فەرهەنگی کوردی 1787 – 2009..................... د.شوان سلیمان یابە


## فەرەهەنگی زمانناسی


- زاراوەگەلی بوا ری وزە و گەرمی بزووتن .................. پ.ی . رزگار بەکر وەلی 163

سەروتار

# ئەلفبێی کوردی بەشێك لە ئاسایشی زمانی کوردی دەگەیەنێت

دەڵێین نووسین بە ئەلفبێی کوردی نەك عەرەبی یاخود ئارامی، ئیسلامی! چونکە ئەو ئەلفبێیەی نووسینی کوردی پێ دەکرێت جیاوازییەکانی لەگەڵ ئەلفبێی عەرەبی زۆر زیاترن لەخاڵە لەیەکچووەکانی. هەندێ پیتی نەبزوێن لەکوردی هەن لە عەرەبی نین هەروەها هەندێکی تر لە عەرەبی هەن لەکوردی نین. بزوێنەکانی کوردی زۆر لە بزوێنەکانی عەرەبی جودان نەك ڕووی لە ژمارەوە، بەڵکو لەڕووی ئەرکەوەش! ئەمەو زمانی کوردی زمانێکی فۆنیمیە کەچی عەرەبی فۆنیمی نییە!

کوردی زمانێکە چۆن گۆ دەکرێ ئەوهاش دەنوسرێ. ئەو ئەدگارەی کوردی گرفتەکانی زۆر کەمتر کردونەتەوە بە بەراورد بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی! ڕەگەزەکانی ڕستە لەهەر شوێنێك بن سەر لە خوێنەر ناشێوێنن، چونکە هەمان شێوەیان هەیە، ناسنامەی ڕەگەزەکە پەیوەستە بەشوێنی هاتنی نەك هەبوونی (سەر) (بۆر) و (ژێر)ەوە! کەچی ئەو سەرو بۆرو ژێرەی عەرەبی زۆرجار خوێنەر توشی هەڵەی لێکسیکی و ڕێزمانی و واتایی دەکات. لە قورئانی پیرۆزدا چەند نمونەیەك هەن، جێگۆڕکێی ڕەگەزەکان یان جێگۆڕکێکردنی سەرو بۆرو ژێرە تەواوی چەمکی ئایەتە دەگۆڕن. ئەمەو لەزمانی عەرەبی چەند

دەنگێکی لەیەك نزیك هەن، کە هەموویان فۆنیمن و واتا دەگۆڕن، هەتا عەرەبەکانیش تەواو لەیەکیان جیا ناکەنەوە، کەچی لەکوردی دیاردەی ئەوها نییە... کەچی هیچ عەرەبێکی (مارکسی) و (لیبرالیش) نالێت با واز لەو ئەلفبێیە بێنین و بە ئەلفبێی تر بنووسین!! چونکە ئەو هەموو گرفتەی هەیە بە بەراورد لەگەڵ زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە. ئەوەی ئینگلیزی بزانێ لەهیچ شوێنێك شارستانییەتی گەیشتبێتێ بێ چارە نابێ کەچی ڕێنووسی ئەو زمانە ئەوەندە کێشەی هەیە کە چەندان جار بلیمەتێکی وەك جۆرج برنارد شۆ گاڵتەی پێکردووە! ڕێنووسی ئەو زمانە کەمی ڕێساییە، بەڵکو زۆری (ناڕێسایی)یە بەتایبەتی گەردانەکردنی کردارو بەشێك لەشێوەی کۆکردنی ناو و هەروەها پلەی بەراوردی ئاوەڵناو! ئەمەو کێشەی (پیت) و (دەنگ) کێشەیەکی پڕ ئاریشەیە. (26) پیتەکانی ئەم زمانە (44) دەنگ دروست دەکەن هەروەها لەچەندەها شوێن (دوو پیت) بەجۆرەکا دەنگی جیاواز دەخوێنرێنەوە هیچ یاسایەکیش نییە ئەم جیاوازی خوێندنەوەیە شرۆڤە بکا!

زمانی فەرەنسی بەدووەم زمان دێت لەجیهاندا. ئەم زمانەش زۆر گرنگە فەرەنسی لەو زمانانە نییە بە (ئاسانی) بەبێ (مامۆستای فەرەنسی) و (کۆمەڵگەی فەرەنسی) فێری ببیت. وێڕای ئەوەی کێشەی (پیت) و (دەنگ)ی زۆر ئاڵۆزە، ئەوە کێشەی جێندەریشی هەیە. ئەو جێندەرەش زۆربەی بێ ڕێسان وەك عەرەبی دەڵێین (سماعین!) هەروەها ڕێککەوتن Concord دەبێ لەنێوان ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕستەدا هەبێ... ئەمەو بەهیچ جۆرێ وشەی فەرەنسی چۆن دەنووسرێ ئەوها گۆ ناکرێ!!

زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسرێن و ئەو ئەلفبێیەش "نەتەوەیی!" نییە، بەڵکو ئەلفبێیەکە زادەی عەقلێکی پڕ ستەمکاریی لاتینییەکانە!!

ئایا ئەگەر ئەم ئەلفبێیەی کوردی بە ئەلفبێیی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی بەراورد بکەین دەرك بەهیچ ئاریشەیەك دەکەین؟! نازانم لەسەر بنەماو شەنگستی چ لۆژیکێك "گیروگرفتی" ئەم ئەلفبێیە هەندە مەزن بکرێ و ماستەرنامەو دکتۆرانامەی لەسەر بنووسرێ؟!

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەوە ئەو کەسانەی لەبواری زمان کار دەکەن گیروگرفت بۆ ئەم ئەلفبێیە دروست دەکەن، نەك ئەلفبێیەکە گرفتی هێندە مەزنی هەبێت!!

هەندەك بەبێ ئەوەی تەواو لە (بزرۆكە!) بگـەن هـەر دەڵـێن ئـەو بزرۆكەیـە لـە "لاتینی" چارەسەركراوە!! بەڕاستی بزرۆكە نە فۆنیمە واتای وشە بگۆڕێت وە نـە ئەلۆفۆنە شـێوەی دەنگێكـی تـر بێـت!! لـە سـیمای "پیـت ـ ڕێنـووس" هـەر دەرناكەوێ بەڵكو تەنها لەسەر ئاسـتی دەنـگ لـە هەنـدێ وشـە دەردەكـەوێت، ئەوەش دەكرێ لە تاقیگەی دەنگیی باسی لێوە بكرێ نـەك ئەلفبێیـەكی كـوردی بكرێتە قوربانی ئەلفبێیەكی تر كە هیچ مۆركێكی نەتەوەیی و دینی پێوە نییە!

لەلایـەكی تـر، كێـشەی بـەكارهێنانی ئـەلفبێ پەیوەسـت نییـە بـە ژمـارەی ئاخاوتنكارانەوە، چونكە ئەلفبێ پەیوەسـتە بـە نووسـینەوە نووسـینی كـوردیش بەلاتینی بەقـەد چـەند سـاڵێكی كـەمی دوای ڕاپـەڕین نییـە!! وێـڕای هـەموو ئەمانەش، لاتینی چارەسەری گرفتەكانی هەردوو زمـانی ئینگلیـزی و فەرەنـسی نەكردووە، جا چۆن دەتوانـێ چارەسـەرێكی زمـانێكی ڕۆژهـەڵاتیی وەك كـوردی بكات كە چەندەها پیتی وەك (ق، ژ، ش، ڕ، خ، غ، ع، ح، چ...هتـد هەیـە كـە بەهیچ جۆرێ بەتەنها پیتێكی لاتینی نانووسرێن!!

لەم ڕوانگەوە، ئێمە لە (زمانناسی)یدا پەیڕەوی ئەلفبێیەك دەكەین كـە كـۆنترین دەقـی كـوردی پێنووسـراوەتەوە هـەروەها مێـژوویێكی پـڕ شـكۆی هەیـەو كتێبخانەكەشی ئەوەندە گەورەیە تەواو گوزارشت لـە زۆرینـەی نووسـەری كـورد دەكات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕەسەنێتی و گونجانی زمان و ئەلفبێیەكە دەنوێنێ، بۆیە پاراستنی ئەم ئەلفبێیە و پەیڕەوكردنی بەشێك لە سـتراتیژیەتی نەتـەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی زمانی كوردی دەگەیەنێت.

**خاوەن ئیمتیاز**

# ئەلفوبێی کوردی و لاتینی
# دەرکەوتن و بیانو و دەرئەنجامەکانی گۆڕینی

سوداد ڕەسول/ بەریتانیا

کێشەی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ ئەلفوبێی لاتینی ئەمڕۆ بە گرنگترین کێشەی زمانی کوردی دادەنرێت، زمانی کوردی لە ماوەی پەرەسەندنیدا، لەوکاتەی بۆتە زمانی نووسین تاوەکو ئەمڕۆ هیچ کێشەیەك بەڕادەی گۆڕینی ئەلفوبێیەکەی بۆ لاتینی تەئسیری خراپی بۆ سەر زمانەکە بەجێنەهێشتووە. گۆڕینی ئەلفوبێی لەسییەکانی سەدەی بیست بەشێوەیەکی عەمەلی زمانی کوردی و نەتەوەی کوردی دابەش کرد ،کە ئەمەش لەدابەشبوونی جوگرافی کوردستان لەلایەن هێزە ئیستعمارییەکانەوە کوشندەتر بوو.

زۆر ڕۆشنبیرو خوێندەواری کورد هەن بەبێ ئەوەی لە دەرئەنجامە خراپەکانی گۆڕینی ئەلفوبێ وردبنەوە، زۆر بەسادەیی و بەکۆمەڵێك بیروڕا و بیانووی بێبنەماو نامەنتیقی پەسندی ئەلفوبێی لاتینی دەکەن و سەرپێیانە مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی وا گرنگ و ستراتیجی زمانی کوردی دەکەن. ئەم بیروڕا چەوتانە پەڕیوەتە ناو ڕای گشتی خەڵك و زۆر کەس هەیە لە بێئاگاییەوە پەسندی ئەلفوبێی لاتینی دەکا، ئەوەی زیاتر بۆتە مایەی قووڵکردنەوەی ئەم کێشەیە، لەدوای دەرکەوتنی تەلەفزیۆنی کەناڵی ئاسمانی کوردی لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەوە لەکوردستانی عێراق لەم ساڵانەی دواییدا، بەشێوەیەکی بەرفراوان برەویان بەنووسینی لاتینی داوە، وەك زەمینە خۆشکردنێك، تا لە پاشەڕۆژدا ڕێنووسی کوردی بۆ لاتینی بگۆڕن.

بۆ گۆڕینی ئەلفوبێ بیانو و بۆچوونی جیاوازو هەمەچەشن دەخرێنەڕوو: هەندێك پێیانوایە کە لاتینی لەبارترین ئەلفوبێیەکە بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی و پیتەکانی عەرەبی دەرۆستی نایەت. هەندێکی دی پێیانوایە بەگۆڕینی بۆ لاتینی گەلی کورد لە گەلانی ئەوروپا نزیك دەبێتەوەو دەچێتە ڕیزی گەلانی پێشکەوتووی دنیا، هەندێکی دی بیانوی تەکنەلۆجیاو پێشکەوتنی زانستی بۆ دێننەوە کە بە ئەلفوبێی لاتینی وەرگرتنی ئەو زانستە نوێیە ئاسانترە، هەندێکی دی هەر بەوە ناوەستن و دەڵێن گۆڕینی ئەلفوبێ هەنگاوێك دەبێ بۆ کورد کە خۆی لە ڕابردووە دواکەوتووەکەی دابڕێت، جارێکی دی بە ئەلفوبێیەکی نوێی سەردەمانە خۆی بنیات دەنێتەوە.

لەم باسەدا دەمانەوێ چەند تیشکێك بخەینەسەر ئەم بابەتە و لایەنە تاریکەکانی روناك بکەینەوە، هەروەها ئەو بیانو و بیرورا جیاوازانەی لەمەڕ ئەم بابەتە هەن دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، پێش ئەوەی بێینە سەر تاوتوێکردنی، کورتە مێژوویەکی پەیدابوونی خەت و ئەلفوبێ لە مێژوودا باس دەکەین ، هەروەها پەرەسەندنی مێژووی هەردوو ئەلفوبێی لاتینی و کوردی دەخەینەڕوو.

پەیدابوونی خەت و ئەلفوبێ لەمێژوودا

ئەمرۆ لەدنیا زمانەکان بە ئەلفوبێی و ڕێنووسی هەمەچەشن و جیاواز دەنووسرێنەوە. هەر زمانێك پێویستی بە ئەلفوبێیەك هەیە بۆ نووسینەوە. داهێنانی ئەلفوبێ بایەخێکی زۆری هەیە لەمێژوودا، بەگرنگترین ڕووداوی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت، چونکە پاش داهێنانی خەت و ئەلفوبێ، مرۆڤ توانی مێژوو و سەربردەی ژیانی خۆی بنووسێتەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی نووسین قۆناغی پێش مێژوو دوایی دێت و مێژووی نووسراو دەستپێدەکات. داهێنانی خەت و نووسین لەمێژوودا وەك پێویستییەکی شارستانی ئینسانەکانی ئەو سەردەمە بووە. لەوکاتەی ئینسان لەشوێنێك نیشتەجێ بووە ، دەستی کردووە بە کشتوکاڵ وماڵیکردنی ئاژەڵ، ژیانی ئابوری و گوزەرانی بەرەوپێش چووە، پێویستی بە سیستەمێکی نووسین بووە بۆ تۆمارکردن و نووسینەوەی پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەی.

مێژوونووس و شوێنەوارناسان بنەچەو سەرچاوەی پەیدابوونی زۆربەی ئەلفوبێیەکان دەگەڕێنەوە بۆ دەرکەوتنی شارستانیەتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەتایبەت

ئەلفوبێیەکانی ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژهەڵات سەرچاوەی دەستپێکردنی دەگەڕێننەوە بۆ پەیدابوونی یەکەم شێوازی نووسین بەخەتی بزمانی Cuneiform لەلایەن سۆمەرەکان لە میزۆپۆتامیا (3500 پێش زایینی) و خەتی هیرۆگلیفی Hieroglyph لەلایەن میسرییە کۆنەکان لەدۆڵی نیل (3500 پێش زایینی) ن ئەو دوو خەتە بەڕادەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، ئەمڕۆ چەندین ئەلفوبێی لەیەك جیاوازی لێ بەرهەم هاتووە. ئەلفوبێ لەمێژوودا هەمیشە لەنێوان میللەتان دەستاو دەستی کردووەو نەتەوەکان لەیەکتریان وەرگرتووەو داویانە بە نەتەوەی دی، هەر نەتەوەیەك وەك پێویستییەکی شارستانی بۆ نووسینی زمانەکەی بەکاریهێناوەو بەگوێرەی پێویستیش گۆڕانی بەسەرداهێناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگەکانی زمانەکەی بگونجێ. ئەوەی ئەمڕۆ پێدەگوترێت ئەلفوبێی عەرەبی یا لاتینی هەردوو ئەلفوبێ بەپرۆسەیەکی دوورودرێژی وەرگرتن و دەستکاری و هەموارکردن و سازاندن تێپەڕیوە تا ئەم شێوەی ئێستای وەرگرتووە. پەیدابوونی خەت و ئەلفوبێ لەماوەی پێنج هەزار ساڵی ڕابردوودا بەڕادەیەکی ئەوتۆ گەشەی سەندووە بۆ چەندین نەتەوەو نەژادی جیاواز پەلی هاوێشتووە و لق و پۆپی جیاوازی لێبۆتەوە.

خەتی بزماری هەتا ڕادەیەك هیرۆگلیفیش لەسەرەتادا بەنووسینی وێنەیی Pictographic دەستپێدەکات، واتە هەر وێنەیەك هێمابوو بۆ شتێکی مادی، لەپاشان ئەمە پەرەدەستێنێ بۆ نووسینی ڕەمزی Ideogram واتە هەر نیشانەیەك ئیشارەت بوو بۆ وشەیەك یا بیرێکی تایبەت، لەپاشان هەر ئەمە گەشە دەستێنێ و قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە نووسین دەستپێدەکات و نووسین دەبێ بە بڕگەیی Syllabic کە هەر نیشانەیەکی بزماری بریتی بوو لە پیتێکی بزوێن یا نەبزوێن یانیش بە پێچەوانەوە. تێکڕای پرۆسەی پەرەسەندن و پێگەیشتنی خەتی بزماری لەمێژوودا 3000 ساڵ دەخایەنێ ، هەرچی سەبارەت بە سیستەمی نووسینی هیرۆگلیفییە کە لەمیسری کۆن بەکارهاتووە، هەر وێنەیەك یا ڕەمزێك ئیشارەت بووە بۆ پیتێکی بەدەنگ یا چەند پیتێك. ئیدی ئەم جۆرە خەتە پەرەدەستێنێ و تا لە ئەنجامدا لەسەدەی پێنجەمی پێش زایینی خەتی هیراتیك Hieratic و خەتی دیمۆتیك Demotic پەیدا دەبێت.(1)

زۆربەی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە لەو سەردەمە ئەو دوو خەتە بەکاردێنن بۆ نووسینەکانیان. خەتی بزماری بۆ نووسینی زمانەکانی سۆمەری و ئەکەدی و ئیلامی و حیتی و هوری و ئورارتو و فارسی کۆن و فینیقی بەکارهاتووە.

**ئەلفوبێی فینیقی**

ئەلفوبێی فینیقی لەڕووی مێژووییەوە بایەخێکی زۆری هەیە، فینیقیە سەرەتاکان لەسەدەی یازدەهەمی پێش زایینییەوە دەورێکی باڵا دەگێڕن لە پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێ لەڕۆژهەڵات و ئەوروپادا.

ئەلفوبێیەکەیان دەبێتە سەرەتایەك بۆ دەرکەوتن و پەرەسەندنی زۆربەی ئەلفوبێ نوێیەکانی ئەمڕۆ، فینیقیەکان ئەلفوبێیەکەیان کە لە کەنعانییە سەرەتاکان وەردەگرن و دەستکاری دەکەن و ئەلفوبێیەکی پێشکەوتووتر دەهێننە بەرهەم. فینیقیەکان بەهۆی چالاکیان لەبواری بازرگانیدا لەشارەکانی سەر دەریای ناوەڕاست بەتایبەت شاری قرتاجە لە تونس و شاری بیبیلۆس و سورو سەیدا لە لوبنان، ئەم ئەلفوبێیە لە باکوری ئەفریقاو ئەوروپا بڵاودەکەنەوە،(2) ئیدی ئەمە سەرەتایەك دەبێت بۆ سەرهەڵدانی چەندین ئەلفوبێی جیاواز وەك ئەلفوبێی عەرەبی، عیبری، براهمی (هیندی)پەیدابوون، لەولاترەوە هەر لەڕێی ئەلفوبێی فینیقیەکانەوە، ئەلفوبێی گریکی پەیدا دەبێت و ئەمیش سەرەتایەك دەبێت بۆ دەرکەوتنی ڕێنووسی لاتینی و کریلیك و کۆپتیك، ئەلفوبێی فینیقیەکان لە 22 پیت پێکهاتووە، پیتی بزوێنی نەبووە، بەتەماشایەکی هەردوو ئەلفوبێی فینیقی و ئارامی لەشێوەی 2 و 3 نزیکی هەردوو ڕێنووس لەیەك بەدی دەکرێت.(3)

کۆنترین نووسراوی مێژووی کە بە ئەلفوبێی فینیقی نووسرابێتەوە لە بیبیلۆس (شاری جوبەیلی ئەمڕۆی لوبنان) بووە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینی.

ئەلفوبێی ئارامی

لەمێژووی ئەلفوبێدا، ئەلفوبێی ئارامی لەڕووی بایەخ و خێرایی بڵاوبوونەوەی هەمان ڕۆڵی ئەلفوبێی ڕۆمانی دەگێڕێ، زمانی ئارامییەکان و ڕێنووسەکەیان بۆ ماوەی هەزارساڵێك لەڕۆژهەڵاتی نزیك جێگەی بایەخ بووە، زمانەکەیان هەر لەسەدەی حەوتەمی پێش زایینی تا سەدەی حەوتەمی زایینی زمانی هاوبەشی Lingua franca زۆربەی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە بووە، کە دواتر زمانی عەرەبی جێگەی دەگرێتەوە. زمانی ئارامی یەکێکە لە زمانە سامییەکان، زمانی

سریانی و کلدانی پاشماوەی زمانی ئارامین. ئەلفوبێیەکەیان دواتر جێگەی خـەتی بزمـاری دەگرێتـەوە و دەبـێ بـە ئـەلفوبێی ئیمپراتۆریـەتی بـابلی و ئاشـوری و فارسـی.(4) پەرەسـەندنی ئـەلفوبێی ئـارامی لـە ئـەلفوبێی فینیقـی لـەڕووی مێژووییـەوە بایـەخێکی یـەکجار زۆری هەیـە، چـونکە ئەمـە لەپاشـان دەبێتـە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی گەلێك ئەلفوبێی دی وەك سریانی، تەدموری، عیبری، نەبەتی لە پاشان عەرەبی، هەروەها هەموو ئەو ڕێنووسانەی کە لـە عەرەبییـەوە وەرگیراون وەك فارسی و تورکی و کوردی و ئوردو.

**ئەلفوبێی عەرەبی**

ئەلفوبێی عەرەبی ئەمڕۆ لەجیهاندا لەدوای ئەلفوبێی لاتینی بە بڵاوترین ئەلفوبێ دادەنرێت، زۆرێك لەزمانەکان هەتا ئێستاش هـەر بـەو ئەلفوبێیـە دەنووسـرێن، سەدەیەك بەر لە ئێستا ڕێنووسی زۆرینەی زمانی نەتـەوەکانی جیهـانی ئیسلام بووە، تەنانەت ئەمڕۆش ئەو میللەتە موسـلمانانەی کـە دەسـتەبەرداری بـوون و لەجێگەی ئەلفوبێی عەرەبی ئەلفوبێی لاتینـی یـا کرلیکـی بـەکاردێنن، کەچـی هێشتا لەقوتابخانە دینییـەکان بـۆ خوێندنـەوەی قورئـان و کتێبـە دینییـەکان ، ئەلفوبێی عەرەبی فێر دەبن.

سەرەتای دەرکەوتنی ئەلفوبێی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی زایینـی، لە ئەلفوبێی نەبەتییەکانەوە وەرگیراوە، کە ئەویش هەمان خەتی ئارامی بـوو بـە کەمێك گونجاندنەوە. نەبەتییەکان تیرەیەکی عـەرەبی سـامی بـوون تـا سـەدەی یەکـەمی زایینـی لـەوڵاتی ئـەردەنی ئـەمڕۆ شانـشینییەکی گـەورەیان بـووە، پایتەختەکـەیان شـاری پـێترا بـووە کـە تـا ئـەمڕۆ شـوێنەوارەکانی هـەرماوە، نەبەتییەکان لەڕووی شارستانییەوە زۆر لەژێر تەئسیری ئارامییەکان و ڕۆمەکانـدا بوون، زمان و خەختی ئارامی و هونـەری بیناسـازی ڕۆمـەکان بـەکاردێنن.(5) عەرەبەکانی حیجاز پێش ئیسلام لەسەفەری بازرگانیان بۆ شام و عێراق خوێندن و نووسین بەخەتی نەبەتی و سریانی و عیبری فێر دەبوون، ئیدی ئەو خەتانە دێننـە ناوچەی حیجاز دوای فتوحاتی ئیسلام دوو جۆرە خەت لەناو عەرەبەکاندا باوبووە، خەتی نەبەتی (کە لەپاشان خەتی نەسخی لێ پەیدابوو) ،خەتی سریانی (کـە لـە پاشان خەتی کوفی لێ پەیدابوو)، دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام هـەردوو خـەت لـە جەزیرەی عەرەبی بەکاردەهات، سریانییەکان خـەتی سـریانیان بـۆ نووسـینەوەی

تەورات و ئینجیل بەکاردەهێنا، موسڵمانەکانیش خەتی کوفیان بۆ نووسینەوەی قورئان و کاروباری دینی بەکاردەهێنا و خەتی نەبەتیش بۆ نامەی رەسمی و ئاسایی بەکاردەهات.(6) ئەو خەتەی کە عەرەبەکان لەسریانی و نەبەتییەکانیان وەرگرت بێ نوقتەبوو. هەتاوەکو ئەمڕۆش خەتی سریانی بێ نوقتەیە. نووسین و خوێندنەوە بەم خەتە زۆر سەخت بووە، بۆ نموونە پیتی (ب، ن، ت، پ) وەك (ی )نووسراوە و پێکەوەش نووسراون، یا (ج ح، س ش )جیا کردنەوەیان لە نووسین ئاسان نەبووە. موسلمانان تا نیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی هیجری قورئانیان بەبێ نوقتەو سەر و بۆر دەخوێندەوە.(7) ئەوەبوو لەسەردەمی ئەمەوییەکان دەست دەکەن بەهەموارکردنی خەتی عەرەبی بۆ ئەوەی لەگەڵ دەنگەکانی زمانەکەیان بگونجێ، نوقتە بۆ بۆریش بۆ پیتەکان دادەنرێت ، هەرچی پیتی دیکەشی بۆ زیاد دەکەن کە لە نەبەتییەکەدا نەبووە لەپاشان سەرو بۆریش بۆ پیتەکان دادەنێن بۆ ئەوەی لەخوێندنەوە هەڵە نەکەن بەتایبەت بۆ خوێندنەوەی قورئان، بەم پێیە لە وەرگرتن و دەستکاری کردنی خەتی نەبەتی (ئارامی) و گونجاندنی بۆ زمانی عەرەبی، ئەلفوبێیەك دێتە ئاراوە پێیدەگوترێت ئەلفوبێی عەرەبی دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام لە جەزیرەی عەرەبی و بڵاوبوونەوەی بەرۆژهەڵات و باکووری ئەفەریقاو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ، ئەم ڕێنووسە بەنێو هەموو گەلانی موسڵمان بڵاودەبێتەوە، هەر نەتەوەیەکیش بەگوێرەی زمانی خۆی ئەلفوبێیەکە هەموار دەکات، ئیدی دەبێت بە بەشێك لە فەرهەنگ و شارستانیەتی ئەو گەلە موسڵمانانە.

**ئەلفوبێی لاتینی**

ئەلفوبێی لاتینی ئەمڕۆ لەدنیادا ئەلفوبێیەکە، سەرەتای پەیدابوونی دەگەڕێنەوە بۆ ئەلفوبێی گریکی لەسەدەی نۆیەمی پێش زایینی لە کومای Cumae کە کۆلۆنییەکی گریکی بووە لە باشووری ئیتالیا ئەلفوبێی کومای پەیدا دەبێت، لەوێش ئەلفوبێی ئەتروسکان بە دەردەکەوێت، ئیدی ئەمەی دوایی سەرەتایەك دەبێ بۆ دەرکەوتن و پەرەسەندنی ڕێنووسی ڕۆمانی یا لاتینی. ئەلفوبێی کۆنی گریکی وەك لەسەرەوە ئیشارەتی پێدرا لە ئەلفوبێی فینیقیەکانەوە وەرگیراوە.

ئەلفوبێی لاتینی شانبەشانی زمانی لاتینی بە ئەورووپادا بڵاوبووەوە، لەنیوەی جەزیرەی ئیتاڵیا و دەوروپشتی دەریای ناوەڕاست ، هەروەها بەهۆی فراوان بوونی

ئیمپراتۆریای ڕۆمانی بە ئەوروپادا بڵاودەبێتەوە، هەرچی نیوەی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەکەیە بە یۆنان و ئاسیای بچووکەوە بەزمانی یۆنانی ئەلفوبێی گریکی مایەوە. بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت لەسەدەکانی ناوەڕاست بەباکورو ڕۆژئاوای ئەوروپا، ئەلفوبێی لاتینی بە نێو نەتەوەکانی ئەو ناوچەیەدا بڵاوکردەوە کە بەزمانەکانی کێلتیك و جەرمەنییەکان و باڵتیك و فینۆ ئۆگریك دەدوێن، بەڵام ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەزمانە سلاڤییەکان دەدوێن ، سەر بە مەسیحیەتی ئەرتۆدۆکسن ئەلفوبێی (کرلیك)یان بەکارهێنا، بێجگە لەیۆنان کە هەر بە ئەلفوبێی گریکی مایەوە.(8)

لەماوەی پێنج سەدەی رابردوو لەگەڵ هێزە ئەوروپییە کۆلۆنیالییەکان ڕێنووسی لاتینی بەهەردوو ئەمەریکاو ناوچەی ئۆقیانوس و بەشێك لە ئاسیاو قارەی ئەفەریقاو ئوسترالیادا بڵاودەکەنەوە. هەر بەهۆی تەئسیری ئیستیعماری ئینگلیز و هۆلەندی دوو وڵاتی موسلمان مالیزیا و ئەندەنۆسیا واز لە ئەلفوبێی عەرەبی(کە لەوێ پێی دەڵێن جاوی ) دێنن و دەیکەن بە لاتینی .(9) لە سەدەی حەڤدەهەمی زایینی لە ژێر تەئسیری ئیستعماری فەرەنسی و میسیۆنێری پورتوغالی ئەلفوبێی ڤێتنامی (کە لەسەر بنەڕەتی ئەلفوبێی چینی بوو) دەگۆڕێ بۆ لاتینی. زمانی سەواحیلی Swahili کە زمانێکی هاوبەشی کۆمەڵێك نەتەوەیە لە رۆژهەڵاتی ئەفەریقاو زمانێکی رەسمییە لەتەنزانیاو کینیا و ئۆگەندە، لەسەرەتادا بەئەلفوبێی عەرەبی دەنووسرا ، لەپاشان لەسەدەی نۆزدەهەم بەهۆی ئیستیعمارە ئەوروپییەکانەوە گۆڕا بۆ لاتینی . هاوسا Hausa کە زمانی چادییە و زمانێکی هاوبەشی کۆمەڵێك نەتەوەیە لەڕۆژئاوای ئەفریقیا بەتایبەت لەنێو موسلمانەکاندا، لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە بە ئەلفوبێی عەرەبی (کە پێیدەلێین ئەلفوبێی عەجەمی) دەنووسرا. لەساڵی 1930 لەلایەن کۆلۆنیالە ئینگلیزەکان دەگۆڕێ بۆ لاتینی .(10)بەمجۆرە ڕێنووسی لاتینی بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەوە و بوو بە ڕێنووسێکی سەرەکی بۆ زۆربەی زمانەکانی دنیا.

لەسەرتای سەدەی بیستەوەش کەمپێنێکی بەلاتینی کردن دەستپێکرد بەتایبەت لە وڵاتە موسڵمان نشینەکان. کەمال ئەتاتورك لە تورکیا لە ساڵی 1928 وەك بەشێك لەهەوڵەکانی بۆ بە ڕۆژئاوایی کردنی تورکیا ، ئەلفوبێی عوسمانی (عەرەبی) گۆڕی بۆ لاتینی. لەوڵاتە موسلمان نشینەکانی تورك زمان لە ئاسیای

ناوەڕاست، هەر بە چاولێکەری ئەتاتورك، ئازەربایجان و کازاخستان و قەرغیزستان و ئۆزبەکستان و بەشکیرو تەتارستان و تورکەمەنستان، هەروەها تاجیکستان کە بەزمانی تاجیکی دەدوێن، لە دەوروبەری ساڵەکانی 1930 ئەلفوبێیەکەیان لە عەرەبییەوە گۆڕی بۆ ئەلفوبێی لاتینی (تورکی) ، بەڵام دواتر کە ئەو وڵاتانە دەکەونە ژێر حوکمڕانی یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی 1940 لەسەردەمی ستالین ئەلفوبێی کرلیکیان بەسەردا سەپێنرا، هەردوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی 1991 سێ وڵاتی تازە سەربەخۆی نێو یەکێتی سۆڤیەت، تورکەمەنستان و ئازەربایجان و ئۆزبەکستان گەڕانەوە سەر ئەلفوبێی لاتینی، بێجگە لە کازاخستان و قەرغیزستان و تاجیکستان کە تا ئێستا هەر لەسەر کرلیکی ماونەتەوە.(11)

باهۆزی ئەم بەلاتینی کردنە هەر لەو سەروبەندەدا زمانی کوردیشی گرتۆتەوە. لەلایەن ئێلیتەی کوردەوە لەسەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیست بانگەشەی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی کراوە، جەلادەت بەدرخان بەعەمەلی ئەم کارەی جێبەجێ کردووە ، لەساڵی 1932 لەشام گۆڤاری هاوار بە ئەلفوبێی لاتینی دەردەکات. ئیدی ئەمە دەبێتە زەمینە خۆش کردنێك بۆ کوردەکانی تورکیا و سوریا بۆ نووسینەکانیان ئەلفوبێی هەموارکراوی لاتینی بەکاربێنن.

میللەتی سۆمالی هەر لەسەدەی سێزدەهەمەوە ئەلفوبێی عەرەبی (کە پێیدەڵێن واداد) بۆ نووسینیان بەکاردەهێنا. لەساڵی 1972 دەیگۆڕن بۆ ئەلفوبێی لاتینی.(12)

هەر لەگەڵ رەوتی بەلاتینی کردن، لەساڵەکانی 1960 (ماوتسی تۆنگ )وەك بەشێك لە شۆڕشە فەرهەنگییەکەی لەچین بەنیازبوو ئەلفوبێی چینی بگۆڕێ بۆ لاتینی بەبیانوی ئەوەی کە ئەم ئەلفوبێیە فێربوونی سەختە و کۆسپێکە لەبەردەم حکومەت بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە چین. لەئاست ئەم هەنگاوەی (ماوتسی تۆنگ) باڵی موحافەزەکاران زۆر بەهێزبوون بەتوندی داواکەیان ڕەتکردەوە.(13)

لەبەر ڕووناکی ئەم پێشینە مێژووییە بۆمان دەردەکەوێت کە خەت و ئەلفوبێ لەسەرەتادا وەك پێویستییەکی مێژوویی داهێنراوە، لەپاشان نەتەوە و میللەتان وەك پێویستییەکی شارستانی ئەو ئەلفوبێیانە وەردەگرن و بۆ پێویستی زمانەکانی خۆیان بەکاری دێنن و لەگەڵ زمانەکەیان دەیگونجێنن، ئەوانیش

بەدەوری خۆیان داویانە و دەیدەن بە میللەتانی دی. هەر بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەڵێن ئەلفوبێی لاتینی یا عەرەبی یا براهمی موڵکی تەنها نەتەوەیەك نییە، بەڵکو بەرهەمێکی شارستانی مرۆڤایەتییە هەر نەتەوەو نەژادێك بەپێی سەردەمی خۆی لەبەرهەم هێنان و پێشخستنیدا بەشداری کردووە.

**بیانووەکانی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی**

زۆربەی ئەوانەی کە بانگەشەی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی دەکەن، بیانوی ئەوەیان هەیە کە ئەلفوبێی لاتینی بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی گونجاوترە لەو ئەلفوبێ هەموار کراوە عەرەبییەی کە ئەمڕۆ لەکوردستانی عێراق و ئێران بەکاردێت. لەسەرەتای سەدەی بیستدا ئەوانەی لەناو کورد برەوپێدەری ئەو بانگەشەیە بوون لەپێش هەموویان (فائیز بەگ )و (عەبدوڵڵا جەودەت )بوون ، کە لە ساڵی 1913 لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) بڵاویان دەکردەوە کە ئەلفوبێی لاتینی گونجاوترین ئەلفوبێیە کە بۆ زمانی کوردی.(14) لەپاشان (جەلادەت بەدرخان) کە بە دامەزرێنەری ئەلفوبێی لاتینی دادەنرێت، هەر بە هەمان بیانوو دەستی کرد بە گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی و لە ساڵی 1932 لە شام گۆڤاری (هاوار) دەردەکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلفوبێ نوێیەکە بەنێو کوردا.(15)

ئەگەر بەراوردێکی سەرپێی هەردوو ئەلفوبێ بکەین، ئەوا دەبینین ئەلفوبێی کوردی (هەموارکراو بە پیتی عەرەبی) بۆ زمانی کوردی گونجاوە، لاتینیەکە ئەوەندە گونجاو نییە. لە ئەلفوبێی لاتینی کۆمەڵێك دەنگ وەك (ح، ع، غ، ڵ، ڕ،...) هیچ هێمایەکیان بۆ دانەنراوە، لەکاتێك بۆ ئەلفوبێی کوردی بە (پیتی عەرەبی) بۆ هەموو دەنگێك پیتێك هەیە، گومانی تێدا نییە کە ئەلفوبێی کوردی پێش هەمواركردنی گیروگرفتی زۆربووە، بەڵام دوای ئەوەی لەسەرەتای سەدەی بیست دەستکرا بەگونجاندنی، زۆربەی گرفتەکانی ڕێنووسی کوردی چارەسەرکرا. هەندێك پیت لەفارسی وەرگیراو هەندێك هێماو پیتیش کورد خۆی بۆی زیادکردوون، ئێستاش هەندێك گرفتی بچووکی دیکەی ماوە، وەك دەرنەکەوتنی دەنگی بزرۆکە (i) وەك لە وشەی (دڵ) لەنێوان دال و لامی قەڵەو کە لە لاتینیدا ئەم گرفتە نییە و بزرۆکە بەدەردەکەوێت وەك (dil) ،ئەمە و چەند گرفتێکی دیکەی بچووك کە ئەم جۆرە گرفتانە دەکرێ بڵێین کە هەموو زمانێك کەم هەتا

زۆر هەیە، ئەمە هەرگیز نابێتە بیانوویەك لەسەر چەند کەموکورییەکی ڕێنووسی کوردی ئەلفوبێی بگۆڕدرێت و بەناڕەوا هەرچی میراتی فەرهەنگی کوردی هەیە وێرانی بکەین، وەك لەم بارەیەوە فەرهاد شاکەلی دەڵێ: "ئەلفوبێی ئەمڕۆی کوردی ئەلفوبێیەکی ڕێکوپێکەو بەجوانترین شێوە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا گونجێنراوە. ڕەنگە یەك دوو وردە کێشەی تێدا مابێتەوە، بەڵام ئەوانە بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن. ئێمە ئەگەر لەماڵەکەماندا پەنجەرەیەکمان درزی بردبوو، نایەین هەموو خانووەکە بڕووخێنین بەنیازی چاککردنی پەنجەرەکە. پەنجەرەکە خۆی چاك دەکەین و تەواو. ئەوجا ئەگەر ئەو خانووە شوێنەوارێکی مێژوویی بوو، هەزار ساڵ تەمەنی بوو، وەك زمانی کوردی، ئەوە هەر تاوانێکی نەبەخشراوە بەرانبەر بەکوردو بەشارستانێتی و بەرانبەر بە هەموو مرۆڤایەتی، ئەگەر تێکی بدەین و بیڕووخێنین" (16) ، تەنانەت خودی زمانی عەرەبیش گرفتی زۆری هەیە لەگەڵ ئەلفوبێیەکەی، ئەگەر یەکێك عەرەبی باش نەزانێ ڕەنگە نەتوانێ سەرو ژێرەکان بەچاکی بخوێنێتەوە، لەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسیش کێشەی ڕێنووسیان هەیە ، پێموانییە هیچ زمانێك لەدنیا هەبێ و کێشەی ئەلفوبێی بەدەستکاری دەکەن تاوەکو ئاسانتر بێ بۆ خوێندنەوە. دەکرێ بڵێین ئەمڕۆ ئەم ئەلفوبێیەی کە لەکوردستانی عێراق و ئێران بۆ نووسینی کوردی بەکاردێت، سەرەڕای چەند گرفتێکی بچووك، لەبارترین و گونجاوترین ئەلفوبێیەکە بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی، بۆیە ئەگەر لەڕووی زمانەوانی و دەنگسازییەوە سەرنجی بدەین هیچ بیانوویەك نامێنێ بۆ گۆڕینی ئەم ئەلفوبێ لەبارە بۆ ئەلفوبێیەك کە گیروگرفتی هەیەو لەگەڵ سیستەمی دەنگەکانی زمانی کوردی ناگونجێت.

هەندێکی دی زۆر بەسادەیی و سەرپێی مەسەلەی گۆڕینی ئەلفوبێ تاوتوێ دەکەن و پێیانوایە بەلاتینی کردنی ئەلفوبێی کوردی هەنگاوێکە کە کورد لەو ڕێیە لە ئەورووپای پێشکەوتوو نزیك دەبێتەوە و لە وڵاتانی دواکەوتووی عەرەبی و ئیسلامی دادەبڕێت، ئەوەی ڕاستی بێ ئەمە بۆچوونێکی پڕ لە هەڵە و نامەنتیقی و ساویلکانەیە، چونکە ئەم جۆرە بۆچوونە لەناو هیچ تیۆرێکی شارستانی و پێشکەوتنی زانستییەوە جێگەی نابێتەوە، هەروەك (کەمال ئەتاتورك ) لە ساڵی 1928 بەهەمان مەبەست ئەلفوبێی تورکی بۆ لاتینی گۆڕی، پێیوابوو کە بەم

گۆڕینــە میللــەتی تــورك لــە ئیــسلام دادەبڕێــت و بــە ئــەوروپای پێــشکەوتوو دەبەسترێتەوە. کەچی وەك دەبینین دوای ئەو هەموو ساڵە لە گــۆڕینی ئــەلفوبێ ، میللەتی تورك نە لە ئیسلام دابڕا و نە بوو بە ئەوروپیش، لەناو کوردەکانیش هەر لەو سەروبەندەدا لەو جــۆرە بۆچــوونانە هــەبووە بەتایبــەت لــە گۆڤــاری (دیــاری کوردستان) کە لەساڵی 1925 لــە بەغــدا دەردەچــوو، لــەو گۆڤــارە بەگــەرمی مشتومڕی گۆڕینی ئەلفوبێ دەخرایەڕوو، هەندێك پێیانوابوو کــورد لــە ڕەگــەزی ئارییە و زمانەکەی بە ئەلفوبێی زمانێکی ســامی نانووســرێتەوە، هــەروەها پــێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە بــە گــۆڕینی بــۆ لاتینــی کــورد لەگــەڵ ڕۆژئــاوا نزیــك دەبێتەوە.(17) (مەجیەرسۆن) یەکێك بوو لەوانەی کە زۆر بەجیدی داوای گۆڕینی ئــەلفوبێی دەکــرد، زمــانی کوردیــشی بــاش دەزانــی، بــۆ ئــەم مەبەســتەش نامیلکەیەکی بچووك دەردەکات، تیایدا باس دەکات کە ئــەلفوبێی عــەرەبی بــۆ دەنگەکانی زمانی کوردی گونجاو نییە.(18)

ڕۆژگار بە بەڵگــە ســەلماندویەتی کــە ئــەم بۆچــوونە هەڵەیــە بەدرێــژایی مێــژوو میللەتێك نــەبووە بــەگۆڕینی ئەلفوبێیەکــەی لــەڕووی زانــستییەوە پێــشکەوتوو بوویێت، چونکە پێشکەوتن و پاشکەوتن مەسەلەیەکی شارستانییەو پابەنــدە بــە بارودۆخی زاتی و مەوزوعی ئەو میللەتە و ئەو وڵاتە، تا ئێستا هیچ میللەتێك و هیچ وڵاتێك بەگۆڕینی ئەلفوبێ نەبووە بە ئەوروپایی. بۆ نموونە زۆربــەی وڵاتــانی ئەفــەریقا ئەلفوبێیکــەیان لاتینییــە کەچــی لــەڕووی شارســتانییەوە نــەبوون بــە ئــەوروپایی ، میللــەتی ســۆمال لەســاڵی 1972 ئەلفوبێیەکــەیان لــەپیتی عەرەبییەوە گۆڕی بۆ لاتینی کەچی لەوساوە تاوەکو ئێستا گەلی سۆمالی لەڕووی کولتورییەوە نەبوون بە ئەوروپی و لەڕووی پێشکەوتنی ئابوورییەوەش یەکێکن لە وڵاتە هەژارەکانی ئەفەریقا، کەچــی بەپێــچەوانەی ئەمــەوە وڵاتــی (ژاپــۆن) کــە ئەلفوبێیەکی هەموارکراوی چینی بــەکاردێنێ، ئەلفوبێیەکــەی نەبۆتــە کۆســپێك لــەڕێی پێــشکەوتنی وڵاتەکــەی، ئــەمڕۆ (ژاپــۆن) لــەڕووی پیــشەسازی و تەکنەلۆجییەوە پێــشەنگی وڵاتــانی ئاســیایە ، ئەگــەر هــی ئــەوروپاش نــەبێت، باوەڕناکەم (ژاپۆن )بیر لە گۆڕینی ئەلفوبێیەکەیان بکەنەوە.

ئەوانەی کە ڕەگەزپەرستی و دوژمنایەتی کردنی عــەرەب و ئیــسلام و کولتــوری ڕۆژهەڵات بەرچاویانی تاریك کردووە، ئەوەندە کورتبینانــە لەمەســەلەی گــۆڕینی

ئەلفوبێ دەڕوانن، دەیانەوێ بەهەر نرخێك بێت خۆیان لەم ئەلفوبێیە ڕزگار بکەن، چـونکە بەخـەیاڵی خۆیـان دەبـن بـە ئـەوروپایی و لەئیـسلام و عـەرەب دوور دەکەونەوە، بەڵام نازانن چ زەبرێکی کوشندە لە زمان و کولتـوری خۆیـان دەدەن، من لێرەدا نموونەی چەند وڵاتێکـی موسـلمان دێنمـەوە تـاوەکو بـزانین گـۆڕینی ئەلفوبێ چەندە تەئسیری لەو موسلمانانە کردووە تا لەدینی ئیسلام دوورکەونەوە، لەو وڵاتە موسلمانانەی کـە ئـەلفوبێیان گۆڕیـوە بـۆ لاتینـی، وڵاتـی مالیزیـا و ئەندەنۆسیایە، ئەم دوو وڵاتە لەسەرەتای موسـلمان بوونیـان لەسـەدەی چـواردەو پـازدەی زایینـی ئـەلفوبێی عـەرەبی بـەکاردێنن بـۆ نووسـینیان کـە پێیـدەڵێن (ئەلفوبێی جاوی) بەڵام دواتـر وەك لەسـەرەوە باسـکرا لەسـەدەی حەڤـدەوە بـە تەئسیری ئیستیعماری هۆڵەندی و ئینگلیزی ئەلفوبێیەکی ڕەسمییە، بەڵام هێـشتا بەیەکجاری دەستبەرداری ئەلفوبێی جاوی (بەپیتی عەرەبی) نەبوون، لەزۆر شوێن بەهەردوو ئەلفوبێ دەنووسـرێن . وەك بـە عەمـەلی و دوای ئـەو هـەموو سـاڵە دەبینین گۆڕینی ئەلفوبێ نەبۆتە هەنگاوێك بۆ ئەم دوو وڵاتە بۆ ئەوەی لە ئەوروپا نزیك ببنەوە، هـەروەها لـە ئیـسلامیش دوورنەکەوتونەتـەوە. بـۆ خوێندنـەوەی قورئانیش لە قوتابخانە دینییەکان ئـەلفوبێی عـەرەبی دەخـوێنن هـەر بـە پیتـە عەرەبییەکان قورئان دەخوێننەوە، خەڵکی دیکەش بە ئـەلفوبێی لاتینـی قورئـان دەخوێننەوە ، لە خوارەوەش بە تەرجەمەی زمانەکەی خۆیـان. هـەر لـە ئاسـیا، میللەتی بێنگالی کە لە سەدەی دوازدەوە موسلمان بوون، ئەوان بـە پێـچەوانەی میللەتانی دیکەی موسلمان ، ئەلفوبێی عەرەبیان بۆ نووسینیان بەکارنـەهێناوە، ئەلفوبێیەکی هەموارکراوی (براهمی)یان بەکارهێناوە بۆ نووسین کە وەك ئەلفوبێی هیندییە.(19) گەلی بێنگالی لەوساوە کـە موسـلمانن ئەلفوبێیەکـەیان نەبۆتـە کێشەیەك یان ڕێگرێك بۆ پەیڕەوکردنی دینەکەیان، ئەوەی پێویستە لەدینەکـەیان فێری بن بەزمانی خۆیان و ئەلفوبێیەکەی خۆیان فێـری دەبـن، بـۆ خوێندنـەوەی قورئانیش یا بە ئەلفوبێی خۆیان دەیخوێننەوە یانیش بە ئەلفوبێی عەرەبی کە لـە قوتابخانـەی دینییـەکان فێـری دەبـن، میللـەتی پێنگـالی و میللەتـەکانی نـاو ئەفغانستان و پاکستان لەرووی ئاستی موسلمانییەوە هەروەکو یەك وان ئەویان بە ئەلفوبێی خۆی ئەمیان بە ئەلفوبێیەکی هەموارکراوی عەرەبی. ئەگـەر میللـەتی پێنگالی لەعەرەب دوورن لەبەر جیـاوازی ئەلفوبێیەکـەیان نییـە، بـەڵکو لەبـەر

دووری شوێنی جوگرافی وڵاتەکەیانە لە جیهانی عـەرەب، ئـەوەی پێویـستە لـەم بارەیەوە بگووترێ ئەوەیە: دین کۆمەڵێك نرخ و بـەهای ئینـسانی و ئـەخلاقی و رۆحییە لەسنووری هیچ ئەلفوبێیەکدا نامێنێتەوە و بـەگۆڕینی ئـەلفوبێش لـەناو ناچێت، هیچ ئەلفوبێیەکیش رێگە لە پەیڕەوکردنی هیچ دینێك ناگرێت، جـا ئـەو ئەلفوبێیە عەرەبی یا لاتینی یا براهمی یا کرلیکی یا هەر ئەلفوبێیەکی دی بێ.

هەر لەبۆچوونێکی ڕەگەز پەرستانەی دژ بەعەرەب، هەنـدێك پێیانوایـە کـە ئـەم ئەلفوبێیە بەشێکە لە فەرهەنگ و شارستانییەتی عەرەب، ئەلفوبێیەکەشـیان بـۆ کورد یەکێکە لە پایەکانی تەعریب، بۆیە کورد پێویستە هەرچی زووتر خـۆی لێ دەرباز بکات. هەروەك پێشتر لەمەڕ پەیدابوونی خەت و ئەلفوبێ روونکرایەوە کە ئەلفوبێ بەرهەمێکی شارستانی گشت مرۆڤایەتییە، هیچ میللـەتێك داهێنـەری تەواو و سەد لەسەدی ئەلفوبێیەکەی نییە، هـەر میللـەتێك بـەجۆرێك پێویـستی زمانەکەی خـۆی لـە میللـەتێکی دیکـەی وەرگرتـووە لەگـەڵ زمانەکـەی خـۆی هـەمواری کـردووە و بـەکاری هێنـاوەن ئیـدی لـە پاشـان بۆتـە بەشـێك لـە شارستانییەتی ئەو گەلە. میللەتی عەرەبیش ئەو رێنووسە لە نەبـەتی و ئـارامی وەردەگرن لەگـەڵ دەنگـەکانی زمـانی خۆیـان سـازاندویانە و بۆتـە بەشـێك لـە شارستانیەتی عەرەب، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەلفوبێی عەرەبی هی عەرەب و فارس و کوردو ئازەری و بەلوچ و پونجابی و کـەشمیری و سـندی و تـاجیکی و پـشتونی و ئوگۆری و.. هتد هی تەواوی ئەو نەتەوانەیە کە لەگەڵ زمانی خۆیان گونجادویانە و بۆ پێویستی زمانەکەیان بەکاری دێنن. هەر بۆیە لەم رووەوە ئێمە پێویستە بەم ئەلفوبێیە خۆمان بڵێین ئەلفوبێی کـوردی نـەك ئـەلفوبێی عـەرەبی ، فـارس بـە ئەلفوبێیەکەیان دەڵێن فارسی، لەزمانەکانی ئەوروپاش بە ئەلفوبێیەکـەیان نـاڵێن لاتینی، بەڵکو هەر میللەتە بەناوی زمانەکەی خۆی ناوی دەبات.

گۆڕینی ئـەلفوبێ هـەرگیز نابێتـە پاسـاوێك کـە ئێمـە لـە عـەرەب و ئیـسلام دووربخاتەوە، ئێمە بـەهۆی شـوێنی جـوگرافی وڵاتەکـەمان لەگـەڵ ئـەو نەتـەوە هاوسێیانەی کورد وەك عەرەب و تورك و فارس پەیوەندی کولتوری و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری هاوبەشمان هەیە، ئەو پەیوەندییانـەش نـاتوانین لێـی دابـبڕێین، مەگەر وڵاتەکەمان بگوازینـەوە(!!) ، دەکـرێ لـەبارەی تورکیـاش هـەمان شـت بگوترێت، دوای ئەو هەموو ساڵە لە گۆڕینی ئەلفوبێ میللەتی تـورك، ئـەلفوبێ

لاتینیەکەی نەبۆتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ میللەتانی عەرەب بچڕێت، ئەوەتا تورکیا بەهۆی شوێنی جوگرافییەکەی پەیوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ وڵاتانی عەرەب و موسلمان هەیە ، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەم بیانووە هیچ بنەڕەتێکی زانستی و مەنتیقی نییە، ئەفسانەیەکە خۆیان و خەڵکی سادەو ساویلکەی پێدەخاپێنن.

هەندێك بەگۆڕینی ئەلفوبێ بیانوی تەکنەلۆجیای نوێ و کۆمپیوتەر دێننەوە، ئەمەش بیانوویەکی زۆر لاوازە ، تەکنەلۆجی بەهەر ئەلفوبێیەك بێت دەتوانی وەریگری ، پێموانییە ئەلفوبێ لە هیچ وڵاتێك ببێتە کۆسپ لەڕێی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی، چونکە پێشکەوتن لەم بوارەدا بەندە بە پێشکەوتنی زانست و پێشخستنی زانکۆکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن، ئەوەتا (ژاپۆن) هەر بە ئەلفوبێی خۆیان لە لوتکەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادان، یاخود (چین) لەڕووی پیشەسازی و تەکنەلۆجییەوە هەنگاوێکی باشی بڕیوە بەبێ ئەوەی ئەلفوبێیەکەیان بگۆڕن بۆ لاتینی ، لە بواری کۆمپیوتەریش دەکرێ هەمان شت بگووترێ، راستە زانستی کۆمپیوتەر هەموو بەپیتی لاتینییە ، بەڵام پێشکەوتنی کۆمپیوتەر بەردەوام گرفتی ئەلفوبێی چارەسەر دەکات. ئەمە بۆ هیچ یەك لەو وڵاتانەی کە رێنووسی چینی یا براهمی، یا عەرەبی بەکاردێنن لەئاسیاو ئەفەریقا، نەبۆتە بیانوو تا ئەلفوبێیەکەیان واز لێبێنن.

بیانووی دیکە کە بەڕاستی جێگەی گاڵتەجارییە ، ئەویش هەندێك لەو باوەڕدان کە بەگۆڕینی ئەلفوبێ بۆ لاتینی فێربوونی ئینگلیزی ئاسانتر دەکات. ئەمە رەنگە تەنها لە فێربوونی پیتەکانی بێ کە لەو ڕێیەوە ئاسانکاری دەکات بۆ فێربوونی پیتەکانی ئینگلیزی ، بەڵام دیارە فێربوونی زمان تەنها فێربوونی پیتەکانی نییە، فێربوونی زمان: ڕێزمانە، ڕێنووسە، رستەسازییە، فێربوونی وشەکانی ئەو زمانەیە... هتد ئەوە میللەتی تورك کە هەر لەمنداڵییەوە بەپیتی لاتینی دەخوێنن ، ئەوە چەند تەئسیری هەبووە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی، ئێمە لەکوردستان هەر لەخوێندنی سەرەتاییەوە لەپاڵ ئەلفوبێی خۆمان ئەلفوبێی ئینگلیزیش فێر دەبین، بۆیە ئێمە هیچ گرفتێکمان لە فێربوونی پیتەکانی زمانی ئینگلیزیدا نییە.

(عەبدولرەزاق بەدرخان )لە ساڵی 1913 لە شاری خۆی لە کوردستانی ئێران ، داوای گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی دەکرد بۆ ئەلفوبێی روسی، بۆ ئەو مەبەستەش قوتابخانەیەکی دامەزراند تا منداڵی کورد فێری ئەو ئەلفوبێیە بکات، ئەو پێیوابوو ئەم گۆڕینە سەرەڕای ئەوەی میللەتی کورد لەمیللەتی روس و کولتوری روسی نزیك دەکاتەوە ، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە منداڵی کورد لەم ڕێیەوە دەتوانێ زمانی ڕووسی فێربێ،(20) ئەم بیرورا چەوتە هەر لە زووەوە لەمێشکی منداڵانی کورد ئاخنراوە.

هەندێك نوسەر لەکوردستانی عێراق پێیانوایە گۆڕینی ئەلفوبێ وەك دیوارێك دەبێ کە پێش لە تەعریبکردنی کورد دەگرێت،(21) بێگومان ئەمەش یەکێکە لە بیروراچەوتەکان، چونکە تەعریب پرۆسەی کوشتنی زمان و نەتەوەو کولتورێکە، بەگۆڕینی ئەلفوبێی بۆ لاتینی ناکرێ پێش لە تەعریب کردن بگیرێ ، پرۆسەی بە عەرەبکردن بە گۆڕینی عەقلییەتی ڕەگەزپەرستی رژێمە عەرەبییەکان پێشی لێدەگیرێ ، نەوەك گۆڕینی ئەلفوبێ ، ئەمە مەسەلەیەکی سیاسییە هیچ پەیوەندی بە ئەلفوبێ و ڕێنووسەوە نییە. کورد لە کوردستانی سوریا کە ئەلفوبێی لاتینی بەکاردێنێ، ئەمە نەبۆتە رێگرێك لەبەردەم رژێمی سوری عەرەبی کە نەتەوەی کوردو خاکەکەی تەعریب نەکات.

بیانوی دیکە کە زۆرجار تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە ، ئەویش ئەوەیە بەگۆڕینی ئەلفوبێ ئێمە لە کوردەکانی کوردستانی باکور نزیك دەبینەوە ، یانیش ئەوان بە ژمارەو پانتایی جوگرافی لە ئێمە زیاترن، هەر بۆیە ئێمە پێویستە بچینە سەر ئەلفوبێیەکەیان کە لاتینییە ، هیچ گومانی تێدا نییە بوونی ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو و سەرانسەری بۆ کورد و بۆ زمانی کوردی هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ یەکێتی زمان و نەتەوە، پیادەکردنی دوو ئەلفوبێ بۆ یەك زمان، بە تێپەڕبوونی کات وردە وردە دوو زمان و دوو نەتەوەی جیاوازی لێ پەیدا دەبێ، کە ئەمە کارێکی پر مەترسییە ، ئەگەر هەروا بهێلرێتەوە، وەك میللەتی تورکی ئازەری (لە سۆڤیەتی پێشوو) بەرێنووسی لاتینی لەگەڵ ئازەرییەکانی ئێران بەرێنووسی فارسی، یەك نەتەوە بەهۆی جیاوازی ئەلفوبێ تەواو لەیەك دابڕاون، هەر یەکەی بە ئاقارێکدا رۆیشتووە، یان میللەتی پونجاجی لە پاکستان بە ئەلفوبێی ئوردو (بەپیتی عەرەبی) لەگەڵ پونجابی هیندستان کە بە دین (سیخی)ن و ئەلفوبێیەك

بـەکاردێنن کـە پێیـدەڵێن (گورمـوخی Gurmukhi) لەخـەتی براهمییـەوە وەرگیراوە .(22)جیاوازی ئەلفوبێ و دین میللەتی پونابی کردووە بەدوو لەتـەوە. هەڵبەتە ئەگەر کێشەی ئەلفوبێ لای کوردیش چارەسـەر نـەکرێ، ئـەوا ئێمـەش هەمان چارەنووسی ئەو میللەتانەمان دەبێ.

ئەوەی لەم زەمینەدا رۆلێکـی بەرچـاو دەگێـرێ ، بایـەخ و پێـشکەوتنی زمانـە لەبواری نووسین و زۆری ژمارەی سەرچـاوە و چـاپەمەنی و بـوونی بـە زمـانێکی رەسمی بۆ خوێندن و سیاسەت و کارگێڕییە، نەوەك زۆری ژمارە قسە پێکـەرانی و گەورەیی پانتایی جوگرافی ئەو زمانە، چونکە ئەوە مەسـەلەیەکی زمانەوانییـە، بایەخ و گرنگی ئەو زمانە ڕەچاو دەکرێ، نەك لایـەنی جـوگرافی و دیمـۆگرافی و سیاسی ، ئەوەی شایانی گوتن بێت لەمبارەیەوە ئەوەیە کـە زمـانی کـوردی بـە دیالێکتی کرمانجی باشوورو بە ئەلفوبێی کوردی بە (پیتـی عـەرەبی) لـەم سـەد ساڵەی دوایی بە ڕادەیەکی ئەوتۆ پەرەیسەندووە، زمانێکی ستانداردی لێ هاتۆتە بەرهەم، کتێب و نووسراوی چاپکراوی ئەوەندە زۆرە دەکرێ بڵـێین زیـاتر لەسـەدا نـەوەدی گەنجینـەی زمـان و کولتـورو ئـەدەبیاتمان هـەر بـەم دیالێکتـە و بـەم ڕێنووسەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەسەرەتای سەدەی بیستەوە کاتێك بەرنامـەی خوێندن بەزمانی کوردی هاتۆتە پێش ، هەتاوەکو ئەمڕۆش هەر بەم دیالێکتـە و بەم ڕێنووسە بووە، ئەمڕۆ لە سەرانسەری کوردستان لە تەنها بەشێکی کوردستان کە زمانی کوردی بە رەسمی ناسرابێت و بۆ خوێنـدنی سـەرەتایی و دواناوەنـدی و زانکۆ بـەکاربێت ، کوردسـتانی عێراقـە و بـەدیالێکتی کرمـانجی باشـورو بـەم ئەلفوبێیەیە. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی لە زمانی کوردی بەم ئەلفوبێیـە بەدەسـت هاتووە، گەنجینەیەکی یەکجار دەوڵەمەند و گرانبەهایە بۆ گشت کورد، هـەروەها لەڕووی زمانەوانییەوە زەمینەیەکی باشی رەخساندووە بـۆ پەرەسـەندنی زمـانی کوردی لە پاشەرۆژدا پێشکەوتنی زمانی کوردی لەم بەشەی کوردستان چـرایەکە داگیرساوە و تیشك و روناکی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان بڵاودەکاتەوە و لـە بەرژەوەندی هەموو کوردێکە کە ئەو چرایە بەرۆشـنی بهێڵنـەوەو لێنەگـەڕێن بـە گۆڕینی ڕێنووسەکەی بکوژێتەوە ، هەر بۆیە بایەخدان و پەرەپێدانی ئـەو زمـانی بەم ئەلفوبێیە بەرپرسیاریەتیێکی گەورەی مێژووییەو لەئەستۆی هەموو کوردێکـە کە پارێزگاری لێبکەن و زیاتر گەشەی پێبدەن، ئەمە سـەرباری ئـەوەی کـە ئـەم

ئەلفوبێیە تا ساڵی 1930 ئەلفوبێیەکی یەکگرتوو و سەرانسەری کورد بووە ، کۆمەڵێك گۆڤارو کتێب لەکورستانی باکوور هەر بەم رێنووسە چاپکراون. ئەگەر لەم روانگەوە لەمەسەلەکە بڕوانین ئەوا پێویستە کوردەکانی باکوور هەرچی زووتر خۆیان فێرە ئەلفوبێی کوردی بکەن بۆ ئەوەی چیدی لەم فەرهەنگە دەوڵەمەندەی کوردستانی باشور بێبەش نەبن. هەر ئەم ئەلفوبێیەش بکەن بە کەرەستەی خەبات بۆ دژایەتی بیری کەمالیزم لە تورکیا وبوژاندنەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی.

نەتەوەی ئوگۆری تورك زمان لە هەرێمی سینکیانگ لەچین، بە ڕادەی چەوساوەیی گەلی کورد لەتورکیا لەلایەن دەوڵەتی چینییەوە دەچەوسێتەوە ، بێجگە لە مافە کولتورییەکانی تەنانەت جێگای عیبادەتیشیان لیَ قەدەغەکراوە، ئەو نەتەوەیە هەتاوەکو ئەمڕۆش دەستبەرداری ئەلفوبێی خۆی (بە پیتی عەرەبی) نەبووە، کە پێیدەڵێن (چاگاتای) و لە سەدەی شازدەهەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەکاری دێنن، هەرچەندە ئوگۆرەکانی دی لەوڵاتە هاوسێکانی کە بەژمارە کەمن ، ئەلفوبێی لاتینی یا کرلیکی بەکاردێنن، بەڵام ئەوان لەساڵی 1987 جارێکی دی ئەلفوبێی هەموارکراوی عەرەبیان پەسند کرد بۆ زمانی ئوگۆری،(23) ئەمە لەکاتێك هەموو نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی ئەلفوبێیان گۆڕیوە، ئەوان ئەو ئەلفوبێیەیان کردووە بە سیمبولی خەباتیان دژی دەوڵەتی چەوسێنەری چین، نەکەوتوونەتە ژێر تەئسیری رێنووسی چینی یا کرلیکی یا لاتینی وەك نەتەوە تورکەکانی دیکەی ئاسیای ناوەڕاست کە ئەلفوبێی کرلیکی یا لاتینی بەکاردێنن.

یەکێك لەو میللەتانەی کە لەگۆڕینی ئەلفوبیَ زەبری کوشندەی بەرکەوتبێت ، میللەتی تاجیکە لە تاجیکستانی کۆنە سۆڤییەت لە ئاسیای ناوەڕاست . زمانی تاجیکی وەك دیالێکتێکی زمانی فارسییە ، کە تاجیکەکانی ئەفغانستان پێیدەڵێن دەری. تاجیکەکانی کۆنە سۆڤیەت وەك هەموو موسڵمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست تا ساڵی 1928 ئەلفوبێی فارسی (بەپیتی عەرەبی) یان بەکاردەهێنا، لەو ساڵە بەدواوە ئەلفوبێیەکە دەگۆڕن بۆ لاتینی تا ساڵی 1940 بەردەوام دەبیَ، ئیدی دواتر لەلایەن ستالینەوە ئەلفوبێی کرلیکییان بەسەردا دەسەپێنرێت ، هەتاوەکو ئەمڕۆش هەر لەسەر ئەو رێنووسە ماون. لەساڵی 1989 حکومەتی تاجیك بڕیارێك دەردەکات داوای گەڕانەوە بۆ ئەلفوبێی فارسی دەکات، ئەم پرۆژەی گەڕانەوەیە بۆ ئەلفوبێی کۆنی تاجیکی تاوەکو ئێستا لەژێر

لێکۆڵینەوەدایە(24)، لەساڵی 2008 جێگری وەزیری ڕۆشنبیری تاجیکستان (فەرهاد ڕەحیمۆڤ )بڕیار دەدا کە حکومەتەکەی بەردەوام دەبێ لەسەر پڕۆژەی گۆڕینی ئەلفوبێ بۆ فارسی، بۆ ئەم مەبەستەش کتێب بەزمانی تاجیکی بە ئەلفوبێی فارسی وەك تاقیکردنەوە بەسەر قوتابخانە سەرەتاییەکان دابەش دەکەن.( 25) ئەو هۆکارانە چین وا لەمیللەتی تاجیکی دەکات بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەلفوبێی فارسی؟ ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندەی زمانی فارسیە کە بەم ئەلفوبێیە نووسراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی کولتورییەوە لەهاونەتەوەی خۆیان لە تاجیکەکانی ئەفغانستان و چین نزیك دەبنەوە کە لەوێش هەر هەمان ڕێنووسی فارسی بەکاردێنن. وەك دیارە میللەتی تاجیك (لە سۆڤیەتی پێشوو) لەگۆڕینی ئەلفوبێ زۆر زەرەرمەند بووە، دوای ئەو هەموو ساڵە وا جارێکی دی دەگەڕێنەوە بۆ ئەلفوبێی پێشینانی خۆیان. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە گەلی کورد لە تورکیاو لە سوریا هەمان ڕێچکەی تاجیکەکان بگرنەبەر؟

وەك لە شیکردنەوەی بیانووەکان بەدەردەکەوێت، هیچ کامیان بیانووی زانستی و مەنتیقی نین تا ببێتە پاساوێکی ماقوڵ بۆ گۆڕینی ڕێنووسی کوردی بۆ لاتینی، وەك دەبینین لەپشت بیانووەکانەوە ئامانجی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و ڕۆژئاوا پەرستی و ڕەگەزپەرستی هەن، نەك زمانەوانی، لەهەندێك حاڵەت و هەندێك وڵات هێزە کۆلۆنییەکان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان هەبووە بۆ برەودان بە ئەلفوبێی لاتینی، گەلی کورد و زمانی کوردیش لە تەئسیری هێزە کۆلۆنییەکان بۆ گۆڕینی ئەلفوبێ، بەدەر نەبووە.

**دەرەئەنجامەکانی گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی**

گۆڕینی ئەلفوبێ وەك کوشتنی میللەتێك وایەو میللەتێکی دی بە ئەلفوبێیەکی نوێ بێتە ئاراوە، چونکە هەر دوای گۆڕینی، بەماوەیەك نەوەی داهاتووی ئەو میللەتە لەتێکڕای ئەو بەرهەمە چاپکراوانە دادەبڕێت کە میللەتەکەی لە مێژوودا بەرهەمی هێناوە، دیوارێك دروست دەبێ لەنێوان ڕابردوو و ئێستای . میللەتی تورك بە گۆڕینی ئەلفوبێ بۆ لاتینی لە مێژووی پێنج سەد ساڵەی عوسمانییەکان دابڕان، ئەوەی تورکە عوسمانییەکان لە مێژوودا نووسیانەو بەرهەمیان هێناوە، نەوەی ئەمڕۆی تورك ناتوانێ بیانخوێنێتەوە.

میللەتی تورك بەڕادەیەك لە مێژووی ڕابردووی دابڕاوە ، ئەمڕۆ لە خوێندنەوەی نووسراوی سەر کێڵی قەبرەکان و نووسینی سەر دیواری مزگەوتەکانی دەستەوەسانە، کەچی بە پێچەوانەی میللەتی تورك، میللەتی فارس بە ئەلفوبێی فارسی (بەپیتی عەرەبی) ئەمڕۆ دەتوانێ تێکستێکی هەزار ساڵ پێش ئێستا بخوێنێتەوە، لە بەراوردی ئێران و تورکیا بەروونی دیارە کە ئێران بە ئەلفوبێی فارسی ڕەگ و ڕیشەی قوڵیان لەناو فەرهەنگی وڵاتەکەیاندا هەیە و وەك تورك دووچاری داپچڕان و لێکترازانی کولتوری نەبوون.

ئەلفوبێی کوردی (بەپیتی عەرەبی) بایەخێکی یەکجار زۆری بۆ کورد هەیە، کورد لەوکاتەوە کە دەستی بە نووسینی زمانەکەی کردووە، ئەوەی هەیتی لە ئەدەبی نووسراو گشتی بەو ئەلفوبێیە بووە. لەسەرەتای سەدەی بیستەوەش کە چاپخانە هاتۆتە کوردستان، تاوەکو ئەمڕۆ (لە کوردستانی عێراق و ئێران) تێکڕای چاپەمەنی کوردی بەم ئەلفوبێیە بووە، چەندین نەوەی کورد لەدوای یەك دەرسەکانی مێژوو و جوگرافیا و کیمیا و فیزیاو بیرکاری .. هتد لە قوتابخانەکان هەر بە کوردی (کرمانجی خواروو) بەو ئەلفوبێیە بووە.

گۆڕینی ئەلفوبێ بۆ لاتینی نەوەی داهاتوی کورد لەگشت ئەو چاپکراوانە دادەبڕێت، میللەتێك دێتە کایەوە، بێ فەرهەنگ، بێ مێژوو، بێ رابردوو.. هتد. لەوکاتەوە کوردەکانی تورکیا و سوریا ئەلفوبێی لاتینی بەکار دێنن لەهەرچی چاپەمەنی کوردستانی عێراق هەیە دابڕاون، لەلای ئەوان فەرهەنگی کوردی تەنها ئەوەیە کە بەئەلفوبێیەکەی خۆیان نووسراوە ئەوەی لە دەرەوەی ئەو ئەلفوبێیە نووسراوە ئاگاداری نین و بە کوردی نازانن، ئەمە ئەو دابڕانە دژوارەیە کە گەلی کورد لەوێ تووشی هاتووە، ئەوجا ئەگەر هەموو کورد ئەلفوبێی بگۆڕێ ئاخۆ چ مەرگەساتێکی کەلتووری لێدەکەوێتەوە..؟؟ بەدەستی خۆمان و لەسەر هیچ و خۆڕایی ماڵوێرانییەکی گەورە بۆ فەرهەنگ و زمان و نەتەوە و مێژووەکەمان دروست دەکەین.

لەلایەکی دیکەوە نەتەوەی کورد لە پڕۆسەی بەنەتەوەبوونی بەم ئەلفوبێیە پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست هێناوە و کەوتۆتە سەر رێچکەی زمانی نەتەوەیی و بەهێز بوونی خەسڵەتە نەتەوەییەکانی، بێگومان گۆڕینی ئەلفوبێ

تێکرایی ئەو پرۆسەیە هەڵدەوەشێنێتەوە، نەتەوەیەکی بێ هێز و لاواز و بێ بەرهەمی کەلتووری و شارستانی لێ پەیدا دەبێ.

ئەلفوبێی کوردی بەرادەیەك تێکەڵ بەفەرهەنگ و زمان و ئەدەبی میللەتەکەمان بووە، نوسینەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بۆ ئەم ئەلفوبێیە ناتەواو و شاش دەردەچێت، زۆر وشەی عەرەبی لە شیعری ئەحمەدی خانی و فەقێ تەیران و جزیری و نالی و سالم و کوردی ... هەیە ئەگەر بەلاتینی بنووسرێنەوە مانای خۆیان لەدەست دەدەن، چونکە ئەو پیتە عەرەبیانەی ، وەك (پ، ح ، ژ ، ص، گ، ڤ، ع، غ) لە ئەلفوبێی لاتینیدا نییە، بەم پێیە ئەم بەرهەمە ئەدەبیانە جوانی هونەری خۆیان لەدەست دەدەن. ئەمەش شێواندنی ئەدەبی کلاسیکی لێدەکەوێتەوە.

هەر لەمیانی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، لە هەندێ شیعری کوردیدا ئیشارەت بەقەدی یارەکەی دەکات کە وەك شێوەی پیتی ئەلفە (ا) یا لێوی وەك شێوەی پیتی میمە (م) و چاوی وەك شێوەی پیتی عەینە (ع) یا زولفی وەك شێوەی پیتی چیمە (چ). وەك نالی لە شیعرێکدا دەڵێ:

**لەبت میم و قەدت ئەلف و زولفت چیم**

**دەزانی بەم سیانە تالبی چیم؟**

ئەگەر ئەم بەیتە بە ئەلفوبێی لاتینی بنووسرێتەوە، هیچ مانایەکی نییە، ئەوەی دەیخوێنێتەوە ئەگەر شارەزایی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی نەبێ ، نازانێ شاعیر مەبەستی چییە. لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی بەسەدان بەیتی لەم چەشنەمان هەیە، شاعیر لە نێو شیعرەکەی بۆ وشەکاری و جوانی هونەری ئیشارەت بە پیتە عەرەبیەکان دەکات، نووسینەوەی ئەو شیعرانە بەم ئەلفوبێ لاتینییە ماناکەی تەواو لەبەین دەچێت.

ئەلفوبێی کوردی بایەخێکی دیکەی هونەری هەیە کە ئەویش هونەری خەتخۆشییە.ئەلفوبێی عەرەبی بەچەندین جۆر خەت دەنووسرێتەوە، لەوانە روقعی، کوفی، نەسخ، دیوانی، فارسی، سولس. هونەری خەتخۆشی بەخەتی عەرەبی مێژووییەکی درێژی لەناو عەرەب و وڵاتانی موسوڵمان هەیە، هەزار ساڵێك زیاترە ئەو هونەرە سەریهەڵداوە، لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامی لە مزگەوت و کۆشك و تەلارەکان دیوارەکانی بە هونەری خەتی عەرەبی رازێنراوەتەوە و نەخش

و زەخرەفەی جوانی لەسەر دروستکراوە، بەتایبەتی خەتی فارسی کە لەرووی ناسکی و بەرزی هونەرییەوە بێوێنەیە. هەڵبەتە بە گۆڕینی ئەلفوبێ بۆ لاتینی ئەم هونەرەش لەناو دەچێت و تەنها وەکو شوێنەوار لەسەر دیواری مزگەوتە کۆنەکان دەمێنێتەوە، خەڵکیش هیچ لەسەر نازانن و هیچیشی لێ تێناگەن. وەك مزگەوتەکانی ئەندەلوس لە ئیسپانیا و مزگەوتەکانی تورکیا و ئاسیای ناوەڕاست.

دەرئەنجامەکانی گۆڕینی ئەلفوبێ ئەوەندە کوشندەن، پێموانییە هیچ میللەتێکی هۆشیار و بەئاگا لە هیچ و خۆرایی ئاگر بەربداتە گەنجینەی فەرهەنگ و زمانی لە پێناو شتێك کە هیچی لێ بەرهەم نایەت بەغەیری ماڵوێرانی، وشکە سەرابێکە دڵی خۆیانی پێخۆش دەکەن.

**پوختەی باس:**

ئەلفوبێ لەسەرەتادا لەلایەن سۆمەرەکان لە میزۆپۆتامیا و میسرییە کۆنەکانەوە لە دۆڵی نیل (3500ساڵ پێش زایین) بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی بە نووسینی وێنەیی وەك پێویستیەکی مێژوویی داهێنرا. لەپاشان ئەمە پەرەی سەند و نووسینی برگەیی داهێنرا. پڕۆسەی پەرەسەندنی خەت و ئەلفوبێ، مێژووییەکی دوور و درێژی هەیە و بە هەزاران ساڵی خایاندووە تا ئەم شێوەی ئێستای وەرگرتووە. ئەلفوبێ لە لایەن نەتەوە و گەلانی ئەو ناوچەیە دەستاودەستی کردووە، چەندین ئەلفوبێی جیاواز و هەمەجۆر پەیدا بوون، وەك ئەلفوبێی فینیقی، کە دواتر گریکی و لاتینی لێ پەیدا دەبێ، ئەلفوبێی ئارامی کەدواتر سریانی و عیبری و نەبەتی و عەرەبی لێ پەیدا دەبێ، ئەلفوبێ وەك پێویستیەکی شارستانی هەر زمانێك بۆ پێویستی خۆی بەکاری هێناوە و لەگەڵ دەنگەکانی زمانەکەی گونجاندویەتی و بۆتە بەشێك لە فەرهەنگی ئەو زمانە و میللەتە.

بۆ گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی بۆ لاتینی، هەر لەسەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ گەلێك بیانووی بۆ دێننەوە: بیانوی دەنگەکانی زمانی کوردی، نزیك بوونەوە لە ئەوروپا، پێشکەوتنی تەکنەلۆجی، ئاسانکاری بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی ... هتد. بەڵام ئەوانە هیچی بیانوی زانستی و مەنتقی نین بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بکرێ ڕێنووسی کوردی بەپیتی عەرەبی، کە لەبارترین ڕێنووسە بۆ زمانی کوردی، بگۆڕدرێت بۆ لاتینی، هەنگاوی لەم جۆرەش تەنها بە زەرەرو زیانی زمانی کوردی

گەلی کورد تەواو دەبێ. ئەم بیانوانە ئەوەندەی ئامانجی سیاسی و فیکری و ئایدۆلۆجی و ڕەگەزپەرستی هەیە، ئەوەندە ئامانجی زمانەوانی نییە.

گۆڕینی ئەلفوبێی کوردی لە کوردستانی عێراق، دەرئەنجامی زۆر سەخت و دژوارو پڕ مەترسی لێ دەکەوێتەوە، نەتەوەی کورد دووچاری دابڕانێکی گەورە دەکات لەگەڵ مێژووی نووسراوو چاپەمەنیەکانی، ڕەنجی زیاتر لە سەد ساڵەی کورد، ئەوەی پێکی هێناوە لە گەنجینەی زمان و ئەدەبیات و مێژوو بە ئەلفوبێی کوردی، بەبا دەدات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە نووسینەوەی ئەدەبی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی گونجاو نییە و لەزۆر شوێن شیعرەکان مانای تەواوی خۆیان بەدەستەوە نادەن و جوانی هونەریشیان لەبەین دەچێت. ئەمە بێجگە لەوەی گۆڕینی ئەلفوبێ دەبێتە هۆی لەدەست دانی هونەری خەتخۆشی کە زیاتر لەهەزار ساڵێکە لەنێو وڵاتانی موسڵماندا هەیە.

تەجروبەی گەلان ئەوە نیشان دەدەن کە بوونی دوو ئەلفوبێ لەنێو یەك میللەت، ئەگەر چارەسەر نەکرێ، ئەم میللەتە دەکات بەدوولەتەوە، مانەوە و بەردەوام بوون لەسەر ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی، ڕەوتی پەرەسەندنی زمان و کەلتووری کوردی بەرەو پێش دەبات. کوردەکانی باکور ئەگەر بگەڕێنەوەی سەر ئەلفوبێی کوردی هەنگاوێکی باش دەبێ بۆیان ، کە لەگەنجینەی دەوڵەمەندی فەرهەنگی کوردی لە کوردستانی باشور سوود وەرگرن، کە ئەمەش لەپاشان زەمینە خۆش دەکات بۆ یەکگرتنی زمان و دیالێکتەکانی زمانی کوردی و یەکێتی نەتەوەی کورد.


پەراوێزەکان

1- The story of writing, alphabets,Hieroglyphs & pictograms, Andrew Robinson, London, 1995/P.22-35.

2ـ بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 164.

3ـ بڕوانە وێبسایتی: www.omniglot.com . omniglot,writingsystems&languages of the world.

4ـــ The story of writing, p, 172 هـــەروەها بڕوانـــە www.wikipedia.org سەیری Aramaic alphabet بکە.

5ـ بڕوانە وێبسایتی www.wikipedia.org www.omniglot.com

6ـ بڕوانە: تاریخ تمدن اسلام، جرجی زیدان، ترجمه علی جـواهر کـلام، انتـشارت امیرکبیر، تهران، 1373، ل 454.

7ـ بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 456.

8ـ بڕوانە وێبسایتی www.wikipedia.org.

9ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

10ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەروەها وێبسایتی www.omniglot.com.

11ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

12ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

15.13- the story of writing,p

14ـ الالفباو الکوردیه بالحروف العربیه والحـروف الاتینیـه، نـشوؤها وتگورهـا 1989 ـ 1932، هوگر گاهر توفیق، مگبعه وزاره التربیه، ص 16.

15ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 70.

16ـ زمانی گەردەلول ، خەونی شنه با، فـەرهاد شـاکەلی، لـە بلاّوکراوەکـانی پرۆژەی تیشك، 2008، ل 238.

17ـ الالفباو الکوردیه، ص 58.

18ـ الالفباو الکوردیه، ص 63.

19ـ بڕوانە وێبسایتی www.omnigolt.com.

20ـ الالفباو الکوردیه، ص 45.

21ـ ئاسایشی نەتـەوەیی و پلانـی زمـان، د. قـەیس کاکـل تۆفیـق، دەزگـای موکریانی، ل 75.

22ـ بڕوانە وێبسایتی www.wikipedia.org.

23ـ بڕوانە وێبسایتی www.omniglot.com سەیری وشەی Uyghur بکە.

24ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، سەری وشەی Tajik بکە.

25ـــ بـــۆ ئـــەم هەواڵـــە ســـەیری ئـــەم ماڵپـــەڕە بکـــە: http://www.presstv.ir/detail.aspxid=53991&sectionid=351020406.

لێکۆڵینەوە

# دایەسپۆرای کوردی، دیاردەیەکی تری کوشتنی زمان

پرۆفیسۆر یاریدەدەر/ سەلام ناوخۆش
مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەددین

## چەمکی دایەسپۆرا

لەناو کتێبە زمانەوانیەکاندا زۆر کەم ئاماژە بەو چەمکە کراوە، هەتا دەیڤید کریستەل لە سێ کتێبە ناسراوەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ نەکردووە. لە ڕاستیدا، ئەو چەمکە چەند پەیوەندی بە نەتەوەو بونیادی نەتەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بە زمانی نەتەوە هەیە.

با بۆ ئەوەی لە چەمکی دایەسپۆرا-Diaspora بگەین، ناچار بووین لە فەرهەنگە گشتیەکاندا بەدوای واتاکەی بگەڕێین. فەرهەنگی ئۆکسفۆردی چاپی ئینگلیزی لاپەڕە (347) دوو پێناسەی بۆ دایەسپۆرا کردووە:

یەکەم:

"کۆچی یاخود بزاڤی گەلی جولەکە لەدەرەوەی وڵاتی خۆیان بۆ ئەوەی لە وڵاتی تر بژینو کاربکەن". لێرەدا مەسەلەکە پەیوەستە بە کۆچکردنو کۆچ پێکردن لە وڵاتی یەکەم(زێد) بۆ وڵاتی دووەم: ئۆکسفۆردو زۆر فەرهەنگی تری ڕۆژئاوایی، وشەکە بە (جولەکەو مێژووی جولەکەو ئیسرائیلەوە، گرێ دەدەن!!

دووەم:

"هەڵقەڵانی (کۆچ)ی هەر نەتەوەو گەلو کۆمەڵێکی تر لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان. لە فەرهەنگی ماکمیلانی ئینلگیزیشدا ل381 لێکۆڵینەوە دایەسپۆرا بە "چوون یاخود ڕەوی خەڵکێکی زۆری نەتەوەیەك لەوڵاتی خۆیان بۆ وڵاتانی تر لە جیهاندا" پێناسە دەکات.

ئەمەو وشەکە، لە یۆنانی کۆندا بۆ دیاردەی پەرتەوازە بوون یاخوود پەرشو بڵاوبوون دێت، جا پەرشو بڵاوبوونی (تۆ)و بێت یاخود نەتەوەیەك بێت!

دیاردەی پەرشو بڵاوبوونەوەی نەتەوە چ وەك پرۆسەیەکی خۆ هێشتیو ئارەزوومەندانە، سیاسیانە، دینیانە، یاخود وەك پرۆسەیەکی عەسکەری مێژوویێکی کۆنی لە ئەوروپاو ئەمریکاو هەروەها رۆژهەڵاتدا هەیە.

مەرج نییە، ئەو دیاردەیە هەر تەنیا لەنێوان دوو نەتەوەی دین جودا، کەلتور جودا ڕوودات، بەڵکو دەکرێ لە ناو تاکەکانی یاخود سنورەکانی وڵاتێکی فرە نەتەوەو دینیش ڕوودات. هەبوونی گروپێکی دینی وەك کەمایەتییەك Minority لەناو قەلەمڕەوی هەژموونی گروپێکی دینی تردا لە زۆر وڵاتدا بەرپایە. لە باشوری کوردستان، بەتایبەتی لە شاری هەولێرو دهۆك ئەم دیاردەیە هەیە، کریستچیانەکانی ئەو دوو شارە وەك ئەقەلیەکی دینو (ئایین جودا) لەناو کۆمەڵگای کوردستانی دەژین. ئەگەر ئەمانە لەگەڵ کورد ئێستاکە خۆیان هەر ئایین جودا نابینن، بەڵکو لە ڕووی نەتەوەیش جودان، بەڵام ئەقەلیەکی دینی وەك یەزیدیەکان وەك کۆمەڵگایەکی داخراو وان لەهەمبەر کۆمەڵگای کوردستانی، کە زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانە، ئەوانەش خۆیان، ئەگەر وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی کوردی ببینن، بەڵام خۆیان وەك دایەسپۆرا دەبینن.

راندوکف کوێرکی ڕێزماننووسی ئینگلیزی باوەڕی وایە دیاردەی دایەسپۆرا لەناو کەلتور زمانیش بەرپایە، ئەوەتە ئاماژە بە پەرشو بڵاوی زمانی ئینگلیزی بۆ چەند زمانێکی هاوبەشی لەیەك نەگەیشتو دەکات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە

دایەسپۆرای زمان لە دەرەوەی کۆمەڵگای ڕەسەنی خۆی سەردەکێشێ بۆ ئافاتی یاخود مۆرانەی زمان!!

وێڕای ئەمەش، ئەم زاراوەیە جەخت لە هاوبەشی ئەتنیکی Sharing common ethnic- لەناو کۆمەڵگای زمانی دەکات، بەڵام ئەم دیاردەیە، ئەگەر لەڕواڵەتیش بەژیانو کەلتوری کۆچەریی یاخود ڕەوەندی دەچێت، بەڵام لە ئەو جودایە، چونکە ڕەوەند هەر ژیانی کۆچەریو کەلتوری خۆی دەپارێزێ! بە شێوازێکی تر، کۆچەر یاخود ڕەوەندێ "شوێنی دیاریکراوی نیشتەجێ بوون"ی نییە، ئەو (گەرمیان)و (کوێستان)ی خۆ دەکات، و گەرمیان هەرماڵی خۆیەتی، کوێستانیش ماڵی خۆیەتی، بەڵام دایەسپۆرا دوو وڵاتی هەیە. لە وڵاتی زێدی خۆی کەلتوری خۆی هەیەو لەناو کۆمەڵگای زمانی ئەتنیکی خۆی دەژی، کەلتوورو زمانی لە خەتەردانیە، بەڵام ئەو شوێنەی بۆی دەچێ زمان، کلتور، دین هەتا جوگرافیاشی جودایە: خۆیشی لە وڵاتی دووەم ئەقەلیەیە، لێرەدا زمان، کەلتورو دین-ی لەختەر دایە. لەو وڵاتەش شیانی ئەوەی نییە بتوانێ لەبەردەم باهۆزی کەلتوریو زمانی وڵاتی کۆچ بۆکردوو بەرگە بگرێ. ئەو کوردانەی ئوردنو میسرو لبنان هەتا ئەو کوردانەی دیمەشق یان ئەو کوردانەی ناسراون بەکوردی کوێتی، تەواو کەوتوونە ژێر کاریگەری زمانو کەلتوری عەرەبییەوە. ئەوەندە نەبێ بەشێك لە هەڵبژاردەی کوردی لە نووسیندا رۆحی کورد لە کەسایەتیەکانی ڕۆمانو شیعرەکانیادا بەرجەستەتە دەکەن.

ئەو خاڵەی ئێمە جەختی لەسەر دەکەین فەوتانی زمانی ئەو گروپەیە یان هەر هیچ نەبێ کاڵبوونەوەی زمانە لە ئاست زمانی دەوڵەتی کۆچ بۆکردوو. دایك، باشترین قوتابخانەیە بۆ پاراستنی زمان، بەڵام ئەگەر ئەو ژێدەرە پاکەی زمان بۆ منداڵانی نەتەوە نەما، جا چ دەقەومێ ئەگەر دایکەکە خۆی بۆ نموونە کورد نەبێ!! یان کوردییەکەی شوڕ بزانێو ئەو منداڵانەی ئەوڕوپاش دەرفەتی قوتابخانەی دووەمیان، قوتابخانە خوێندن بەزمانی کوردی، نەبوو! یان، هەر دایك و باوکەکە، ئەوەند لەڕقی دەسەڵات یاخود خۆ قەزەم کردن لەبەردەم زمانی بیانی، نەیانەوێ منداڵەکانیان بەکوردی بخوێنن مەحاڵە لەناو قوتابخانەکانی ئەوڕوپاش هەژموون و کەلتوری زمانی دەوڵەتی زۆر زاڵە بتوانین لەمردنی حەتمی زمانەکەیان ڕزگاریان ببێ، بۆیە چارەنووسی زمانی کوردی لای ڕەوەندی کوردی

لە ئەوڕوپاو ئـەمریکا بەدرێـژایی مێـژوو وەك چارەنووسـی زمـانی کوردەکـانی ئوردنو میسرو لوبنانو کوێتو سوریا(نەك ڕۆژئاوای کوردستان) لێدێت، لێـرەدا، بۆ ئەوەی تارمایی‌و لێڵیێ زیاتر لەسەر بابەتەکە لابدەین، دەڵێین: فێربوونی زمانی دووەم لە تاراوگە بەهیچ جۆرێ هەڕەشە نییە لەسەر زمانی کوردی، بەڵام ئەوەی لە دایەسپۆرا، دەفامرێتەوە ئەوەیە دەبێت ئەو کۆمـەڵگا ئەتنیکیـە کـە خـاوەن زمانی خۆیەتی بتوانێ بەرگەی گـۆڕانی زمـان یـاخود فـەوتانی زمـانی بکـات، چونکە لـە کۆمەڵگایـەکی ئەوروپـیدا، سـەبارەت بـە کـوردەوە بـە ناسـنامەی  زمانییەوە، دەتوانێ ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ. ئەمەو هەر بـە گـوێرەی ئەو چەمکەوە وا چاوەڕوان دەکرێ، کە ئایینی خۆیشی بپـارێزێ، ئەگـەرنا لـەناو تقوسی نادینی یان دینی ئەوڕوپا دەتوێتەوە، بەمـەش ناسـنامەی ئـایینی خـۆی لەدەست دەدات! بێگومان پاراسـتنی داب‌و نـەریت‌و کـەلتوری نەتـەوە، ئەگـەر بەشێوەیەکی بەشیش بێت، هەر پاراستنی بونیادەکـانی نەتـەوەی لێدەکەوتـەوە، هیندیەکانی بەریتانیا ئەوە چەند نەوەیەکە لە بەریتانیان، بەڵام نەك زمان، دیـن‌و کـەلتوری خۆیـان نـەگۆڕیوە، بـەڵکو زمـانێکی نوێیـان بـەو مـاوە زەمەنیـە دورسـتکردووە، کـە پێکهـاتووە لـە زمـانی English و Hindi ناسـراوە بـە Hinglish - هیندیەکی ئینلگیزی یاخو ئینگلیزیەتی هیندی!!

**بنەچەو گەشەکردنی دایەسپۆرا:**

بنەچەو نەشو نماکردنی دایەسپۆرا تەواو ڕوون‌و ئاشـکرا نییـە. ئـەم دیاردەیـە، چ بەواتای کۆچکردنی لەخۆوەیی(خۆ هێشتی) بێت یان کۆچ پێکـردن بێـت، زیـاتر ڕۆژئاواییە لەوەی ڕۆژهەڵاتی بێت. هـەروەها بـەحوکمی ئـەوەی زاراوەکـە زیـاتر جەخت لەسەر پەرش‌و بڵاوکردنی نەتەوە بە پلە یەك‌و دین بە پلە دوو دەگەیەنێ، زاراوەکە زیاتر پەیوەست کراوە بە پەرش‌و بڵاو بوونی جولەکە لەمێژوودا!

یەکـەمجار ئـەم زاراوە لـەئاکامی ئـەو نـەفی کردنـە Exile هـات کـە لـە "Deuteronomy " هاتووە: "

ئێوە لەهەموو مەملەکەتەکانی سەر زەوی پەرش‌و بڵاودەکرێنەوە" ئەم دەسـپێکە بەو واتا بنەڕەتییە لەگەڵ وەرگێڕانی ئینجلی عیبری بۆ سەر زمانی یۆنانی پەرەی سەند. ئەو بەکارهێنانەی دایەسپۆرا لەو ساوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئـەو جولەکانـە بەکارهات، کە لەساڵی (607)ی پ. ز بابلییەکان لە ئیسرائیل وڵات بـەدەریان

کردن، هەروەها کە لەساڵی(70) ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە (Judea) دەریکردن!هەروەها ئەو زاراوە دەرهەق بەو نەتەوەو گەلانەش بەکارهاتووە، کە ئاشووریەکان لە زێدی ڕەسەنی خۆیان دووریان کردونەتەوە بۆ ئەوەی لە ئایندە داوای موڵکداری زێدی خۆیان نەکەن!

لە یۆنانی کۆنیش بەواتای پەرش‌و بڵاوی دەهات، هاوڵاتیانی دەوڵەتی شار بۆ ئەو شوێنانە کۆچیان دەکرد، کە سوپا داگیری دەکرد، ئەوانیش هەوڵیان دەدا خەڵکەکەو خاکەکە وەك پرۆسەیەکی کۆلۆنیالیزمی لەخۆیاندا بتوێننەوە!!

سەبارەت بە کوردانیش ئەو کۆچانەی گەلانی هیندۆ ئەوروپی بۆ کوردستانیان کردووە، جۆرێك لە فرە ڕەگەزی‌و فرە زمانیان دروستکردووە، ئەو کۆچانە وایکردووە گەلی ڕەسەنی ئەو وڵاتە بەخۆشی یان نەخۆشی لەگەڵ ئەوانە تێکەڵ بن! هاتنی عەرەبە موسڵمانەکانیش جۆرێك لە دایەسپۆرای دروستکردووە، بەڵام ئەوە عەرەبەو بۆتە کورد نەك کورد بوویێتە عەرەب- بەواتای پرۆسەکە لەئاکام زیاتر بە کوردیکردنی ئەو عەرەبانەی لێکەوتۆتەوە کە لەناو قوڵایی خاکی کوردستان ماونەتەوە! ئەوانە بەزمان و کەلتور لەناو کورد توانەوتەوە نەك وەك ئەوەی یۆنانیەکان‌و گەلانی هیندو ئەوروپی!

لە سەردەمی نوێدا، ئەم زاراوە ڕەهەندێکی تری هەیە، یاخود لەگەڵ " پەنابەر" لەسەر ئاستی تاك "تاراوگە" یاخود "هەندەران" تێکەڵ کراون!! تۆێژەرێك دەنووسێ: هەندی جار پەناهەندەکانی بنەچەو ئەتنیکی جودا بە دایەسپۆرا دەبینرێن، بەڵام (پەناهەندە)و (دایەسپۆرا) دوو زاراوەی (هاو واتا)ی یەکتر نین، چونکە بنەماو شەنگست‌و ئامانجەکانیان تەواو وەك یەك نین!

ئەوەی لە ئەوروپا پێ دەوترێ" ڕەوەند-جالیە" سەبارەت بە هیندی‌و پاکستانی‌و جولەکە هەتا عەرەب‌و تورك یەکێتیەکی نەتەوەیی، دینی یان (زمان)ی کۆیان دەکاتەوە، بەڵام سەبارەت بە کورد لە ئەوروپا، ئەو ڕەوەندە دروست نەبووە گوتاری نەتەوەیی خۆی هەبێت!! ئەمەش، بەشێکی پەیوەستە بە بیرکردنەوەی تاکی کورد، بەشێکی تریشی پەیوەستە بە سیاسەتی حیزبی عەلمانی کورد، کە زیاتر هۆکاری پەرتەوازەی تاکی کوردە، نەك یەکێتی کوردی.

## هۆکارەکانی دەرکەوتنی دایەسپۆرا

دایەسپۆرا لەهەندێ ڕواڵەت لە دیگلۆسیا دەچێت، چونکە لە هـەردووکیان دەبـێ بەراورد لەنێوان دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی زمانەوانی بێت، لە دیگلۆسـیا زمـانی باڵاو زمانی نزم هەیە، ئەمەش خۆی لەخۆیـدا پـشتڕاستکردنەوەی هـەبوونی دوو جۆر(زمان!)و دوو جۆر خەڵك (یاخود دوو چـین، دوو توێـژ) لـە یـەك کۆمـەڵگا دەگەیـەنێ. زمـانی وڵاتو زمـانی دایەسـپۆرا (زمـانی دەرەوەی وڵات، زمـانی تاراوگە یان دەرەوەی کۆمەڵگا) دوو (زمان)ی دوو چـینو توێـژو خـەڵکی یـەكو وڵات دەگەیەنێت، ئەو دوو زمانەش لە زۆر ڕووەوە، بەتایبەتی لەڕووی نەژادپاکی زمان -Language purity لە یەك جودان.

زۆر هۆکار لە دروستکردنی دیاردەی دایەسپۆرا ڕۆڵی خۆیـان دەبینـنن ، لەوانـە، وەك هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتوری، ئابوری، دینی....هتد.

**1ـ هۆکاری دینی:**

لەدینێکی ئومەمی وەك ئیسلامدا، کە "دین" کەوتە بەر هەڕەشە، نەتەوەو زمان گرنگیەکانیان کاڵ دەبنەوە، بەتایبەتی ئەگەر سەردەمەکە سـەردەمی ململانێـی دینی بوو نەك ململانێی نەتەوەیی. ئەو هەمـوو کـوردەی ئـوردن، لەفەڵەسـتین، میسر هەیە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی خاچپەرسـتەکان. ئەوانـە هەڕەشـە بوون، دەسەڵاتی سەرکردایەتی دەوڵەتی ئیسلامی لەدەست سەلاحەددین ئـەیوبی بوو، جا ئەو کوردانەی بۆ شەڕ چووبوون، لەو وڵاتانەی مانەوەو لە ئاکام (زمان)ی لـەنێو کۆمـەڵگـەی عـەرەبی توایـەوە، هـەروەك چـۆن ئـەو هـۆزە عەرەبانـەی لەسەردەمی وڵاتگیری ئیسلامیدا لەکوردستان مانـەوە زمـانو کـەلتوری خۆیـان لەناو کورد ونکرد!

فاکتـەری دروسـتبوونو مانـەوەی یەزیدیـەکانیش هـەر فاکتـەری دینییـە. یەزیدیەکانو بەشێك لە دیانەکانی کوردستان دوو کۆمەڵگەی دایەسپۆران لەگـەڵ زۆربەی کورد تەنها دین جودایان دەکاتەوە. ...هەرچـی مەسـەلەی دایەسـپۆرای جولەکەیە، ئەوە زیاتر کۆچکردنێکی گوشـاری دینیـە ، هـەر بۆیـە بەدرێـژایی مێژووی جولەکایەتی راڤەیەکی دینیو نەتەوایەتی بۆ کراوە.

**2-فاکتەری سیاسی**

هەروەك چۆن فاكتەری سیاسی رۆڵی گرنگی بینیوە لە"گـەورەكردنی" مەسـەلەی دایـەلێكتو زمـانی كـوردی هـەروەها رۆڵـی خـۆی لەناوچـەكەدا بینیـوە بـۆ دورخستنەوەی بەشێك لە كورد لە "دەرەوەی كوردستان!" پەناگەیەك بـۆ خـۆی بدۆزێتەوە. سەرەتای ئەو پەناگەیە، پایتەختی دەوڵەتە داگیركارەكانی كوردسـتان بوو، بەڵام بە حوكمی ئـەوەی زۆربـەی ئەوانـەی لـە ئـەوروپا گیرسـانەوە بوونـە بەشێك، بەشێكی ی تر لە ڕەوەندی كورد هێندە بە ئەوروپا گـیرۆدەن بـە جـوریّ دروشمیان "ئـەوروپا، ئـەوروپا"یـە، كەچـی ڕۆشـنگەرانی ئـەوروپا لـە سـەدەی نۆزدەمەوە دەیانگوت:"ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵات!" هەرچی فۆسـتەری ڕۆمـاننووس



لە ڕۆمانیA passage to India لە زاری یـەكیّ لەكارەكتـەرەكان دەڵـیّ ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵاتە، ڕۆژئاواش، ڕۆژئاوایە!!

ئەوەی ئێمە باوەڕی بە دینو كەلتور، دابو نەریتو دنیای وڵاتەكەی نییە.

1ـ بۆیە بیّ ناسنامە پەراگەندەیە لەناو گێژەنی ئوروپادا.

2ـ دوالیتی لای هەندێك بۆتە دێوە زمە.

3ـ ڕۆژهەڵاتیە بە بیركردنەوەو ناسـنامە لـە واقیعێـك دەژی دوورە لەكـەلتوورو زمان و دینی خۆی دا.

## 3ـ هۆكاری ئابووری

هۆكاری ئابوری بەدرێژایی مێژوو هۆكارێكی ئاكتیڤ بووە لـە جـولانی ڕەوڕەوەی مێژوودا. هەتا ماتریالیستەكان هەموو ڕوداوەكانی مێژوو بـە فاكتـەری ئـابوری لێكدەدەنەوە!! لە نەزەر ئێمە، ئابووری فاكتەرێكە، هـەمووی نییـە، دەركـەوت هەمووی نییە!

كورد چ لە كۆن، چ لە سەردەمی ئێستا فاكتەری ئابوریو خراپی بـژێوی ناچـاری كردووە سەری خۆی هەڵبگریّ شوێنێكی تر بۆ خۆی بكاتە وڵاتـی خـۆی، وێـرای فاكتەری سیاسی، فاكتەری ئابوریش ڕۆڵی خۆی هـەبووە، كـوردێكی زۆر گونـدو شاری خۆی بەجێهێشتووە بەرەو شـارەكانی وەك ئەسـتەمبول، بەغـدا، تـەهران، دیمەشق چوونە!

لەسەردەمی دوای ڕاپەڕینیش، جگە لـە ڕەوشـی سیاسـی كوردسـتان، فاكتـەری ئابوری ڕۆڵێكی زۆر گرنگـی بـینی لەدروسـت بـوونی دایەسـپۆرای كـوردی لـە ئەوروپا. ئەم فاكتـەرە لـەلای هەنـدیّ ئەوەنـدە كاریگـەربووە، بـەجۆریّ ئەوانـە

نەیانتوانیوە هیچ سوودێك لە تەكنەلۆژیای ڕۆژئاوای ببینن ، بەڵكو خەمی سەرەكیان "خۆ پێگەیاندن" بووە لەڕووی ماددیەوە. ئەمەو ئەو زمانەی لەوێ فێربوونە تەنها دایەلێكتە بازاڕیەكەیە نەك زمانی ستاندەری ئەو وڵاتە كە لەدام و دەزگاكان كاری پێ دەكرێ! چۆن جاران گوندییەكانی باشوری كوردستان لە ناوەڕاستو باشوری عێراقدا لە سەربازی فێری عەرەبییەكی بازاڕی باش دەبوون، بەڵام نەیاندەتوانی هەتا نامەیەكیش بە عەرەبی بنووسن!!

## 4ـ فاكتەرەكانی تر:



فاكتەری خێڵەكی، كۆمەڵایەتیش زۆر دەوری خۆیان بینیوە لە پەرتەوازە بوون و كۆمەڵگای كوردی، بەڵام ئەو پەرتەوازییەی تا ڕادەیەكی زۆر ناوچەیی بووە. یەك بەرەباب یان دوو بەرەباب، كە برا، ئامۆزا، یان بن عام- كوڕانی ئامۆزا- لەسەر موڵك ومەسەلەی ژیان نەیان توانیوە لەگەڵ یەك هەڵبكەن بۆیە لەیەكتر جودابوونەتەوە. ئەمەو تەنها لەناوچەیەك چەندەها (دێ)و (گوندۆكە) بەهەمان ناو هەن، هەروەها هەندێ جار هەر لە ئاقاری گوندێكدا دوو گوندی چەند ماڵی بە پاشگری (خواروو)و (سەروو) سەرگەلو، بن گەلو...هتد هەن.... بەڵام ئەو جۆرە پەرتەوازەییە كاریگەری بەقەد كاریگەری فاكتەری دینیو سیاسیو ئابوری نییە، چونكە ئەو پەرتەوازییە ئەگەر هەر لەسنووری گوند نەبووبێ زۆر كەم لە سنوری دەرەوەی وڵات بووە!.

## كاریگەری دایەسپۆرا لەكوشتنی زمان دا

دایەسپۆرا بەهەر جۆرێك دروست بووبێ هێندەی كاریگەری خراپی هەیە هێندە كاریگەری باشی نییە، بەتایبەتی سەبارەت بە كوردەوە، چونكە لەلایەك كورد دەوڵەتی نییە لەلایەكی تریش زۆربەی ئەوانەی لە دایەسپۆرا دەژین بەرانبەر بەشارستانییەت و زمانەكانی ڕۆژئاوا خۆیان زۆر بە "كەم" دەزانن!!
خوێندنەوەیەكی نێگەتیڤانەی زاتی كورد، وەك بڵێی كورد هیچی نییە جێگای شانازی بێت، فاكتەرێكی زۆر گرنگ بووە لە پرۆسی خۆهێشتنی كوشتنی زمانی كوردیدا. جا ئەگەر ئەوە (هەست) و (هەڵوێست)ی باوك و دایكەكان بێت كە هێشتا نە خۆیان لە كەلتووری ڕۆژهەڵاتی ڕزگاریان بووە نە ڕۆژئاواین وەك

ڕۆژئاواییەك مامەڵەیان لەگەڵ دەكات، دەبێ نەوەكانی ئەو دایك و باوكانە چ هەست و سۆزێكیان لەبارەی زمان و كەلتوورو دین و مێژووی كوردەوە لە زەین بمێنێ؟!

ئەوە وەك وتمان لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا كەم و زۆر دەرفەتی لەبیر نەكردنی زمانی دایك، زمانی نەتەوە هەیە، چونكە قوتابخانە هەیە تایبەت بە پەنابەرانەوە! بەڵام تەمەنی ئەو قوتابخانەیە بەقەد تەمەنی منداڵەكانەوە نییە بەڵكو تەنها چەند قۆناغێكە. ئەو چەند قۆناغە ئەگەر فاكتەری بەهێزی قوتابخانەی ماڵەوە (دایك و باوك) هاوكارو پشتیوان نەبێ پرۆسەكە لەبەین دەچێ!



## هەندێ نموونە لەسەر كوشتنی زمان لە دایەسپۆرا

زۆرێك لەبنەماڵە ناسراو و سیاسی و ڕۆناكبیرەكانی كورد (بەناچاری) یاخود (بەخۆهێشتی) خۆیان لەپایتەختەكانی بەغدا، ئەستەمبۆل، دیمەشق، تەهران، عەمان و قاهیرە نیشتەجێ بوونەو بەسەردان نەبێ جارێكی تر نەگەڕاونەتەوە كوردستان! ئەو بنەماڵانە لەسیاسەت و هزرو ئەدەب و دەوڵەتكاریی ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەهەندێ سەردەمدا، بەڵام نەوەكانیان لەناو هەژمونی ڕۆشنبیری نەتەوەی باڵا دەستدا زمانی خۆیان لەدەست داوە.

1ـ بنەماڵەی بەدرخانییەكان ڕۆڵێكی زۆر گرنگیان بینیوە لەبواری سیاسەت، ئەدەب و زمانناسیدا، بەڵام نەوەی ئەو بنەماڵەیە ئێستا بەچ زمانێك دەپەیڤن؟! و دەنووسن؟!

2ـ لە ئوردن چەندەها بنەماڵەی كورد هەن زۆربەیان نازناوی (كوردی) یان هەیە. هەندێ لەو بنەماڵانە هێندە ناسراون بەجۆرێ بوونەتە سەرۆك وەزیرانی ئوردن، وەك (سەعد جمعە) هەروەها كەسایەتی وای تێدایە بوونەتە وەزیر (ئەشرەف كوردی) و دبلۆماتكار (سەیدۆی كوردی) كەچی نەوەی هیچ یەكێك لەمانە نەدەزانێ بەكوردی قسە بكات نە بەكوردیش بنووسێت.

3ـ بنەماڵەی سەلیم بەرەكات. سەلیم بەرەكات یەكێ لە نووسەرە دیارەكانی جیهانی عەرەبییە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدایەسپۆرا ژیاوە نەخۆی بە كوردی دەنووسێ وە نەچاوەڕێ دەكرێ منداڵەكانی بەكوردی بنووسن یان بدوێن!

4ـ ئەحمەد شەوقی و عەباس مەحمود عەقاد. هیچ ڕۆشبیرێكی عەرەب نییە هەست بەپێگەی ئەو دوو زاتە نەكەن لە (ئەدەبی عەرەبیدا) بەڵام بەگوێرەی قوتابخانەی بەراوردكاری فەرەنسی، نووسینەكانی ئەو دووە كە هیچی پەیوەندیان

بە کوردەوە وەنیە هەروەها هەتا ئەدەبەکەی (سەلیم بەرەکات)یش بەشێك لە ئەدەبی کورد پێکناهێنێ، چونکە بەکوردی‌نەنووسراون!

ئەوانە بەرەنگاریان کرد، ئەوجا نەوەکانیان زمانەکەیان تیرۆرکرد، ئەدی ئەوانەی بەناو لەرقی دەسەڵاتی کوردی!! هەر خۆیان لێناگەڕێن منداڵەکانیان (نەك نەوەکانیان) فێری زمانی کوردی بێن؟!

حاڵەتێکی تری زۆر کوشندە هەیە، ئەویش پرۆسەی هاوسەرگیرییە لەگەڵ گەلانی غەیرە کورد. لەم بارەیەوە چەندەها پسپۆڕی زمان و شارەزا لە نهێنییەکانی زمانی کوردی، بەحوکمی ئەوەی ژنەکانیان کورد نین، ئەوە منداڵەکانیان کوردی نازانن و لە ئاکام (کوردی) لەماڵی پسپۆری زمانی کوردی تیرۆر دەکرێت!!



# ڕۆڵ و گرینگی فۆنیمی (ە – e) لە زماندا

**ئەحمەد هیرانی**

**سەرپەرشتیاری پسپۆریی زمانی کوردی**

گرینگی فۆنیمی (ە –e) لە زمانی کوردیدا، هەروا بۆ ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێ لە ڕستەسازیدا، یەکجار زۆر بە بەهاو گرینگو پڕ بایەخە.....

شارەزاو پسپۆرانی زمان دەرك بەو کارە پڕ کارامەو هەڵسو کەوتە جیاوازە بەرفراوانە دەکەن، لەرووی کاریگەری ئەو فۆنیمە کە پێ هەڵدەستێو دەیگێڕێت،

چونکه پتر له هەموو فۆنیمەکانی تـری زمـان چـالاك تـره لـه هـەڵس و کـەوتی زمانەوانیدا، بەتابیەتی لەرووی ڕێزمانەوه، گەلێ بنەما دەچەسپێنی وەك ڕیـژەی نەگۆڕو دیـاردەی سـەربەخۆیی و زمانەکـەش دەچەسـپێنێ وەك، ڕیـژەی نـەگۆرو دیاردەی سەربەخۆیی و زمانەکـەش دەسـەلمێنێ.. قـەوارەو کەلەبـەری زلـزل پـڕ دەکاتەوه، لەرووی رستەسازی و گۆڕینی وشەکاریشدا، زۆر شتی نوێ دادەڕیـژێ و فەراهەم دێنێ...کە دەیانخاتە سەر خەرمانی دەوڵەمەندی و برەو پێدانی زمـان و بەرەو پێشبردنی ڕۆڵی زانستیانەی ڕێزمان و توێژینـەوەی چـەندەها یاسـای لـەبیر کراوو تۆمارنەکراو.

## لێکۆڵینەوە

هەر لەبەر ئەو هۆیە یە، کەمنیش وەك بە جێگەیاندنی ئەرکی پیرۆزی نەتەوایەتی دەستم برد بۆ ئەم نووسینە، کە هێما بۆ ئەرك و فەرمانەکانی ئـەم فۆنیمـە بکـەم ....ت و بایەخدارە لە زمانەکەمانداو، ئاماژە بەو خالانە بدەم کە لە هالاوی نەو داپەنگخوارون و بە زەبری تەزووی کاریگەری دەگیرسێنەوە بەر لەوەی بیانخزێێتـە ناو پۆسکەی ئاشتی زمان و رایان ماڵێت بۆ هاڕین تا لە گەرمەسێری زمانەکـەدا تیشکی گەڕکاریان بەرکەوێت.
لەبەر ئەوەی کە تا ئێستاو لەمەودواش ،هەندێ هوردەکاری وا هەیە لـە زمـان و ڕێزمانەکەماندا کە: پەی پێنەبراوە، لەلایەن زاناو داناو لێکۆڵەرەوەکان....چونکە بۆیان نەلواوە کە دەریخەن و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تێرو تەسەلی دەربارە بکەن، هەر بۆیە گەلێ شـتی هـوردو پوخـت و ڕێـك لـەناو زمانەکەمـانـدا ماوەتـەوە، بێسوراغ کەجێ ی داخە فەرامۆش کراوە لە روونکردنەوەو دەرخستندا، ئەم جۆرە هوردەکارییانـە پێویـستیان بـە چەسـپانە دوای لەشـایاندنیان لـە گۆشـەیەکی ڕێزمانیـدا...تـا ڕۆڵـەکانی کـورد لـە قۆناغـە پێـشکەوتووەکانی خوێنـدنا وەك پەیمانگاکان و قۆناغەکانی ئامادەیی و دواناوەندییەکان سـەرەدەریەك لـە قوژبنـە تاریکەکانی ڕێزمان دەربکەن، هەستیان جۆش بخوات بۆ شتی نوێ و تازە کـە لـە زماندا بیدۆزنەوە، هەموو هوردەکاریەکی ناو ڕێزمانەکە شیتەڵ بکەن بە گاسـنی بیرو ئەندێشە....تۆزو غوباری بێخرمەنی و بابەخنەدان بە زمان و ڕێزمانی کوردی بتەکێندنەوە لەرووی خۆیاندا، چاو بۆ ئاسۆی نوێخوازی و داهێنان هەڵبڕن.

چونکە هیچمان لە میللەتان کەمتر نیە، تەنها سەربەخۆیی‌و ئازادی‌و خزمەتکردن نــەبێ...خزمــەتکردنی زمــانیش کــەخۆی لــە خۆیــدا خزمــەتکردنی نەتــەوەو مانەوەیەتی، مایەی گەشکەرکردن‌و پەرەسەندنیەتی لە رووی شارستانیەتی بەرەو ترۆپکی سەرفرازی‌و سەرکەوتن.

لەوە پتر حەز ناکەم درێ بە پێشەکی یە بدەم، تەنیا ئەوەنەبێ :

بابەتەکــە، لــەرووی لێکۆڵینــەوە داچــڕوپرە، هوردەکــاری وای تیایــە کــەجێ ی سەرسوڕمان‌و لەوانەیە لای هەندێکیش جێ ی گومان بێت.

بەڵام دەبوایە ئەم جۆرە باس‌و لێکۆڵینەوانــە لای زانــاو دانایــانی زمانەکــەمان-بەتایبــەتی ئەوانــەی لــە کــۆڕی زانیاری کــورد- بواریــان درابــوو تیــشکی لێکۆڵینەوەیان بەرویدا هەڵبدایە.... لەنموونە هێنانەوەشدا وام بــە پەســند زانــی کەسەر توێژەکە هەڵگرم.. تا توانیبشم لە درێژدادری خۆم تریککردوە.

**لێکۆڵینەوە**

با ئێستەش لەســەر ســەکۆکانی رێزمــانی کــوردی، رۆڵــی فــۆنیمی(ە —e) کــە دەنگێکی بزاڤو هەرەگرینگە، وەك لە سیــستەمی ئــەلفبای نەتــەوەدا لای زانــاو داناو دانەران‌و لێکۆڵەرەوەکانی کوردو بیانی بەپیتی بزوێن ناوزەد کراوە، ئێمەش رۆڵ‌و گرنگی ئەو فۆنیمە، کە لــەرووی رێزمــانی‌و زمانــەوە پــێ ی هەڵدەســتی‌و رادەبێت. دەدەینەبەر شەنە بای نوکی پێنووس‌و خامە، خاڵخاڵ لێ یان دەدوێن. وەك:

**یەکەم/ فۆنیمی(ە —e) ناوی تازە لەناو دروست دەکات:**

وەك ئاشکرایە زانای رووس پ. ك، ئۆسلار ئەوەی ئاشکرا کردووە، کەلە زمانــدا دوو جۆرە دەنگ هەیە وەك:

ا-چۆنەکی/ ئەو دەنگانەیە کە دەوترێن‌و مانا دەگۆڕن وشەیەك لە وشــەیەك جیــا دەکەنەوە.

ب-چەندەکی/ ئەوانەن کە هــەر چــەند دەوتــرێن بــەڵام مانــا نــاگۆڕن‌و وشــەیەك جیاناکەنەوە.

بەپێی ئەو پێناسەی رابردوو، فۆنیمی(ە —e) ئەو دەنگە رەسەنەی زمانی کوردی یە، کە ناوی تازە لە ناو دروست دەکات، ناوی تازەش واتــە نــوێ، کــە لــەرووی بەکاربردن‌و مانا دار زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو نــاوەی کــە بــەهۆی ئــەو فۆنیمــەوە گۆڕانی بەسەر داهاتووە، لە مانا بنچینەکەی لایداوە بۆ واتایــەکی نــوێ.. .لــەم

بارەوە لە كتێبی – مۆرفۆلۆژی ناو- ل23) ڕێزدار دكتۆر ئەو ڕەحمان حاجی مارف، دەربارەی ئەو فۆنیمی(ە —e) یە وای پەخش كردووە:
(پاشكرێكی چالاكە، دەچێتە سەر ناو، ئاوەڵناو،كرداری سادە، دەیانكات بە ناو، وەك(شەو) بەهۆی ئەو فۆنیمە كە دەچێتە سەری دەبێت بە(شەوە) (ڕاست) دەبێت بە (ڕاستە)، كۆكین دەبێتە بە(كۆكە) جگە لەو نموونانە، میش وای بەپەسند دەزانم كە چەندەها نموونەی تر بخەمە روو تا ڕۆڵی چالاكی ئەو فۆنیمە بەرفراوانتر بكەینەوە، لەناو ڕستەدا ئەو ڕاستیە دەربخەین وەك:
1-ئاگر- ناوێكی گشتی نەناسراوە، كاتێ فۆنیمی(ە —e) دەچێتە سەر دەبێت بە (ئاگرە)، ئاگرە ناوی نەخۆشییەكە، كەلەمنالاَندا ڕوو ئەدات لەدەمو چاوانیاندا دەردەكەوێ لە تەمەنی پێنج شەش ساڵان
**لێكۆڵینەوە**
لەرستەدا:
**أ- ئاگر لەماڵی كەس بەرنەبێ**
**ب- منداڵەكە ئاگرەی لێ هاتووە.**
2-دروون- بەهۆی فۆنیمی(ە —e) دەبێت بە(دروونە) هەندێ جار بەهۆی كرداری میكانیزمی فیزیكی زمانەوە، وك پێویستی زمان، لەهەندی هەرێمی كوردنشین- واوی دووەم- لەوشەی (دروونە) دەبێت بە(ی) بە گۆڕینی فۆنیمی (و) بۆ(ێ) مانای وشەكە وەكو خۆی دەمێنێتەوە دەبێت بە (درووێنە) بەڵام گرینگە لێرەدا كرداری فۆنیمی (ە —e) یە كە ووشەكەی لەمانا بنچینەكە گۆڕیوە بۆ واتایەكی نوێ، لەرستەدا:
أ-كاری دروون..........
ب-كاتی دروونە(دروێنە) نەهاتووە.
ج-دروونە(دروێنە) لەمانگی جۆزەردان دەستپێدەكات.
3-پلێ- بە واتای ئەنگوست(ئەموست) بەهۆی فۆنیمی(ە —e) دەبێت بە:
(پلە) ، پلەش بەواتای (پایە) یان(نمرە) دێت بۆ وێنە:
**أ-لەهەر دەستێكی مرۆڤ پێنج پل هەیە.**
**ب- لە (ه.پ.ك) پلەت چی یە؟**
**ج-لەوانەی ئینگلیزی چەند پلەت بەدەست هێناوە لە ئەزمونەكەدا؟**
4-ئەم كۆمەڵە ناوانەش(خشت، بەست، دەست، تەل، كەمەر، میر، تیر، باو،ناو، باز، كوند، ...تر) بەهۆی فۆنیمی(ە —e) لەواتا بنچینەنكەیان لادەدەنو دەگۆڕێن بۆ واتای نوێو دەگوترێ:

(خشتە، بەستە، دەستە، تەلـە، کەمـەرە، مـیرە، تـیرە، بـاوە، نـاوە، بـازە، کوندە...تر) رستەکان:

**1-کرێکارەکان خشت دەبڕن، بەڕێوەبەری خشتەی وانەکانی داڕشتووە.**

**2-لەسەر ئاوەکە بەستێ دروستکراوە بۆ پەڕینەوە.**

**بەستە ووتن هەر لە حەسەن زیرەك دێ.**

**3-دەست شوشتن پاش‌وپێش نانخواردن پێویستە.**

**دەستە دەستە پێشمەرگکەکان گەڕانەوە، هیوا سەردەستەیە لە پێشمەرگایەتی.**

**4-یاری بە تەلی کارەبا مەکە، تەلەم داناوە بۆ پشیلەکەکە لەماڵەوە.**

**5-ئەو کچە کەمەر باریکە یاری منە.**

**ئەو کچەی کەمەرەی لە پشتە دۆستی منە.**
**تێکۆلینەوە**

**6-ئێوارێ لە دیوەخانی میر یەکتر دەبینین.**

**میرە پۆلیسە سێ پلێتەی هەیە.**

**7-دانیشتوە بەرامبەرم...تیران داوێ بۆ جگەرم...**

**نالی لە تیرەو هۆزی میکایلی یە.**

**8-باوم(بابم) پیاوێکی پیرە هێشتا بەگوڕە.**

**باوەی ئامۆزام خوێندکارە لە پەیمانگا.**

**9- ناوت چی یە؟ ، ئەم ناوە پڕ ئاژاوەیە.**

**10- باز تەیرێکی گۆشتخۆرە، سی مەتر قوماشی بازەم کڕی.**

**11-کوند لەهەر شوێنی بخوێنێ نیشانەی کاولکاریە.**

**کچەکانی لادێ بەکوندە ئاو دێنن لە رووبارەوە.**

**12-چل/ ئاوەڵناوی ژمارەی بنچی سەرەگرێ یە، بەهۆی تەزووی کاریگـەری فۆنیمی(ە e—) دەبێت بە(چلە) بۆ وێنە:**

**أ-کیلۆ پەنیرێکم کڕی بە چل دینار.**

**ب- رۆژی هەینی چلەی ماتەمێنی ئیبراهیم ئەحمەدە.**

**13-گەز/ دوو گەزو نیو کودەری دەکڕم**

**دوو گەز لە روومەتی ژیان ئەدەم.**

**14-شان/ کۆڵەکە دەخەمە شانم ...وەك خەمی دەزگیرانم.**

**کچەکە بە شانە پرچی دادێنێ.....**

**دووەم/ فۆنیمی (ە e—) ناوی داڕژاو دروست دەکات.**

لە پەراوێزی ژمارە- 141 – دا، لە کتێبی مۆرفۆلۆژی ناو ل 169. رێزدار د. ئەورەحمان حاجی مارف دەلێ:

(لە زمانی کوردیدا (ە –e) بە چەند جۆرێ خۆی دەنوێنێ، لەبەر ئەوە، هەڵەیە، ئەگەر هەموویان یەکجۆر بدەینە قەڵەم، ی بەڵکو راستتر وایە کە بە هاوبێژ Homenym مشترك لفظي- یان، دابنێنین بۆ وێنە: (ە –e) ناسیاوی ، کەنیشانەیەکە ، ئاوەڵناوی پێدەکرێتەوە ناسیاو، زۆر جیاوازە لەگەڵ پاشگر(ە – e) کە یاریدەدەری رۆنانی ناوی دارڕژاو دەدات وەك:

خراپ(خراپە) ، چاك(چاکە)، بەند(بەندە) ، کردن(کردە) دیتن(دیدە)

گومان لەرایەکەی دکتۆردا نی یە کەراستە ئەو فۆنیمە(ە –e) دەبێتە هۆیەکی کاریکەر لە دارڕژانی چەندەها ناوی دارڕژاو، ناوی دارژاویش ئەوەیە بەهاتنی پاشگرەکانی بۆ سەر ناوەکە، واتا مەبەستی وشەکە دەگۆڕێت بۆ واتاو مەبەستێکی نیوێ بۆ نموونە:



(دان) بەهاتنی فۆنیمی(ە –e) بۆ سەری دەبێت بە(دانە)

(خان) دەبێت بە (خانە)، (قان) دەبێت بە (قانە)

(تان) دەبێت بە (تانە)، (لان) دەبێت بە (لانە)

با کاریگەریەتی ئەو فۆنیمە لە رستەدا دیاری بخەین وەك:

**1- دان – دانە**

**أ- کە دانم ئێشا چوومە لای دکتۆر.**

**ب- دوێنی چوار دانە کتێبنم کڕی.**

**2-خان- خانە**

**أ- کەریم خانی زەند سەرکردەیەکی کورد بوو.**

**ب- ئایشەخان شەنگەبێری یە.**

**ج-شەتڕەنج چەند خانەیە؟**

**ء -خدر وولاخەکانی بردە خانە.**

**ه-مەسعود شەو لەخانە دەنوێت.**

وشەی(خان) لە رستەی یەکەمدا ناوێکی لێکدراوی دروست کردووە.

لەدووەمدا وەك نازناو بە کاربراوە، لە سێیەمدا بەهۆی فۆنیمی(ە –e) لەوتا بنچینەکە لایداوە بۆ واتایەکی تر بەواتای چوار گۆشە یان بەش دەگەیەنێ لە چوارەمیشدا بەواتای شوێنی حەوانەوەی ولاخ دێت.

لە پێنجەمدا ژووری حەوانەوەی کاروانچییەکانە، چونکە ئەوساتە ئۆتۆمبیل نەبووە.

3-قان/ باوك بەکوڕەکەی وت با ئەمجارە قان بێ، بەڵام جارێکی تر درۆنەکەی، سێ قانە بلوریو دوو قانە خامم کڕی بۆ لێفە.

4-تان/ تانم(هانم) مەدە بۆ کاری بێ جێ

چاوی چەپم تانەی لەسەرە.

5-لان/ بەواتای شوێن دێت وەك قامیشەلان، بەردەلان..تر. کە فۆنیمی(ە —e) ی دەچێتە سەر دەبێتە شوێنی حەوانەوە بۆ شێر وەك (لانە) ..لەلانەی شێران..رێو دانیشتوەو دەیکات ویران...

لە جێ ی (هێلانە) ی مەلیش بەکار دەبرێت وەك دەڵێ ی — وەك مەلی بێلانە بە ئاسمانا خول دەخوات، لە فۆلکلۆری کوردیشدا هاتووە:

لان، هەی لانم کە..با بە مۆرە جوانێ... با بچێتە سەیرانێ....

**سێ یەم / فۆنیمی(ە —e) دەبێتە ناواخن —ناوبەند- لەناوی لێکدراودا، وەك:**

سەرەمر، بەردەقارەمان، تاتەنوێژ، بنەسلاوە، مێرگەسوور، قەڵاتەسوور، رەشەبا، شۆڕەبی، تەڕەپیاز، سەوزەگیا، گۆڕەپان، دارەتوو، دارەبەن، گۆڕەتوو، بانەمورتکە، لەتکەهەرمی، شۆڕەسوار، مامەجەلکە، بنەباوی، سەلکەتوو، دارەبەن، باوەخەلان، گۆڕە شێر، گردەسۆر، شاخە پیسکە، گۆمەشین، کۆزەپانکە، پیرەمەگرون، بەکەرەجۆ، گلەزەردە هیلکەرۆن، گوللەباران، چاوەنواڕی.

**چوارەم/ فۆنیمی(ە —e) ناو بچووك دەکاتەوە**

ناو لەبەر دوو هۆ بچووك دەکرێتەوە، یان لەبەر خۆشەویستیو رێزلێنان یان لەبەر رقو داشۆڕین، لەو لێکۆڵینەوەماندا، باس لەو هەموو پاشکرانە ناکەین کە ڕۆڵی گرینگو بوزورگیان هەیە لە بچوککردنەوەی ناودا، تەنها تیشك دەخەینە سەر فۆنیمی(ە —e) لەو بارەدا وەك.

نازەنین بەهۆی فۆنیمی(ە —e) دەبێتە (نازە)، فاتیمە دەبێتە (فاتە) خاتوون دەبێتە (خاتە) ، سالّح دەبێتە (سالە)، قادر دەبێت (قالە)، ئیسماعیل دەبێتە (سمە).

محەمەد دەبێتە (حەمە)، سەعید دەبێتە(سەعە)، ئەحمەد دەبێتە(ئەحە)، مستەفا (مچە)، محێدین(محە)، مەجید(مەجە)، خدر (خلە)، ئەدیبە(ئەدە)،

نەجیبە(نەجە)، نەسیبە(نەسە)، بەدریە(بەدە)، دڵدار (دڵە)، دڵشاد (دڵە)، عەبدوللاَ(عەبە)، عەلی(عەلە)، رۆژیدە(رۆژە)، قانیعە(قانە)، برایم(بلە)، پلك(پلە)، خۆشك(خوچە).....تد.

**پێنجەم/ فۆنیمی(ە —e) لە چاوگەکان ناوی دانایی لەدەنگە سروشتیەکان دادەڕێژێ:**

تێکڕای چاوگەکان ناوی واتایین، بەڵام لەو چاوگانەوە، بەهۆی تەزووی فۆنیمی(ە —e) چەندەها ناوی واتایی تر، زمانەکە دەوڵەمەندە دەکات لەخەرمانی وشەدا وەك:

گرماندن- بە کارتێکردنی فۆنیمی(ە —e) ناوێکی واتایی تری لێ فەراهەم دەبێت کەدەبێت بە (گرمە)، هاڕاندن(هاڕە)، باراندن(بارە)، تەقاند(تەقە)،کۆخین(کۆخە)، پژمین(پژمە)، نەڕاندن(نەڕە)، قۆقان(قۆقاندن) (قۆقە) مڕاندن(مڕە)، قیژان- قیژاندن(قیژە)، گمان — گماندن(گمە).

بۆڕان- بۆڕاندن(بۆڕە)، زریکان — رزیکاندن(زریکە)، جریوان- جریواندن(جریوە)، گریان — گریاندن(گریە)، جولان- جولاندن(جولە)....هتد.

شەشەم/ فۆنیمی(ە —e)وەك ئامرازی بانگکردن بەکاردێت.

بانگکردن لای هەر نەتەوەیەك شێوەی تایبەتی خۆی هەیە...ئامارازو وشەی تایبەت بۆ بانگکردن هەیە، جگەلە بەکارهێنانی، سەرو چاوو دەمو دەست دەستو لاق..کەبە هێما ئاماژەیان پێدەکرێت بۆ مەبەست ئەمەیان لای هەر هەموو میللەتان وەك یەکە........

ئێمە باس لەو زمانە نهێنی یە ناکەین، چونکە تێ ی ناگەین...بەڵکو باسی هەموو وشەکان ئامارازەکانی بانگکردنیش ناکەین کە لەئارادان بۆ بانگکردن لای نەتەوەی کورد...شێوەی جیاوازیشیان هەیە بە گوێرەی زاراوەکانی زمان لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێ و بەگوێرەی دیالێکتەکانی زمان.

باسی رۆڵی کاریگەری فۆنیمی(ە —e) دەکەین کە وەك ئامرازی بانگکردن خۆی دەردەخاتو دەور دەگێڕێ وەك:

بانگی ئافرەتی دەکەی کە نایناسی، ناوی چی یە، پێی دەڵێی:

(خۆشكه) یان(دایكه) یان(پله) یان(نه‌نه) یان (داپیره) زۆر جار وشه‌ی(هۆ) له‌گه‌ڵ وشه‌كانی (خۆشكه، دایكه، پله، نه‌نه، داپیره) به‌كارده‌به‌ی، واته بانگی دكه‌ی(هۆ خۆشكه....هتد)

بۆ پیاوانیش ده‌گوترێ (خاڵه، مامه، كاكه، باپیره.....) له‌و بانگكردنه‌دا ئه‌و گۆڕانكارییه‌ی به‌سه‌ر رواڵه‌تی وشه‌كانی(خۆشك، دایك، پلك، نه‌ن، خاڵ، مام، كاك، باپیر....) دێت به‌هۆی زه‌بری فۆنیمی(ه e—) پێكدێ جگه له‌وه‌ش له‌و گازكردنه‌دا، رێزو نه‌وازشێكی تیایه به‌رامبه‌ر بانگهێژه‌كه ئه‌وه‌ش له جێ ی خۆیه‌تی كه‌وا بكرێ چونكه گه‌لی كورد هه‌میشه شایه‌نی رێزو نه‌وازش بووه، بۆ به‌رامبه‌ره‌كه‌ی ، ئه‌گه‌ر تاك بوبێ یان كۆ.....

وه‌ك(هۆ خه‌ڵكه، هۆ خه‌ڵكینه...هۆ براینه، هۆ خزمینه....هتد)

**حه‌وته‌م/ فۆنیمی(ه e—) وه‌ك راناو له ده‌وری بكه‌رو ته‌واوكه‌ردا له رسته دیار ده‌بێ**

**لێكۆڵینه‌وه**

أ-له ده‌وری بكه‌ردا، له‌گه‌ڵ فرمانی داخوازیدا وه‌ك:

بنووسه، مه‌كره، ببره، داگره، هه‌ڵوه‌شێنه، بدره، پێ لێ هه‌ڵمه‌بره...هتد.

ب-جار هه‌یه راناوه‌و ته‌واوكه‌ری وشه‌ی پێشخۆیه‌تی وه‌ك:

دارچنار به‌رزه، كوره‌كه ژیره‌و بێده‌نگه، ئه‌حمه‌د كوره هه‌ژاره.

كچه‌كه جوانه‌و قه‌شه‌نگه.

(فۆنیمی(ه e—)دوای وشه‌كان، به‌رز ، ژیر، بێده‌نگ، هه‌ژار، جوان، قه‌شه‌نگ) له‌هه‌ر هه‌موویاندا راناوی لكاوه، له هه‌مان كاتیشا ته‌واوكه‌ری وشه‌كانیشه.

ئه‌وانه‌ی به‌فه‌رمانی ناته‌واو(بێهێز) ی داده‌نێین زۆر له راستیه‌وه دوورن، چونكه ئه‌وانه‌رسته‌ی ناوین‌و بێ فرمانن....

ئه‌و راستیه‌شمان له‌وه‌دا بۆ ده‌رده‌كه‌وێ، ئه‌گه‌ر رسته‌كان له تاكه‌وه بگۆڕین بۆ كۆ وه‌ك:

**1-دارچناره‌كان به‌رزن. 2-كوره‌كان ژیرو بێده‌نگن 3-منداڵه‌كان كوره هه‌ژارن. 4-كچه‌كان جوانن‌و قه‌شه‌نگن....**

کەواتــە ئەوانــەی فــۆنیمی(ە e—) بــە فرمــانی ناتــەواو دەدەنــە قەڵــەم، زۆربــە هەڵەداچوون.

**هەشتەم/ فۆنیمی(ە e—)دەنگێکی بنجیو سەرکەی یە لە ئەلفبای نەتەوە.**

ئاشکرایە کە ئەو فۆنیمە، یەکێك لەدەنگــە هــەر زیــنو بزاڤــەکانی نــاو زمــانی کوردی، لای هەموو دانەرانو زانایانو لێکۆڵەرەوەکان نــاوەزەدکراوە بــە —پــیتی بزوێن- کە رۆڵی سەرەکی دەگێرێــت لــە پێکهێنــانی برگــەی کــورتو دەروســت سەدەها وشە بۆوێنە:

**ا-کە تۆ قیبلەی دەمت سابێنە قوربان**
**لەسەر ماچی دڵم مەشکێنە قوربان**
**ئەگەر دڵ غەیری حوببی تۆی تیابێ**
**بەدەستی خۆت دڵم دەربێنە قوربان**
**ب-حەمە ئەمەشەو دێتە دەرەوە.لێکۆڵینەوە**

**نۆیەم/ فۆنیمی(ە e—) چەسپاوە لەهەندێ وشەدا**

بەلابردنی وشەکە گەر دەبێ لادانو لابردنی ئەو فۆنیمە لــە کۆتــایی هــەزارە هــا وشە، لە زمانەکەدا، دەبێتە مایــەی گــەڕ بــوونی ووشــەکەو ماناکەشــی، ئەمــە وادەگەیەنێ کە ئەو فۆنیمە لەو ووشــانە دا لــەکاتی دروســتبوونیان بــووە بــە — مالك- لە بنجدا بەهۆی کاریگەری ئەو دەنگە رەسەنە دروستبووینە بۆ وێنە:
(قسە، گاڵتە، چامە، فەلە، پەردە، شوشــە، هەگبــە، قوبــچە(قۆپــچە) خونــچە، لێزمــە، گوڕبــە، ئاوڵــە، پیاڵــە، پەپولــە، کەللــە، گیپــە، خەنــە، رەوە، وزە، بزە(خەندە)، پارچە، پرخە، زللە، گەمە، زوێرە، قالۆچە، پەنجەرە، خەفە، گوللــە، گولە، قالپچە، کوللە، براوە، گیرەو، جدەو گلێنە...هتد

**دەیەم/ فۆنیمی(ە e—) ئاوەڵناو دەگۆڕێت بۆ ناو**

سەربەخۆییو بەرزی هەر زمانێــك لەوەدایــە، کەچــەند ریــساو یاســای رێزمــانی تایبەت لەو زمانەدا بەدی بکرێو هەبێ، هەروا هەندێ هوردەکاری بەدی بێت کە

لەجغری، وشەکاری رستەسازیدا دیسا لایەنی فۆنۆلۆژی کـە لـەو زمانـەدا هـالاَو پەنگخواردووبن.....کەلە زمانـە هاورِەگـەزەکانی خـۆی ئـەو ریـساو یاسـایانە بەدینـەکرێن....بـۆ نموونـە لـەزمانێکی وەك عـەرەبی سـەیر دەکـەین لـەرووی بەکاربردنی رێزمانیەوە وشەی — ما-ن- و-، بە چەند شێوەی جیاواز لە کاردایە، ئەم ناولێنانو جیاوازییەی کە هەر جارەی دەرکەوتنیان بەجۆرێکی تیایبەت جیـا لەوانیتر لە رستەدا، لەژێر سایەی یاسایەکی نـەگۆرِ، بـەپرەکتیكو لێکۆڵینـەوەی زانستیو زمانەوە لەسەر دەستو بۆچوونی زاناکان چەسپیون...
رِای منیش ئەوەیە کە دەڵێم:
فـۆنیمی(ە —e) بـۆ ئـەو رۆڵو گرنگییـەی کـە دەبیبـینی لـە زمانەکەمانـدا، ناراستەوخۆ ئیسپاتی سەربەخۆیی و زمانەکە دەکات... لەگەڵ ئەو هوردەکارییەی کەپێ ی هەڵدەستێ.....ئەو فۆنیمە بوزورِەگە چەندەها وشـەی ئاوەڵنـاو لـەواتاو مەبەستیدا دەگۆرِێت بۆ ناو بۆ وێنە:

## لێکۆڵینەوە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سور | گوڵی سور لەباخدا چنیوە | سورە | سـوورە پـارێزەرێکی سەرکەوتووە |
| 2 | رەش | تـرێ ی رەش لـە خۆشـناوەتی هەیە | رەشە(رەشۆ) | کاکەرِەش هاتوە! |
| 3 | شین | ئاسمانی شینو ئەسـتێرەکانی بـۆ خاك دەچریوێنن تاکو بەیانی | شینە | شینەی مام رەحمان شەهید کرا |
| 4 | بۆر | سمۆرە کلکی بۆرە | بۆرە | بۆرە شوانی گوندەکەیە |
| 5 | ناز | منداڵ بەناز بەخێو مەکە | نازە | مامۆستا نازە شویکرد! |
| 6 | تەرز | قوماشێکی تەرزم کرِی | تەرزە | دوێنی تەرزە باری |
| 7 | چاك | پیاوی چاك زۆرە | چاکە | چاکە بکەو بیدە بە ئاو |
| 8 | خراپ | ئیشی خراپ مەکە | خراپە | خراپە دەرهەق کەس مەکە |
| 9 | تەپ | گوێ ی نازە تەپە | تەپە | دوو پێشمەرگە لەسـەر تەپەکـە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دانیشتوون. | | | | |
| هوردە لە کاردا | هوردە | قسەکانت هوردن | هورد | 10 |
| جەرگم کززەی لێوە دێ بۆت. | کزە(کززە) | پیاوەکە کزە بەدەست خەم | کز | 11 |
| هەموو کەس دەزانێ حەوتە حەوت ڕۆژە | حەوتە | ڕۆژی حەوتەمە لە سلێمانی دەمێنمەوە | حەوت | 12 |
| سەدەی نۆزدەهەم بوو کە ئەمارەتی بابانو بۆتان بەهێرشی عومسانلی تێکچوو. | سەدە | ڕۆژی سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی... | سەد | 13 |
| کفتەی برنج خۆشترە لە بڕوش | کفتە | کرێکار کفت دیارە | کفت | 14 |
| هەموو ڕۆژ شلە دەخۆم. | شلە | ئەو کچە شلو مل دەڕوا | شل | 15 |
| گڕە هەموو ڕۆژ دێتە ئێرە | گڕە | پیاوی گڕ ناشرینە | گڕ | 16 |
| پیسکەکە لەسەفەر گەڕایەوە. | پیسکە | پیاوی پیسکەم خۆش ناوێ | پیسك | 17 |

**یازدەم/ فۆنیمی(ە –e) ناو دەگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو**

لەم بارەوە، مامۆستای ڕێزدار محەمەدەمین هەورامی لە کتێب – زاری زمانی
**لیکۆلینەوە**
کوردی لە قەرازوی بەراورد- لە ل 250 پەخش کردوەو دەڵێ: (پاشبەندی (ە – e) دەکەوێتە کۆتایی هەندێ ناو، دەیکات بە ئاوەڵناو وەك: هامن- هامنە، وەها، وەهارە، واتە هاوینە، بەهارە)، ئێمەش لەراست خۆمانەوە چنگی وشە دەخەینە سەر ئەو خەرمانە تا ئەو ڕاستیە زیاتر بەدەر خەین بۆ وێنە.

ا-لەپ/ بە واتای ناودەست بەهۆی ئەو فۆنیمە دەبێتە(لەپە) واە خوار لەرستەدا.

1-پارەکە بخە ناو لەپت،

2-ئەم خاکەلەیە، واتە خوارە.

پەل/ بە واتای ناو دەست بەهۆی ئەو فۆنیمە دەبێتە (لەپ) واتە خوار لە رستەدا.

1-بارەکە بخە ناو لەپت 2-ئەم خاکەلەپە واتە خوارە.

ب-پەل/ بەواتای لیقدار، بەهۆی فۆنیمی(ە –e) دەبێتە (پەلە). پەلەش وەك ئاوەڵناوو ئاوەڵفرمان دێت بۆ نموونە لە رستەدا:

**1-پەلی دار بۆ پەلی بەرز، لەقەش بۆ پەلی بەردار.**
**2-کاری بە پەلە خاوەنی شەلە.**
**3-بە پەلە هاتم بۆ لات.**

ج-وشەکانی" وجاغ، باخ، پیاو، ژن، دێرین" بەهۆی ئەو فۆنیمە دەبن بە" وجاغە، باخە، پیاوە، ژنە، دێرینە، کوڕە،....هت" کە ئاوەڵناوی دەنوێنن وەك لەو رستەدا:

**1-وجاغی من شێخ بوون(وەك ناو)**
**2-مام خدر پیاوێکی وجاغە قسەی پێ مەڵێ (وەك ئاوەڵناو)**
**3-پیاوی/ پیاوی مەر کەس ناتوانێ بلێ لەپشتی چاوت برۆ (ناو)**
**بەراستی هیوا پیاوە بە قسەو بە رەفتار (ئاوەڵناو)**
**4-دێرین/ لەدێرین زمانەوە کورد لێرە ژیاوە (ناو)**
قەڵای دێرینی هەولێر مایەی شانازیمانە(ئاوەڵناو)
بۆ ئەم چەند نموونە بڕوانە ل 155- ڕێزمانی کوردی – ئەحمەد حەسەن

**دوازدەم/ فۆنیمی(ە —e) ئاوەڵفرمان دەگۆڕێت بۆ ناو**

فۆنیمی(ە —e) ئاوەڵفرمانیش دەگۆڕێت بۆ ناو وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

| ئاوەڵفرمان | گۆڕینی بۆ ناو | رستەی ناوی | رستەی ئاوەڵفرمان |
|---|---|---|---|
| بەر | بەرە | بەرەی هاوپەیمانی کورد چۆك بە دوژمنان نادا | داری بێ بەر بۆ برین باشە. |
| پار | پارە | هەموو کاری بەپارە دەکرێ | نەسرین پار یەکەم دەرچوو |
| بن | بنە(بناغە، بنەما) | بنە لە گێرەدا کاری قورسە | پیاڵەی بێ بن بۆ میوان دامەنێ |
| سەر | سەرە | سەرە بگرن لای فرۆشیار | بێدار سەر کەوتە سەربانەکە |
| کن | کنە(ناوی دنگی نەخۆش) | کنیە نەخۆشەکە بێزاری کردم | لەکن تۆ دادەنیشم |
| بان | بانە | بانە لە پۆلی شەش دەخوێنێ<br>دوێنی لەبانە گەرامەوە | کوڕەکەم چوە بان دیوارەکە |

**سێزدەم/ فۆنیمی(ە ـــe) هۆیەکە لە دروست بوونی ئاوەڵناوی لێکدراودا**

زانای زمانناسی کورد، هێژا دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف لە کتێبی رێزمانی کوردیو مۆرفۆلۆژی ناو بەرگی یەکەم لەم بارەوە، فەرمووییە: دووپاتکردنەوەی ناوێك بە یارمەتی ئینتەرفێکسی (ە ـــe) وەك(قرچە قرچ، ملچە ملچ، چەقە چەق، جیرە جیر، لوورە لوور، گڤە گڤ، بۆڕە بۆر، ویزە ویز.....هتد)

ئەوەی شیاوی سەرنجو لێدوانە، لە دووپاتکردنەوەی ناوی دووەم هۆی کاریگەری ئەو جۆرە گرێیانە دەکەوێتە ئەستۆی فۆنیمی(ە ـــe) کەلەو حاڵەتەدا ئاەوڵناوی لێکدراو پێکدێنیٚ، واتە ناوی یەکەم بە هۆی ئەو فۆنیمەوە دەبێتە ئاوەڵناو، دوای فۆنیمەکە، ناوەکە دوپات دەبێتەوە، ئەنجام ئاوەڵناوێکی لێکدراو دروست دەبێت. لەم چەشنە ئاوەڵناوە لێکدراوانە زۆر هەیە لەزمانەکەماندا.

**وەك:**

لێکۆڵینەوە

(قرە قڕ ، فرە فڕ، فشە فش، جیرە جیر، سێوە سێو، تیوەتیو، شیرە شیر. منجەمنج، جیکە جیك، جوکە جوك، کوتە کوت، خنە خن، پرتە پرت، فنەفن، مشە مش، خۆرە خۆڕ، مرە مڕ، فینگە فینگ..هتد

**چواردەم/ فۆنیمی(ە ـــe) ئاوەڵناوی لێکدارو دەگۆڕێت بۆ ناوی لێکدراوە**

ئەم کارەی کە فۆنیمی(ە ـــe) پیٚ ی هەڵدەستیٚ لەم کردارەدا پێچەوانەی خاڵی سێزدەیە، واتە ناوەکە خۆی دووپات دەکاتەوە، ئنیجا فۆنیمی(ە ـــe) د ەچێتە دوای ناوەکە، بە دووبارەکردنەوەی ناوەکە خۆی لە خۆیا ئاوەڵناوەلێکدراوەکە، دەگۆرێت بۆ ناوێکی لێکدراو وەك لەم نموونانە پیشانی دەدەین:

(خوڕ خوڕ، نمنمە، ژەمژەمە، تاقتاقە، فیتفیتە، کوتکوتە، شەقشەقە، قلقلە، تاوتاوە، دەمدەمە، سیوسیوە، بڕبڕە. کڕ کڕە، قیچقیچە، پیچپیچە، قرقرە، خولخولە.....هتد)

بۆ دەرخستنو ئاشکراکردنی ئەم جیاوازیە کە دووری لە گومان، بەراستی دەزانم کە هەندێکیان لەناو رستەدا بەکارببەم، بۆ نموونە:

ا-خوڕ/1-وەك ناوەڵناوە، جارناجار، سکم خوڕە خوڕ دەکات.

2-وەك ناوى لێكدراوە، محە لە گوندى خوڕ خوڕە مامۆستايە.
ب-فيت/ 1-ئاوەڵناوى لێكدراو: منداڵى گەمژە فيتە فيت دەكات لەڕۆيشتن.
2-ناوى لێكدراو، پۆليسەكان فيتفيتە هەڵدەگرن.
ج-كوت/ 1-ئاوەڵناو- زڕ ديكم كوتە كوت دەكات لەگەڵما هەمووەدەم
2-ناوى لێكدراو، كوتكوتەكەم لە ئەوروپپا هێناوە.
ء -دەم/ 1-ئاوەڵناوى لێكدراو/ پێم ووتن دەمدەم مەكەن لەگەڵ يەكتردا.
2- ناوى لێكدراو/ دەمدەمە دێمە سەردانتان لەماڵەوە.
هـ-شەق/1-وەك ئاوەڵناوى لێكدراو-ئازاد بە شەقە شەق گەيشتە لات.
2-وەك ناوى لێكدراو –ئازاد شەقشەقەيەكى كڕى بۆ كوڕى.
لە ئەنجامدا دەڵێم: مشتى نموونەى خەربارێكە كەس نى يە دەرك بەو جياوازييە نەكا لەو رستانەى رابردوو، كە رۆڵى گرينگى فۆنيمى(ە –e) دەورى سەرەكى دەنوێنێ لەو گۆڕانكاريەدا



**يازدەم/ فۆنيمى(ە –e) ناو دەكات بە ناسراوە.**

لەم بارەوە، لە كتێبى –مۆرفۆلۆژى ناو، رێزمانى كوردى لە ل 196 دكتۆر ئاوەڕەحمان حاجى مارف دەفەرموێ:

نيشانەى فۆنيمى(ە –e) ى ناسياوى كاتى دەچێتە سەر ووشە دەتوانێ مەبەستى شتێ ئاشكرا بكات كە لە پێشدا ناوى هاتبێ بەم نموونانشە ئەو راستيە ساغ دەكاتەوە، وەك:

پياوێكى كورد چوو بۆبەسرا
سبەينان شير دەگێرا
مەيموون قەيتان پەيدا بوو
ئەو كێسەى ليرەكەى تيابوو
فڕانىو بەدارا هەڵگەڕا
كوردە ئارامى لێبڕا

دەڵێ : بەجۆرە نیشانەی ناوبراو ماناو مەبەستی شتێکی ئاشکرا کردووە کە زیاتر ناوی هێنراوە، هەروا دەفەرموێ :

دوور نی یە کە ئەفسانە کورتکراوەی(ەکە) بێت.

لەم لایەنەوە، ئێمەش ئافەرین‌و پشتگیری لە دەستپێشخەری دکتۆر دەکەین، کە زۆر هۆشمەندانەو هوردبینانە بۆ پێکهێنانی مەبەستی فۆنیمی(ە —e) چووە، کەوەك نیشانەی ناسیاوی داوەتە قەڵەم‌و کورتکراوەی (ەکە) یە لە راستیدا، ئێمەش بە چەند رستەیەك ئەو راستیە دەردەخەین وەك:

**1-کچە هات‌و کوڕە رۆیی.**

**2-دزە کوژرا لە کایەنەکەدا.**

ووشەکانی – کچە، کوڕە، دزە....لەبنجدا ئاوا بووینە(کچەکە، کوڕەکە، دزەکە) بەڵام بۆ سووکی دەربڕین وا ووتراوە، کەواتە فۆنیمی(ە —e) نیشانەی ناسیاوی‌و کورتکراوەی(ەکە)یە.



**شانزدەم/ فۆنیمی(ە —e) هۆکارە لە روست بوونی ناوی فرمان.**

ناوی فرمان لە بنجدا ناوە، بەلام لە وتادا وەك فرمان خۆی دەردەخات، کەواتە هەڵگری واتای فراوانی یە، فۆنیمی(ە —e) لە دروستبوونی ئەو جۆرە ناوانەو سەربەخۆییان لە زماندا دەور، کاریگەر دەبینێ زۆربەی ناوە فرمانیەکانیش لەچاوگەکانەوە سەرهەڵئەدەن‌و دروست دەبن، هەر لەبەر ئەمەیە کە ناو فراوان بە "ناوی فرمان" چونکە واتای فرمانەکانی کە لە چاوگەکانەوە دادەرێژرێ هەڵدەگرن.

بۆ نموونە، (ژماردن) کەناوی فرمانی لێ دروست دەکرێت‌و دەبێتە بە- ژمارە- هاتن دەبێت بە —هاتە- یان- داهات، پرسین دەبێ بە – پرسە- خلیسکان دەبێت بە خلسکە، کێشان، کێشە) تەفران- تەفرە، مردن – مردە، جماڵ، جمە، بژاردن دەبێت بە بژارە..هتد.

هەروەها بەهۆی ئەو فۆنیمە وە ناوی فرمان لە زۆر ووشەی تر کە چاووگ نین دروست دەبێت کە وەك(مات، قات) کە دەبن بە —ماتە- قاتە با ئەو نموونانەی رابردوو لە رستەدا بەکار بەین بۆ دەرخستنی راستی:

**1-ئەمساڵ، ساڵێکی هاتە، واتە خۆشی‌و فەرەحنایی‌و هەرزانی دەبێ**

**2-لە لیستی ژمارە سێدا ناوی هەیە**

**3-هەنجیرەکان ماتەن، واتە خەریکن بىن، بۆ نیان تێگەراوە.**

**4-بۆچ دۆشاو لەپاشا قاتە؟؟**

**واتە پاشا هەموو شتێکی بۆ مەیسەرە.**

**5-خلیسکە تۆڵەی پەلەکەرە، واتا کێ پەلە بکات خلیسك دەبات.**

**6-ئاهەنگەکە جمەی دێت،**

**واتا زۆر قەرەباڵغە.**

**7-بە قسەی دژومن تەفرە مەخۆ**

واتا بە فریوت نەدات



8-نەمزانی کە پرسەتان هەبووە

9-سبەی نۆرەی بژارەی ماڵی مەلایە.

10-گەندە خۆرو مردەکر مەبە.

هەندێ ناوی تری فرمان هەیە وەك(قاقبە، چەهچەهە، جریوە، قرێوە، وەڕە، زەرە قوقە، قیڕە، گمە، لوورە، لوشە،......) ئەمانە گشتیان لە چاوگە ئەلفبەکانەوە فەراهەم بووینە، چاوگەکانیش ئەمانەن:

(قاقبان، چەهچەهان، جریوان، قرێوان، قۆقان، قیڕان، گمان، لوران، لوشان، زەڕان، بۆڕان، وەڕان....)

لەگەڵ ئەوەشا هەندێ ناوی تری فرمان هەیە کە بۆ فەرمانکردن بەکاردەبرێت بۆ گیاندارانی غەیری مرۆڤ وەك:

(وەحە، بۆ هەموو جۆرە رەشەوڵاخێك، بۆ لێخوڕین‌و دەرکردنی)

چەغە/ بۆ سەگ‌و تولەکانی....بۆ دەرکردنی هەروا(توتە) ش، بەکاردێ

ختتە/ بۆ دەرکردنی پشیلە.

ئیخە/ بۆ دەرکردنی ئاژەڵو لێخوڕینی

هەچە/ بۆ چوار پێ بۆ لێخوڕینی- ئوشە- بۆ راوەستانی

ئەم جۆرە ناو فرمانانەش لەبنجدا لەوانەیە لەچاووگی ئەلفیو یائیەوە پەیدابوون هەر بۆیە شێوەی فرمانی ئەمریان وەرگرتووە.

**حەڤدەم/ فۆنیمی(ە —e) نیشانەیە بۆنیایی- تەئکید- لەئاخاوتن**

ئەگەر سەیری کتێبی-هەندێ لە بابەتەکێشەدارەکان لەرێزمانی کوردیدا بکەین، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، لە(ل55) لقی — ە- دەربارەی ئەو فۆنیمە نووسیویەو دەڵێ:

(دەنگی(ە —e) وەکو کرمانجی خوارو رەنگی ئێستای فرمانی بوونە)

مە ئەو رایەم زۆر زۆر بەلاوەسەیرە، دەمخاتە گێژاوی پەنگخواردوی سەرسامیو سەرسوڕمانەوە...چونکە تا ئێستاش هەندێ لە زمانزانو روناکبیرانی نەتەوە، هەر لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەو فۆنیمە بەفرمانو واتاکاری بێهێزی لەقەڵەم دەدەنو ناویشی دەبەن بە فرمانی (ناتەواو) داکۆکیشی بۆ دەکەن، بەهەندێ بەڵگەی نادروست و نابەجێ.. بەڵگەشیان تەنها ئەووتەیەیە کەدەڵێن: چونکەزمانی کوردی لە گرۆپی زمانە هیندو ئەورووپیەکانە نابێ رستەی بێفرمانی لەناو دابێو بەدی بکرێ. بۆ بەرپەرچدانەوەیان دەڵێم: بەر لەهەمو شتێ ئەمەیان تاوانێکی زلە کە دەیخەنە پاڵ زمانی کوردی، چونکە گەر بە ووردی بکەوینە پشکنینی پێکهاتنی رستەکانی ناو زمانەکەمان، هەزاران رستەی بێفرمان سەر هەڵدەبرێو قوتدەبێتەوە، دژ بەو ناراستەییە، خۆیان بەرز دەکەونەوە هەرا چەسپاویشن لەزمانەکەدا، کەواتە لێرەدا دەلوێ بڵێین: (ئایا دەبێ ئەوانە بەرستەدانەنرێن؟) یانیش چونکە فرمانیان لەگەڵدانی یە، رستەکان ناتەواون بن؟!! یانیش دەبێ بڵێین: دیارە پێشنیانو باب‌و باپیرانمان، زمانیان نەزانیوەو بە هەڵە داوان دواونو شتیان هەروا دەربریووە!!

ئەم هەویرە  زۆر ئاو هەڵدەگرێت، بەلام ئەوەی ناچار دەکات هێنانەوەی چەند رستەیەکە، کە فرمانیان تیا بەدی ناکرێت، وەك:

**1-هەموو شتیٚ بەخویٚو خۆش بە مانا.**

**2-ئاش لە خەیاڵیو ئاشەوان لە خەیاڵیٚ.**

**3-مێروی کۆنێکین، ئارووی برکێکین.**

**4-ئێمە  پێشمەرگەی گەلو وەڵاتین.**

**چرای رووناکی رێگەی خەباتین.**

**5-کوردینو پاسەوانی دەسکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانین.**

**6-ئەرکی ئێمە، پاراستنی خۆمانە**

**لە ترسی گومڕاییو رەشەبایی زەمانە.**

بەهەرحاڵ، کاتی خۆی بە ووتارێکی دووروو دریٚ لەم کێشەیە دواوم لە گۆڤاری کاروان ژمارە 112=113 ساڵی 1997ز.

بڵاو کراونەتەوە لەژێر سەردێری-ئایا راستە رستە بێفرمان نابیٚ؟



ئەوەی لێرەدا پتر لێدوانو نووسینو  هەڵدەگرێت ئەوەیە کە فۆنیمی(ە —e) واتە دەنگی (ە —e)  جگە لە کتێبی ناوبراو، زۆربەی پسپۆرانی زمانی کوردی، ئەوانەی لەرێزمانەکەی دواون، ئەو فۆنیمەییان بە زەگی ئێستای فرمانی بوون داناو، بەلای منەوە نەك ئەوە هەر راست نیە یە، بەڵکو  ئەوانەی کە داکۆکی دەکەن کە رەگەی ئێستای فرمانی بوون بیٚ یاساو رێساکانی زمان ئاڵۆێر دەکەن.

بەڵگەش بۆ ئەم هۆیانەی خوارەوەیە:

1-رەگ- بچووکترین بەشە کەلە چاوگەکاندا (فرمانەکاندا) دەست دەکەوێت.

2-لە دۆزینەوەی رەگ لەهەر چاوگو فرمانێکدا، بەهیچ کلۆجی ناتوانریٚ کاتی ئێستاو رابردووو ئایندەو داهاتوو، دیار بکرێت. چونکە دیارکردنی — تافەکانی- فرمان، لە گەردانکردنی فرمانەکانەوە دەتوانین رەچاوبکەینو بەدەست بێنین.

3-ئەگەر چاوگی(بوون) ئاسایی وەك هەموو چاوگەکانی تری زمان بخەینە ژێر تیشکی دۆزینەوەی رەگەکەی، ئەوا ئەوەی دەستمان دەکەوێت بریتی یە لە فۆنمی ـب- کەلەو پیتە پتر شتێکی تر ناکەوێتەدەست.

4-هەزاران چاوگی تریش کە رەگەکانیان بدۆزینەوە، تەنها ئەوەی کەدەستمان دەکەوێت هەری رەگە، لەهیچ چاوگێکدا دوو رەگ بەدینایەت،....چونکە ئەمەیان مەحاڵە.

کەواتە باڵەو زاناو رووناکبیرانەی کە دەنگی(ە ـe) بەرەگی ئێستا کاری ـبوون- دادەنێن، دەپرسین‌و دەڵێین، دەبێ چاوگەکانی تریش دوو سێ رەگیان هەبێت، کەئەمەش هەر نابێت.

کەواتە راستیەکەی ئەوەیە، ئەم هەڵەیە، دەمێکە کەوتۆتە زمانەکەمان، داکۆکی کردنیش لەو هەڵەیە، هەر هەڵەیە....... ئەو زاناو دانایانەی کەوا کەرەستەی سەرەتایی رێزمانیان دارشتتووە فەراهەم کردووە، ناهەقیان ناگرم،و ئەوپەڕی دڵسۆزیان نواندووە بەرامبەر ئەرکی نەتەوایەتیان، چونکە هەمووکارێکی سەرەتایی‌و بناغەدانان‌و داڕاو، لە تیورەکانی زانستیدا بەتایبەت تیری زانستی زمان- بێ کەم‌و کورتی‌و هەڵە نەبووە ئەوان بناغەدانەرن، بەلام ئەوانەی دوایی ئەوان چەسپێەرن‌و تەواوکەرن...بە شیچوەی راست‌و بێگرێ....بەلاّم ئەی داخ ئێمەی کورد هەتا لە بواری زانستیشدا بۆ هەر دەبێ لاسایی کار بین؟

لێکۆڵینەوە

تائ ێستا من تێناگەم چاووگی بوون بۆ بەفرەمانی ناتەواو نا تەوان دانراوە، چ مەرجێکی کەمترە لە چاوگەکانی تر لەگەر دانکردن‌و کارەکانیدا؟ بۆ چ لەهەموو زماندا هەر ئەو فرمانە ناتەواوە بەدی بکرێت؟...

بۆیە بە پێویستم زانی کە هەندێ رستە بخەمە روو کە فۆنیمی(ە ـe) تیایدا رولّی نیابی، واتە ئامرازو نیشانەیە کە بۆ -تەئکید- کردن بەکار دەبرێ، ئەوەش بۆ پاساودانە، بۆ نموونە:

**1-ناوت چی یە؟ ناوم ئالانە، ناوت ئالانە؟ بەڵێ ناوم ئالانە**

**2-ئەحمەدی خانی گەورەترین هۆنەرە لای کورد!**

**3-نالی مەزنە...بەراستی شاعیرە.**

یان وەك لەم چەند رستەیەدا کە دەنگی(ە —e) بۆنیایی یە، واتە بۆ — تەئکیدە- بەڵام لـەکتێبی — هەنـدێ لـە بابەتەکیـشەدارەکان لـە رێزمـانی کوردیـدا، لـە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد لـە لاپـەڕە 59 دا واپیەخـشکردوەو داوەتـە قەڵەم:

(ە —e) ی دوای گوزارە، دیارە لێژنە، فۆنیمی(ە —e) ی ناوزەدە کردووە بە(ە)ی دوای گوزارە، هیچ ناوێکی لێنەناوە ئەگەر چـی ئـەو دەنگـە رەسـەنە، رۆلێکـی یەکجار بەهاو گرینگو کاریگەر دەگێرێت لە زماندا، لەهەر بارێکدا بجولێتـەوە، ناوی تایبەتی خۆی هەیە، وەك لەم لێکۆڵینەوەیە دەرمانخستوە خالێ بەخالێ.

لە رستەکانیشدا گوزارە بەدیناکرێو تیایاندانی یە، وەك ئەو کتێبـە دایڕشـتووەو بەهەڵە بۆی چووە، رستەکانیش بریتین لە:

**1-من برسیمە(ە) 2-ئێمە برسیمانە(ە)**

**3-تۆ برسیتە(ە). 4-ئێوە برسیتانە(ە)**

**5-ئەوان برسیانە(ە) 6-من مامۆستامە(ە)**

**لێکۆڵینەوە**

**7-من تێنوومە 8-من کۆکەمە**

9-من گەرمامە. 10-من سەرمامە

11-من هەڵامەتمە 12-من لەرزووتامە.

لەم هەموو رستانەدا فۆنیمی(ە —e) بۆ نیایی یە واتا تەئکیدە، چونکە شـتێکی زیادەیە لکاوە بە کۆتایی وشکانەوە بۆیە پیێ ی دەگوترێت (فۆنیمی نیـایی-واتـە پیێتی تەئکید).

ئەمەو جگە لەو رستانەی رابردوو، کە فۆنیمی(ە —e) بۆنیایی لکـاوە کەهـەموو رستەکانیش خالێن لەفرمانی (کار)..ئەو فۆنیمە لەهەندێ رستەی تریشدا، گریمـان با فرمانیشیان تیادا بیێ هەر بۆنیای دەلکێت بەکۆتایی ووشەکانەوە بۆ نموونە:

1-پارەیە هەتە 2-خانووە هەمە

3-زێرە هەتانە. 4-سامانو موڵکە هەیانە..

ئەگەر رستەکان بەشێوەیەکی تر دەربڕین ئەوا دەنگی (ە e) دیسان هەر بونیایی- تەئکید- دەلکێت بەدوای فرمانەکانەوە وەك:

1-پارە، پارەی هەیە، 2-خانووە، خانووت هەیە 3-زێڕت هەیە4-سامانو موڵکیش هەیە.

هەروەها لە هەندێ رستەی وەك:

1-منداڵەکە زیرەکە 2-دارا مەردە

3-کۆتری ئاشتی جوانە

فۆنیمی(ە e) لەدوای ووشەکانی، زیرەك، مەرد، جوان.....

لەهەموویاندا رانانوە، رستەکانیش بێفرمانن...بێفرمانن...

**هەژدەم: فۆنیمی(ە e) چۆن دەبێتە ناواخن- ناوەند- لەناوی دارژاودا**

ووشەی سارد ناوە، بەرز بڕی کاری فۆنیمی(ە e) ووشکە دەگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو دەبێت بە سارد، ئەگەر ناوی ساردو ئاوەڵناوی ساردە بە ناسراوی لە رستە دا بەکاربەین، دەوترێ سارد دەکەساردە

**لێکۆڵینەوە**

ئەم رستەیە وك ئەو رستەیەیە کە بڵێ ی : سێڤینەکە ساردە.

یان هەر ناوێکی تری غازاتەکان بەکاربەی وەك، ببسی، تراوبی، مش ، سیتو، کراش، رستەکە، گێرمەو کێشەی لەسەر نابێ و دروستە، ووشەی- چاپ-یش ناوە، بەهۆی فۆنیمی(ە e) کە کرا بە ئاوەڵناو دەبێت بە- چاپە، وەك: دیوانەکەم چاپە دەستنوس نی یە.

ئاوەڵناوێکی وەك(ترش، مزر، شیرین...تد) هەر بەهۆی ئەو فۆنیمە دەگۆڕێن بۆ ناو دەگوترێ(ترشە، مزرە، شیرینە..) دوای ئەم کردارە لە ووشەکانی – سارد چاپ- دا، گۆڕینیان بۆ ئاوەڵناو، هەروا لە ووشەکانی –ترش، مزر، شیرین...،گۆڕانیان بۆناو، کردارێکی تر بەسەر رواڵەتی ووشەکاندا دێت. بەهاتین پاشگری (مەنی) بۆ سەر هەریەکەیان..واتا بەهاتنی ئەو پاشگرە گۆڕانی تر

بەسەر ناوو ئاوەڵناوەکاندا دێت...لەواتاو مەبەستدا لادەدەن بۆ واتــاو مەبەســتی تر، کەواتە ووشەیەکی نویٚ دێتە کایە- کەناو دەبرێت بە ووشەی- دارِژاو، واتــە ووشــەکان دەبــن بــە: (ســاردەمەنی ، چــاپەمەنی، ترشــەمەنی، مزرەمــەنی، شیرینەمەنی..شیرەمەنی..تد) ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت، رۆڵــی فۆنیمی(ە —e) یە، کە وەك ناوەند(ناواخن) دەور دەبێنیٚ لەو پێکهاتنەدا.

لەم بارەوە، لە کتێبی، مۆرفۆلۆژی نــاو- ل 128، ل131، دکتــۆر ئــەورِەحمانی حاجی مارف، لەدروستبوونی هەموو ئەو ووشانەدا نووسیویە پاشــگری —ەمــەنی — واتا حیسابێکی بۆ دەنگو فۆنیمی(ە —e) نــەکردووە بــەجیا...بــەلام دیــارو بەڵگەنەویستە کەئەو فۆنیمە بەر لە هاتنی پاشگری- مەنی- کاری خۆی کردووەو براوەتەوە، دوای ئەنجامدانی کارەکە ئینجا پاشگری مــەنی هــاتووە، رووخــسارو ناوەرِۆکی ووشەکەش گۆڕاوە، بۆیە لە دروستبوونی ئــەم جــۆرە وشــە دارژوانــە دا رۆڵی ئەو فۆنیمە دەبێتە ناواخن، پاشگری —مەنی- یش وەك پاشگری (خانە) کە هاتە سەر هەر ووشەیەك، وتای — شوێنو جێگە- دەگەیەنیٚو دەبەخشیٚ.

هەروا کاری ئەو فۆنیمە لەدروستبوونی چــەند هــاو ووشــەی تــریش بەتایبــەتی، ئاوەڵناوی لێکدراو، هەر رۆڵی ناوبەند(ناواخن) دەنوێنیٚ بۆ نموونە وەك:



1-کۆنە قاڵتاخ 2-کۆنە چەرچی

3-کەچە فرۆش 4-تەرِە فرۆش

5-کۆنەفرۆش 6-تەرِەپیاز

7-فشەکار 8-تەرِپیر......هتد.

ئەو کردارەی ئەو فۆنیمە لە هەندیٚ چاووگی وەك(خواردن —سووتان)

دوای لادانی نونی چاووگ دەبن بە — خواردە، سووتە...کۆشتە...

لەوانەیە یەکەم دیاردەی کورتکردنەوەو سوککردنی ووشە گشتی بێت لــە هــەموو زمانێکدا بۆ ئاسانیو بەکاربردنی گفتو گۆ.

لەراستیدا هیچ هەلچەیەکی زمانیو ڕێزمانی بەدیناکرێت لەوەی کە بەگوترێو یان بنووسرێ ...خواردنەمەنی- باڵە دیالێکی باکور- خارنەمەنی –یانیش ئەگەر بگوترێ- خواردەمەنی ....

لە هەر سێباردا بەکاربردنەکە راستە، بەلاّم بۆ سوکیو رەوانی لە دیالێکتی باشوور دەگوترێ- خواردەمەنی، هەر وا دەگوترێ سوتەمەنی نەك –سووتامەنی...چونکە قورسەزمان قەبوڵی نی یە.

مەبەستمان ئەوەی لەو حاڵەتانەدا رۆڵی فۆنیمی(ە –e) ناوبەندە واتە(ناواخن)ە، لەو ووشە دارێژراوانەدا.

## نۆزدەم/ فۆنیمی(ە –e) ناوی بکەر- کارا- دروست دەکات

لە کتێبی،زمانی کوردی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا، دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، ل 15، دەڵێ:

هەر دەنگی کە توانای جیاکردنەوەو گۆڕینی مانای ووشەی هەبێ لە زانستی زماندا پێدەگوترێ فۆنیم –phoneme- وەك دەزانین ناوی بکەر- کارا، لە زەمانێکی وەك عەرەبی لە فرمانەکانەوە لەسەر کێشی بکەر –فاعل- دروست بێت.



بەلام بۆ دروست بوونی ناوی کارا- بکەر- لە زمانی کوردیدا ئەو بنەماو رێسایە نی یە، تەنانەت ئەوەندە هەیە کە لەزمانی کوردیشدا ناوی بکەر هەر لەفرمانو چاوگەکانەوە دێتە کایەو فەراهەم دەبێت بەهۆی فۆنیمی(ە –e).

ئاشگرایە کە ناوی بکەر –کارا- ئەرکی جێبەجێ کردنی کارەکە(فرمانەکە) هەڵدەگرێتو واتا کارکەی کردووە یانیش دەیکات، ناوی بکەریش ئەرکەکەی هەروەك بکەرە...بەلام وەك بکەر خۆی دەرناخات لەرواڵەتدا شاراوەیە.هەروا ناویچکی دروستکراوە، بەلام بکەری راستەقینە ناوێکی ئاشکرای سادە یان دارڕژاو یان لێکدراوە، هەردوکیش لە بەجێهێنانی کاردا یەکدەگرنەوە، چاوگەکانی زمانیش سەرچاوەی دروستبوونی ناوی کاران- بکەر-

دەبێ دەرکیش بەو جیاوازیە بکەین کە لەنێوان نـاوی بکـەرو ئاوەڵنـاوی بکـەردا هەیە، چی ئاوەڵناوی بکەری دارِژاوو یان لێکدراوبێت.

چـونکە ئـەماینش، ووشـەی دروسـتکراون سەرچـاوەی دروستبوونیـشیان هـەر چاوگەکانە.

جیـاوازیش لـەنێوان نـاوی بکـەرو ئاوەڵنـاوی بکـەر بەهـەر دوو جـۆری، لەئەرکەکانیاندایە، هەرچی ناوی بکەرە، وەك بکەر بە ئەرکی بەجێگەیاندنی کار رادەبێت. بەلام ئاوەڵناوەکان وەك سیفەتێکی هەمیشەیی دەدرێتە پاڵ نـاوی یـان راناوی، لەرووی دروستبوونەوەش ئاوەڵناوەکان لـە رەگـەی چـاوگەکانەوە لەگـەڵ پێشگرو پاشگر دروست دەکرێن، هەرچی ناوی کارایە-بکـەر- زیـاتر لـە قـەدی چاووگەکانەوە دێتە کایەوە، بەهۆی فۆنیمی(ە —e) وە.

بەلام نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین دەرهەق ئاوەڵناوەکان دارژاو بن یـان لێکـدراو، کە وەکو ناو بەکار دەبرێن لەرستەدا، واتا هەموو ئەو ئەرکەکانی دەبینن، کەواتە لەم رووەوە لەگەڵ ناوی بکەر یەکدەگرنەوە.

گوتمان ناوی بکەر- کار- بەزۆری لەقەدی چاوگەکانەوە دروسـت دەبـن وەك ئـەو نموونانەی خوارەوە:

1-خواردنم بەلادانی نونی چاوگی دەمێنێتەوە قەد(خوارد) بە هاتنی فۆنیمی(ە — e) بۆ سەرقەدەکە دەبێتە(خواردە) خواردەش ناوی کارایە- بکـەر، بـۆ وێنـە لـە رستەدا.



أ-هەرکێ خواردە بێ چاوتێرە، ب-مرۆڤ دەبێ خواردەبێ لەژیاندا.

ج-ئەوەی خواردەبێ چاوچنۆك نی یە.

ء -لە بنەماڵەو وەجاغمدا هەموویان خواردەن

ه-ئەوەی لە رەچەڵەکی بابانەکانە خواردەیە.

2-کوشتن/ بەلابردنی نـوونی چـاووگ دەمێنێتـەوە (قـەد) ، کۆشـت، بـەهاتنی فۆنیمی(ە —e) دەبێتە (کۆشتە) کوشتە ناوی کارایە، بەکەر — وەك لەم رسـتانە دیارە.

چاوەکەم چاوت هەڵێنە سورمەیی چاوم ئەتۆی
ناو سی باخی بەهە
شتی یا بەقەستی وادەڕۆی
هەموو خەڵکیم کردە شاهید کۆشتەیی من هەر ئەتۆی
بۆچی چیم کردووە گوڵم دەمکوژیو خوێنم دەخۆیی!؟
ب-چنارولاو لاو قەدیان لەیەکگیر
من کۆشتەی ئەوم بەکێ دەمکەن ژیر

3-لە هەندێ چاوگی یان وەك(فڕین، دزین، حەپین، وەڕین..) دوای لابردنی نونی چاوگەکان دەمێنێتەوە قـەدەکانی(فـڕی، دزی، لـە وێ، حـەپی، وەری....) کـە فۆنیمی(ە —e) بەکاری دروستکردنی نـاوی کـارا- بکـەر- هەڵدەسـتێ ..لەبـەر ئەوەی ئەو فرمانانە تێکڕا کۆتاییان بەدەنگی بزوێنی (ی) هاتووە، ئەو کـردارە نایەتەدی، ئەگەر فۆنیمی(ە —e) بزوێنێ ....جگـە لـەوەش لـەرووی پێویـستی زمانو میکانیزمی فۆنەتیكو فیزیکی زمانەوە، دەبێ ئـەم گۆڕانکـاری بـێ ئـەو ساتە ناوی بکەر- کارا- لەو فرمانانـە پێکـدێت بـەهۆی فـۆنیمی(ە —e) واتـە فرمانەکان دەبنە" فرە، دزە، لەرە، حەپە، وەڕە..."
کەناوی بکەرن، با ناوی کاراکان- بکەرەکان- لە رستە بەکارببەین:
**لێکۆڵینەوە**
1-کا کەڕەش لە راپەڕینی کاردا دزە دەکات.
2-زۆرن ئەوانەی لە کۆمەڵدا دزە دەکەن
3-دەڕوا دەڕوا بۆ سەرکانی چارۆگی مەرەزەی کەتانی
دەم نوقوڵیو چاو کلدانی تۆ کچە شێخی لای خۆمانی
بەلارو لەنجە، لەرەی مەمانی
هێ کچێ بۆچ دەردم نازانی
تۆ مۆمی شەوی ژیانی پەروانەیە بۆت سووتاوە هیرانی
4-بەرد برە لەئاسن لەرەی دێت (واتە ترینگەی دێت)

5-فڕەی کەوەکان ئاگای کردمەوە.
6-سەگە ڕەشەکە هەر حەپەی دێت.
7-گوتەی من نی یە گووتەی شەماڵە      گوتی یارەکەت تۆی لە خەیاڵە.

چاوگە ئەلفیەکانیش هەمان دەستووری چاوگە یائییەکان وەردەگرێت لە دروستکردنی ناو ی-کارا(بکەر)دا، وەك (قیژان، جمان، قرچان) دوای لابردنی فۆنمی (ا)، بەهۆی فۆنیمی(ە —e) کردارەکە پێکدێ وەك(قیژە، جمە، قرچە) لەرستەدا وەك:1-ئەو قیژە لە کوێوە دێ؟      2-ئەو ژنە زۆر قیژە دەکات.

3-لەدەست قیژەی ژنان نازانم بۆ کوێ رابکەم.
4-هۆڵەکە جمەی دێ لەخەڵك. جمەی خەڵك وەك پۆڕە هەنگە.
5-فرچەی خوێنو گڵپەی بڕوام     دائەپۆشی دونیای بەزام
قرچی دەروونم وەك قرچەی رۆنە لەئاوەدا
وەك کچ لەبەر ئازار هەڵدەپەڕن
نابی ئەوەش فەرامۆش بکەین کەهەموو ناوێکی کارا- بکەرە ناوێکی واتاییە.

**لێکۆڵینەوە**

**سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.**

1-زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا- محەمەدەمین هەورامانی/ 1981ز
2-فیلۆلۆژی زمانی کوردی- محەمەدەمین هەورامانی 1973ز

3-رێزمانی کوردی- مۆرفۆلۆژی ناو. د.ئەورەحمان حاجی مارف 1979ز
4-دستور زبان کردی- ئەحمەد قازی 1347ھ
5-گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد- بەرگی8 /1981 ز
6-هەندی لە بابەتەە کێشەدارەکان لەرێزمانی کوردی – کۆڕی زانیاری کورد 1985.
7-رێزمانی کوردی- ئەحمەد حەسەن ئەحمەد 1976.
8-ورد بوونەوە لەچەند بابەتێکی رێزمانی کوردی – مسعود محمد / 1974.
9-زمانو ئەدەبی کوردی – شەشەمی ئامادەیی 1981
10-زمانو ئەدەبی کوردی – پێنجەمی ئامادەیی 1980.

**لێکۆڵینەوە**

# دیوە تیۆریەکانی گرێی دەنگسازی

# بڕگەی دەنگسازی ئاخاوتنی کوردی بە نموونە

**د. شێرکۆ بابان**
**پرۆفیسۆری هاریکار**

**سەرنج:**

**سەبارەت بە (گرێی دەنگسازی), کە زاراوەیەکی نوێیە, خوێنەر و توێژەری زرنگ دەتوانن رووبکەن لە گۆڤاری (زمانناسی) ژمارە (2/ 2009 هەولێر) و بابەتی (دیوە تیۆریەکانی فۆنیم و گرێی دەنگسازی لەئاخاوتنی کوردیدا) بە سفتی و بە هوردی بخوێننەوە و هەرسی بکەن و ئەمجار لە ئەم بابەتەدا گەمەی توێژینەوە دەست پێ بکەن.**

## 1 : چێوەی بڕگەی دەنگسازی:

لەبەر ئەوەی لە هەر بڕگەیەکدا هەر یەك (بزوێن) هەیە, دەتوانین ئەو بزوێنە ناو بنێین (ناوك)ی بڕگە. ئەو بزوێنە لە دوو لاوە دەخشێت لە دوو دەنگی (نەبزوێن) و بە هەرسێکیان چێوەیەکی سێخانەیی چێ دەکەن, وەك لەسەر نەخشەی (1) دەرخراوە.

| ء ... ھ | جـ ... و | ب ... ن | أ ... ی |
|---|---|---|---|
| | | | |

| | | |
|---|---|---|
| نەبزوێن | بزوێن (ناوك) | نەبزوێن |

(سەرەوە: ء، جـ، ب، أ — خوارەوە: ھ، و، ن، ی)

نەخشەی (1) چێوەی بڕگەی دەنگسازی

**لێکۆڵینەوە**

لە ئەو چێوەیەدا, ئەم سەرنجانە هەن:

**یەکەم:** خانەی ناوەند, بارگەیەکی (بزوێن) هەڵ دەگرێت و ئەو بزوێنەش بۆی هەیە یەکێك بێت لە هەشت بزوێنەکەی زمانی کوردی, وەك لە نەخشەی (2)دا, ریزکراون.

| بزوێن | بڕگەی (نموونە) | | |
|---|---|---|---|
| بزوێنی (ا) | د | ا | ر |
| بزوێنی (ـە) | د | ە | ر |
| بزوێنی (ی) | ش | یـ | ر |
| بزوێنی (ێ) | ش | یێـ | ر |
| بزوێنی (و) | کـ | و | ڕ |
| بزوێنی (وو) | کـ | وو | ڕ |
| بزوێنی (ۆ) | کـ | ۆ | ڕ |
| بزوێنی (بزرۆکە) | کـ | (i) | ڕ |

نەخشەی (2) بڕگەی دەنگسازی بەپێی بزوێنەکان

**دووەم:** خانەی بەرایی و خانەی دوماهی,, بۆیان هەیە, هەر یەکێکیان, یەکێك لە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی هەڵ بگرن.

سێیەم: لەسەر هێڵی (جـ, و), واتە لە نێوان خانەی بەرایی و خانەی ناوەنددا, نەخشەی (1), لکانێکی پتەو هەیە و ئەو لکانە پتەوە بریتییە لە (گرێی دەنگسازی). ئەو گرێیەی کە دەتوانێت بە باجگەی زاردا تێ بپەرێت, نەخشەی (3).

**چوارەم:** گرێی دەنگسازی دەبێت بە ساکارترین (دەردوو), کە زمان بتوانێت پێکی بهێنێت. هەر کەسێك کە نەتوانێت ئەو دەردووانەی سەرەوە دروست بکات, پێی دەگوترێت (لاڵ).



**پێنجەم:** لە ئەو دەردووانەی سەرەوەدا, لکانەکە پتەوە و نەشکە و ناپسێت و ئەگەر بپسێت چشتێك نا مێنێتەوە کە پێی بگوترێت یەکەی گوفتار. هەر لەبەر ئەوە, دەتوانین ئەو لکانەی لە نێوان (کلکی نەبزوێن) و (سەری بزوێن)دا هەیە, بە ئەم چەشنە نیگار بکەین نەخشەی (4).

| نموونە | گرێی دەنگسازی |
|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| دا | د | ا |
| دە | د | ە |
| دی | د | ی |
| دێ | د | ێ |
| دو | د | و |
| دوو | د | وو |
| دۆ | د | ۆ |
| د (i) | د | (i) |

نەخشەی (3): جۆرەكانی گرێی دەنگسازی




نەخشەی (4): لكانی پتەو لە نێوان سەری (بزوێن) و كلكی (نەبزوێن)دا.

**شەشەم**: لە نەخشەی (5)دا, ئەو لكانەی لە نێوان خانەی (ناوەند) و خانەی دوماهیدا هەیە لەسەر هێڵی (ب ن), زۆر ناسكە و بە ئاسانی دەشكێت. هەر لەبەر ئەوە, هەر بڕگەیەك بۆی هەیە, دەنگێكی (نەبزوێن) پەنا بدات, ئەگەر بزوێنی لێ نەخشابێت, وەك:




نەخشەی (5): دەنگێكی نەبزوێنی پەنادراو لەخانەی دوماهیدا.

**حەوتەم**: زۆرجار و زۆربەی بڕگە زمانەكە دەنگی كۆتایی هەڵ ناگرن و خانەی دوماهی بەتاڵ دەبێت, وەك نەخشەی (6) دەرخراوە.




نەخشەی (6): خانەی دوماهی هەیە و بەرجەستەیە, بەلاّم دەشێت بۆش بێت.

**هەشتەم:** لە هەندێك بڕگەدا, دوو دەنگی (نەبزوێن) دەتوانن پێكەوە لە خانەی دوماهیدا خۆ پەنا بدەن. ئەم جۆرە دەنگانە بە (بژار) یەك دەگرن, وەك وشەی (سارد), نەخشەی (7).




نەخشەی (7): دوو دەنگی (نەبزوێن) لە خانەی دوماهیدا.

**نویەم:** ئەو سێ بڕگەیەی كە لەخاڵەكانی شەشەم و حەوتەم و هەشتەمدا باس كران بریتین لە بڕگەی ئاسایی و لە نووسینەكانی ئێمە بە ئەم چەشنە ناو دەبرێن:
یەكەم: بڕگەی سووك, لە چەشنی (دە), بە چێوەی (CVO).
دووەم: بڕگەی پڕ, لە چەشنی (دەر), بە چێوەی (CVC).
سێیەم: بڕگەی گران, لە چەشنی (دەرد), بە چێوەی ($CVC_1C_2$).
لە ئەو چێوانەدا, هێمای سی (C) لە جێی (نەبزوێن) و هێمای ڤی (V) و لە جێی (بزوێن) و هێمای ئۆ (O) لە جێی خانەی (بۆش), یان خانەی بێ بارگە, بە كارهێنراون.

## لێكۆڵینەوە

### 2: پۆلین كردنی بڕگە بە پێی چێوە:

لە گشت ئیشەكانی ئێمەدا, سێ جۆر لە بڕگە دیاری كراوە, وەك:

**جۆری یەکەم:** بڕگەی ئاسایی، واتە ئەو بڕگەیەی تەنها یەك گرێی (بزوێن)ی تێدایە و بە ئاسانی دەتوانرێت گۆ بکرێت بە زار. ئەم جۆرە بڕگەیەش سێ چێوەی هەیە، نەخشەی (8).

| بڕگەی ئاسایی | چێوە | نموونە |
|---|---|---|
| بڕگەی سووك | CVO | با، دە، سێ، سی، دو، دۆ، دوو، چـ(i) |
| بڕگەی پڕ | CVC | بار، دەم، سێو، دوگ، دۆز، دوور، دڕ. |
| بڕگەی گران | $CVC_1C_2$ | سارد، بەرد، مێرد، بست، گورد، مۆرد، درز. |

نەخشەی (8): جۆرەکانی بڕگەی ئاسایی بە هێماو بە نموونە.

**جۆری دووەم:** بڕگەی لێکدراو، واتە ئەو بڕگەیەی لە بڕگەیەکی سەرەکی پێك هاتووە لە چەشنی جۆری یەکەم و هەر بڕگەیەك لە ئەو بڕگە ئاساییانە بۆ یان هەیە (باری لێکدراو) دروست بکەن و نیمچەبڕگەیەکی لاواز و بچووك (.Cv)لە پێش خۆیانەوە بە زاردا تێ بپەڕێنن، نەخشەی (9).

| بڕگەی ئاسایی | چێوەی ئاسایی | چێوەی لێکدراو | نموونە |
|---|---|---|---|
| بڕگەی سووك | CVO | Cv.CVO | نیا، چیا، پشوو، شکۆ، ترێ، فیرۆ. |
| بڕگەی پڕ | CVC | Cv.CVC | بنار، سروود، درووd، نوێژ، کوێر، کلۆر. |
| بڕگەی گران | $CVC_1C_2$ | $Cv.CVC_1C_2$ | بنێشت، توانج، درشت،..... |



نەخشەی (9): جۆرەکانی بڕگەی لێکدراو بە هێما و بە نموونە.

**جۆری سێیەم:** بڕگەی ناتەواو، ئەم جۆرە بڕگەیە چێوەیان ناتەواوە و ناتوانن بە زاردا تێ بپەڕن، مەگەر (گرێ) دروست بکەن لەگەڵ ئەو دەنگانەدا کە گرێیان نییە و نە لکاون بە بزوێنەوە، واتە لە خانەی سێیەمی بڕگەی پێشتردا پەنادراون.

لە راستیدا, هەر سێ برگەی ئاساییەکە (سووك, گران, پڕ) دەتوانن ببن بە برگەی ناتەواو, نەخشەی (10).

| برگەی ناتەواو | چێوەی ئاسایی | چێوەی ناتەواو | نموونە |
|---|---|---|---|
| سووك | CVO | OVO | وەك واوی بەستن (و) |
| پڕ | CVC | OVC | وەك نیشانەی کۆ (ان) |
| گران | $CVC_1C_2$ | OVCC | وەك پاشگری سووتـ(اند) |

نەخشەی (10): جۆرەکانی برگەی ناتەواو بە هێماو بە نموونە.

بە کۆی گشتی, دەتوانین بڵێین, سێ چێوەی برگـەی ئاسـایی هەیـە لـە چەشـنی ($CVC_1C_2$, CVC, CVO) و ئەم سێ چـێوەیە سـێ چـێوەی لێکـدراوی هەیـە لەگەڵ (نیمچەبرگە)دا, لە چەشـنی ($Cv.CVC_1C_2$, Cv.CVC, Cv.CVO). بـە هەمان شێوە, ئەو سێ برگە ئاساییە سێ چـێوەی ناتـەواوی هەیـە لـە چەشـنی ($OVC_1C_2$, OVC, OVO). ئێستاش, دەتوانین ئەم نۆ چێوەیە لە نەخـشەیەکدا کۆبکەینەوە و بە نموونە روونیان بکەینەوە, نەخشەی (11).
وا پێ دەچێت, کە برگەی ناتەواو جۆرێکی تری هەبێت و لە ئەو جـۆرەدا دەنگـی (بزوێن) نەبێت, لە جیاتی دەنگی (نەبزوێن). بۆ نموونە, نیشانەکانی رابردوو (ت, د) لە نموونەی (کەوت) و (مرد)دا لە تاکە دەنگی (نەبزوێن) دەچـن, چـونکە بـە هیچ جۆرێك بە بزوێنەوە دەرناکەون و دەبن بە دەنگی (پەنا دراو). لـە راسـتیدا, ئەم بیرۆکەیە هێشتا لە لێکدانەوەدایە و هێشتا نەبووە بە بابەت.

## لێکۆڵینەوە

| جۆری برگەی | چێوەی ئاسایی | چێوەی لێکدراو | چێوەی ناتەواو |
|---|---|---|---|
| برگەی سووك | CVO<br>زوو, زێ, زی, دۆ, | C.CVO<br>چـــزوو, پـــشوو, | OVO<br>نیشانەی رابـردوو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کا, دە | شنۆ, سپی, چرۆ, درۆ. | (أ) وەك (سووتان). |
| بڕگەی پڕ | CVC<br>مار, میر, تێر, تۆڕ, زڕ, تەڕ. | C.CVC<br>ژیان, جوان, نیان, برووش, بزێو, نشێو. | OVC<br>جێناوی (یت, ێت, ین) |
| بڕگەی گران | CV $C_1C_2$<br>ئارد, مەرد, مێرد, پرد, کەرت, دەست, دۆست, ڕەنج. | C.CV C1$C_2$<br>درشت, بنێشت, توانج, سرەوت. | $OVC_1C2$<br>پاشگری (أندن), وەك سووت(اند) |

نەخشەی (11): جۆرەکانی بڕگە بە هێما ە بە بەراورد

3: وەچانی دەنگسازی:

لە وشەیەکدا, وەك (چۆلەکە) سێ بڕگەی دەنگسازی هەیە لە چەشنی (CVO), نەخشەی (12):

چۆ | لە | کە: CVO | C | CVO

لە نێوان بڕگەکانی ئەو وشەیەدا, دوو (وچان) هەیە و لە ئەو دوو وچانەدا, زمان دووجار دەهێتەوە سەر (بۆش), وەك:

**لێکۆڵینەوە**






له

نەخشەی (12): وچانی دەنگسازی, خاڵی (أ) و خاڵی (بـ).

لە ئەو نەخشەیەدا, ئەگەر ئاراستەی گۆ کردن بشوبهێنرێت بە ئەو تیرە ئاسۆییيە, دەبينين کە دوو خاڵی یەکتربرش پەیدا دەبێت (خاڵی أ و خاڵی ب). ئەو دوو خاڵە بريتين لە باری (بۆش), کە تێیدا زمان پاك دەبێتەوە لە گۆ کردنی بڕگەی (چۆ) و ئامادە دەبێت بۆ گۆ کردنی بڕگەی (لە) و پاشان جارێکی دی پاك دەبێتەوە لە بڕگەی (لە) و دەست دەکات بە گۆ کردنی بڕگەی (کە). کەواتە, گۆ کردنی وشەی (چۆلەکە) بە ئەم چەشنە چیٚ دەبێت:

﴿چۆ | وچان | لە | وچان | کە﴾

یان, ئەگەر هێمای یەك هێڵی ستوونی (|) بخینە جێی وچانەکان, وەك:

﴿چۆ | لە | کە﴾

کەواتە, وشەی (چۆلەکە) بە سیٚ قاڵبی فیزیاوی گۆ دەکرێت و لە نێوان هەر قاڵبێك و ئەوی پاشتردا (وچان)ێك هەیە و لە ئەو وچانەدا, زمان دەگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی, وەك چۆن گێڕی ئۆتۆمبیل دەچێتەوە سەر گێری (بۆش). ئەم جۆرە وچانە (|) دەشێت ناوبنرێت (وچانی بڕگەیی), چونکە دەکەوێتە نێوان دوو بڕگە. لەگەڵ ئەوەشدا (وچانی وشەیی)یش هەیە لە نێوان دوو وشەدا. بۆ نموونە, وشەی (چۆلەکە) بە وەچانی وشەیی(#) دەست پیٚ دەکات بە وەچانی وشەیی تەواو, نەخشەی (13):



# چـــــۆ | لـــــــــــــــــە | کـــــە #

نەخشەی (13): وچانی وشەیی (#) و وچانی بڕگەیی (|).

لە راستیدا, وچانی بڕگەیی و وچانی وشەیی, ئەگەر بەوردی و بەشێوەیەکی زانستی بکەونە بەر توێژینەوە, دەبن بە دیارییەکی گەورە بۆ کێشەی ڕێنووس.

## 4: جۆری بڕگە لە ئاخاوتندا:

لە ریزی بڕگەدا دەبێت دەنگی یەکەم, دەنگی سەرەتایی و بەرایی, نەبزوێن بێت. پاشان دەبێت دەنگی دووەم (بزوێن) بێت. دەنگی سێیەم دەتوانێت هەبێت یان نەبێت بەڵام ئەگەر هەبێت دەبێت (نەبزوێن) بێت. لە ئەو جۆرە بڕگەیەدا کە باس کرا چەند راستییەك هەیە:

یەکەم: دەنگەکەی ناوەراست بزوێنە و ناوکی بڕگەیە و قەوارەی بڕگەیەك دادەبەسێت و بە شێوەیەکی پتەو دەلکێت بە ئەو نەبزوێنەوە کە لە بەراییدایە و لە کۆئەندامی ئاخاوتن دەربازی کردووە. حیکمەت لە ئەو لکانە پتەوەدا ئەوەیە, بڕگەکانی گوفتار خۆ دەگرن و ریزێکی پتەو دروست دەکەن و پەیام دەگەینن. بە ئەم پێیە دەبێت لە ریزەکەدا چەند (بزوێن) هەبێت, هەمان ژمارەی بڕگەش هەبێت, بەبێ کەم و زۆر. واتە:

ژمارەی بڕگە = ژمارەی (بزوێن)

بە ئەم پێیە گوفتاری رەنگین و نموونەیی بریتییە لە ریزێك لە بڕگە, کە لە دوو دەنگ پێکهاتووبن, وەك:

CVO | CVO | CVO | CVO |CVO | CVO | ...............

بەڵام لە ئەو بڕگانەدا خانەیەکی سێیەم هەیە بۆ پەنا دانی (نەبزوێن)ێك, وەك:



CVC | CVC | CVC | CVC |CVC | CVC | ................

ئیستاش ئەگەر ئەو دوو جۆرە بنووسین, نموونەیەك دروست دەبێت لە چەشنی:

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ا | د | | ی | د | | ێ | د | | ۆ | د |

| | | |
|---|---|---|
| | ه | د |

| | | |
|---|---|---|
| | وو | د |

| | | |
|---|---|---|
| | و | د |

بەلاٌم, ئەگەر هەموو خانە بەتاڵەکان پر بکەینەوە بـە دەنگێـك وەك (ت) دەبێـت بە:

| | | |
|---|---|---|
| ت | ا | د |

| | | |
|---|---|---|
| ت | ی | د |

| | | |
|---|---|---|
| ت | ێ | د |

| | | |
|---|---|---|
| ت | ۆ | د |

| | | |
|---|---|---|
| ت | ه | د |

| | | |
|---|---|---|
| ت | و | د |

| | | |
|---|---|---|
| ت | وو | د |

لە راستیدا, گوفتاری سروشتی بە هیچ جۆرێك نە لـە جـۆری یەکەمـە و نـە لـە جۆری دووەمە, بەلاٌم لە جۆرێکی سێیەمە, کە ئاوێتە لە جۆری یەکـەم و دووەم. واتە مەرج نییە گوفتار هەر هەمووی (CVO) بێت, یان هەر هـەمووی (CVC) بێت. گوفتاری رەسـەن بریتییـە لـە تێکەڵەیـەك زۆربـەی زۆری لـە (CVO) و هەندێك (CVC). واتە, زۆر دەگمەن نییە ئەگەر رستەیەك بدۆزینـەوە کـە هـەر هەمووی لە چەشنی (CVO) بێت, وەك:

کە | مە | وا | تۆ
CVO | CVO | CVO |CVO

یان, زۆر دەگمەنە ئەگەر هەر هەمووی لە چەشنی (CVC) بێت, وەك:

دوون | نار | نەم | مـن
CVC | CVC | CVC |CVC

**لێکۆڵینەوە**

بەلاٌم لە ئەوە دەگمەنتر ئەوەیە کە هەندێك برگەی گرانیش لە رستەدا خـۆی ریـز دەکات, کەچی ناتوانێت چێوەی رسستەکە بە گشتی پڕ بکاتەوە, وەکك

تۆ | نەت | برد

$CVC_1C_2$ |CVC| CVO

سەرەڕای ئەو سێ جۆرە بڕگەیە, بڕگەی لێکدراویش هەیە, وەك:

| بنار | بڕۆ | بخە | وە |
|---|---|---|---|
| Cv.CVC | Cv.CVC | Cv.CVC | CVO |

وەك لە سەرەوە باس کرا, گوفتار لە ریزێك بڕگە پێك هاتووە و ئەو ریزە بڕگەیەش پەیوەندی نێوانیان نەختێك ئاڵۆزە, لەبەر ئەم هۆیانە:

**یەکەم:** لە بڕگەدا بزوێنی ناوەند و دەنگی بەرایی یەکتر بەرنادەن بە هیچ هێزێك. لەبەر ئەوە, هیچ کێشەیەك نیە لە ئەو دوو خانەیەدا.

**دووەم:** کێشە لە ئەوەوە دروست دەبێت کە رەگەزی رێزمانی هەبێت و ئەو رەگەزە ناتەواوبێت لە رووی بڕگەرێژییەوە. واتە, بڕگەی لە چەشنی (OVO), یان (OVC), یان (OVC1C2) هەبێت لە ریزەکەدا. لە بڕگەی ئاوهادا, کە دەنگی بەرایی نموونەی نییە و بزوێنە کە بێ پەرژینە, دەبێت پەرژینێك پەیدا بکرێت, بە هەر نرخێك بێت, بە ئەم چەشنە:

- جاری وا هەیە دەنگی سێیەم (ت) وەردەگیرێت:

OVC (یـــت) + CVC (خـــۆت)

| ت | یـ | - |
|---|---|---|

| ت | ۆ | خـ |
|---|---|---|

کە لە گۆکردندا دەبێت بە:

**لێکۆڵینەوە**

CVC (تیـــت) + CVO (خـــۆ)

| ت | یـ | ت |
|---|---|---|

| ← | ۆ | خـ |
|---|---|---|

ـ جاری وا هەیە ناوگرێك لە هیچەوە پەیدا دەبێت, وەك:

وەســـــــــتا + ـــــــــەوە ← وەستا (یـ)ـەوە

5ـ جۆرەکانی (بزوێن) لە چێوەی بڕگەدا:

ئەگەر بە بابەتەکانی پێشتردا بچینەوە, دەبینین خانەی (ناوەند) هــەموو کاتێك بە بزوێنێك پــڕ کراوەتــەوە ئێــستاش, ئەگــەر ئــەو خانەیــە بکــەین بــە مەبەست, دەبینین کە لەسەر تاسەری زمانەکەدا هەشت ڤاوڵ هەیە, وەك:

1- بزوێنی (ـە), وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| CVC | ر | ە | د |
| CVO | – – | ـە | بـ |
| CVC | ر | ـە | سـ |

2ـ بزوێنی (ا), وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| CVO | – – | ا | بـ |
| CVO | – – | ا | د |
| CVC | ر | ا | شـ |



3ـ بزوێنی (و), وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| CVC | ڵ | وِ | گـ |

1- بزوێنی (وو)، وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| CVC | ڕ | وو | کـ |
| CVC | ر | وو | د |
| CVC | ك | وو | بـ |

2ـ بزوێنی (ۆ)، وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| CVC | ڕ | ۆ | لۆ |
| CVC | ر | ۆ | ب |
| CVC | ر | ۆ | خـ |

3ـ بزوێنی (ی)، وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| CVC | ر | یـ | شـ |
| CVO | –<br>– | یـ | د |
| CVC | ك | یـ | لـ |

4ـ بزوێنی (ێـ)، وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| CVC | لێکۆڵینه | ێ | شـ |
| CVC | ش | ێـ | کـ |
| CVC | ژ | ێـ | لـ |

5ـ بزوێنی (i)، کە لە نووسینی ئێستادا نانووسرێت، وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| در | د | (i) | ڕ |
| كپ | كـ | (i) | پ |
| ور | و | (i) | ر |

ئەم بزوێنانە, كە ژمارەیان هەشتە, دەبن بە هەوێنی بڕگەكان و لە هەر بڕگەیەكدا دەبێت یەكێكیان هەبێت. لەلایەكی ترەوە, دەورێكی گەورە دەبینن لە ڕۆنانی بڕگەدا, وەك ئەم چوار نموونەیە, كە تەنها بە چوار بزوێنەكە لە یەكتری جودا دەكرێتەوە :

(كوڕ, كووڕ, كۆر, كڕ): CVC

**بەرەنجام**

* چێوەبەندی بڕگەی دەنگسازی بریتییە لە چێوەیەكی سێخانەیی وەك خانەی یەكەم (بەرایی), خانەی دووەم (ناوەند) و خانەی سێیەم (دوماهی). خانەی یەكەم و سێیەم بە دەنگی (نەبزوێن) دابین دەكرێن و خانەی دووەم هەر دەنگێكی (بزوێن)ی تێدایە و بارگەی هەردوو خانەی دووەم و سێیەم دابین دەكات.

* پێ دەچێت، لەخۆڕسكەوە، ئەو چێوە سێخانەییەی بڕگە بە (بزوێن)ەوە و بە وزەی ئاخاوتنەوە ڕسكابێت و لەپاشتردا، لەتافی (زمان گرتن)ی منداڵدا بە دەنی (نەبزوێن)ی (بەرهەم هێنراو) پڕ بكرێتەوە.

* لە نێوان دوو چێوەبەندی بڕگەدا وچانی دەنگسازی هەیە ئەو وچانە كۆئەندامی ئاخاوتن بە شێوەیەكی خۆڕسكی و میكانیكی دەخاتەوە سەر باری (بۆش), بۆ ئەوەی سنووری برگەی یەكەم لە كلكەوە تەواو بێت و ئەوسا سنووری بڕگەی دووەم لە نووكەوە دەست پێ بكات.

* لە ریزی ئاخاوتنی گۆ كراودا، هیچ دەنگێك نیە، كە گەردنی ئازاد بێت لە چێوەی بڕگە. واتە, دەبێت لە چێوەی بڕگەدا بەسترابێتەوە و دابین كرابێت, تا بتوانێت بە كۆئەندامی ئاخاوتن گۆ بكرێت و لە باجگەی زار بهێتە دەر. واتە فۆنیم, چی (بزوێن) و چی (نەبزوێن), بۆی نییە بە بە تەنهایی لە زار دەربچێت, مەگەر سەری (بزوێن) و كلكی (نەبزوێن) پێكەوە بلكێن و گرێیەكی دەنگسازی چێ بكەن.

* گوفتار بریتییە لە ژمارەیەكی بێكۆتا لە ریزە چێوەی سێخانەیی بۆش

(چێوەبەندی بڕگە) و ئەو چێوە سێخانەییە بۆشانە هەر دەنگی بزوێنی تێدا هەیەو بە پێی ڕێسا دەنگییەکان, لە یەکەی (پڕ کرنــەوە) پــڕ دەکرێنــەوە بــە (دەنگــی نەبزوێن).

* دابەشبوونی ئەو دەنگانە لە ئەو چێوە سێخانەییە بۆشانەدا, هەڕەمەکی و بـە ئارەزوو نییە و بنەمای زانستی ڕەبەق و داچێنراوی خۆی هەیە .

* لــە ریــزی گوفتــاردا، دەنگــی (بــزوێن) بریتییــە لــە فــەرمانڕەوا (governer)یەکی دانیشتوو لە خانەی دووەمی چێوە سێخانەییە بۆشەکەدا و دەنگە نەبزوێنەکان دابەش دەکات بە بەستنەوە (binding) و لە خانەی یەکەم و سێیەمدا دابینیان دەکات.

* لە خانەی دووەمی چێوە سێخانەییە یەکەدا, نووکی (بـزوێن)ەکـە (لکـانی دەنگسازی) چێ دەکات لە گەڵ کلکی دەنگە (نەبزوێن)ەکەی نێو خانەی یەکەم و ئەو دەنگە (نەبزوێن)ە دەبێت بە (شاژن) لە بۆ ئەو دەنگە (بزوێن)ەی کە خودانی چێوە سێخانەییەکەیە.

* وەك درێژەیەك بۆ خاڵی پێشوو, ئەو جۆرە لکانــە گرێــی دەنگــسازی دروســت دەکات لە نێوان نووکی (بزوێن) و کلکی (نەبزوێن)، و بریتییە لە کورتترین بڕگەی گۆکراو. لە جۆرە برگەی ئاوهادا, ژمــارەی(بــزوێن)ەکــان یەکــسان دەبێــت بــە ژمارەی (نەبزوێن)ەکان.

* لە بەر ڕووناکی خاڵی پێشوو، زۆربەی هەرە زۆری دەنگە بزوێنــەکان و دەنگــە نەبزوێنەکان، جووتیان دروست کردووە و پێکەوە لکاون.

* لە ئەو دوو دەنگــە بترازێــت کــە لکــانی دەنگــسازی چــێ دەکــەن لــە گرێــی دەنگسازیدا, ژمارەیەکی زۆر کەم لەئەو دەنگە نەبزوێنانە دەشــێت بــە نــەلکاوی بپەڕێتەوە، چی لە خانەی یەکەمدا وەك نیمچەبڕگەیەکی کورت, چــی لــە خانــەی دووەمدا وەك هەر دەنگێکی نەبزوێنی پەنا بەر و چی وەك دوو دەنگی نەبزوێنی ڕێك کەوتوو بە بژار.

* وەك سەرەتا و کۆتا هەیە لە روخساری فۆنیمدا, لە گشت ئەوکۆڵکەکانەدا کە بە فۆن بنیاد دەنرێن, سەرەتا (سەر)و کۆتا (کلك) هەیــە. واتــە, لەســەر بــاری درێژی, گرێی دەنگسازی و بڕگەی دەنگسازی (سەر) و (کلك)یــان هەیــە و ئــەو (سەر و کلك)انە بە ئاراستەی گوفتار دەناسرێتەوە.



* لە ئاستی یەکەمدا, جۆرەکانی بڕگە دابەش دەبن بۆ سێ جۆری سادە, بڕگــەی سووك وەك (دا), بڕگەی پڕ وەك (دار) و بڕگەی گران وەك (دارد).

* لە ئاستی دووەمدا, ئەو سێ جۆرە بڕگە سادەیە سێ دیوی لێکدراویان هەیە, بڕگەی سووکی لێکدراو وەك (ددا), بڕگەی پڕی لێکـدراو وەك (ددار ) و بڕگـەی گرانی لێکدراو وەك (ددارد).

* لە ئاستی سێیەمدا, ئەو سێ جۆرە بڕگە سادەیە لە ناخی بـیردا سـێ دیـوی ناتەواو و عـەیبداریان هەیە، لە مۆرفیمە رێزمانییەکاندا, بڕگەی سووکی ناتـەواو وەك (-ـا), بڕگەی پڕی ناتەواو وەك (- ـار) و بڕگـەی گرانـی ناتـەواو وەك (-ـارد).

* بەرانبەر بە ئەو سێ خاڵەی پێشەوە, دەتوانین گشت جۆرەکانی بڕگە لـە سـەر نموونەی بێ واتای (ددارد) کۆ بکەینەوە, وەك:

| جۆری بڕگەی | چێوەی ئاسایی | چێوەی لێکدراو | چێوەی ناتەواو |
| --- | --- | --- | --- |
| بڕگەی سووك | CVO<br>دا | C.CVO<br>ددا | OVO<br>- ـــا |
| بڕگەی پڕ | CVC<br>دار | C.CVC<br>ددار | OVC<br>- ـــار |
| بڕگەی گران | CV $C_1C_2$<br>دارد | C.CV $C_1C_2$<br>ددارد | OV$C_1C_2$<br>- ـــارد |

* لە ئاستی گۆکردندا, ئەو سێ بڕگە سادەیە و ئەو سێ بڕگە لێکدراوە بۆیـان هەیە بە روونی بە رەوانی لە باجگەی زارەوە گۆ بکرێن, کەچـی ئـەو سـێ بڕگـە ناتەواوە (- ـا, - ـار, - ـارد) بە هیچ ئامانێك بۆیان نییـە لەباجگـەی زارەوە گۆ بکرێن, مـەگەر لە پێش باجگـەی زار عـەیبەکـەیان بـۆ چارەسـەر بکرێـت و ببنەوە بە بڕگەی بێ عـەیب و تەواو وەك (دا, دار, دارد).

* ئەو سێ جۆرە بڕگەیە و هـەر سـێ دیـوە لێکدراوەکـەی و هـەر سـێ دیـوە ناتەواوەکەی, کە نۆ شەقڵ پێك دەهێنن, ناتوانن کۆتایی بهێنن بە کێشەی دەنگسازی, چونکە لە رەگێشەوە وا رسـکاون و سـیمای گـشتگری (universal features) هەڵ دەگرن.



سەرچاوە:

1- John a. Goldsmith, Phonological theory, black well publisher, u.s.a 1999.

2- Peter Ladeforged, A course in phonetics, Thomson corporation, U.S.A 2006.

3- Peter Roach, English phonetics and phonology, Cambridge university press, U.K 1999.

4- Parviz Birjandi, An introduction to phonetics, Zaban kadeh publication, Tehran, Iran 2005.

5- P. Carr, Phonology, the Mac Milan press, U.K 1993.

6- John a. Goldsmith, The handbook of the Phonological theory, Black well publishers USA. 1999.

7- J Gordes-Tamine, Grammaire, phonologie, morphologie, lexicologie, Armand Colin, Paris 2008.

8- غازى فاتح وەيس, فۆنەتيك, بەغدا 1984



# ژیاننامەی زانستی پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف

ئا : نەریمان خۆشناو

**یەکەم : زانیاری گشتی**

لە 1940/9/11 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (گۆیژە)ی کوڕان و ئامادەیی (سلێمانی )کوڕان و ساڵێکیش لە بەشی کوردی کۆلێجی ئادابی بەغدا خوێندوویەتی و دواتر چۆتە یەکێتی سۆڤییەت ، سیانزە ساڵ لەوێ ژیاوەو بەشی رووسی کۆلێجی ئادابی لینگیرادی بە پلەی نایاب بەکالۆریۆس و ماجستێری لە زمان و ئەدەبی رووسی وەرگرتووە، پاشان لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت لە لینگیراد خوێندوویەتی و بە پلەی ئیمتیاز بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردی پێ دراوە ، دواتر

دەگەڕێتەوە وڵات و لە بەشی کوردی کۆلیژی پـەروەردە(ئـیبن ڕوشـد)ی زانکـۆی بەغدا دادەمەزرێ و کۆتایی ژیانی هەر لەم بەشە قوتابیانی کورد پێڕادەگەنێت ، بە هۆیەوە دەیەها ماجستێر و دکتۆرا لە مامۆستایانی تری ئەم بەشە دەبەخشێتە کوردەکانی عێراق و کوردسـتان ، بـە جۆرێـك زۆربـەی مامۆسـتایانی ئێـستای زانکۆکانی کوردستان لە ژێر دەستی ئەم بەڕێزە خوێندوویانە .هەربۆیەشە جەنابی بە یەکێك لە مەرجەعەکانی زمانەوانی کوردی دادەنرێت.جگە لەوەش ماوەیەکی زۆر ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کـوردی لـە بەغـدا دەبێـت ، تەنانـەت دوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کوردستان و لە خووڵی دووەم کە ناوەکـەی گـۆڕا بـۆ ئەکادیمیای کوردی دەبێتە سکرتێری گشتی ، بـەڵام بەداخـەوە لـە شـەوی 7-8 /2007/7 لە گەڕەکی ڕاپەرینی شاری سلێمانی بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد .

**دووەم : ئەم وتار و کتێبانەی لە بواری زمان نووسیوە یاخود وەریگێڕاون :**

1- چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە ، بەغدا ، 1973 .

2- چەند وشەیەك دەربارەی کۆمەڵە دەستنووسە کوردیەکانی ئەلێکساندەر ژابا ،گ.( بەیان ) ، ژ 10 ، بەغدا ، 1973 ، ل 10 و 13 .

3- بنچینەی دانانی فەرهـەنگێکـی کـوردی – عـەرەبـی بـۆ قوتابخانـە ،گ.( پەروەردە و زانست ) ، ژ 6 ، ساڵی 3 ، بەغدا ، 1973 ، ل 57 – 84 .

4-چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە ، بەغدا ، 1974 .

5- کورتەیەکی مێژوویی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عـەرەبی ، (،گ،کـۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی کورد ) ، ب 2 ، ژ 1 ، بەغدا ، 1974 ، ل 499 – 568 .

6-لەبارەی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە،گبەیان، بەشی یەکەم، ژ12، 1974، لا 14و 26 – 27، بەشـی دووەم، ژمـارە 13، 1974، ل 2-3، بەشـی سێیەم، ژمارە14، 1974، ل13-15.

7-لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی ، (،گ،کۆڕی زانیاری کورد ) ، بەشی یەکەم ، ب 2 ، ژ 3 ، بەغدا ، 1974 ، ل 81 – 116 . بەشی دووەم ، ب 3 ، ژ 1 ، بەغدا ، 1975 ، ل 207 – 240 .

8-وشەی زمانی کوردی ، بەغدا ، 1975 .

9- کارە زانستییەکانی ( پیۆتەر لێرخ ) ،گ.( بـەیـان ) ، ژ 32 ، بـەغـدا ،

1975 ، ل 1 – 5 .
10- زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، 1976 .
11- هەوڵێکی سەرەتایی بۆ دۆزینەوەی نیشانەکانی ناسیاوی و نەناسیاوی لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا ،گ.( زانکۆ ) ، ب 3 ، ژ 2 ، کوردستان – سلێمانی ، 1977 ، ل 122 – 166 .
12- وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، بەغدا ، 1977 .
13- کورتەیەك لە زانستی ڕێزمان ،گ.( ڕۆشنبیری نوێ ) ، ژ 67 ، بەغدا ، 1978 ، ل 45 – 48 .
14- کۆی ناو لە زمانی کوردیدا ،گ.کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی شەشەم ، ل 185 – 225 .
15- بەرکولێکی هەڵە زانستییەکانی کورتەی نامەی دکتۆریەکەی (د.کوردستان موکریانی)،گ.(ڕۆشنبیری نوێ) ژ(70)،س (1978)، ل 11-18.
16-ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ( وشەسازی ) ، بەشی یەکەم ( ناو ) ، کۆڕی زانیاری عێراق ، بەغدا ، 1979 .384 ل.
17- با ڕێزی لێکۆڵینەوەی زانستی بگرین ،گ.( ڕۆشنبیری نوێ ) ، بەشی یەکەم ، ژ 72 ، بەغدا ، 1979 ، ل 17 – 25 . بەشی دووەم ، ژ 73 ، بەغدا ، 1979 ، ل 19 – 29 . بەشی سێیەم ، ژ 74 ، بەغدا ، 1979 ، ل 16 – 21 . بەشی چوارەم ، ژ 75 ، ، بەغدا ، 1979 ، ل 47 – 53 . بەشی پێنجەم ، ژ 76 ، بەغدا ، 1979 ، ل 11 – 17 .
18- بزانین یەگیزارۆڤ دەربارەی کورد چی نووسیوە ؟ ،گ.( بەیان ) ، ژ 34 ، بەغدا ، 1976 ، ل 1 – 5 .
19 - ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ( مۆرفۆلۆژی ) ، بەشی یەکەم ( ناو ) ، بەغدا ، 1979 .
20- کارێکی گەورە لە باسی ئیدیۆم لە زمان و فەرهەنگ نووسیی کوردیدا ،گ.(بەیان ) ، ژ 63 ، بەغدا ، 1980 ، ل 2 – 6 .
21- ( هەڵسەنگاندن ) ... بەڵێ ، بەڵام بە کام تەرازوو ؟ ،گ.( ڕۆژی کوردستان ) ، بەشی یەکەم ، ژ 61 ، بەغدا ، 1981 ، ل 64 – 71 . بەشی دووەم ، ژ 63 ، بەغدا ، 1981 ، ل 84 – 98 . بەشی سێیەم ، ژ 64 ، بەغدا ، 1981 ، ل 54 – 61 .
22- کارێکی گەورە لە باسی ئیدیۆم لە زمان و فەرهەنگ نووسیی کوردیدا

،گ.(ڕۆشنبیری نوێ ) ، ژ 84 ، بەغدا ، 1981 ، ل 1 – 4 .
23- مووڕووی مالاوسێ مەگەر بە شەو بکرێتە مل ،گ.(نووسەری کورد ) ، ژ 9 ، خولی دووەم، بەغدا،1982 ،ل 51– 74 .
24- کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا ،گ.کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی بیست و پێنجەم و بیست و شەشەم ، ل 66 – 97 .
25-بنەما سەرەکییەکانی زمان،گ.کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی بیست و سێیەم و بیست و چوارەم، ل 78 – 91 .
26- کورتەیەکی مێژوویی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ،گ.کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی هەشتەم ، ل 66 – 120 .
27- گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ،گ.کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی نۆهەم ، ل 16 – 77 .
28- پێداچوونەوەیەکی هەندێ بیروڕای زمانەوانی مامۆستا مەسعوود محەمەد ،گ.(ڕۆشنبیری نوێ ) ، بەشی یەکەم ، ژ 90 ، کانوونی دووەم و شوباتی 1982 ، ل 10 – 15 . بەشی دووەم ، ژ 92 ، ئایاری 1982 ، ل 16 – 18 .
29- ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی ( تێگەیشتنی ڕاستی ) دا ، (،گ،کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد ) ، بەرگی دەیەم ، بەغدا ، 1983 ، ل 76 – 132 .
30- ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە ،گ.( کاروان ) ، ژ 4 ، کوردستان - هەولێر ، کانوونی دووەمی 1983 ، ل 39 – 47 .
31- چەند وشەیەك دەربارەی ( لەگەڵ دەنگسازیی کوردیدا ) ،گ.( بەیان ) ، ژ 90 ، بەغدا ، ئەیلوولی 1983 ، ل 62 – 69 .
32- چی تریش لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە ، ،گ،( کاروان ) ، بەشی یەکەم ، ژ 23 ، کوردستان - هەولێر ، ئەیلوولی 1984 ، ل 14 – 26 .
33- هەوڵێکی مەزنی نوێ لە جیهانی فەرهەنگ نووسی کوردیدا ،گ.( کاروان ) ، ژ 17 ، شوباتی 1984 ، ل 22 – 29 .
34-چۆنیەتی لکانی جێناوی کەسیی لکاو بە کردارەوە لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا ،گ.( ئۆتۆنۆمی ) ، بەشی یەکەم ، ژ 2 ، ساڵی نۆیەم کوردستان – کوردستان - هەولێر ، 1985 ، ل 112 – 123 . بەشی دووەم ، ژ 3 ،

سالّی نۆیەم ، کوردستان - هەولێر ، 1985 ، ل 72 – 81 .
-105.

35- جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا ،گ.( کـاروان ) ، بەشی یەکەم ، ژ 33 ، کوردستان - هەولێر ، حـوزەیرانـی 1985 ، ل 27 – 38 . بەشی دووەم ، ژ 34 ، کوردسـتان - هـەولێر ، تـەمووزی 1985 ، ل 16 – 25 .

36- جێناوی کەسیی لکاو لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ،گ.( کاروان ) ، ژ 38 ، کوردستان - هەولێر ، تشرینی دووەمی 1985 ، ل 13 – 20 .

37- جێناوی کەسیی جودا لە زمانی کوردیدا ، (،گ،کۆڕی زانیـاری عـیراق – دەستەی کورد ) ، ب 12 ، بەغدا ، 1985 ، ل 45 – 95 .

38- بە زمانی رووسی چ لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە ،گ.کۆڕی زانیاری کورد ، بەرگی شازدەهەم و حەڤدەهەم ، ل 56 – 90 .

39-کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینـەوەی (جێنـاوی کەسیی لکاو) دا کـراون ،گ.(کـاروان) ، ژ 19 ، شـوباتی 1985 ، ل 22 – 33.

40- بیبلیۆگرافیای وتاری زمانەوانی لەبارەی زمانی کوردییەوە لە،گ،ە کوردی و بێگانەکانی سالآنی 1940-1970 دا.

- بەشی یەکـەم ،گ.(رۆشـنبیری نـوێ) ، ژ( 105)ی ئـادار، س (1985)، ل 121-134.

41-بەشی دووەم ،گ.(رۆشنبیری نوێ) ، ژ(106)ی حوزەیران ، س (1985)،ل 90-102.

42- پلەکانی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا ،گ.کـۆڕی زانیـاری کـورد ، بـەرگی هەژدەهەم و نۆزدەهەم ، ل 356 – 396 .

43- کێشەی جێنا و ،گ،(رۆشنبیری نوێ) ، ژ(109)، س(1986)، ل 216-228.

44- جێنـاوی خـۆیی لـەزمانی کوردیـدا ،گ،(رۆشـنبیری نـوێ)، ژ (111) ، س(1986) ، ل161-168.

45-نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، ئەمینداریێتی گـشتی ڕۆشـنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان ، کوردستان - هەولێر ، 1986 .

46- تایبەتێتیی ژمارە لە زمانی کوردیدا ،گ.کۆڕی زانیـاری کـورد ، بـەرگی

بیست و یەکەم و بیست و دووەم ، ل 158 – 204 .
47-ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم (وشەسازی ) ، بەشی دووەم ( جێناو ) ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ، 1987.

48-لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان ، بەغدا ، 1987 .
49- کورتە هەڵسەنگاندنێکی شەش کار لە لێکۆڵینەوەی (ئاوەڵناو)دا ،گ.(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(117)ی ئادار، س(1988) ل36-45.
50- جۆرەکانی ئاوەڵناو لەرووی واتاوە ، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (119)، ئەیلوولی (1988)، ل99-105 .
51- ئاوەڵناو بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە،گ.(ڕۆشنبیری نوێ) ژ(118)، س(1988)، ل99
52- ژمارە وەك بەشێك سەربەخۆی ئاخاوتن و جۆرەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا،گ.(ڕۆشنبیری نوێ) ژ(124)ی کانونی یەکەم ،س(1989)، ل96-116.
52-ڕابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ، 1989 .345 ل.
53- وشەسازی ،گ.(ڕۆشنبیری نوێ)ژ(121ی ئادار، س (1989) ، ل 60-71.
54- ئاوەڵکردار لەرووی واتاوە ،گ.(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(125) ،س(1990)، ل93-100.
55- ئاوەڵکردارو جۆرەکانی ،گ،(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(127)، س (1991)، ل63-78.
56- کرداری یاریدەدەر لەزمانی کوردیدا ،گ.(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(129) ،س (192) ، ل9-17.
57-ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم (وشەسازی) ، بەشی سێیەم ( ئاوەڵناو ) ، کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد ، بەغدا ، 1992 .
58- ئەو کارانەی ڕێژەیان لەدەستوور لادەدەن،گ.(ڕۆشنبیری نوێ) ژ (131) ، س(1993)، ل 25-33.
59-کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا ، کۆڕی زانیاری

عێراق – دەستەی کورد ، بەغدا ، 1994 .
60- وتاری کارپۆلین کردن بەپێی رۆنان و چەند سەرنجێك،گ.(رۆشنبیری نـوێ)ژ (139) ، س(1997)، ل 8-19
61- چاوگ و کێشەی کردار لەزمانی کوردیدا،گ.(رۆشنبیری نوێ)، ژ(140) ، س (1998) ، ل12-21.
62- ڕەخنەی نارەختە ، بەرگی یەکەم ، کوردستان - سلێمانی ، 1998 .
63-سەرەتاییێکی زمانناسی ، وەرگێڕانی لە ڕوسییەوە بۆ سەر کوردی ، بـەرگی یەکەم ، کوردستان - سلێمانی ، 1998 .
64- ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ( وشەسازی ) ، بەشی چوارەم ( ژمـارە و ئاوەلکردار ) ، کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد ، بەغدا ، 1998
65- ڕەخنەی نارەختە ، بەرگی دووەم ، کوردستان - سلێمانی ، 1999 .
66- بنج و بناوانی هەندێ وشە ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، 2000 .
67-دیاردەکانی دەنگی ( د ) لە شێوەی سلێمانیدا ، بەغدا ، 2000 .
68- زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشـە و زاراوەی نـوێ ، بەشـی یەکـەم ، بەغدا ، 2000 .
69-ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ( وشەسازی ) ، بەشی پێنجەم ( کردار ) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، کوردستان - سلێمانی ، 2000 .
70-بەرهەمە زمانەوانییەکانم ، نووسین و وەرگێڕان ، بەرگی یەکەم ، کوردستان - سلێمانی ، 2002 .
71-بەرهەمە زمانەوانییەکانم ، نووسین و وەرگێڕان ، بەرگی دووەم ، کوردستان - سلێمانی ، 2004 .
72-فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی ، کوردستان - سلێمانی ، 2004 .
73-بەرهەمە زمانەوانییەکانم ، نووسین و وەرگێڕان ، بەرگی سێیەم ، کوردستان - سلێمانی ، 2005 .
74- ڕێزمانی کـوردی، بـەرگی یەکـەم (وشەسـازی)، بەشـی دووەم (جێنـاو)، دەزگایی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا،1987.
75- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)،بەشی سێەم (ئاوڵناو)، کـۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەغدا، 1992.
76- ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشـە سـازی) ،بەشـی چـوارەم (ژمـارەو

ئاوڵکردار) کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد، بەغدا، 1998 .

77- نووسینی کوردی بەئەلف و بێی عەرەبی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشەنبیری لاوانی ناوچەیی کوردستان، کوردستان - هەولێر، 1986.

78- لە بواری فەرهەنگی نووسنی کوردیدا، ئەمینداریێتی گشتی رۆشەنبیری لاوانی ناوچەیی کوردستان، بەغدا،1987.

79-رەخنەی نارەختە، بەرگی یەکەم، کوردستان - سلێمانی، 1988.

80- رابەری سەرچاوە لەبارەیی زمانی کوردییەوە،دەزگایی رۆشنبیری و بلاۆکردنەوەی کوردی، بەغدا، 1989.

81-رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم،وشەسازی،، بەشی سێیەم،ئاوڵناو،، کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد، 1992.

82- کرداری کارادیار و کرداری کارابزر لە زمانی کوردیدا ، کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەغدا، 1994.

83- رەخنەی نارەخنە، بەرگی یەکەم، کوردستان - سلێمانی، 1998.

84- سەرەتاییێکی زمانناسی، وەرگێرانی لەرۆسییەوە بۆ سەر کوردی، بەرگی یەکەم، کوردستان - سلێمانی، 1998.

85-رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم،وشەسازی،، بەشی چوارەم،ژمارەو ئاوەلکردار،، کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەغدا، 1998.

86-واتە واتەو ورێنەی وریا، کوردستان - سلێمانی، 1999.

87- رەخنەیی نارەختە، بەرگی دووەم، کوردستان - سلێمانی، 1999.

88- بنج و بناوانی هەندێ وشە، بەشی یەکەم، بەغدا، 2000.

89- دیاردەکانی دەنگی (د) لەشێوەی سلێمانیدا، بەغدا، 2000.

90- زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشەوزاراوەی نوێ، بەشی یەکەم، بەغدا، 2000.

91- رێزمانی کوردی، بەشی یەکەم،وشەسازی،، بەشی پێنجەم،کردار،، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان - سلێمانی، 2000.

92- فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی کوردی – عەرەبی- ئنگلیزی،کوردستان - سلێمانی 2004.

93- بەرهەمە زمانەوانییەکانم ، نووسین و وەرگێرانی، بەرگی یەکەم، سلێمانی ، 2002 .

94-بەرهەمە زمانەوانییەکانم، نووسین و وەرگێرانی ، بەرگی دووەم، سلێمانی،

. 2004
95- بەرهەمە زمانەوانییەکانم، نووسین و وەرگێڕانی ، بەرگی سێیەم، سلێمانی، . 2005
97- مشتێك لە فڕوفێڵی کتێبی (چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی)، بەغدا، .2005
98- لە نۆژەنکردنەوەی لە مەڕ کێشەی نیگاری هەندێ دەنگ، گ. کوردلۆژی، ژ(1) ، 2008، ل-33.
99- لێکۆڵینەوەی مارکییانە لەبارەی پەیدابوونی زمانەوە، ئاسۆ، ژ(474)، چوارشەممە2007/7/4، ل 14 .
100- زمانناسی و فەلسەفە، ڕ. ئاسۆ، ژ(479)،سێشەممە2007/7/10، ل14 .
101- بۆچی زمان بەدیاریدەییێکی سروشتی دانانرێت؟ ،ڕ. ئاسۆ، ژ(480)، چوارشەممە 2007 /7/11، ل14.
102- ترازانی زمان و نزیك کەوتنەوەی زمان، ڕ. ئاسۆ، ژ(481)، پێنج شەممە 2007/7/12، ل14 .
103- خەوشی وشەی زانکۆ، ڕ. ئاسۆ، (501)، چوارشەممە 2007/8/22 ، ل 12 .
104-زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا،بەغدا،چ.کۆڕی زانیاری کورد،1976 ،85 ل.
105-مێژووی فەرهەنگنووسی کوردی شێوازی دانانی فەرهەنگی رووسی-کوردی، 1972، نامەی دکتۆرا.

**سەرنج:**

1ـ خوێنەر و توێژەری کورد دەتوانن سوودێکی زۆر لەم بیبلۆگرافیایە ببینن بۆ توێژینەوەکانیان.

2ـ لەبەر ئەوەی گۆڤارەکەمان تایبەتە بە زمان، بۆیە تەنها بەرهەمە زمانەوانییەکانی ( د. ئەورەحمان)مان خستەڕوو و نەچووینە سەر بابەتەکانی ئەدەب و مێژوو ...... هتد.

# زمان و بیر

و: نەریمان خۆشناو

**یەکەم: پێناسەی هەردوو وشەی ناونیشانەکە:**

**أـ زمان:** (ئیبن سیدە) زمانی بەوە پێناسە کردووە ،کە چەند دەنگێکە هەر نەتەوەیەك گوزارشتی بۆ پێویستیەکانی خۆی پێ دەکات.[1] زانایانی دیش سەبارەت بە زمان گوتویانە ((زمان ئەو ئاخاوتنەیە کە هۆزەکان لەسەر دەربڕینی رێك کەوتوونە)).[2]

هەرچی زمانەوانی هاوچەرخیشە، زمان بەوە پێناسە دەکات کە سیستەمێکی دەنگی ئەوتۆیە کە لە بنەڕەتدا لە هێمای زاراوەیی پێك دێت و تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ دەربرینی سۆز و ئەندێشەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن.[3]

ئێمەش لەمەڕ ئەم پێناسانە سێ هەڵوەستە دەکەین، یەکەم هەڵوەستەمان لەگەڵ گوزارشتی پێکهاتەیەکی دەنگی کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زمان دەبێ (درکاو)بێ، چونکە پێناسەکە خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، یان دەبێ (نووسراو)

بێت ئەویش بە بەکارهێنانی هێما گەلێك کە ئاماژەی ڕوون و ڕەوان بۆ دەنگەکان بکات. هەرچی وشەکەشە لە ڕووی زاراوەییەوە کە دووەم هەڵوەستەیە، مانای ئەوەیە کە هیچ هۆکارێك یان پەیوەندییەکی هۆکارانە لە نێوان شێوازی وشە یان پێکهاتەیەك بە واتاکەیەوە لە ئارادا نییە، چونکە گەر ئەم پەیوەندیە هۆکارئامێزە لە ئارادا هەبوایە ، ئەوا بۆ نموونە گەر قەڵەمێك پیشانی عەرەبێك و چینییەك و ڕووسیەك و ئەمریکیەك بدەین و لێیان داوا بکەین کە ناوی بەرن ، ئەوکات هەموو یەك ناوی دەدەنێ، یان هەر نەبێ چەند ناوێك دەڵێن کە هاوشێوە و نزیکی یەکدی بن، بەڵام مەسەلەکە لە ڕاستیدا وانییە، چونکە هەرشتێك لەوانەیە لەناو خودی زمانەکەدا دوو ناوی جودای لە دوو شێوازی جیادا هەبێت ، بۆنموونە قەلەم لە شێوازی سعودیدا پێی دەڵێن (مرسمە) و لە شێوازی میسریشدا پێی دەڵێن (قەلەم ڕەساس)، وا دەردەکەوێ کە بیرۆکەی نەبوونی پەیوەندیەکی هۆکارانە لە نێوان شت و ناوەکەی تۆزقاڵێك نامۆیی و سەرسورهێنەر بێ، هۆی ئەم نامۆیی و سەرسوڕهێنەش بۆ ئەو پەیوەندیە تۆکمەیە دەگەڕێتەوە کە لە هزرماندا لە نێوان شتەکە و ناوەکەیدا هەیە، هەڵوەستەی سێیەم و کۆتاییشمان لەگەڵ وشەگەلی پێناسەکەیە سەبارەت بە گوزارشتی (بیر و سۆزەکان)ە، کە لە پێناسەکەدا هاتووە ، لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەوە دەکەم کە زمان وەزیفەی دی هەیە، جگە لە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و سۆز، واتە (کردەی گەیاندن)، لەوانەشە لەهەموو ئەو وەزیفانە گرنگتر وەزیفەی ئەندێشەیی بێ کە لەم وتارەدا خوازیاری ڕوونکردنەوەین ، لێرەشدا ئاماژە بە شتێك دەکەین کە بەناو (زمانی بیر)ەوە ناسراوە کە زمانێکە هەر کەسێك کاتێك بەکاری دەهێنێ ،کە بە تەنها بێ و لەگەڵ خۆیدا قسەی پێ دەکات.

مەرجیش نییە کە زمانی بیرکردنەوە هەروەك یەکەم زمانی ئەو کەسە بێت، لەوانەیە زمانی زگماکی کەسێك زمانی عەرەبی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە بە زمانی ئینگلیزی بیربکاتەوە، چونکە ئەو زمانە خۆی بەسەر بیرکردنەوەیدا سەپاندووە یان لەوانەیە ماوەیەکی درێژ لەناو ئینگلیزدا ژیابێ، یان لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری خوێندنی بەو زمانە بووبێ[4] ، من لەو بیروڕایەدام ئەم حاڵەتە دووچاری ئەو کەسانە دەبێ کە لەزانستێکدا بە زمانێکی بیانی پسپۆر دەبن، لەو باوەڕەشدام کە پێچەوانەی ئەم حاڵەتە دووچاری ئەو قوتابیانە

دەبێت کە بە زمانی ئینگلیزی دەنووسن کەچی بەزمانی عەرەبی بیردەکەنەوە، چونکە ئەو قوتابیانە ئەو شتانە وەردەگێڕن بۆ زمانی ئینگلیزی کە بەزمانی عەرەبی لە هزر و بیریاندا چەسپیوە، بگرە هەندێك لەو قوتابیانە وتارەکە بە عەرەبی دەنووسن پاشان وەری دەگێڕنە سەر زمانی ئینگلیزی.



**ب ـ بیر:** فەرهەنگی (الوسیط) کە لەچاپکراوەکانی (کۆڕبەندی زمانەوانی عەرەبی)ە لە قاهیرە، بیر بەوە پێناسە دەکات کە بەکارهێنانی تواناکانی عەقڵە لە شتە زانراوەکان بۆ گەیشتن بەشتە زانراوەکان، لەکاتێکدا بیرکردنەوە پێناسە دەکرێت کە بەکارهێنان و جوڵاندنەوەی عەقڵە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

ئەم دوو پێناسەیەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بیر فراوانتر و گشتگیرترە لە بیرکردنەوە، هەمان ئەو فەرهەنگە ئاماژە بۆ (کردار)ی بیری کردەوە دەکات، بەو ئیعتیبارەی کە ڕۆچوونە لە بەکارهێنانی بیرکردنەوەکە.جگە لەوەی کە ئەم وشەیە بەشێوازە ڕۆچووەکەی زیاتر بەکاردەهێنرێت هەر ئەم مانایەشە کە (فەرهەنگی وشەکانی قورئانی پیرۆز) ئاماژەی بۆ دەکات کە لەلایەن کۆڕبەندی زمانەوانی عەرەبییەوە لە قاهیرە دەرچووە، کە وشەی (بیری کردەوە)ی یەکجار تیادا هاتووە، (إنهُ فكرَّ وقدَّر) (ئایەتی 18 لە سورەتی المدثر) ، وشەی (ئێوە بیردەکەنەوە)ش سێ جار ( لعلكم تتفكرون) ئایەتی (19) البقرە ، (وتتفكروا)بیرکرنەوەش بەهەمان شێوە یەکجار هاتووە ئایەتی(46)ی سورەتی (سبأ) ، و وشەی (یتفكرون) (11) جار و وەکو (یتفكرون في خلق السموات والآرض) ئایەتی (191)ی سورەتی (ئاڵ عمران) و (یتفكروا) دووجار هاتووە، وەکو (أو لم یتفكروا) کە لە ئایەتی (184) سورەتی (اعراف) دایە.

ج ـ پیتی (و): ئەم پیتە بە تەنهایی بە پازدە شێوە بەکاردەهێنرێت ،لەوانە (واو)ی (عەتف-بەستنەوە) ماناکەشی کۆکردنەوەیەکی ڕووتە، واتە شتێك دەخاتە سەر شتەکەی دی کە لەگەڵیدایە ،وەکو بۆ نموونە (فانجیناه وأصحاب السفینة)، واتە خۆی و خاوەنانی کەشتیەکەمان ڕزگارکرد، بەهەمان شێوە شتەکە دەخاتە سەر شێوەی خۆی ، وەکو (ولقد أرسلنا نوحاً وابراهیم)، واتە : نوح و ئیبراهیمان وەك پێغەمبەر نارد، یان دەیخاتە سەر دواوەی خۆی ، وەکو (كذلك یوحی الیك والی الذین من قبلك)[5] ، واتە بەهەمان شێوە سروشت بۆ تۆ و بۆ ئەو پێغەمبەرانەی پێش تۆش دەنێرێت.

جا (واو)ی عەتف کردن (15) تایبەتمەندی لە خۆ گرتووە کەلە پیتەکانی دی (عەتف)دا بەدی ناکرێت، لەو تایبەتمەندیانە وەرگرتنی سێ حاڵەت لەلایەن (مەعتوفەکەیەوە) کە ئەمانە:

**وەرگێڕان**

عەتفی شتێك لەسەر ئەو شتەی کە لەگەڵیایەتی، و عەتف لەسەر پێشو و عەتف لەسەر ئەو شتەی کە لە پاش خۆیدا دێت، ئەم تایبەتمەندیەش پرسیارێکی سەرەکیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەمەیە: ئایا زمان لەگەڵ بیردا هەماهەنگە و هاوشانەیان لە پێش یان لە پاشگریدا دێت؟ ئەم پرسیارە هەندێك لە زمانەوانان و دەروونناسان هەولّی وەلاّمدانەیان داوە؟ ئێستاش دێینە سەر باسکردنی هەندێك لەو وەلاّم و کۆششانە:.

**دووەم: کامیان لە پێشترە زمان یان بیر**

دەڕوونناسان لەسەر وەلاّمی ئەم پرسیارە ناکۆکن، (گلبرت رایل) پێی وایە کە تەنانەت بیرکردنەوە وا پێویست دەکات کە پێش ئەو بیرکردنەوەیە ، مرۆڤ بەدەنگ بەرزی فێر بووبێ قسەبکات، جابۆ ئەم بۆچونەی خۆی ئەو بەلّگەیە دەهێنێتەوە کە منداڵ بۆ یەکەمجار پێش هەموو شتێك زمان فێر دەبێ ، واتە پێش ئەوەی کە لەگەڵ خۆیدا بیربکاتەوە ، فێری زمان دەبێ .[6]

کەچی هەندێك دەڕوونناسی دی وەکو (جین بیاجیە) پێیان وایە کە گەشەسەندنی زمانەوانی لە پاش گەشەی بیرو هزری منداڵدا دێت، چونکە بیر بە سەربەخۆیی لەلای منداڵ گەشە دەکات [7] ، هەروەها (بیاجیە) باسی ئەوە دەکات کە منداڵ ناتوانێت گوزارشتەکانی ئاخافتن پێش تێگەیشتنی چەمکە سەرەکیەکەی ئەو گوزارشتەدەربڕێ ، بەو مانایەی کە منداڵ گوزارشتەکانی وەکو (هەفتەی داهاتوو) (پارە) (مردن) تێ ناگەن.[8]

بەلاّم دەروونناس (ڤیجۆتسکی) [9] پێی وایە کە بیرکردنەوەو زمان لە دوو چالاکی جوداوە دەست پێ دەکەن، و بیرکردنەوەی منداڵی بچکۆلە لە بیرکردنەوەی ئاژەڵ دەچێ ، چونکە بەبێ زمان ئەو بیرکردنەوەیە ئەنجام دەدرێ! جا نمونەی ئەو حاڵەتەش لەو منداڵەدا بەرجەستە دەبێ کە هێشتا قسەکردن فێر نەبووە کەچی دەتوانێت هەندێك گرفتی سادە چارەسەر بکات وەکو شت وەرگرتن و خواردن و دەرگا کردنەوە (واتە بیرکردنەوە بەبێ قسەکردن).

لەلایەکی تـرەوە دەنگـەکانی (تەتەڵـەکردن) لـەلای منـداڵ ،قـسەکردنێکی بـێ بیرکردنەوەیە، کە بۆ بەدەستهێنانی هەندێك مەخسەدی کۆمەڵایـەتی ئاڕاسـتەی دەکات ، وەکو سەرنج راکێشانی دەوروپشت بۆ لای خۆی و شادی بەخشین بەوانی دی واتە ( ئاخافتن بەبێ بیرکردنەوە)
وەرگێران
تاکە خاڵی هەستیاریش لە پەیوەندی بیرکردنەوە بە زمانەوە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە منداڵ دەگاتە تەمەنی دووساڵان ، لەم تەمەنەدا دەبینین کـە چـەماوەی ئـەو بیرکردنەوەیەی کە پێش زمـان دەکـەوێت و چـەماوەی ئـەو زمانـەی کـە پـێش بیرکردنەوە دەکەوێت هەردووك بەیەك دەگەن و پەیوەسـت دەبـن بەیەکـەوە ، بـۆ ئەوەی جۆرێکی تازەی ئاکار و ڕەفتار دەست پێ بکات ، کە بیرکردنـەوەی تیـادا زارەکی بێت و قسەکانیشی تیادا مەعقول بن (ئەم حاڵەتەش بـۆ ئـاژەڵ دروسـت نابێت کە بیرکردنەوە و زمان لەلای دووسیستەمن بە سەربەخۆیی دەمێننەوە، ئەم بابەتەش لە کاتی باسکردنی (ئایا ئاژەڵ بیردەکاتەوە)[10] باسی دەکەین.
پێویستە بزانین کە تاکو تەمەنی حەوت ساڵی منـداڵ ناتوانێـت هـەردوو ئـەرکی ناوەخۆیی (بیرکردنـەوە)و دەرەکـی (گەیانـدن)ی زمـان لەیـەك جـودا بکاتـەوە، بەمـشێوەیە دیـاردەی قـسەکردن لەسـەر خـود سـەرهەڵدەدات[11] ، شـتێکی نوکتەئامێزە گەر لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێك کەسی گۆشەگیر جاری وا هەیە لەگەڵ خۆیانـدا قـسە دەکـەن، قـسەکانیان تـوانج تێگرتنـە بـۆ مـەرام و کردارەکانیان.
**سێیەم : ئایا دەتوانین بەبێ زمان بیربکەینەوە**
هەروەکو چۆن زانایان سەبارەت بە زمان و بیرکردنەوە ناکۆکن کە کامیان لە پێش ئەویتریانەوەیـە ، بەهـەمان شـێوە سـەبارەت بـەم مەسـەلەیەش هـەردوو ڕای جیاوازیان هەیە، هەریەك لە خاوەنانی ئەو دوو ڕایە بەڵگـە و سـەلماندنی خۆیـان هەیە :
گروپی یەکەم کە لە زانا دێرینەکان (ئەفلاتۆن) و لە زانا هاوچەرخەکانیش (جـۆن واتسۆن) نوێنەرایەتیان دەکات ، ئەم گرووپە زانایە پێیان وایە کە بیرکردنەوە لـە زمانێکدا ڕوودەدات کە ئاخاوتن و پێکهاتەکانی بێ دەنگ بێ، هەروەك بڵێی کە کەسێك گفتوگۆ و ووتوویژ لەگەڵ کەسێکی تردا بکات[12] .ئەمەش مانـای وایـە کە فێربوونی زمان مەرجێکە بۆ بوونی توانای بیرکردنەوەی مرۆڤ.

هەرچی گرووپەکەی تریشە کە (هۆتسینۆ فندلر) نوێنەرایەتی دەکات ، پێی وایە کە فێربوونی زمان مەرجێکی چەسپاو نییە بۆ پەیدابوونی بیرکردنەوە[13].

جا بۆ ئەم زانیاریە ئەو بەڵگەیە دەهێنێتەوە کە کەسێکی کەڕولاڵ توانای بیرکردنەوەی هەیە، چونکە هەست بە دەوروپشتی خۆی دەکات و بڕیار وەردەگرێت و لەوانەشە گۆڕانکاری بەسەر بیروڕای خۆیدا بێنێت، کەچی زمانیش نازانێت و ناتوانێت قسە بکات، و بگرە لە منداڵیشەوە تەنانەت یەك وشەی نەبیستووە و نەیوتووە.

جا (فندلز) نموونە بە ئافرەتێکی ئەمریکی دەهێنێتەوە ، کە ناوی (هێلین کیلەر) بوو ، لە منداڵیەوە کەڕولاڵ و کوێر بوو بە یارمەتی بەخێوکەرەکەی توانی خوێندن و نووسین فێر ببێت و بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسیش بەدەست بێنێت ، پاشانیش ببێتە نووسەر و توێژەر و وانەبێژ.

هەروەها (فێرس) لە پەرتوکەکەی خۆیدا کە بە ناوی (بیرکردنەوە بەبێ زمان : واتا دەروونییەکانی کەڕان)ەو لە ساڵی (1966) دەرچووە، ئاماژە بەوە دەکات کە منداڵە کەڕەکان هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ منداڵە ئاساییەکاندا نییە لە ڕووی چالاکیی مێشکەوە، جگە لەوەی کە گەشەسەندنی مێشکیان لە هەردوو حاڵەتدا هەر هەمان ئەو حاڵەتە بنەڕەتیانەن کە منداڵ لە بەرایی ژیاندا پێیاندا تێپەڕ دەبێت، هەرچەندە لە هەندێ حاڵەتدا ڕێژەی گەشەسەندن سەبارەت بە کەڕەکان سست ترە، بەڵام لەوانەشە کە ئەم سست بوون و لاوازییە بۆ زمانەکە نەگەڕێتەوە بەو ڕێژەیەی کە بۆ نوقستانییەکی گشتی بگەڕێتەوە لە لێهاتوویی و بەڵەد بوون بە ژینگە یان شارەزایی لەو بارودۆخەی کە زۆر منداڵانی کەڕ تیادا پەروەردە دەبن، بۆیە (فێرس) گەیشتە چەند دەرئەنجامێکی وێکچوو سەبارەت بە حاڵەتی کەڕی لەناو باڵغەکان.[14]

هەروەها زمانەوانی ئەمریکی (لانجاکار) ئاماژە بە چەند جۆرێکی بیر دەکات کە لەوانەیە بەدەر لە حاڵەتی زمان نەشونما بکات، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئارەزووی گوزارشت کردن لە بیرۆکەیەك لە کاتێکدا کە نەتوانێ لە چەند وشەیەکدا فۆرمەلەی بکەیت (ئەمەش وێکچوونی حاڵەتی یادکردنی کەسێکە کە بیناسین).

جاگەر بیرکردنەوە بەبێ زمانەوانین ساغ بووایە ئەم گرفتە هەر لە بنەڕەتەوە سەری هەڵنەدەدا[15].

دیسانەوە گرفتێکی پێچەوانەش ڕوو دەدات گەر مرۆڤ دەست بەقسەکردن بکـات، پێش ئەوەی ڕوو لە بیرکردنەوە بکات ، لەگەڵ هەموو ئەو هەستە بێزەوەرەی کـە دەینێیتەوە(16) ، هەموو ئەو قسانەی کە زانا و هونەرمەندە گـەورەکان سـەبارەت بە هـزرو بـیری داهێنانکارانـەیان گوتوویانـە ئەمـە دەسـەلمێنێت کـەوا هـەموو بیرۆکەیەك یان گرفتێك بۆ ماوەیەکی دیارێکراو لە داینگەی مێشکدا دەمێنێتەوە پێش ئەوەی وەکو چارەسەرێکی کتوپڕ لە جیهانی دەرەوەدا دەربکەوێت، پاشانیش ئەو هونەرمەندە داهێنانکـارە سـەختیەکی زۆر لـە فۆرمەلـەکردنی دەرئـەنجامی بۆچونەکانی خۆی دەبینێت.

(ئەلبێرت ئەنشتاین) دەڵێ: وشەکانی زمانێك چ نووسـراو و چ درکـاو لەوەناچـێ ڕۆڵێك لە بواری ئالیەتەکانی بیرکردنەوەی تایبەتدا ببینن. هەروەها باسی لە هێما و ئاماژەگەلێکی دیاری کراو و وێنەی ڕوون و ئاشکرا یـان تـەماوی دەکـات کـە لەپاشاندا شیمانەی فۆرمەلەکردن و پەیوەست کردنی نێوان توخمەکانی خودی ئەو بیرکردنەوەی لێ دەکرێت(17) .

هەروەها هەندێك لە میوزیکژەنان دەڵێن ئـەو ئاوازانـەی کـە دەیهۆننـەوە پـێش ئەوەی کە بە ئامێری مۆسیقا لێی بدەن ، دەتوانن گوێی لێ رابگرن، بگرە پـێش ئەوەی کە وەك (نۆتە) لەسەر کاغەز بینووسن ، ئەو پارچە ئاوازە مۆزیکە لەلایان بەرجەستەیە، دەشتوانین ئەم چالاکیەی بیرکردنەوە بەبیرکردنەوەی نازمانەوانی یان پێش زمانەوانی ناوزەند بکەین.

لەوانەیە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بـێ کـە وای لـە (بێتهـۆڤن) کردبـێ کـە پـاش کەڕبوونیشی هەر توانی تاکو کۆتایی ژیانی لە هۆنینەوەی ئـاوازی مۆزیـك هـەر بەردەوام بێت(18) .

زانایـانیش بەشـێوەیەکی گـشتی کـۆکن لەسـەر ئـەوەی کـە زمـان و وشـەکان تاڕادەیەکی زۆر ئاسانکاری بۆ چەند جۆرێکی تایبەتی بیرکردنەوە دەکەن، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی چەندەها هەمبەربوون و ئاماژەگـەلێك کـە بەسـانایی بەکاردەهێنرێن، ئێمە هەموو بیرۆکەیەکی باشمان سەبارەت بـە ماتماتیـك هەیـەو دەزانین چۆن هاوکێشەکانی (دابەشکردن)و (جاران) و (کـەم کـردن) بـەکاربێنین، وشـەکەش (ماتماتیـك) وەك زاراوە دەزانـین کـە وەك ئاماژەیـەك بـۆ چـێوەیەك بەکاردەهێنرێت ، کە چـەمکگەلێکی پەیوەسـت بـەو زانـستەی تیـا کۆبۆتـەوە،

کاتێکیش کە بیر لە ماتماتیك دەکەینەوە ئەوا دەتوانین وشەی ماتماتیك وەکو هێمایەك بۆ چالاکیەکانی مێشکمان بەکاربهێنین، کەواتە بەکارهێنانی هێما زارەکیەکان وا لە بیر دەکات کە هەموو حاڵەتەکان ساناتر بێت، بگرە لەوانەیە هزری مرۆڤ بەولایەدا گوزەر بکات کە هەندێك جۆری بیرکردنەوە بەبێ ئەم هەمبەر بوونانە مامەڵەکردن لەگەڵی ئاسان بێت، بەتایبەتی لەبواری بیروبۆچوونە ڕووت و ڕەهاکانی وەکو (دادپەروەری) و (ئازادی) و (پەروەردە)، تەنانەت ئەم چەمکانە لەوانەیە هەر پەیدانەدەبوون گەر وشەگەلێك نەبوونایە و گوزارشتیان لێ نەکردنایە.[19]

بەڵام چ پەیوەندیەك لەنێوان بیر یان بیرۆکە لەلایەکەوە و ئەو قسە و وشانە هەیە کە لەگوزارشت کردن لەو بیرەیان ئەو بیرۆکە دەکەن، لەلایەکی ترەوە، (فیجۆتسکی) وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ (بیر) وەکو (زمان) نییە تا لە چەند یەکەیەکی جودا پێك بێت، چونکە کاتێك کە دەخوازم ئەم بیرۆکە ((من ئەمرۆ منداڵێکی پێ خاوسم بینی کە کراسێکی شینی لەبەر بوو ، لە شەقامەکەدا ڕای دەکرد)) تۆماربکەم، دەبینم کە ئەم گوزارشتە لە چەند بەشێکی سشەربەخۆ پێك نەهاتووە، بەڵکو هەموو لە یەك بیرۆکدا کۆبونەتەوە، بەڵام لەچەند وشەیەکی جودادا دانراون ، زۆر جاریش قسەکەرەکە چەند چرکەیەکی دەوێ بۆ ئەوەی گوزارشت لەیەك بیرۆکە بکات، بیرۆکەکەش هەمووی ئەوساتە وەختە لە مێشکیدا چەکەرەی کردووە، بەڵام کاتی گوزارشت کردن لەو بیرۆکەیە بەقسە پێویستە پێشبخرێ و یان گەواڵە هەورێك بشوبهێنین کە وشەگەلێکی وەك باران لێ دەبارێ[20]. هەروەها لە بواری نمایش کردنی ئەو پەیوەندیەی نێوان زمان و بیر (ئەحمەد عەبدولمەعتی حیجازی) [21]دەڵێت: ناتوانین شارەزاییەکی ڕاستەقینە لە زمان پەیدا بکەین مەگەر لەیەك حاڵەتدا نەبێ ، کە هەست بکەین و بیربکەینەوە، ئەو سۆزەی کە هەستی پێ دەکەین یان ئەو بیرۆکەی کە لە مەغزاماندایە نیازمەدی بە وشەگەلێك هەیە بۆ ئەوەی لە توێیاندا بەرجەستە بێت و بەدەرکەوێت.

ئێمە لەسەرەتاوە گوزارشت لە هەست و بیروبۆچوونەکانمان بەزمانێکی سادە و ساکار دەکەین، بەڵام لەو کاتەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو قسانەی دەیکەین بەتەواوەتی گوزارشت لە مەرام و مەخسەدەکانمان ناکەن، بۆیە جارێکی دی

بیردەکەینەوە هەمیشە لە دووبارە چاوپیاخشانەوەین بە خوێندنەکانمان و گفتوگۆ و وتووێـــژەکانمان دووبارەدەکەینـــەوە. بـــەو شـــێوەیەش زەخـــیرەی زمانـــەوانیمان گەشەدەکات و زیاد دەکـات، بیروبۆچوونەکانیـشمان هەرچـەندە ووردتـر بێـت و تایبەتمەندتر بێت، گوزارشتەکانیشمان ووردتـر دەبێـت. بـۆ ئـەوەی بگەینـە ئـەو ئاستەی کە وردبوون تاکە مەبەستمان نەبێ، بـەڵکو کۆشـش بکـەین بـۆ ئـەوەی زمانەکەمان جوانتر و قەشەنگتر ببێ.

وەرگێران

**چوارەم: چەند تاقیکردنەوەیەکی تایبەت بە پەیوەندیەکانی زمان و بیر:**

1ـ هەردوو زمانەوان کیرتز و هۆڤلاند هەستان بە پۆلێن کردنی منداڵان بۆ سەر دوو بەش کردوون، بەشێکیان هەستان بەدانانی بازنەیەك لەسەر فۆرمێك بەدەوری چەند ناوێکی کۆمەڵە شتێك کە نیـشانیان دەدرا ، کۆمەڵـە منداڵەکـەی تـریش بازنەیان لەدەوری کۆمەڵە وێنەیەکی شتەکاندا دەکێشا، پاش هەفتەیەك تێبینـی ئەوە کرا کە کۆمەڵەی یەکەمی منداڵەکان لە کۆمەڵەی دووەم باشتر بوون لەڕووی یادکردنی ئەو کەلوپەلانەی کە نیشانیان دەدرا، بەمجۆرە ئەو دوو زانایـە گەیـشتن ئەو دەرئەنجامانەی کە زمان یان وشە چەند جۆرێکی دەستنیشانکراوی بیرکردنەوە ئاسان دەکەن(22).

2ـــ هـــەردوو زانـــای ئـــەمریکی بـــراون و لینیـــبرج هەســـتان بـــە ئەنجامـــدانی تاقیکردنەوە لەسەر کچە قوتابیانی یەکێك لە کۆلێژەکان ، ئـەم قوتابیانـە چـوار ڕەنگیان لەیەك کاتدا و بۆ ماوەی سێ چـرکە نیـشان دەدرا و پـاش نیـو خولـەك لێیان داوا دەکرا ، کە ئەم ڕەنگانە لە خشتەیەکی گەورەدا بدۆزنەوە، کە (120) ڕەنگی لە سیستەمێکی دیاریکراودا دەگرتە خۆ. جـا کـە لـەو قوتابیـە کـچانە دەپرسرا چۆن ڕەنگەکە دەدۆزیەوە ، وتیان کە ئەوان ناویان بۆ ئـەو چـوار ڕەنگـە دادەنا و پاشان کە هەموو ڕەنگەکانیان پێ نیـشان دەدرا بـەهۆی ئـەو ناوانـەوە چوار ڕەنگەکەیان دەدۆزیەوە، هەموو تاقیکردنەوەکانیش ئاماژە بۆ ئـەوە دەکـەن کە ئەگەر ئەو ناوانە ناسراونەبوونایە مەسەلەکە دژوارتر و سەختتر دەبوو(23).

3ـ هەروەها لینیبرج و زانای ئەنترۆپۆلۆجیا رۆبرتس بینیان کـە هەنـدێك ڕەنـگ لەناو زمانی ئینگلیزیدا هیچ ناوێکی لە زمانی (زونی)دا نییە ،کە زمانی هیندیە سوور پێستەکانی مەکسیکە، بگرە چەند ڕەنگێکیش کە لە زمانی زونیدا هەیە ،

ناوی لەزمانی شینگلیزیدا نییە جا ئەوانــەی کــە بــە زمــانی زونــی قــسەدەکەن دووچاری جۆرە سەختیەك دەبن کە بیانەوێ ئەو ڕەنگانە بناسنەوە کە ناویــان لــە زمانەکەیاندا نییە، هەرچەندە با ناویشیان لە زمانی ئینگلیزیدا هەبێ. بەهــەمان شێوە ئینگلیززانانیش تووشی ئەم دژوارییــە دەبــن، بــەو مانایــەی کــە ئەوانــەی باشترین ئەو ڕەنگانەیان درك پــێ کــردووە کــە لەزمانیانــدا هەیــە بــا لــەزمانی ئینگلیزیشدا بوونیان نەبوو بێ[24].

4ـ کۆفر لە ســاڵی (1960)دا تاقیکردنەوەیــەکی لەســەر زانایــەکی خۆبــەخش ئەنجامدا ، کە ناوی (سمیت) بوو و دەرمانێکی دایێ کە دووچاری ئیفلیجی تەواو ببوو، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی ، بــە شــێوەیەك کــە پێویــست بــوو ئۆکــسجین و هەناسەدانی دروستکراوی بۆ ئەنجام بدرێ، پاش ماوەیەك (سمیــپ) وای لێ هــات کە نەیدەتوانی کاردانەوەی دەنگی و جوڵەی ئەنجام بدات، بەڵام کە هۆشی هاتەوە سەر خۆی ، وتی کە لەو ساتانەدا هۆشی لای خۆی بووە، جگە لەوەی ئەو شتانەی کەلەو ساتانەدا بەسەری هاتبوو یان پێی وترابوو زۆر بەباشی لــە یادیــدا مــابوو، هەر لــەکاتی ئیفلــیج بوونەکەشــیدا دەیتــوانی چارەســەری هەنــدێك لــە گرفتــە ساکارەکان بکات ، چونکە ئامرازی پەیوەست کردن لەگەڵیدا هەر مــابوو، وەکــو ئاماژە کردن بە پەنجەی (شەهادە نوێژە)ی دەست ، چونکە لەو کاتەدا نەیدەتوانی قسان بکات، هەروەها هێڵەکانی نەخــشەی (دەمــاخ) و شــەپۆڵەکانی (EEG) تایبــەت بــەو بــە درێــژایی مــاوەی تاقیکردنەوەکــە ئاســایی بــوو[25]. ئــەم تاقیکردنەوەیە گرفتی یەکانگیرنەبوونی قسەو بیرکردنەوە یەکلا دەکاتــەوە، بــەڵام مەرجیش نییە ئەم حاڵەتە هەر لە نێوان قسە و بیرکردنەوەدا هەبێ، چونکە قــسە مەسەلەیەکی فیزیایی هەست پێ کراوە کە دەنگی قــسەساز بەرهــەم دەهێنێــت، بەڵام زمان سیستەمێکی دەست پێکراوی ماناو پێکهاتە زمانە وانییەکانــە. جــا لەدەرئەنجامی ئەم تاقیکردنەوانە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە ناتوانین ئــیتر بڵــێین کە یەکانگیریەکی هەمیشەیی لە نێوان بیرو زماندا هەیە، یــان بــەلای کەمیــەوە دەشێ بڵێین کە هەمبەربوونی سەداسەدی نێوان بیرو قــسە نییــە بــەڵام پێویــست ناکات کە ئەوەمان لەیاد بچێت کە زمان بە ڕۆڵێکی گرنگ هەڵدەستێ لە بــواری بیرکردنەوە و لە بــەڕێوەبردنی هەنــدێك لــە کردەکــانی مێــشك و گەشەســەندنی مێشك.

## پێنجەم: ئایا زمانە جۆراو جۆرەکان شێوازەکانی بیرکردنەوە پێك دەهێنێت لەلای قسەکەرانی ئەو زمانانە؟

ئایا پێوەندی نێوان بیرکردنــەوە و زمــان چییە، بەتایبــەت تــر بڵــێین پەیوەنــدی شێوازەکانی بیرکردنەوە بەبونیادی زمانی زگماکی قسەکەرەکە چییە؟ بەمانایەکی دی: قسەکەرانی زمانە جۆراوجۆرەکان ئایا بە شــێوازی جۆراوجــۆر بیردەکەنــەوە؟ هەندێك لە زانایانی وەکو (ساپیر) و (وۆرف) پێیان وایە کە ئەو زمانــەی قــسەی پێ دەکەین ئەو شیوازە دەست نیشان دەکات کە بیری پێ دەکەینــەوە، هــەروەها ئەو زمانانەی مرۆڤ قسەی پێ دەکات بە گوێرەی جۆراوجۆری زمانەکان شــێوازی تێگەیشتنی جیهانیشیان بۆ جۆراوجۆر دەکات، لێرەدا بۆمان هەیە بپرســین: ئایــا مرۆڤ هەموو شتەکان بە شێوازی جۆراوجۆر وێنادەکــەن یــان تــەنها بــە شــێوازی جیاجیا گوزارشت لەشتە جۆراجۆرەکان دەکەن؟ بالێرەدا چەند نموونەیەك بهێنینەوە وەکو کۆششێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە[26]:

- هۆزی (هۆبی)ی هیندییە سوورەکان یەك وشــە بــەکاردەهێنن بــۆ گوزارشــت کردن لە زیندەورو فرۆکە و فرۆکەوان.
- هەروەها هۆزی (زونی) دوو وشەی جودا بۆ هەردوو ڕەنگی زەرد و پورتەقاڵی بەکارناهێنن، لە هەندێ زمانیشدا تەنها یەك وشە بۆ هەردوو ڕەنگی سەوز و شین بەکاردەهێنن، کەچی شــەش وشــەی جۆراوجــۆر لەهــەردوو زمــانی ئینگلیــزی و عەرەبی بۆ ڕەنگەکانی (ئەرخەوانی) و شــین و ســەوز و زەرد و پورتــەقالی ســوور بەکاردەهێنرێت، دەبینین قسەوێژانی زمانی (شۆنا) لــە (ڕۆدیــسیا) تــەنها چــوار وشەیان هەیە، قسەکەرانی زمانی (باسا)ش لە لیبیریا تەنها دوو وشەیان بۆ ئــەو ڕەنگانە هەیە.
- لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەی (uncl) وەردەگێردرێتە ســەر چــوار وشــە کــە ئەمانەن (مام) (خاڵ) (ئــامۆژن ـ مــامۆژن) و (خــاڵۆژن)، وشــەی (aunt)یــش بەهەمان شێوە بۆ ئامۆژن و خاڵۆژن و پلك و خوشکی دایك وەردەگێڕدرێت.

هەرچی وشەی (cousin)ە بۆ کوڕی مام و کوڕە خــاڵ و کــوڕە پلــك و ئــامۆزاو کچی خاڵ و کچی پلك وەردەگێڕدرێت.

ئەمە لەسەر ئاستی تاکەکان، بەڵام لەسەر ئاســتی گروپــە ڕێزمانییــەکان ، ئــەوا قسەکەرانی ئینگلیزی وەکو ناو بیر لە شتەکان دەکەنەوە وەکو ڕووداویش بــیر لــە

کردەکانی دەکەنەوە، بەڵام تاکەکانی هۆزی (هـوبی) گوزارشـت لـە (بروسـك) و (هەورەتریشقە) و (بلێسەی ئاگر)و (دوکەڵ) بەشێوەی کردار دەکەن[27] .

جا لەو گرووپە رێزمانیانەی دی کە زمانەکان لە ڕووی جۆرییەوە جودان،هەروەکو زمانی فەرەنسی و زمانی عەرەبی ، هەموو ناوێك بۆ نێر ومێ پـۆلێن دەکرێـت، وەرگێڕان بۆنموونە وشەی (پەنیر) لە زمانی فەرەنسیدا (نێر)ە و وشەی (گۆشت) مێیـە، لـە زمانی ئەلمانیدا وشەی (پەنیر) بەهەمان شێوە (نێر)ە ،بەڵام وشەی (گۆشـت) نـە نێرە و نە مێیە نبەڵکو بێلایەنە.

وشەی (خۆر ـ رۆژ) لە عەرەبی و ئەڵمانیدا مێیینەیە، لە کاتێکدا وشەی مـانگ لەو دوو زمانەدا نێرینەیە، بـەڵام لـە زمـانی فەرەنـسیدا و لـە زمـانی شـیعری ئینگلیزی هاوچەرخدا بە پێچەوانەوەیە[28] .

ڕووەکانی دی جیاوازی نێوان زمانەکان بەکارهێنانی (جێناوەکـان)ە، بـۆ نموونـە (جێناوی You) لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەرەکەی (تۆ ـ أنتَ) . (تۆ ـ أنت) و (أنتما ـ هەردووکتان) کە لە ڕووی جۆرێتیەوە یەك شتە و (ئێوە ـ أنتم) و (أنتن ـ ئێوە بۆ مێیینە)، بگـرە ڕووەکـانی جیـاوازی لەوانەیـە لـە نێـوان دوو شـێوازی زمانێکدا سـەرهەڵبداتن بـۆ نموونـە بـەکارهێنانی هەنـدێك لـە تونـسیەکان بـۆ (جێناوی/ أنتِ) بۆ تاکی نێر ئەم حاڵەتە بەکاردێ.

ئێستاش دەچینە سەر هێنانەوەی نموونەیەك سەبارەت بە جیاوازی زمانەکان، یـان جیاوازی بۆچوونی تێڕواینی قسەکەرانی زمانـەکان بـۆ ڕووداوێکـی سـاکار[29] ، کاتێك کە بەردێك تێبینی دەکەین کە لە هەوادا بەرەوە زەوی دێت، ئەوا ئەوکاتە ئەم دیاردەیە لە نێوان ئەم دوو بیرۆکە بە شێوازێکی شکڵی یان رێزمانی تایبەت و گونجاوی زمانی عەرەبی بۆ زمانی ئینگلیزی شی دەکەینـەوە و دەڵـێین بەردەکـە (دەکەوێت) .The Stone Falls، بەڵام نابێ وا گریمانە بکەین کە ئەمەی وتـان تاکە شیکردنەوەی گونجاوی ئەو دیاردەیەیە، چونکە گەر بڕوانینە ئەو شـێوازانەی کە هەر زمانێك گوزارشتی لەم ڕووداوە پێ دەکـات، ئـەوا یەکـسەر دەرك بـەوە دەکەین کە ئەم ڕووداوە سادەیە بەچەندەها جـۆر گوزارشـتی لێ دەکرێـت، بـەبێ ئەوەی کرۆکی راسـتەقینەکە گۆڕانکـاری بەسـەردا بێـت.لـە زمـانی ئـەڵمانی و فەرەنسی و عەرەبیدا پێویستە ئەوە دیاری بکەین کە ئایا وشەی (بەرد) نێرە یـان مێیە، بۆیە دەڵێین بەرد (یسقط) نەك بەردەکە (تسقط).

* لە زمانی چیبوا ، کە شێوەزارێکی زمانی هیندییە سوور پێستەکانە، ناتوانین گوزارشت لەم ڕووداوە بکەین، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکەین کە بەرد بێلایەنە.
* هەرچی ڕوسەکانیشە گرنگییەکی ئەوتۆ بەوە نادەن کـە بـەرد (ناسـراوە) یـان (نەناسراوە) ، بەو مانایەی کە ڕوسەکان گرنگی بە نێرینەیی یا مێینەیی (بـەرد) نادەن.
* هیندییەکان (کواکیتول)یش لە کۆلۆمبیا، لـەکاتی قـسەکردندا ئامـاژە بـەوە دەکەن کە بەرد بینراوە یان نەبینراوە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کـە قـسەکەر یان گوێگر کامیان لە بەردەکەوە نزیکترن، یان بەردەکـە لەوانەیـە لـە کەسـێکی سێیەمەوە نزیکتربێ، ئەم هۆزە جاری وا هەیـە لـەکاتی ئاخافتنـدا گوزارشـتەکە دەگشتێنن و یەك ڕستە بۆ یەك بەرد یان چەند بەردێك بەکاردەهێنن ،کەچی کاتی کەوتنەکە دیاری ناکەن.
* چینییەکانیش ڕێژەیەکی کەم لە گوزارشتەکە بەکاردەهێنن و دەڵـێن: بـەردێك دەکـەوێت، واتـە ئـەو گوزارشـتەی کـە ماناکـەی (Stone fall)ە بـەزمانی ئینگلیزی.
* لەکۆتایشدا، لەزمانی نوتکادا هیچ گرنگ نییە بۆ ئاماژە کردن بـۆ (بـەرد)، ناوی بەردەکە بهێنرێ، بەڵکو وشەیەك بەکاردەهێنرێت کە کارێکە لـە دوو بـەش پێك دێت: بەشی یەکەمیان ئاماژە بۆ شتێك دەکات کـە لەبـەر دەچـێ، کەچـی بەشی دووەمیشیان ئاماژە بۆ ئاڕاستەبوون بۆ خوارەوە دەکات.
ئەم نموونەیەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو گرووپە ڕێزمانییە بـێ چـەند و چۆنانەی کە وامان لێ دەکات بەشێوەیەکی نهێنی ئاوڕ لەپێکهاتەو تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی هەڵوەستەکان بدەینەوە، واشمان لێ دەکات کـە گرنگـی بەچـەند لایەنێکی تایبەتی واقعی دەوروپشتمان بدەین لەکاتی قسەکردنماندا.
جا لەو نموونانەی دێ کە ئاماژە بۆ جیاکاری نێوان زمانەکان دەکات کە لەوانەیـە ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی چەند سەختییەك لە پەیوەست بـوون و تـێ گەیـشتن، وەك ئەو جۆرە زەحمەتیانەی کە هاوڵاتیانی ژاپۆنی بەرەنگاری دەبنەوە کاتێك کـە سەردانی فەرەنسا دەکەن، چونکە ژاپۆنییەکان کار دەخەنە کۆتایی ڕستەوە، لەبەر ئەوە دەبێ گوێگر تا کۆتایی گوێ لە قسەکەرەکە ڕابگرێ تاکو قسەکە تێ بگات، فەرەنسییەکانیش کارەکە ڕاستەوخۆ دەخنـە پـێش ناوەکـەوە لـە ڕسـتەدا، بۆیـە

گوێگر زوو ڕستەکە تێ دەگات، بۆیە زۆرجار گوێگر قسە بە قسەکەرەکە دەبـڕێ، سـەرباری ئەمـەش کاتێـك ژاپۆنییـەك وەڵامـی پرسـیارێك دەداتـەوە ، ئـەوا لەسەرەتاوە دەست بە پێشکەشکردنی بیروڕا هەمە جۆرەکان دەکات، ئەویش پێش ئەوەی کە بیروڕای خۆی سەبارەت بە مەسەلەکە بخاتـەڕوو، جـا گـەر ژاپۆنییـەك وەرگێڕان فەرەنسی نەزانێت، ئەوا فەرەنـسییەك لەوانەیـە زوو قـسەکەی پـێ بـبڕێ و واش دەزانێ کە لەو قسە پێ بڕینە یارمەتی داوە، دەرەنجامیش ژاپۆنییەکە هەست بە نوشوستییەك دەکات، چونکە ڕایەکی جگە لەڕایەکەی خۆی پێـشکەش کـردووە، بەهەمان شێوەش هەست بە شڵەژاویەك دەکات چونکە نەیتوانیوە لـەو ماوەیـەدا گوزارشت لەخۆی بکات و لەقسەی ئەو هاوولاتیە فەرەنسیەش تێبگات.[30]

**شەشـەم: ئایا ئـاژەڵ و پەلـەوەر بیردەکەنـەوە؟ ئایـا چـۆنێتی بیرکردنـەیان لەبیرکردنەوەی مرۆڤ جودایە؟**

چەند زانایەکی وەکو ویتجنستاین پێیان وایە کـە ئـاژەڵ وەکـو مـرۆڤ ناتوانێـت بیربکاتەوە، چونکە هیچ زمانێکی نییە کە قسەی پێ بکات[31]، بـەڵام زانایـانی تری وەکو کارۆل و گرین وادەبینن کە ئاژەڵان چەند چالاکییەك ئەنجام دەدەن کـە پێویست بەکۆ شتێکی هزری دەکات[32]. جا لە تاقیکردنەوەیەکدا کە لـەزانکۆی (ئیندیانا)ی ئەمریکی ئەنجامدرا توێژەرەکە خۆراکێك لـەپێش چـاوی مـەیموونێك دەخاتە ناو سندووقێکەوە و بەکلیل دای دەخـات و کلیلەکـەش لـە خانـەی نـاو سندوقێکی ترەوە و بـە گوریـسێك شـەتەکی دەدات، مەیموونەکـەش ئـەم شـتە دەبینێت، پارچە بەردێك دێنێـت و بەتونـدی بـە زەوی دادەدات و بەردەکـە وەك نیمچە چەقۆیەك لێ دەکات و گوریسەکەی پێ دەبڕێت و کلیلەکەش دەردێنێـت و سـندووقەکەی دی دەکاتـەوە و خۆراکـە خۆشـەکەی خـۆی لێ دەردەکـات و دەیخوات[33]. هەروەها لەچەند تاقیکردنەوەیەکی زانکۆی (ئەگلانگا)ی ئەمریکی شـەمپانزیەکی مێینـە تووشـی ئیفلیجـی بـووە و بـە چـاوەکانی تەماشـای مەیموونەکانی دی دەکرد، بەچکەکەشی زانی کە دایکی نەخۆشە، دەستی کرد بـە کۆکردنەوەی خۆراك و هاوردنی بۆ ئەوەی بیخوات، هەرچەندە کە دایکەکەی هیچ خۆراکی لە بەچکەکەی داوا نەکردبوو ، بەڵام تەنها لە نیگاکانی چاوی دایکەکەی ئەوە تێگەیشت کە پێویستی بەخۆراکـە ، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـە جـۆرە هۆشیارییەك لەلای شامپانزیە هەیە[34].

هەروەها (هیرۆن) یان (ماسیگر) کە جۆرە پەلەوەرێکە، لەسەر کەناری ڕووبارێکدا ڕادەوەستێت و چاوەڕوانی تێپەڕبوونی ماسییەك دەکات، کە ماسییەکەش پەیدا دەبێت، ئەوکاتە ملە درێژەکەی دەچەمێنێتەوە و بەدەنووکە باریکەکەشی زۆر بە پەلەیی ماسیەکە دەقۆزێتەوەو دەیخاتە دەمی ئیتر دەچێتە ناو گەدەیەوە، بەڵام باڵندەیەکی دی هەیە کە لەو زیرەکترو بێ سەبرتر هەیە کە تەڵە بۆ ماسییەکان دادەنێتەوە، وەکو (بووش) یان (گەڵا) یان (پەڕ) یان (زیندەوەران) یان (کرم) یان (پارچە نان) یان (پارچە پلاستیك)ێك[35].

هەروەها زانای ئەمریکی (دۆنالد گریفین) لە پەرتووکێکی خۆیدا بەناو (مێشکی ئاژەڵان) ، کە چەندەها توێژینەوەی جیهانی لەمەڕ بیرکردنەوەی ئاژەڵان گرتۆتەخۆ، کە ئایا ئاژەڵ بە هۆشیارییەوە بیر دەکاتەوە، بەو مانایەی کە دەزانێ یان هۆشیاری بەو بیرکردنەوەیە هەیە یان نە، جا ئەم توێژینەوانە تاقی کردنەوەی لەسەر مەیموونی گەورەو شامپانزێ و تووتی و سیمۆرە گرتەخۆ، (گریفین) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ کە مەیموونێکی دایك لە گروپی (کابوسین) بە دەستەکانی خۆی چەند ئامرازێکی سادەی دروست کرد ، بۆ چارەسەرکردنی برینێك کە لەسەری بەچکەکەیدا بەهۆی ڕووداوێکەوە پەیدا ببوو، بگرە هەندێك ڕووەکیشی وەك دەرمان بۆ چاککردنەوەی ئەو برینە بەکارهێنا[36]. جا ئەو زانا توێژەرە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەندێك لەو ئاژەڵانە دەتوانێت هەندێك جۆری بیرکردنەوەی هۆشیارانە ئەنجام بدات و ئەم توێژینەوانەش بە (ئاکاری پێناسەیی) ناوزەدکردووە، جا لە تێکڕای ئەو بەڵگە و ئاماژانەی کە لەم توێژینەوانە دەستەبەر بووە ئەو دەرەنجامەیە کە ناوی نراوە (گەیاندنی ئاژەڵ) بەو مانایەی کە ئاژەڵان هەمیشە لەهەوڵی گوزارشت کردنن لەو شتانەی کە بیری لێ دەکەنەوە جا لەو کۆششە تازانەی کە لە ئارادان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بەم مەسەلەیە دامەزراندنی باغچەیەکی ئاژەڵانی سەر بە دەزگای (سمیسۆنیان)ە لە واشنتۆن ،کە باڵەخانەیەکی تیادا ئامادە دەکرێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە چۆنێتی بیرکردنەوەی ئاژەڵان[37].

هەروەها (د. حەسەن زازا) ئەم چیرۆکەمان دەربارەی چەند پشیلەیەك بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لە زانکۆی بەیروت مامۆستا بووم و لە ناوچەی (جیل) نیشتەجێ ببووم و ڕۆژانە کە نانم دەخوارد، پاشماوەی خواردنەکەم لە قاپێکدا و

لەلای دەرگای ماڵەکەم دادەنا، پــشیلەیەك دەهاتــە بــەر دەرگــا و خــۆراکی نــاو قاپەکەی دەخوارد، ڕۆژێکیان لە هۆڵەکەدا دانیشتبووم هەر ئەو پشیلەیە هــات و پشیلەیەکی بچووکی بەدەم هەڵگرتبوو و لە تەنیشتمدا داینــا، بەمــشێوەیە هــەر دەهــات و پــشیلەیەکی بەدەمــەوە بــوو لەبەرامبەرمــدا دایــدەنا، تــاکو پــشیلە
وەرگێران
بچووکەکان ژمارەیان گەیــشتە (4) پــشیلە، لەمــەوە تێگەیــشتم ، کــە پــشیلە دایکەکە داوای شیر بۆ بێچووەکانی دەکــات، مــنیش هەســتام و چــەند قــاپێکی بچووکم هێناو پڕیانم کرد لە شیر ، ئیتر پشیلە بچووکەکان هەموویان نۆش کرد، و پشیلە گەورەکەش کە دایکیانــە بــە نیگایــەکی شــوکرو سوپاســەوە تەماشــامی دەکرد[38].لەلایەکی تریشەوە قورئانی پیرۆز ئاماژە بۆ هۆشــیاریی و قــسەکردنی پەلەوەر و زیندەوەران دەکــات[39].وەکــو (پەپولــە ســلێمانە) و (مێروولــە)، جــا (زیندەوەرزانان) لەو باوەڕەدان کە مێروولە هۆشیارییەکی زۆری هەیــە بەتایبــەتی لەپەیداکردنی خۆراك، مێروولــە گــەر خۆراکێــك بــەدی بکــات ئــەوا هــەواڵ بــە برادەرانــی خــۆی دەدات، و زەخــیرەش لــە هاوینــدا بــۆ زســتان کۆدەکاتــەوە و دانەوێڵــەکانیش دەکاتــە دوو کەرتــەوە نــەوەك لــەژێر خاکــدا بــڕوێ، دەنکــە گەورەکانیش دەکاتە چوار کەرتەوە، جا گەر گومانی ئەوەی لەلا دروست بوو کــە دانەوێڵە نیوەکانیش لەوانەیــە بــڕوێن یــان نــەکو بۆگــەن بــبن ، ئــەوا لەکونەکــە دەریدەکەنە دەرەوە بۆ ئەوەی خۆر و هەوا لێی بدات.

هەروەها گەر مێروولەکان هەست بکــەن بــەوەی کــە هــەور کۆدەبێتــەوە و بــاران دەبارێ ئەو دانەوێڵەیە دەگەڕێننەوە نــاو کونەکــە، گــەر چــەند دەنکێکــیش لــەو دانەوێڵەیە تەڕبووبێ ئەوا ڕۆژێکی خۆش کە بــارانی تیــادا نــەبارێ ،دەریدەکەنــە دەرەوە بۆ ئەوەی خۆر لێی بدات. جا وەك کۆششێك بــۆ وەڵامدانــەوەی پرســیاری دووەم کــە بــەجیاوازی بیرکردنــەوەی ئــاژەڵ و بیرکردنــەوەی مرۆڤــەوە پەیوەســتە پێویستە بڵێین کە زمان دوو ئەرکی سەرەکی گرنگی هەیە، یەکــەمیان گەیانــدنی بیری دەرەکی مرۆڤە لەگــەڵ مرۆڤــەکانی دی، دووەمیــشیان کــۆنترۆڵکردنی بــیرە ناوخۆییەکانی یان ساناکردنی بیرکردنەوەو ئاکارو ڕەفتارە هەمەجۆرەکانە بۆ تــاك ((واتە گەیاندن لەدڵ و دەروونی یەك تاکدا، هەروەکو ئەوکاتــەی کــە مــرۆڤ بــیر لەچوونە کۆلیژێك بۆ نموونــە یــان بــیر لــە کڕینــی خانوویــەك یــان ئۆتۆمبێلێــك دەکاتەوە))[40].

هۆشیاریی مەعریفی مرۆڤ لەوەدایە کە هەردوو ئەم سیستەمە هەمان شـفرە یـان هەمان هێما زمانەوانییەکان بەکاردەهێنن، کەوایان لێ دەکات قبوڵی گۆڕانکاری یان وەرگێڕان لە یەکێکیان بۆ ئەوی دی بکەن، ئەویش بەسەرکەوتنێکی ڕێـژەیی، بەڵام زۆرپێویست نییە کە ئەم توانا بگۆڕیـە وەرگێڕان یـان وەرگێڕیـە لـەنێوان گەیانـدنی دەرەکی و ناوخۆیی لەلای ئاژەڵان دەربکەوێت.

زانای ئەمریکی خاتوو(گـرین) پوختـەی ئـەم جیاوازییـەمان دەخاتـە ڕوو ، کـە لەنێوان بیرکردنەوەی مرۆڤ و بیرکردنەوەی ئاژەڵدا هەیە ، کە دەڵێ: تاکـە شـتێك کە هیچ ئاژەڵێك تاکو ئێستا نەیتوانیوە بیکات ئەوەیە کە لـە تاقیکردنەوەیـەکی بۆ نموونە دەرووناسیدا دەربچێت و بەو ئاژەڵەی دی کە لە ریزەکەدا وەستاوە (بـۆ نموونە گەر مەیموون بێت ئەو ئاژەڵە) و پێی بڵێت: لەم هۆدەیەدا زانایـەکی شـێت هەیە و مۆزێکت دەداتێ ، گەر توانیت شتێکی جـودا لـە کۆمەڵـە شـتێکی دی جودا بکەیتەوە ،لە تێکڕای ئەو شتانەی کە نیشانت دەدات(41).

حەوتەم: ئایا هیچ سنوورێك بۆ بیرکردنەوە هەیە؟

تواناکانی هۆشیاری و وزەکانی درك کردن لای مرۆڤ سنووری هەیە، بۆیە مەحاڵە بتوانین وێنەیەکی بازنەیی و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ ئـەو گواسـتنەوە خێرایـەی نێوان وێناکردنی شتێکی بازنەیی و شتێکی دی چوارگۆشەیی لە خەیاڵدا جودایە، بگرە جوداشە لەگـەڵ وێنـاکردنی شـکڵێکی چوارگۆشـەیی کـە لەسـەر شـتێکی بازنەییدا دانرابێ(42).

(جاحیز) پەرتوکێکی هەیە بەناوی ((التربیـع والتـدویر)) و تیایـدا باسـی ئـەوە دەکات کە شکڵی چوارگۆشەیی و بازنەیی لەیـەك کاتـدا بـوونی نییـە، و بگـرە ناشتوانرێت هەر بیری لێ بکرێتەوە. ئایا دەتوانین (ڕەگـی ـ ا) (ڕەگـی لێکـدانی ژمارەی کەم یان سالیب یەك) لەبیرماندا بنەخشێنین، بەڕاستی چەمکگەلێك هەن کە خەیاڵئامێزن و لە واقعدا بەرجەستە ناکرێن. ئایا دەتوانین هەسارەکانی ئاسمان کە سێ ملیار ساڵی تیشکی لێمانەوە دوورن لەخەیاڵماندا وێنا بکەین، یەك ساڵی تیشکیش دەرەنجامی سێ سەدو شەست و پێنج جاران کردنە بە (24) کاتژمێر و شەست خولەك و شەست چرکە بەسێ سەد هەزار کیلۆمەتر ـ کە خێرایی تیـشکە لەیەك چرکەدا ـ ئەوجا ئەم دەرەنجامەش بەسێ ملیار جاران دەکەین(43)،ئیتر ئایا

دەتوانین کە وێنای زیاتر لەسەد هەزار ملیۆن هەسارەی ئەستێرەکان بکەین کە هەریەکەو یەك ملیۆن خۆری لەگەڵ چەندەها ئەستێرەی دی تیادایە(44).

ئایا دەتوانین وێنای ژمارەی ئەو وردیلانە بکەین کە لەیەك گرامی گازی هایدرۆجیندا هەیە کە (600) هەزار ملیار ملیار وردیلەیە؟

ئایا دەتوانین لە خەیاڵماندا وێنای ژمارەی ئەو فریشتانە بکەین کە لە کەعبەدا پەرستش دەکەن، کە ژمارەیان دەگاتە (70) هەزار و ڕۆژانە دەردەچن و ناگەڕێنەوە، ئایا ئەو فریشتانە ژمارەیان لە هەزار ساڵ یا یەك ملیۆن ساڵدا چەندە؟

وەرگێران

ئایا کەسێك لەئێمە هەیە بتوانێ لەخەیاڵیدا(22.000) گالۆن خوێن ڕۆژانە وێنا بکات ،واتە (8030.000) گالۆن لەساڵێکدا ، واتە (481.800.000) گالۆن لە (60) ساڵدا، کە کێشەکەی نزیکەی (345.000) تۆنە؟ دڵ دوو ملیار و دووسەدو (7) ملیۆن و (25) هەزار ترپە لەساڵێکدا لێ دەدات؟ ئایا دەتوانین لە خەیاڵماندا ژمارەی بۆریچکە هەواییەکانی سینەی مرۆڤ وێنا بکەین ، کە دەگاتە زیاتر لە (370) ملیۆن بۆریچکە ، کە لەماوەی کاتژمێرەکانی ڕۆژێکدا، مرۆڤ (180) مەترچوارگۆشەیی هەوا لەهەناسەداندا بەکاردەهێنێت؟ لەمەشەوە وزەیەکی ئەوتۆی بۆ دەستەبەر دەبێت کە دەگاتە هێزی بەرزکردنەوەی شەمەندەفەرێك بۆ بەرزی دوومەتر؟

هەروەها مرۆڤ دژوارییەك لە خەیاڵکردنی شتە بێ سەروبنەکاندا دەبینێت چ لەڕووی ژمارە و چ لەڕووی گەورەییەوە ، بەهەمان شێوەش خەیاڵکردنی شتە زۆر زۆر بچووکەکان یان وێناکردنیان زۆر سەخت و دژوارە، بۆ نموونە (میللی میکرۆن)، کە دەمانەوێ لە سنوورەکانی دەرك کردنماندا نزیکی بکەینەوە ، ئەوا دەتوانین بڵێین کە (میللیمەتر) یەك بەشە لەهەزار بەشی یەك مەتر، کەچی (میکرۆن) یەك بەشە لەهەزار بەشی، بەشی کۆتایی ئەو مەترە.

کەواتە یەك میکرون دەکاتە یەك لەسەر ملیۆنی یەك مەتر کەچی (میللی میکرۆن) بەشێکە لەیەك ملیاری یەك مەتر(45).

ئایا خەیاڵی ئەوە دەکەین کە جوڵەی بەشێك ووردیلەیەك پێویستە هەزارجار واتە لەخێرایی یەك لەسەر ملیۆنی توێی یەك بلیۆنی چرکەیەکدا خێراترو پەلەتر بێت، ئەم کاتە دیاری کراوەش بەناوی (فامتوسکند) ناسراوە، ئایا دەتوانین پەیوەندی

ئەم (کات)ە، بە چرکەیەکەوە خەیاڵ بکەین وەکو پەیوەندی یەك چرکە بە (32) ملیۆن ساڵ[46].

جا هەمبەر ئەم ڕاستەقینانە پێویستە یادی ئەو ئایاتەی قورئان بکەین ،کە دەفەرمووێت: ((سنريهم آياتنا في الآفاق وفي أنفسهم)) ئایەتی(53)لە سورەتی(فصلت).

**وەرگێران**

هەروەها لەبەر کەم و کورت بوونی هەست و دەرکمان بەم شتانە، ئێمەی موسوڵمان پێویستە لەسەرمان بیر لەدروست کراوەکان بکەینەوە ،نەك لەخودی زاتی خودا، چونکە ئاوەزومێشکی مرۆڤایەتی ناتوانێت پەی بە زاتی خوداوەند بەرێت و دەرکی بکات، بۆیە لە ئیسلامدا نابێ پرسیار دەربارەی زاتی خودا بکرێت ، چونکە خودی خوا لە سنوورەکانی ئاوەزومێشکی مرۆڤ مەزنترو گەورەترە، گەر مرۆڤ مێشکی خۆی لەو مەسەلەیە وەربدات ئەوا ناگاتە دەرەنجامی بەسوودو لەو جیهانەدا گوم دەبێ، هەروەکو منداڵێك گەر کەشتیەك لە کاغەز دروست بکات و بەهۆیەوە بیەوێ بەئۆقیانووسدا گوزەربکات.ئیسلام لەهەموو عەقیدەو بیروباوەڕێك زیاتر ڕێزی لە عەقڵی مرۆڤ ناوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سنووری دیاری کراوی بۆ عەقڵ داناوە، لەدونیای پەنهان و غەیبیشدا موسوڵمان پەنا ناباتە بەر عەقڵ بۆ بەڵەدبوون بەو جیهانە ، بەڵام پەنا دەباتەبەر سروش و زانیارییەکان و لەوێوە وەردەگرێ و پەسەندی دەکات: جگە لەوەی کە باوەڕ بە پێغەمبەر (ص) دێنێت، کە ئەو سروشەی بۆ دابەزیوە.خودای گەورە دەفەرموێت ((لا تدركه الابصار وهو يدرك الابصار وهو اللطيف الخبير)) ، هەروەها دەفەرموێت (ليس كمثله شيء) ئایەتی(103 ـ 104)لە سورەتی الأنعام.

هەروەها ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەفەرموێ: باس لە دروست کراوەکان بکەن کە خودا دروست کردوون و لەخوا خۆی بیرمەکەنەوە، چونکە قسەکردن دەربارەی خودا زیاتر مرۆڤ حەیران دەکات.

پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: بیر لەخودا خۆی مەکەنەوە و تەنها بیر لە سیفەتەکانی خودا بکەنەوە، لە ئەبو هورەیرەوە (ر. خ) ریوایەت کراوە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: خەڵکی هەر پرسیار دەکەن و پاشان دەڵێن: خودا

هەموو دروستکراوەکانی دروست کردووە، ئەی کێ خودای دروست کردووە؟ هەرکەسێك ئەم حاڵەتەی لەخۆیدا بەدی کرد با بڵێ: باوەڕم بەخودا هێنا.

جا پرسیارکردن لەوەی کە کێ خودای دروست کردووە ، بەخۆی هەڵەیەکی گەورەیە، واتە گوزارشتێکی نازانستیانەیە، چونکە گەر بڵێین کێ خودای دروست کردووە ، ئەوا دەبێ ئەو گریمانەیە بکەین کە یاساکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر خواش پراکتیزە دەکرێ ، ئێمە دەزانین کە ماسی لەناو ئاودا دەژی و هەناسەش تیادا دەدات ئەمەش یاسای تایبەتی ژیانی ماسییە، دەشزانین کە باڵندەکان لە ئاسماندا دەژین و لەهەوادا دەفڕن ،ئەمەش یاساو ڕێسای خۆیانە، جا گەر ماسییەك لە ماسییەکی دی بپرسێ بۆچی پەلەوەر و باڵندەکان وەکو ئێمە لە ئاودا ناژین؟ ئەم پرسیارە هەروەك ئەو پرسیارە وایە کە دەڵێ خودا دروست کراوەکانی دروست کردووە، ئەی کێ خودای دروست کردووە؟ کەواتە پێویستە موسوڵمان دەرك بەوە بکات کە هەموو دروستکراوێك یاساو ڕێسای تایبەتی خۆی لە گەردووندا هەیە، یەکێك لە سیفەتە جیاکارەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە بەلەدایکبوون پەیدا دەبێ، بەڵام خودا نە لەدایك بووەو نەدەشزێ(47) .

پێشووش ئاماژەمان بەوەدا کە زمان زۆرجار وا ڕێك دەکەوێ کە بیرکردنەوە ئاسانتر بکات، ئەویش لەڕێگای بەتواناکردنی وردەکارییەکانی و درێژکردنەوەی، کەچی زمان بۆی هەیە هەندێك جار ببێتە لەمپەرێك بۆ بیرکردنەوەی ڕێك و ڕەوان و مرۆڤ بەرەو گومراهی و هەڵە پەلکێش بکات، با ئێستاش بۆ نموونە بڕوانینە ئەم گفتوگۆ هەڵەیە کە بەدەستکارییەوە لە (لانجاکار)ەوە(48) وەرگیراوە:

(ئەیمەن) بەدوای ئاژەڵی (وەحیدقەڕن)دا دەگەڕا، جا گەر ئەیمەن بەدوای ئەم ئاژەڵەدا بگەڕێ، کەواتە وادیارە تاك قۆچ (وەحیدقەڕن) یێك هەر هەیە.

کەواتە بەلای کەمیەوە یەك ئاژەڵی (وەحیدقەڕن) هەیە، ئەمەش دەرەنجامێکی هەڵەیە چونکە (وەحید قەڕن) ئاژەڵێکی ئەفسانەییەو بوونی نییە، هیچیش مەرج نییە کە هەر ئاژەڵێك مرۆڤ بەدوایدا بگەڕێ بوونی هەبێ.

(ئەحمەد عەبدولموعتی حیجازی) ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە لەبەکارهێنانی زماندا ڕاستییەکان ناپێکین و بابەتیانە زمان بەکارناهێنین ، نموونەیەکیش دەهێنێتەوەو دەڵێ لەساڵی (1948) کاتێك کە فەلەستینمان دۆڕاند، ناومان نا (شکست) ، واتە بەچەرخی شکت هێنان زەمانمان لکاند، دۆڕاندنی (1967)

شمان بە (شکست) ناوزەدکرد[49]، جا لەو قسە نوکتە ئامێزانەی کە لە گفتوگۆی هەڵەدا بەکاردەهێنرێت ئەوەیە جارێکیان یەکێك چووە لای دکتۆرێك و پێی وت کە گەرووی زۆر ژان دەکات، دکتۆرەکەش بەوە ئامۆژگاری کرد کە شتی زۆر سوێر یان زۆر شیرین بخوات، نەخۆشەکەش وەڵامی دایەوەو وتی ئایا تۆ دەتەوێ قەناعەت بەمن بێنیت کە خواردنی سوێر و شیرین وەك یەکە، ئەم وڕێنەیە چییە؟ دکتۆرەکەش لێی پرسی وتی ئایا تۆ زیندوویت، نەخۆشەکە وەڵامی دایەوەو گوتی بەڵێ من زیندووم، پاشان دکتۆرەکە لێی پرسی ئایا سەگ زیندووە؟ نەخۆشەکە وتی بەڵێ سەگیش زیندووە؟ جا کرۆکی مەبەستەکە لێرەدا دیارە و پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر ناکات.

**هەشتەم: ئایا منداڵی تازە لەدایکبوو یان کۆرپەلە لەناو سکی دایکیدا بیردەکاتەوە؟**

پێش نیو سەدە کەس لەو باوەڕەدا نەبوو ، کە منداڵی تازە لەدایکبوو توانای بیرکردنەوەی هەیە، بەڵام پێش نزیکەی چل ساڵ زانستێکی تازە سەری هەڵدا ، کە تایبەتە بە توێژینەوەی هەموو ئاکارەکانی منداڵی شیرەخۆر، پسپۆر و توێژەرانی ئەم زانستە گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی کە منداڵی شیرەخۆر توانای بیرکردنەوەی هەیە[50].

پرۆفیسۆر (روجیە لوکیە) کە زانایەك و توێژەرێکی تاقیگەی دەروونناسی منداڵە لە پاریس ندەڵێ: پێش ئەوەی بڵێین کە منداڵ لەکاتی لەدایك بوونیدا بیردەکاتەوە، پێویستە بگەینە ئەو شتانەی کە منداڵ بیری لێ دەکاتەوە، مەسەلەیەکی ئاساییە کە منداڵ ڕاستەوخۆ پاش لەدایکبوونی دەنگی دایکی دەناسێتەوە، چونکە کۆرپەلە هەر لەمانگی پێنجەمدا و لەناو ڕەحمی دایکیدا دەنگی دایکی گوێ لێ دەبێ، کەواتە منداڵی شیرەخۆر گوێی لە دەنگ دەبێ، و چێژی شیری دایکیشی دەکات و لەزەتی لێ وەردەگرێ، دەست بۆ شمەکی دەوروپشتی خۆی دەبات، شتێکیشی بەدڵ بێت، بۆ ماوەیەکی زۆر لەدەستیشدا دەیهێڵێتەوە[51].

هەروەها (رینییە بابا رجون) کە لە (کیبیك کەنەدا)دا توێژەرە ،دەڵێ منداڵ لە تەمەنی پێنج مانگیەوە خاوەنی پرەنسیپە سەرەکییەکانی زانستی فیزیایە، چونکە هیچ شتێك ئەو قەناعەتەی لەلا دروست ناکات کە بەهەڵواسراوی

بمێنێتەوە یان بەشێوازێك هەڵبگیرێت كە هەست بە خەتەرناكی بكات، لەبەر ئەوە بەزووترین كات دەست بەو كەسەوە دەگرێت كە هەڵی گرتووە[52].

پسپۆڕانی ئەم زانستە تازەیە كە بەشێكە لە زانستی دەروونناسی پێیان وایە كە یەكەم ئەو دەنگانەی كە منداڵ گوێی لێ دەبێ، لەیادیدا تۆمار دەبێ و بەهیچ شێوەیەك ناسڕدرێتەوە، هەروەك بڵێی كە لەسەر كاسێتێكی موگناتیسی كۆمپیوتەردا تۆماركرابێت[53]. مرۆڤیش بەرامبەر بەم شتە دەتوانێ ئەو بانگەی بیر بكەوێتەوە كە لەكاتی لەدایك بوونیدا بە بەرگوێیدا دەخوێنرێت، ئەم شتەش زانایان تەنها (40) ساڵە زانیویانەو ئاگایان لێیە، كەچی پێغەمبەر (د.خ) (چواردە) سەدەیە بەهۆی سروشی خوداوە ئەم ڕاستەقینەیەی زانیوە.

زانایان تەنها هەر توێژینەیان لەسەر بیركردنەوەی منداڵی شیرەخۆر ئەنجام نەداوە، بەڵكو هەوڵیان داوە ڕادەی زیرەكی كۆرپەلەش بپێون، و توانای مێشكی منداڵ و كۆرپەلەكە بخەملێنن، هەروەها چەند زانایەكی ناوەندی توێژینەوەی ئاكارەكانی كۆرپەلە لە زانكۆی كوینز لە بەلفاست لە ئێرلەندا بە بەردەوامی كۆمەڵە كۆرپەلەیەكیان لەژێر چاودێریدا داناوە، پاش ئەنجامدانی چەند تاقی كردنەوەیەك بەسەر ئەو كۆرپەلانە ، كاتێك كە لە سكی دایكیاندا بوون، ئەم تاقیكردنەوانە چەندەها جۆری گرتەوە ،وەكو بەخشینی هۆشیاركەرەوەی دەنگی وەكو مۆسیقا، ئەو زانایانە تێبینیان كرد كە كۆرپەلەكان كاردانەیان بەرامبەر بەم دەنگانە هەیە، ئەویش بە گۆڕانكارییەكی زۆر سووك لە لێدانی دڵ، ئەمەش زانایان بەشێوەیەكی بەرایی شێوەكانی فێربوونی لە قەڵەم دەدەن[54].

پرۆفیسۆر (پیتەر هیبر) كە سەرۆكایەتی ئەم گروپەی توێژەران دەكات ،جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە كۆرپەلەی مێینە تواناكانیان باشترە لە كۆرپەلە نێرینەكان، بەو مانایەی كە كۆرپەلەی مێ توانای لەبەركردنی هەر زانیارییەكی هەیە كە پێشی كۆرپەلە نێرەكە پێی ببەخشرێ، ئەویش بەپێی چەند تاقیكردنەوەیەك كە بۆ ماوەی (24) هەفتە بەردەوام بوو. مەبەستمان لە ئەزبەركردن لێرەدا ئەوەیە كە هەركاتێك دەنگە هۆشیاركەرەوەكان دووبارە بكرێنەوە ، ئەوا كۆرپەلەكان لەكاردانەوە دەوەستان، ئەمەش مانای وایە كە كۆرپەلە زانیارییەكەی وەرگرتووە یان ئەزبەری كردووە و ئامادەی گوێ لێ بوونی دەنگی دیكەیە[55].

هەرچەندە زۆربەی زۆری زانایان و توێژەران کۆکن لەسەر ئەم بیروڕا زانستیە تازانە، کەچی هەندێك لە زانایان ڕەتی دەکەنەوە، بۆ نموونە وەکو (باسکال برونکسی) کە بیرۆکەی بیرکردنەوەی منداڵی شیرەخۆرە پەسەند ناکات و دەڵێ منداڵ تەنها هەست دەکات و هیچی تر، بەلاّم بەهیچ شێوەیەك بیرناکاتەوە ، چونکە زمان نازاتێت و مرۆڤایەتی مرۆڤیش لەزمانەوە دەست پێ دەکات، و هیچ بیروڕایەکی ڕاستەقینەش بەبێ وشە درووست نابێت[56].

وەرگێران

هەروەها (باسکال) قسەیەکی تریشی هەیەو بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە زۆری تێ ڕامێنین و دەڵێ: لە ئیقبالٚ چاکی مرۆڤدایە کە هەرچەندە مرۆڤایەتی لە زانستدا پێش بکەوێت ئەوا ئەم قۆناغەی منداڵی هەر تەمومژاوی دەمێنێتەوە و زانایان ناتوانن هەموو نهێنییەکانی بدۆزنەوە[57]. ئەم قسەیەش بیری ئەو ئایەتەمان دەکاتەوە ، کە دەڵێ (وما أوتيتم من العلم الا قليلا)(الاسراو: 85)، ئەو ئاماژەیەی بەرایی قسەکەش کە دەڵێ لەخۆشبەختی مرۆڤدایە کە هەندێك شت وەکو رازو مەتەڵ بمێنێتەوە، ئەم گوزارشتە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە توێژینەوەش سنووری خۆی هەیەو هەروەك چۆن بیرکردنەوەو عەقڵ و مێشکیش سنووری خۆیان هەیەو نابێ ببەزێنرێن هەروەکو لەپێشدا ئاماژەمان بۆ کرد.

نۆیەم: ئایا زمان و بیر لەلای ئافرەت و پیاو جیاوازیان هەیە، ئێستاش کورتەیەکی ئەو دەرەنجامە تازانە دەخەینەڕوو کە زانستی مێشك یان زانستی توێژینەوەی مێشك پێی گەیشتووە، ئەم دەرەنجامە زانستیانە لەگۆڤاری (نیوزویك) (Newsweek) دا بلاّوکراوەتەوە کە لەسەر غیلافەکەی بەمانشێتی سەرەکی نووسرابوو: (زانستی تازەی مێشك) لەگەڵ ناونیشانێکی لاوەکی دیکە کە لەسەر شێوەی پرسیارێکدابوو ، بەم شێوەیە نووسرابوو: بۆچی پیاوان و ئافرەتان بیرکردنەیان جیاوازە؟

زانا ئەمریکییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان مێشکی پیاو و مێشکی ئافرەتدا هەیە ، لەبەرئەوە هەردووکیان بەشێوەیەکی جیاواز بیردەکەنەوە، زانایان گەیشتنە ئەم دەرەنجامە پاش ئەوەی دەستیان کرد بە توێژینەوەی مێشکی زیاتر لەهەزار پیاو و هەزار ئافرەت ئەویش بە بەکارهێنانی ئامێری وێنەگرتنی (بواری کردەی هاتوچۆی دەمارەکانFMRT و ئامێری

ئەشیعەی موگناتیسی ئەتۆمی PET لە هەموو قۆناغەكانی بیركردنەوە و یادكردن و فێربوون و هەست و سۆزەكاندا.
هەروەها پرۆفیسۆر (ریچارد هیر) لە زانكۆی كالیفۆرنیا و پرۆفیسۆر (روبین جۆن) لەزانكۆی بەنسلڤانیا كە سەرپەرشتیان كردە سەر یەكەم توێژینەوەی زانستی لەو جۆرە، گەیشتنە ئەم دەرەنجامە زانستیانە:
ـ مێشك بەهیچ شێوەیەك ماوەیەكی زۆر سست نابێت و لەبیركردنەوە ناكەوێت ، هەرچەندە مرۆڤ بە ئەنقەستیش بیەوێ مێشكی خۆی سست بكات.
وەرگێران
ـ لەكاتی حەوانەوەدا پیاو بۆ نموونە بیر لەكارەكەی یان بیر لە تۆپانێ دەكاتەوە، كەچی ئافرەت بیركردنەوەی بە ئاراستەی هۆنینەوەی وشەكان رێچكە دەكات.
ـ پیاوان بەشی چەپی مێشك بەكاردەهێنن، كە تایبەتە بە زمان ، كەچی ئافرەتان هەردوو بەشی راست و چەپ بەكاردەهێنن ئەوەش زانراوە كە بەشی راست تایبەتە بە سۆز، كە ئەمەش نهێنی سۆزداری ئافرەتان شرۆڤە دەكات.
ـ ئافرەتەكان توانایان بۆ ئاوێتەكردنی زمان بەسۆزەوە زیاتربوو ،كە بووە یارمەتیدەرێك بۆیان كە گوزارشت بكەن و ئەو وشانە بەكاربێنن كە گوزارشت لەو شتانە بكات و لە دەروونیاندا پەنگی خواردووە.
ـ بەشی چەپی مێشك تایبەتە بە قسەو تواناكانی زمان و چەند دەستەیەك دەمار لەمێشكی ئافرەتدا زیاتر لەمێشكی پیاو تیادا بەدی دەكرێت، ئەمەش یارمەتیدەرێكە بۆ ئافرەت كە لەپیاو گوزارشت باشتر بكات.
لە تاقی كردنەوەیەكی تریشدا كە خاتوو (لۆرا ئالان) و (رۆجەر جورسكی) لەسەر (146) پیاو و ئافرەت ئەنجامیاندا ، ئەم دەرەنجامانە دەركەوتن:
ـ بەشی چەپی مێشك لەلای پیاو ئاگای لەبەشی راستە نییە، بە پێچەوانەی مێشكی ئافرەت كە وتوێژێكی دەمارگیری واتە لەگوزەرگای دەمارەكانەوە هەمیشە لەنێوان چەپ و راستی مێشكیدا گفتوگۆیەك ئەنجام دەدرێ.
ـ مێشكی ئافرەت لەهۆدەیەك دەچێ، بۆیە دەتوانێ كە خۆی لەسەر یەك بابەت چڕ بكاتەوەو بەتوانایەكی بالا جەخت بكاتە سەر یەك بابەت، بەم شێوەیە مێشكی ئافرەت دەسكەوتێكی زۆر دەستەبەر دەكات، بەلام مێشكی پیاو وەكو خانوویەكە و دابەشكراوەتە سەر چەند هۆدەیەك و لەهەر چالاكییەك بەشێك وەردەگرێ.

توێژینەوە نوژدارییەکان سەلماندوویانە کـە هۆرمۆنـەکانی ڕەگـەز کاریگەریـەکی زۆری بەسەر جیاوازییەکانی مێشکدا هەیە چ لەلای پیاو چ لەلای ئـافرەت، ئـەم هۆرمۆنە ڕەگەزیانە وا لەپیاو و ئافرەت دەکەن کە هەریەکەو بەشێوەیەکی جیاواز مێشك بەکاربهێنن، بەڵام دەروونناسی ئەمریکی (مارك بریدلس) جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە بەشەکانی مێشکی مرۆڤ گرژ دەبێت یـان گەشـە دەسـێنێت ، ئەویش بەپێی ئەو ئەزموونە کۆمەڵایەتییانەی کە لە مامەڵەکردنەوە مرۆڤ فێـری دەبێت، لەبەرئەوە کردە و ئاوێتەبوونە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان بەشداری دەکەن لە بەرەوپێشڤەبردنی دەزگای دەماری مـرۆڤ لەپاشانیـشدا بەشـێکی دیـاری کـراوی مێشك یان گەشە دەسێنێت یان گرژدەبێتەوە.

هەروەها ئەو مامەڵەیەی کە کەسێك لە دەوروپـشتی کۆمەڵایەتییـەوە بەرامبـەر ئەنجام دەدرێ بۆ پیاو بۆ ژن جیاوازە ، ئەمـەش کاریگـەری بەسـەر پێـشڤەبردنی مێشکی مرۆڤەوە هەیە.

جا گەر لە هەندێکی ئەو جیاوازییانە ڕامێنین و لەو دەرەنجامانـە وردبینـەوە کـە سەلماندویانە ، ئافرەت توانایان بۆ ڕوونکردنەوەی هەست و سۆز زیاترە، بەتایبەتی سۆزی غەمگینی و نیگەرانی، و تواناشیان لەسەر ئەوەش هەیە ، کە زووتر لـەو بارە غەمگینییە دەربچن، ئەوکاتە دەزانین کە ئەو جیاوازیانە شـتەکان یـەکانگیر دەکەن زیاتر لەوەی جودایان بکەنـەوە، سوودبەخـشیش دەبـن زیـاتر لـەوەی کـە زەرەرمەنـدبن ئەوسـاتە وەختـەش ئـەم ئایەتـەی قورئانمـان بیردەکەوێتـەوە، کـە دەڵێ:((ومن أياته أن خلق لكم من انفسكم أزواجاً لتكنـوا اليهـا وجعـل بيـنكم مودة ورحمة))(الروم: 21).

**دەیەم: کۆتایی**

ئەمڕۆ دیـاردە جیهانییـەکانی زمـان (بـەمانای ئادگـارە هاوبەشـەکانی زمانـە جۆراوجۆرەکان) ، گرنگی زیاتری پێ دەدرێت وەك لەتیۆری (وۆرف) کـە بـەناوی (ڕێژەی زمانەوانی) ناوزەد دەکرێت، کـە پێـشووتر ئاماژەمـان پێـدا، هـەروەها زمانەوانی ئەمریکی ناسراو (نەعۆم چومسکی) ئاماژەی بـۆ ئـەوە کـردووە کـە (وۆرف) زیاد لە پێویست گرنگی بە پێکهاتەو بونیادە ڕوواڵەتییەکانی زمان داوە، کەچی لە ئاستە دوورو قوڵەکانیاندا زمانەکان لەیەکدی دەچن و کەمتر جیاوازیان هەیە، (ئەمەش مانای ئەوە نییە کە زمان و ڕۆشنبیرییە هەمە جۆرەکانمان لـەیاد

بچێت،چونکە لەوانەیە کاریگەری گرنگییان بەسەر ئاکارو ڕەفتاری مرۆڤدا هەبێ).

کاکڵەی مەسەلەکە ئەوەیە قسەکەرانی زمانێك لەوانەیە باشتر بیر لەهەندێ شت بکەنەوە، چونکە زمانەکەیان ئاسانکاریان بۆ دەکات. جا زمانەوانی ئەمریکی (چارلز هوکیت) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ،کە زمانەکان لەوەدا جیاوازنین ،کە دەتوانرێ چی پێ بوترێ ،بەڵکو زیاتر لەوەدا جیاوازن کە چ شتێك ئاسانترە پێی بدرکێنرێت.کەواتە جیاوازی زمانەکان لە تواناکانی گوزارشت کردندا نییە، بەڵکو زیاتر لەوەدایە کە بە کردەوە گوزارشتی لێ دەکرێت و لەوەشدایە کە پێویستە گوزارشتی لێ بکات، واپێ دەچێ ئەرکە سەرەکییەکانی زمان ،هەموو زمانەکان ئەدای بکەن، وەکو بەخشینی زانیاری و ڕەتکردنەوەی و ئاڕاستەکردنی پرسیارو فەرمان دەرکردن و هتد... هەروەك ئەوەی کە مرۆڤایەتی هەموو ڕێك کەوتوون لەسەر چەند سەلمێنراو و چەند چەسپاوێك کە کردەی بیرکردنەوە کۆنترۆڵ دەکەن، بۆ نموونە کورتترین ماوە لەنێوان دوو خاڵدا هێڵێکی ڕاستە کە گەیەنەربێت لەنێوانیاندا، و بەشی کەمترە لە گشت و هەردوو ئەو نرخەی کە هەر یەکێکیان دەکەنە نرخێکی سێیەم ، یەك ڕێژەو یەك ئاستن و ئیتر بەمشێوەیە.

لەوانەشە بوونی حاڵەتی وەرگێڕان لەنێوان زمانە هەمەجۆرەکاندا ئاماژەیەك بێ بۆ بوونی شارەزاییەکی گشتی بەو جیهانەی کە هەموو مرۆڤ تیایدا هاوبەشن، ئەم شارەزاییەش سەربەخۆیەو پەیوەندی بە زمانە تایبەتەکەیانەوە نییە ، کە گوزارشتی لەو شارەزاییە پێ دەکەن.

کورتەی قسە دەڵێین کە ڕووەکانی لێکچوون لەڕووەکانی جیاوازی زیاترن لەبواری چۆنێتی دامەزراندنی تیۆری زمانەوانیدا ، ئەویش بە ئاماژەکردن بۆ چەمکەکان، چونکە ئەم چەمکانە دەرەنجامی ئاوێتەبوونی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتین لەگەڵ ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا کە هەموو شوێنەکانی جیهان لەو بوارەدا وێکچووی یەکن، تەنانەت لە حاڵەتی بوونی چەند جیاوازییەك ئەوا زیرەکی و هۆشیاری مرۆڤ بەسە بۆ تێگەیشتنی و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لێوەی پەیدا دەبن.

## وەرگێڕان

پەراوێزەکان:

1ـ بڕوانە: الزبیدی، تاج العروس.

2ــ هــەمان سەرچــاوە و المعجــم الوســیط، مجمــع اللغــة العربیــة بالقــاهرة، الطبعــة الثانیــة، 1972.

3ـ محمد علی الخلولي، معجم علم اللغة النظري، مكتبة لبنان، 1982.

4ـ هەمان سەرچاوە .

5ـ المعجم الوسیط.

6ـ احمد شوقی رضوان، عثمان بن صـالح الفـریح، الریـاض: عمـادة شـؤن المكتبـات ـ جامعـة الملك سعود ، الطبعة الثالثة 1411 هـ (1991) ، ص7.

7- Dan 1. slabin, Psycholinguistics, Glenview, lllinois: Scott Foresman and co, 1961, p. 99.

8ـ جودیث جرین, التفكیر واللغـة, ترجمـة عبـدالرحمن عبـدالعزیز العبـدان، الریـاض: دار عـالم الكتب، 1410هـ (1990) ص111.

9ـ هەمان سەرچاوە ، ص113.

10ـ هەمان سەرچاوە ، ص119.

11ـ عبدالعزیز محمـد الـذكیر، الـتفكیر بـصوت مـسموع. جریـدة الریـاض، 1416/1/3 هــ (1995/6/1)، ص8،ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە منداڵ چ کچ یا کوڕ پــێش تەمــەنی شــەش ساڵان ، برادەر لە تەمەنی خۆیان پەیدا دەکەن ، بەڵام لە خەیاڵ ئــەو نــاوە بــۆ برادەرەکانیــان دادەنێن کە خۆیان خۆشیان دەوێت ، و زۆربەی کاتەکانیش بۆ پرسیارکردن ، پرس بەو بــرادەرە

دەکەن و هەوڵدەدەن کە ئەو ڕازی بکەن .ئەو برادەرەش دەبێتە بەشێکی گرنگ لە ژیـانی ئـەو منداڵە .

12ـ احمد شوقى رضوان، عثمان بن صالح الفريح، هەمان سەرچاوە،ص6.

13ـ هەمان سەرچاوە ، ص(7 ـ 8).

14- Slobin , op . cit. pp 116- 117.

15- Ronald w. Langacker , Language and its structure san Diego; Harcourt Brace Jovanovich, Publishers Second Edition, 1973, p. 36.

16ـ جرين، هەمان سەرچاوە ، ص116

وەرگێڕان

17- Slobin, op. cit .P. 100.

18- John B. Carroll . Language and Thought Englewood cliffs , New Jersey; Prentice Hall Inc. 1964, p. 76.

19- Langacker, op. cit. p. 37.

20- Slobin op . cit. P. 100.

21ـ احمد عبدالمعطي حجازي، علموا الاولادكم الشعر، الأهرام 14/ 6/ 1995م، ص16.

22- carrol, op. cit. P . 95.

23- carrol, lbid.

24- carrol, lbid.

25- Slobin, op. cit. pp. 99- 100.

26ـ جرين، هەمان سەرچاوە ، ص104.

27ـ هەمان سەرچاوە ، ص104.

28- Langacker, op. cit. p. 38.

29- Slobin, op. cit. pp. 126- 127.

30ـ باريس، مرض غريب يصيب سياح اليابان، الأهرام 24،- 12- 1992م، ص17.

31ـ احمد شوقي رضوان، عثمان بن صالح الفريح، هەمان سەرچاوە، ص7.

32ـ جرين، هەمان سەرچاوە ، ص 103،

33ـ محمد بنهان سويلم، هـل تـذكر الحيوانـات، الفيـصل، العـدد205. رجـب 1414 هــ - ديسمبر/ يناير 1993.

34ـ أنيس منصور، مواقف، الأهرام، 1994/1/29،ص86.

35ـ جريدة الرياض، ملحق ثقافة اليوم، الخميس (4) رمـضان 1413 هـ (1993/2/25) ،ص35.

36ـ هەمان سەرچاوە .

37ـ سمير حنا صادق، مؤسسة سميثونيان ومتاحف العالم الأهرام، (1995/5/19)، ص9.

38ـ حسن ظاظا، الكشكول، سلاماً ايها القطط، جريدة الرياض، (1416/1/3)هـ (1995/6/1م)، ص26.

39ـ حسن ظاظا، الكشكول،اللسان و الادب و اللهب،جريدةالرياض، 1995/5/25،ص22.

40- جرين ، هەمان سەرچاوە ، ص4. وەرگێڕان

41ـ جرين، هەمان سەرچاوە ، ص 103.

42- Langacker. Op. cit. p . 96.

43ـ عبدالسلام المسدى. اللغة الأداة، جريدة الرياض، ملحق ثقافة اليوم، العدد 9691، 4 شعبان 1415 (5/ 1/ 1995م) .

44ـ مصطفى محمود، السر الأعظم، دار العودة- بيروت، 102.

45ـ خالص جليي، لو تحولت الكرة الأرضية الى قرية تضم الف شخص، جريدة الرياض، 8 شوال 1415، (1995/3/9م) .

46ـ زينب عبدالرزاق، قنبلة عملية جديدة، الأهرام، (1995/5/26) ص 3.

47ـ محمد ابراهيم، الكاتب الصحفي احمد بهجت: ذات الله تجاوز طاقة العقل، الأهرام، 1995/2/22، ص 12، محمد جواد مغنيية الله يُرى بالبصيرة لا بالبصر، الأهرام 1995/2/8م، ص12.

48- Langacker. Op. cit. p 37.

49- احمد عبدالمعطي مجازي، كلمة عن الأسماء، الأهرام 1995/11/26، ص16.

50ـ هبة الوزة، الطفل حديث الولادة يفكر ويحلم ويتفاعل ، الأهرام 1994/11/11م، ص7.

51ـ هەمان سەرچاوە .

52ـ هەمان سەرچاوە .

53ـ هەمان سەرچاوە .

54ـــ الجـــنين يبـــدأ الـــتعلم في رحـــم أمـــهِ، جريـــدة الريـــاض 1415/11/6هـــ (1995/4/6)،ص34.
55ـ هەمان سەرچاوە .
56ـ هبة لوزة، هەمان سەرچاوە .
57ـ هبة لوزة، هەمان سەرچاوە .
58ـ عزت السعدني، وجعل بينكم مودة و رحمة، الأهرام، 1995/4/1، ص3.

- **ئەم وتارە لەم کتێبە وەرگێڕدراوە:**

**د.احمد شفيق الخطيب ، قراءات في علم اللغة، دار النشر للجامعات ، مـصر، 2006 ، ص 8-34.**

**وەرگێڕان**

# سەرەتايەك لە واتاسازی

**و: يووسف نووری محەمەدئەمين**

**واتاسازی**

ئەم وەرگێڕانە بەشی حەوتەمی کتێبی (سەرەتایەك لە زمانەوانی نوێیە) ، لە بەشەکانی پێشتری ئەم کتێبە گرنگی بەلایەنی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی دراوە، جا بۆ ئەوەی زمان ئەرکی سەرەکی خۆی بگەیەنێت کە پەیوەندی کردنە، پێویستە ئەو شێوەو پێکهاتە زمانیانە ، واتایەکی دیاریکراو ببەخشن.لەبەرئەوە ئەو بەشە تەرخانکراوە بۆ واتاسازی ، کە ئاستێکە لە ئاستە گرنگەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، کە لێکۆڵینەوەیە لەواتای وشەو ڕستە.

لێکۆڵینەوە لە یەکەکانی زمان وەکو وشە و ڕستە تەواو نابێ، ئەگەر لێکۆڵینەوە لەواتای ئەو یەکە زمانییانە نەکرێت و واتا و ماناکانیان ڕوون نەکرێتەوە ، چونکە زانینی واتای ئەو یەکانە (وشە و ڕستە) بناغەی کردەی پەیوەندی کردن پێك دێنێت لەنێوان بەکارهێنەرانی زمانێکی دیاریکراو چ بەنووسین بێ یان قسەکردن، لەبەر ئەوە واتاسازی یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی زمانەوانی وەکو ڕستەسازی و وشەسازی و دەنگسازی، ئەگەر زانیمان زمان پێڕەوێکە بۆ پەیوەندی کردن، کەواتە بێ گومان واتاش بەشێکی سەرەکی ئەو پێڕەوە پێك دێنێت.

**وەرگێڕان**

زانیاریمان دەربارەی واتای وشە چییە؟ واتا خۆی چییە؟ ئەو بابەتانە چین کە واتاسازی چارەسەریان دەکات و لێیان دەکۆڵێتەوە؟ هەوڵ دەدەین لەم بەشەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

مەبەست لە توانستی زمانی ئاستی واتاسازیدا چییە؟

توانستی زمانی لە ئاستی واتادا، واتە زانینی ئەمانەی خوارەوە:

1ـ **واتای فەرهەنگی وشەکە:** واتای بنچینەیی وشەیە، کە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێ، بۆ نموونە وشەی (شێر) واتاکەی یەکێکە لە ئاژەڵە دڕندە گۆشت خۆرەکان کە لە پۆلی (سەنورییەکانە) بە پاشای گیانلەبەران ناسراوە.

2ـ **واتای خوازەیی وشە:** کە بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك بۆ واتایەکی نوێ و جیاواز لە واتا فەرهەنگییەکەی بۆ نموونە کە دەڵێن: (فڵان شێرە) مەبەستمان ئەوەیە کە ئازایە، یا لەزمانی ئینگلیزیدا دەڵێن:( His in the evening of his life) واتە لە پاییزی تەمەنی دایە.

3ـ **واتا جیاوازەکانی وشەیەك (فرەواتا):** زۆر وشە هەیە لەزماندا زیاتر لەواتایەك هەڵدەگرێت و واتاکەی بەگوێرەی ئەو چوارچێوە یا دەوروبەرە زمانییەی کە

وشەکەی تێدا بەکاردەهێنرێ، دیاری دەکرێ و دەزانرێ. بۆ نموونە وشەی (چاو) ئەندامێکی لەشی مرۆڤە کە بەهۆیەوە دەبینێ یا بە مانای (جاسوس) دێت.

**4ـ پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشە**، وەك هاوواتاو دژواتا و گرتنەوە... هتد. بۆ نموونە جاری وا هەیە چەند وشەیەك هەمان واتایان هەیە، وەك (بیابان و چۆلەوانی و دەشت).کە بەهاوواتا ناو دەبرێن. دژواتاش ئەوەیە کە وشەکان واتاکانیان پێچەوانەی یەکتربن. وەك (گەورە ـ بچووك) (زیندوو ـ مردوو) (کڕی ـ فرۆشتی) ،گرتنەوەش وەکو وشەی (میوە و سێو)، ئەم پەیوەندییانە زیاتر ڕوون دەکەینەوە لەشوێنی خۆیدا.

**5ـ ئەو چوارچێوەو دەوروبەرەی کە وشەکەی تێدا بەکاردێت**، هەندێ جار واتای وشە دەگۆڕێ بەپێی ئەو چوارچێوەو دەوروبەرە زمانییەی وشەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە وشەی (قضی) واتاکەی دەگۆڕێ بەگوێرەی ئەو چوارچێوەیەی وشەکەی تێدا بەکاردەهێنرێ:

قضی بین الخحمین: دادوەری لەنێوانیان کرد

قضی لة: حوکمی بۆدا **وەرگێڕان**

قضی علیة: کوشتی

وقضی ربك: خوا فەرمانی دا

قضی الدین: جێ بەجێ ی کرد

قضی نحبة: مرد

قضی عمره في: تەمەنی خۆی بەسەر برد

6ـ سیما واتاییەکانی وشە (Semontic Features)

هەموو وشەیەك لە کۆمەڵە سیمایەك پێك دێت، کە واتای وشەکە دیار دەکات و لەوشەکانی تر جیای دەکاتەوە، بۆ نموونە وشەی (چوارگۆشە) ئەو سیمایانەی هەیە و ڕووی تەختە، لەچوارلای یەکسان پێك دێت، گۆشەکانی وەستاوە.

**7ـ واتای ڕستە**

**8ـ پەیوەندی نێوان ڕستەکان**

**9ـ سیماکانی ڕستە**

لەپاشان ڕوونی دەکەینەوە کە مەبەستمان چییە لە واتای ڕستە و پەیوەندییەکانی نێوان ڕستە.

## واتا چییە؟

هەتا ئێستاش دیاریکردنی واتای ناوەڕۆکی واتــا جێگــەی مــشتومڕو گفتۆگۆیــە لەنێوان زمانەوان و فەیلەسووف و زانایانی ژیربێژی. هــەموو وشــەیەك لەزمانــدا واتایەك یا زیاتری هەیە، بەڵام پەیوەندی نێوان فۆرمێکی زمــانی یــا وشــەیەکی درکاو بەناوەرۆکەی چییە لە جیهــانی دەرەوەدا، ئایــا پەیوەندییەکــە لەخۆوەیــە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە لەنێوان ئــەو ڕیــزە دەنگەی کە وشەکەی لێ پێك دێت و لەگەڵ ئەو واتایەی کە وشەکە دەیگەیەنێت.

ئەو دیاردەیەش زمانەوانی سویسری (فردینانــددی سۆســێر) (1916) ئامــاژەی پێکردووە کاتێك کە (هێما)ی زمانی یا فۆرمی زمانی کردە دووبەش.

1ـ ناو (الدال ـ) ئەو ڕیزە دەنگەیە کە وشەی لێ پێك دێت.

2ـ ناولێنراو (المدلول ـ) ئەو شتەیە کە وشــە لــە جیهــانی دەرەوە یــا لــەواقیعی ژیاندا دەیگەیێنێت.

سۆسێر ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندی وشەی (ئەسپ) و ئەو گیانلەبــەرەی کــە وشەکە دەیگەیەنێت پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، چونکە هیچ هۆیەك نییە کە ببێتــە مایەی دروستکردنی پەیوەندی نێوان وشەو واتاکەی، چونکە هــۆ چ پەیوەندییــەك نییە لەنێوان وێنەی دەنگی وشەی (ئەسپ) لەگەڵ ئەو گیانلەبــەرەی کــە وشــەکە ئاماژەی پێ دەکات. ئەگەر وشەیەکی تر یا ناوێکی تر بۆ ئەو ئاژەڵە بــەکارهاتبا ئەوا ئەو وشەیە یا ناوە بەکاردەهات لەجیاتی ئەو ناوەی ئێستای.

زمانەوانان هەوڵێکی زۆریانداوەو چــەند بــیردۆزو بۆچــوونێکیان خــستۆتەڕوو بــۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست و چەمکی واتا لە گرنگترین ئەو بیردۆزانەی خراونەتەڕوو ئەمانەن:

### 1ـ بیردۆزی ناولێنان یا یەکسان بوونی واتا بە شتەکە

ئەم بیردۆزە ئاماژە بەوە دەدا، کە واتای وشە ئــەو شــتەیە کــە وشــەکە لــەژیانی ڕۆژانەدا دەیگەیێنێ. بۆ نموونە کــە دەڵــێین (دار) یــا (قوتابخانــە) یــا (پێنــووس) ،مەبەستمان لەو وشانە ئەو شتانەیە کە وشەکە ئامــاژەی پــێ دەکــات لــەژیانی ڕۆژانەماندا. (قوتابخانە) ئەو شوێنەیە کە تێیدا فێری زانــست دەبــین، (دار) ئــەو شتەیە کە پەلك و گەڵای هەیە. (پێنووس) ئەوەیە کە پێی دەنووسین.

دیارە پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو ڕوون و ئاشکرایە لەناوە تایبەتییەکانــدا بــۆ نموونە (خالیدی کوڕی وەلیــد) ئاماژەیــە بــەو کەســە ناســراوەی کــە لەمێــژووی ئیسلامدا دیارە، یاخود ناوی (عیسای کوڕی مەریەم) ئاماژەیە بــۆ پێغەمبــەری خوا (عیسای کوڕی مەریەم) کە بەو ناوە دەیناسین.

ئەوەی کە بۆ ناوڕاست بێ لەجۆری پەیوەندییەکە، بەسەر (کــار)یــش جــێ بــەجێ دەبێ. بۆ نموونە (کار) ڕووداوێك یا بارێکی دیــاریکراو نیــشان دەدا. (ئاوەڵنــاو) ئاماژەیە ،ســیفەتی شــتێك دەکــات یــا یــەکێك لــە تایبەتمەندییــەکانی شــتەکە دیاردەخات.

(ئاوەڵکار) چۆنییەتی ڕوودانی کارێك نیشان دەدا، یــا کــات و شــوێنی ڕوودانــی کارەکە دیار دەکات.

بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری ئەم بیردۆزە بکەین ئەوا کەم و کوڕییەکی زۆر لەم بیردۆزە بەدی دەکەین:

1ـ ئەگەر باوەڕمان وابێت هەموو وشەیەك واتای هەیە ئەمەش ئەوە دەگــەینێت کە هەموو وشەیەك ئاماژە بەشتێکی بەرجەستەیی دیاریکراو دەکــات لەژیانــدا، بەڵام زمان زۆر وشەی تێدایە کە واتای هەیە یا ئەرکی هەیە، بــەڵام بەرامبــەری هیچ شتێکی هەست پێکراوی بەرجەستە نییــە. بــۆ نموونــە (دێو،تونــد، ئەگــەر، بزانە، ئازادی، خۆشەویستی، تووڕەیی... هتد).

وەرگێران

2ـ ئەگەر بینیمان دوو وشە یا دوو دەستەواژە ئاماژە بەیەك شت دەکەن لەژیانی ڕۆژانەماندا. ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو دوو دەربڕینە یەك واتایان هەیــە، بــەڵام ئەمە دەرئەنجامێکی هەڵەیە. بۆ نموونە ئەو سێ دەربڕینە لــەزمانی ئینگلیــزی دا ئاماژە بەیەك شت دەدەن، بەڵام جیاوازییەکی ئاشکرا لــەواتاکانیان هەســت پــێ دەکرێ.

1- The evning star ئەستێرەی شەو

2- The morning star ئەستێرەی بەرە بەیان

3- Venus ڤینۆس

ئەو سێ دەربڕینە بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە هەسارەی (زوهرە)، بەڵام دەربڕینی یەکەم واتای ئەستێرەی شەوان و دەربڕینی دووەم واتــای ئەســتێرەی بەرەبــەیان و دەربڕینی سێیەم واتای هەسارەی زوهرەیە.

یان کاتێك دەڵێین (عەممان) و (پایتەختی وڵاتی ئەردەنی هاشمی) لێرەدا ئـەو دوو دەربڕینە ئاماژە بە یەك شار دەکەن، بەڵام لەمانای وشەییدا جیـاوازن و هاووواتـا نین.

3: ئەو بیردۆزە دژەکەی لەناخی خۆیدایە، چونکە هەتا ئەو وشـانەی ئامـاژە بـۆ تەنێکی بەرجەستەش دەکەن لەژیانی ڕۆژانەدا، ئاماژەکردنێکی ڕوون و ئاشـکراو دیاریکراو نییە، تەنانەت لای ئەو کەسانەی کە بەو زمانە قسە دەکەن بـۆ نموونـە کە گوێمان لە وشەی (کورسی) یا (دار) یا (خانوو) یا (ئۆتۆمبێل) دەبێت، ئێمە دەزانین واتای چییە ، بەڵام نازانین ڕاستەقینەو هەقیقەتی دیـاریکراوی ئـەو شـتە چییە؟ کە وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات ، بۆ نموونە (کورسی) ڕەنگە ئاماژە بێ بـۆ ئەو کورسییەی کە مامۆستای قوتابخانە لەناو پۆلدا لەسەری دادەنـێین یـا ڕەنگـە ئاماژە بێ بۆ ئەو کورسییەی کە لە باخچە گشتی و پارکەکاندا یا لەسەر شەقامە گشتییەکان زیاتر لە کەسێك لەسەری دادەنیشێت یـا ڕەنگـە ئاماژەبـێ بـۆ ئـەو کورسییەی کە زیاتر لە قوتابییەکی لەسـەر دادەنیـشێت لـە پـۆلی قوتابخانــەدا. ڕەنگە کورسییەکە داربێ یان ئاسن بێ.

ئەوەی باسمان کرد ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بـیردۆزی ناولێنـان یـا یەکـسان بوونی واتای وشە بە شتەکە. ناتوانێ لێکدانەوەیەکی وردو گشتگیر بـۆ چـەمکی واتا بکات لەزماندا.

## 2ـ واتا بریتییە لە وێنەی هۆشەکی

واتا لەو بیردۆزەدا وێنەی هۆشەکی ئەو شتەیە کە وشەکە ئامـاژەی بـۆ دەکـات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وێنەی هۆشەکی شتێکی دیاریکراوە، لە کەسـێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ یا بەپێی ژینگەی ئابووری و کۆمەڵایـەتی دەگـۆڕێ. بـۆ نموونە وێنەی هۆشەکی بۆ وشەی (جوانی) لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگـۆڕێ ، یا لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێ.

جگە لەمەش زۆر وشە هەیە واتای هەیە، بـەڵام وێنـەی هۆشـەکی دیـاریکراو و بەرجەستەو هەستپێکراوی نییە، بۆ نموونە وشەی (ئەگەر، تـەنیا، هەسـتی کـرد. دەزانێ، خۆشەویستی، ئازادی، ڕق لێ بوونەوە... هتد) ،ئەوانە و چـەندا وشـەی ئەبستراکتی تر ، ئەمەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە یەکـسان بـوونی واتـاو وێنـەی هۆشەکی ناو مێشك بەردەوام ڕاست دەرناچێ بۆ دیاریکردنی مەبەستی واتا.

## 3ـ واتا بریتییە لەبەکارهێنانی وشە

لەزماندا هەندێ لەزمانەوانان وای بۆ دەچن کە واتای وشە دیاری دەکرێ بـەهۆی ئەو چوار چێوەو دەوروبەرەی وشەکە تێـدا بـەکاردێت. هـەر لەبـەر ئەوەشـە کـە زمانەوان (فێرس) دەڵێ واتای وشە دیاری ناکەوێت تەنیا بەپێی ئەو چوارچـێوە و دەوروبەرە نەبێت، کە وشەکە یا ڕستەکەی تێدا بەکارهاتووە.

لەوانەیە یەك وشە چەند واتایەکی هەبێت بەپێی ئەو چوارچێوەیەی کـە وشـەکەی تێدا بەکاردەهێنرێ، چوارچێوە یـا دەوروبـەر چـەند شـتێك یـا چـەند ڕەگـەزێك دەگرێتەوە. وەك قسەکەرو ئەو زمانـەی بـەکاری دەهێنـێ (ڕەوشـتی زمـانی) و ڕەوشتی نازمانی (ئەو ئاماژەو هێمایانەی کە بەدەست و دەم و چاو) دەردەبڕێت ، هەروەها ئەوکات و شوێنەی کە قسەکەی تێدا دەکرێ. بۆ زانینی ئەوەی کە چـۆن بەگۆڕینی چوارچێوەو دەوروبەر ، واتا دەگۆڕێت. سەیری وشـەی (بـاڵ)بکـە لـەم نموونانەدا:

1ـ باڵی باڵندەکە شکاوە.

2ـ باڵی چاکسازی کاران زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێنا.

3ـ خوا دەفەرمووێت: ((باڵی زەلیلی و بەزەیی بۆ دایك و باوکتان ڕابخەن) لەگەڵ وەرگێڕان ئەوەی کە ئەم بیردۆزە لایەنێکی زۆر گـەورەی لەچـەمکی واتـا ڕوون کردۆتـەوە، بەڵام لەڕەخنە بەدەر نییە.

(پالمەر) ڕەخنە لە ڕێبازی (فێرس) دەگرێ ، کە ڕێبـازی چوارچـێوەو دەوروبـەرە، دەڵێـت (فێـرت) بیردۆزێکـی تـەواو و گـشتگیری بـۆ وەسـف کردنـی هـەموو پێکهاتەکانی زمان پێشکەش نەکردووە، بەڵکو تەنها جەختی لەسەر چوارچـێوەو دەوروبەر کردۆتـەوە بـۆ دیـاریکردنی واتـا.چـەمکی چوارچـێوەو دەوروبەریـشی بەتەواوی دیارنەکردووە کە چییە؟ ناتوانرێ بەکاربهێنرێ بـۆ دیـاریکردنی واتـای زۆرێك لە ڕستە لەزماندا.

## 4ـ واتا بریتییە لەکۆمەڵێك پێکهاتەو ڕەگەز

بەپێی ئەم بۆچوونە واتای وشە پێك دێت لەکۆمـەڵێك سـیمای جیاکـەرەوە. کـە واتای وشەکە دەگەیەنێ و لەوشەکانی تر جیـای دەکاتـەوە، کـە سـەر بەهـەمان کێڵگەی واتایین، بۆ نموونە وشەی (پیاو) سیما جیا کەرەوەکانی ئەمانەن:

(+زیندوو+مرۆڤ+هەراش+نێـر)، وشـەی (ژن) ئـەم سـیما جیاکەرەوانـەی هەیـە (+زیندوو + مرۆڤ + هەراش ـ نێر)، دەتوانین جیاوازی نێـوان وشـەکانی (پیـاو، کوڕ، ژن، کچ)، لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:

| وشەکان | زیندوو | مرۆڤ | نێر | هەراش |
|---|---|---|---|---|
| پیاو | + | + | + | + |
| کوڕ | + | + | + | − |
| ژن | + | + | − | + |
| کچ | + | + | − | − |

یەکێك لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی ئەو بیردۆزە دەبێتەوە ، دیـاریکردنی سـیماو ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی ئـەو وشـە (ئەبـستراکت)یانەیـە، کـە واتاکانیـان (ئەبستراکتین)، وەکو وشەی (خۆشەویـستی، ئـازادی، ڕق... هتـد) یـان هەنـدێ وشەی وەك (ئەگەر، لە، بە، بوو، بۆ... هتد).
لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی پێشتر باسکرا ،دەتوانین بڵێین توێژەرەوانی بواری واتاسـازی نەگەیشتوونەتە پێناسەیەکی وردو گشتگیر بۆ چەمکی واتا، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە لێکۆڵینەوە لە واتاسازی ڕابگیرێ، بـەڵکو دەبـێ زیـاتر لێکۆڵینـەوە لـەبوارە جۆراوجۆرەکانی واتاسازی بکرێ.
پێش ئەوەی قسەکانمان کۆتایی پێ بهێنین دەربـارەی واتـا و بیردۆزەکـانی واتـا، بەشتێکی سوود بەخشی دەزانم باسی هەندێ زمانەوان بکەین لـەم بـوارەدا، کـە واتایان بۆ سێ جۆر دابەش کردووە. لەوانە (فینجان و بزنیر) .
جۆرەکانی واتا

## 1ـ واتای ئاماژەیی:

مەبەسـت لـە واتـای ئامـاژەیی وشـە، شـتەکە خۆیـەتی یـا کـەس یـا بـیرە ئەبستراکتەکە یا ڕووداو یا ئـەو بارەیـە کـە وشـەکە یـا ڕسـتەکە ئامـاژەی بـۆ دەکات.بۆ نموونە کە دەڵـێین شـاری (جـرش) مەبەسـتمان ئـەو شـارە ئاسـاری و مێژوویەیە کە هـەڵگری ئـەو ناوەیـە. یـان کـە دەڵـێین (عـەلی لـەژێر دارەکـە

دانیشتووە) مەبەستمان ئەوەیە کە کەسێك ناوی عەلیە ئێستا لەژێر ئەو شتە دانیشتووە کە پێی دەڵێین دار.

واتای ئاماژەیی بریتییە لە پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو یا وشەکە و ئەو شتەی کە وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات.

## 2ـ واتای کۆمەڵایەتی:

واتای کۆمەڵایەتی ئەو ئاستەی واتایە کە بەکاری دەهێنین بۆ دیاریکردنی هەندێ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی قسەکەرو جۆری پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگر، ئەویش بە پشت بەستن بەجۆری ئەو زمانەی کە قسەکەر بەکاری دەهێنێ لەچوارچێوە و دەوروبەرێکی دیاریکراو، زۆرجار وەسفی کەسێك دەکەین و دەڵێین ڕۆشنبیرە، یا تێگەیشتووە تەنها بەگوێ گرتن بۆ قسەکانی و ئاستی زمان و ئەو وشانەی کە بەکاری دەهێنێ. هەروەها دەتوانین بەهۆی قسەکردن و ئەو وشانەی کە قسەکەر هەڵیاندەبژێری و بەکاری دەهێنێ ئاستی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ئەو کەسە دیاری بکەین. بۆ نموونە تۆ کەسێك بۆ جاری یەکەم لەکاتی گفتوگۆکردن ببینی ،هەر لەسەرەتادا چەند پرسیارێکی تایبەت بە کەسییەتی خۆتت لێ بکات وەك بڵێ مووچەکەت چەندە؟ یا ژنت هێناوە؟ گەر ژنت نەهێناوە بۆچی ژنت نەهێناوە؟ یا کێشت چەندە؟ یا تەمەنت چەندە؟ ئەوانەو چەندان پرسیاری دیکەش لێ بکات، تۆ بڕیاری ئەوە دەدەیت کە ئەو کەسە فزولی و



ناڕۆشنبیرە ئاداب و خوڕەوشتی قسەکردنێ نازانێت.

## 3ـ واتای دەروونی :

ئەو لایەنە یا ئەو ئاستەی واتایە کە دەربڕی هەست و سۆزو بیروڕای کەسی قسەکەرە لەچوارچێوەو دەوروبەرێکی دیاریکراو. بۆ نموونە کە دەڵێین (فلان کەس ترسنۆکە) یا (دەترسێ) لێرەدا واتای هەردوو بارەکە سیفەتی ترس و ترسنۆکی لەخۆ دەگرێ، بەڵام ڕستەی یەکەم سووکایەتی پێکردن و بەسووك تەماشاکردنی پێوە دیارە، بەڵام ڕستەی دووەم کەمتر ئەوەی پێوە دیارە.

یان کاتێك پرسیار لەخاوەن کارگەیەك دەکەین لەبارەی ئاستی کارکردنی یەکێك لە کرێکارەکانی لەوەڵامدا دەڵێت کەسێکی بەڕێزە، ئەو مەبەستی لەوەدا ئەمەیە کە خووڕەوشتی ئەو کرێکارە باشەو پەسەندە، بەڵام لەکارکردندا زۆر باش نییە،

ئەو جۆرەی واتاکە هەست و سۆزو بیرو بۆچوونی قسەکەر دەردەبڕێ، بەهۆی ئەو وشەو ڕستانەی کە دەریاندەبڕێت پێی دەڵێین واتای ویژدانی یا دەروونی.

کێڵگە واتاییەکان

پێش ئەوەی باسی پەیوەندییە واتاییەکانی وشە بکەین، دەبێ ئەوە ڕوون بکەینەوە کە وشەکانی زمان لەهەندێ سیماو تایبەتمەندیدا هاوبەشن، کەوا دەکات پۆلێنیان بکەین بۆ کۆمەڵ و دەستەو پۆل کە پێیان دەوترێ کێڵگە واتاییەکان ،وەکو لەم کۆمەڵە وشەیەی خوارەوەدا دەبینین:

1ـ حوشتر، ئەسپ، چێڵ، مەڕ......

2ـ شەممە، یەکشەممە، دوشەممە....

3ـ چەقۆ، چەنگاڵ، کوچك...

4ـ ڕەش، سپی، سوور، سەوز...

5ـ پیاو، بەرد، دار، ئۆتۆمبێل، مانگ...

ئەگەر سەیری کۆمەڵەی یەکەم بکەین ،دەبینین چەند سیفەتێکی هاوبەش هەیە، کە ئەو وشانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وا دەکا لەژێر یەك کایەی یا کێڵگەی واتایی کۆببنەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەموویان ئاژەڵی ماڵین.

کۆمەڵەی دووەمیش هەموویان بریتین لە ڕۆژەکانی هەفتە، کۆمەڵەی سێیەمیش هەموویان ئامێری بەکارهێنانی ناو ماڵن وشەکانی کۆمەڵەی چوارەمیش هەموو ڕەنگن، بەڵام کۆمەڵەی پێنجەم هیچ پەیوەندییەکی هاوبەش یا سیفەتێکی هاوبەش لەنێوان وشەکانیدا نییە، کە ئەو وشانە بەیەکەوە ببەستێتەوە، لەبەرئەوە ناچنە ژێر یەك کێڵگەی واتایی ، چەمکی کێڵگەی واتایی هەندێ جار سوودی دەبێت بۆ ناساندنی واتاو دیاریکردنی بەشێك لەواتاکەی، بۆ نموونە (حوشتر) ئاژەڵێکی ماڵییە، (چەقۆ) ئامێرێکی ناو ماڵە و سەوز یەکێکە لە ڕەنگەکان.

وشەکان لەناو کێڵگەی واتاییدا چەند پەیوەندییەکی جۆراوجۆر بەیەکیان دەبەستێتەوە، کە لەمەودوا باسی دەکەین.

پەیوەندییە واتاییەکان

**1ـ هاوواتا:**

زمانەوان (کرۆز) بەم شێوەیە هاوواتا پێناسە دەکات کە بریتییە لە پەیوەندی نێوان وشەکان، کە ئەو وشانە لە سیما واتاییە سەرەکییەکاندا وەکو یەکن، بەڵام

هەندێ جار لە سیما لاوەکییەکاندا جیاوازن. ئەو پێناسەیە وا دەردەخات کە هاوواتا بەمانای لێکچوونی واتای بابەتی یا سەرەکی نێوان دوو وشە یا زیاتر دێت. هەر لە پێناسەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە هاوواتا مانای ئەوە نییە، کە هەردوو وشەکە تەواو لەمانادا وەکو یەکن، ئەمەش زۆر لە زمانەوانەکانی وەکو (کیمپسۆن، ڤینجان، بزنیر، دوبروڤۆلسکی، گرادی) ئاماژەیان پێکردووە.

هەروەکو (ڤینجان، بزنیر) دەڵێن هاوواتا بریتییە لە پەیوەندی نێوان دوو وشە یا زیاتر، وشەی (أ) هاوواتای وشە (ب) ئەگەر وشەی (ب) هەموو واتاکانی وشەی (أ) بگەیەنێ و بەپێچەوانەوەش.

هاوواتای تەواو لەنێوان وشەکانی زمان کە لەهەموو لایەنێکی واتاوە وەکو یەك بن، زۆر کەم بەدی دەکرێ، نموونە کردارییەکانی هاوواتا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، بۆ نموونە کە دەڵێین (ئاوی شیرین) و (ئاوی سازگار) دەشێ، دەشتوانین بڵێین (زمان شیرین)، بەڵام ناتوانین بڵێین (زمانی سازگار)، کەواتە وشەی (شیرین) و (سازگار) هاوواتان، بەڵام هاوواتای تەواو نین.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە بابەتی (هاوڕێیەتی وشە)بکەین وشەی هاوواتا ئەوەیە کاتێك بەتەنیا سەیری بکەین لەدەرەوەی چوارچێوەی ڕستە بێت، بەڵام ئەوکاتە جیاوازی ئەو دوو وشەمان بۆ دەردەکەوێت، کاتێك لەچوارچێوەو دەوروبەری جۆراوجۆرو جیاواز بەکاردێت وەکو لەنموونەکانی پێشوو بەدیارکەوت.

دیاردەی هاوواتا لەهەموو زمانێك بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە لەزمانی ئینگلیزیدا ناتوانین دوو وشەی تەواو هاوواتای یەکتر بدۆزینەوە، کە لە هەموو واتا و

بەکارهێنانەکانی هاوواتا بن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری وشەکانی ( Fast, Rapid, Quick) کە لە زۆربەی فەرهەنگە ئینگلیزییەکان بە هاوواتا دانراون، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین لێکچوون هەیە لەنێوان واتای ئەو سێ وشەیە، بەڵام ناتوانین جێگۆڕکێ بەشوێنیان بکەین لە هەموو چوارچێوەیەکدا. بۆ نموونە:

Fast speakerقسەکەرێکی خێرا

Fast train شەمەندەفەرێکی خێرا

Fast colorڕەنگێکی جێگیر

Quick Meal ژەمێکی خێرا

بەڵام ناتوانین بڵێین :

* Rapid train

* Rapid color
* Quick color
* Rapid meal

ئەو نموونانە ئەوە دەگەیەنن کە هاوواتا لەچەند لایەنێکی واتــای وشــەوە دەبێــت، نەك لەهەموو لایەنێکی واتای وشەو هەموو بەکارهێنانــەکانی، بــەڵام هاوواتــای تەواو لەچەند وشەیەکی دیاریکراو لەزماندا دەبێت وەکو بوونی چــەند ناوێــك بــۆ شتێك یا گیانلەبەرێك وەکو لەزمانی عەرەبیدا.

(اسد، خرنمام، هذیر) هەموویان بەمانای شێر دێن.

(سیف، حسام) بەمانای شمشێر دێن

(صحراء، بادیە) بەمانای بیابان دێن

هەندێ لێکۆڵەرەوە وای دەبینن و وای بۆ دەچن کە هاوواتــای ئــەو جــۆرە وشــانە ،هاوواتای تەواون، بــەڵام وشــەی یەکــەم لەهــەر کۆمەڵەیــەکیان لــەو نموونانــەی باسکران ،زیاتر باوترن لەوشەکانی دی لە هاوواتاکانی تری. لێکۆڵینەوە تازەکــان دەڵێن هاوواتای تەواو لەزماندا نییــە. بــۆ نموونــە (فەرهــەنگی وەسیط) وشــەی (سیف) واتا شمشێر ڕوون دەکاتەوە و دەناسێنێ کە جۆرێکە لە چەك.

بەڵام وشەی (حسام) شیرێکی بڕەرو تیژە وشەی (صحراو) زەوییەکی فراوان و پان و پۆڕ و بێ ئاوە، بەڵام وشەی (البادیە) زەوییەکی فراوانە کە لەوەڕو ئاوی لێیــە. کەواتە (صحراو و بادیە) هاوواتا نین،هەروەها بۆ وشەی (اسد) دەڵــێ واتاکــەی بریتییە لە یەکێك لە دڕندەکان، کە لە پۆلی (سەنورییەکانە)، بەڵام (خرنعام) واتا شێرێکی زۆر دڕندەو ئازا دەگەینێت زمانەوانەکان وا بۆ هاوواتا دەچن کە یەکێك لەو وشانەی هاوواتان دەبنە ناوی سەرەکی و بنچینەیی ئــەو شــتەیە ئــەوانی تــر دەبنە سیفەتی ئەو شتەیە.

## 2ـ دژواتا

دژواتا پەیوەندی نێــوان دوو وشــەی ســەر بەیــەك کێڵگــەی واتــایین، کــە واتــای یەکێکیان دژی واتای ئەوی تریانە دژواتــا بــەوە لــەهاوواتا جیــا دەکرێتــەوە کــە دەگونجێ هاوواتا لەنێوان زیاتر لەدوو وشە بێت، وەکو (بەرز، بڵنــد، ســەرکەش)، بەڵام دژواتا بەزۆری لەنێوان دوو وشە دەبێت وەکو (بــەرز، نــزم) (ســارد، گــەرم) ،وشەی (أ) دژی واتای (ب) ، کاتێك وشەی (أ) واتایەکی دیاریکراو دەگەیەنێت، نابێت وشەی (ب) واتای هەمان شت بگەیەنێت، بــە پێــچەوانەشەوە. بــۆ نموونــە

ناتوانین وەسفی شتێك بكەین بڵێین دوورو نزیكە، هەروەها ناتوانین بڵێین ئەو مرۆڤە زیندووەو مردوشە لەهەمان كاتدا، شایانی باسە كە دژواتا تەنها لە ئاوەڵناودا نییە، بەڵكو لەناو كارو ئاوەڵكاریشدا هەیە، وەكو (چیا، دۆڵ) (ڕقی لێ دەبێتەوە، خۆشی دەوێ) (سەر، ژێر) (دووردەكەوێتەوە ، نزیك دەكەوێتەوە).

### 3ـ دژواتای پێچنەوانە

ئەو جۆرە پەیوەندییەی نێوان وشەیە كە جۆرێكی ترە لە دژواتا، كە پەیوەندییەكی حەتمی ئاراستە جیاواز لەنێوان دوو وشدا هەیە، وەكو (ژن و مێر) (باوك و كوڕ) (دایك و كچ) (دەباو دەدا) (دەكڕێ و دەفرۆشێ)(فێر دەبێ و فێر دەكات)، بۆ نموونە ئەگەر (س) مێردبێت ،ئەوا دەبێت (ص) ژن بێت, یان ئەگەر فرۆشیار هەبێت دەبێت كڕیاریش هەبێت، یا ئەگەر فێركار (مامۆستا) هەبێت، دەبێ قوتابیش هەبێ، كەواتە ئەگەر (س) باوك بێ، ئەوا دەبێ (ص) كوڕ بێ ، كە كوڕی (س)ە.

### 4ـ گرتنەوە

سەیری ئەو نموونانە بكە:

ئاژەڵ: ئەسپ، چێڵ، مامز...

میوە: پرتەقاڵ، مۆز.........

جل و بەرگ: كراس، پاڵتۆ، پانتۆل..........

مێروو: مێش، هەنگ، جاڵجاڵۆكە **وەرگێڕان**.

ڕەنگ: ڕەش، سپی، زەرد...........ز

تێبینی دەكەین كە وشەی یەكەمی هەر كۆمەڵەیەك لەم وشانە، واتای ئەوانی تریش دەگرێتەوە كە بەدوای دێت ، بۆ نموونە وشەی (ئەسپ) و (چێڵ) و (مامز) جۆرێكە لە ئاژەڵەكان واتە ئەسپ ئاژەڵە، چێڵ ئاژەڵە، مامز ئاژەڵە .

بە وشەی یەكەم لەو كۆمەڵانە دەگوترێ (پۆل) یا (پێر)، بەشێوەیەكی گشتی دەنوێنێت و واتای هەموو وشەكان دەگرێتەوە، وشەی (لەخۆگر) یا (گشتی)، بەهەموو ئەو وشانەی كە نموونەیەكن یا جۆرێكن لە وشەی یەكەم دەگوترێ (تایبەتی) ، ئەو واتایەی دەبێتە بەشێك لە واتا لەخۆگرەكە یا (گشتی یەكەم. كەواتە وشەی (میوە) هەموو جۆرەكانی میوە (مۆز، پرتەقاڵ، سێو،...هتد) دەگرێتەوە جاری وا هەیە ئەو واتا تایبەتییەی كە دەچێتە ناو واتای گشتی چەند جۆرێكی تر یا چەند لقێكی تری لێ دەبێتەوە.

وەکو لە ڕەنگەکان بەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە ڕەنگی شین چەند پلەیەك دەگرێتەوە لە هەمان ڕەنگ وەك لەم نموونەیەدا بەرچاو دەکەوێت:

ڕەنگ

سوور　زەرد　ڕەش　سەوز　شین

کراوە تۆخ ئاسایی شینی ڕەشباو

**5ـ پەیوەندی بەش لەگشت**

جاری وا هەیە پەیوەندی دوو وشە بەشێوەیەك دەبێت، کە وشەیەك بەشێك بێ لەوشەکەی تر. بۆ نموونە وشەی لووت بەشێکە لە وشەی دەم و چاو، یا پەنجە بەشێکە لەوشەی دەست یا وشەی شاشە بەشێکە لە ئامێری تەلەفزیۆن.

**6ـ هاوبێژی**

زۆر وشە هەیە لە نووسین و گوتندا وەکو یەکن، بەلاّم واتایان جیاوازە،وەکو:

خالی: خالّی من (برای دایك)

خالی: بەتالّ

دقیق: ئارد

دقیق: ڕاست

**وەرگێڕان**

هوی: کەوت

هوی: ئارەزوو

علی: لەسەر

علا: بەرز بۆوە

مال: مالّ و سامان

مال: مەیلی کرد

زمانی ئینگلیزیش زۆر نموونەی تێدایە، کە لە گوتن وەکو یەکن ،بەلاّم لەنووسین و واتادا جیاوازن.

Know دەزانی

No نەخێر

Right ڕاست
Write دەنووسێ
Night شەو
Knight سوار چاك

**7ـ فرەواتا**

لەزماندا چەند وشەیەك هەیە، کە زیاتر لەواتایەك دەبەخشن، جاری وا هەیە پەیوەندی هاوبەش لەنێوان واتاکانی ئەو وشەیە هەیە، وەکو وشەی (ڕەگ) ڕەگی ژمارە، ڕەگی ددان، ڕەگی دار، ڕەگی گێروگرفت، ڕەگی هەرشتێك ئەو بەشەیەتی کە نادیارە، هەروەها وشەی (چاو) چاوی مرۆڤ، چاوی جاسووس، ئەو واتایانەش بۆ یەك وشە ڕیز دەکرێت ،جاری واش هەیە پەیوەندی نییە لەنێوان واتاکانی ئەو وشەیە بۆ نموونە وشەی (Bank) لەزمانی ئینگلیزیدا بەمانای (بانك) یان (بانق) دێت و بە مانای ڕۆخی ڕووباریش دێت، ئەو لەزمانی ئینگلیزیدا بە (Homonymy) هاوبێژی ناسراو واتای ئەو وشانەی کە هاوبێژن، دوو دەروازەی فەرهەنگی سەربەخۆو جیاوازیان دەبێت.

**واتای ڕستە**

ڕستە لەڕێزمانی دێریندا وا پێناسە کراوە کە بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەك کە واتایەکی تەواوی هەیە، بۆ نموونە کە دەڵێن (عەلی فڕۆکەوانێکی لێهاتووە)، ئەو ڕستەیە واتای هەموو ئەو وشانە دەگەیەنێت کە ڕستەکەی لێ پێکهاتووە، لەوانەیە ئەو ڕستەیە ڕاست بێ یا درۆبێت ،بەڵام ڕستەیەکی وەکو (ئاگر سوتێنەرە) جیاوازە لە نموونەی پێشوو ،لەوەی کە لەگەڵ واقیعدا تەبایەو دەگونجێ و بەڕاست دادەنرێت، کەواتە ڕستە لەڕووی واتاوە دەکرێت بەدوو جۆر:

**1ـ ڕستەی شیکاری**

ڕستەی شیکاری ئەو ڕستەیەیە کە بەردەوام ڕاستەو درۆ هەڵناگرێ، بەهۆی واتای وشەکانی ناو ڕستەکە.

**ڕەبەن پیاوێکە ژنی نییە.**
**کوێر کەسێکە نابینێ.**
**لاڵ کەسێکی قسە ناکات.**

## 2ـ ڕستەی پێکهاتەیی

ئەو ڕستەیەیە کە پشت بەواتای وشـەکانی نابەسـتێت بـۆ دەرخـستنی ڕاسـتی و ناڕاستی، بەڵکو پشت بـەوە دەبەسـتێت کـە تاچـەند لەگـەڵ واقعـدا هاوڕێکـەو دەنگونجێ، یا ناگونجێ ، بۆ نموونە: دارێکم بینی درێژییەکەی زیاتر لە پەنجا مەتر بوو.

**زمانەوانی بابەتێکی خۆشە.**

**ئەسپ حەفتا ساڵ دەژی.**

دەتوانین ئەو ڕستانە بەڕاست یا ناڕاست دابنـێین بـەگوێرەی گونجـان و نـەگونجانی لەگەڵ واقیع لەزۆر باردا واتای ڕستە یەکسان نییە بە واتای وشـەکانی، واتاکـەی لە وشەکانی وەرناگیرێ، وەکو لە پەندو خوازە و هەندێ وتەدا بەدیار دەکەوێت:

**1ـ خالید شێرە.**

**2ـ بۆخەکانی سکم قیڕە قیڕە دەکەن.**

**3ـ منداڵەکانمان جەرگمانن، لەسەر زەوی دەڕۆن.**

**4ـ مامۆستا مۆمێکە دەسووتێ.**

ڕستەی یەکـەم واتـا کـاوە ئازایـە، ڕسـتەی دووەم واتـای ئەوەیـە کـە قـسەکەر برسییەتی، ڕستەکانی تریش بەهەمان شێوە واتای وشەی مەبەست نییە لەو جۆرە ڕستانە.

### پەیوەندی نێوان ڕستەکان

وەرگێڕان

**1ـ لەیەکچوونی واتا**

بۆ نموونە عەلی دەرگاکەی کردەوە، دەرگاکە کرایەوە .

**2ـ پابەندبوون**

وادەبێت ڕستەیەك ئەنجامی ژیربێـژی و مـەنتیقی ڕسـتەیەکی تـر بێـت. خالیـد شێرەکەی کوشت ـ شێرەکە مرد.

ئەگەر ڕستەی یەکەم ڕاست بێ، ئەوا پێویستە ڕسـتەی دووەم ڕاسـت بـێ، واتـە ڕاستی ڕستەی یەکەم پێویست دەکات و وا دەکات ڕستەی دووەم ڕاست بێ.

بەڵام ئەگەر ڕستەی یەکەم ڕاست نەبوو، ئەوا ڕستەی دووەم لەوانەیە ڕاست بێ یـا ڕاست نەبێ، کەواتە ناڕاستی ڕسـتەی یەکـەم نابێتـە پێویـست بـوونی ناڕاسـتی

ڕستەی دووەم ئەگەر ڕستەی (خالید شێرەکەی کوشت) ناڕاست بێ ، ئەوە مانـای ئەوە نییە کە شێرەکە زیندووبێ.

**3ـ گرتنەوە**

لەپەیوەندی نێوان ئەم ڕستانە وردبەوە:

زوهێر ئێستا شیعر نانووسێ، زوهێر پێشتر شـیعری دەنووسـی .واتـای ڕسـتەی یەکەم لە نموونەکە ئەوە لەخۆ دەگرێ کە زوهێر پێشتر شیعری دەنووسی، هەروەها بۆ ڕستەی دووەمیش لە نموونـەی دووەم، تێبینـی ئـەوە دەکـەین لەخۆگرتنەکـەو گرتنەوەکە نەگۆڕەو گۆڕاو نییە، لەباری ئەرێ و نەرێدا.

4ـ دژیەك:

واتا بوونی ڕستەی دژیەك لەواتادا، ئەو پەیوەندییەش وەکـو پەیوەنـدی دژواتـای نێوان وشەکانە، وەکو : خالید خێزاندارە ـ خالیـد ڕەبەنـە، ئـاگر گەرمـە، ئـاگر ساردە.

***ئەم وتارە لەم کتێبە وەرگێڕدراوە:**

د.شحدة فارع و د. جهاد حمدان و اخـرون ، مقدمـة في اللغويـات المعاصـرة ، دار وائل للنشر ، الطبعة الثالثة ،2006،ص 175-196.

**وەرگێڕان**

# سیستەمی ڕێزگرتن ( ڕێزلێنان )

# له زمانی کوردیدا

**وەرگێڕانی له ئینگلیزی: ڕۆژگار جەلال**
**قوتابی ماستەر لەزانکۆی سلێمانی**

باسەکه له سیستەمی ڕێزگرتن له زمانی کوردیدا دەکۆڵێتەوه کـه تیایـدا چـەند جۆرێك له سیستەمی ڕێزگرتنی له خۆ گرتووه و پیشان دراوه. مەبەستی باسەکه پێك دێت له دەرخستنی چـۆنیەتی ناسـینەوەی شـێوەکانی ڕێزگـرتن لـه زمـانی ئاخاوتنی کوردیدا . هەروەها له باسەکەدا هاتووه لـه زمـانی کوردیـدا شـێوازو بنچینەی تایبەت هەن بۆ دەربرینی سیستەمی ڕێزگرتن.

**پێشەکی**

شێوازی ڕێزگرتن تایبەتمەندییەکه له خاسیەتەکانی زمـانی قـسەکردن. بابـەت و ناوەرۆکی شێوازی ڕێزگرتن بەستراوەتەوه به هەریەکه له کەسی گوێگر و کەسانی ئاماژه بۆ کراو و کەسانی نزیك له بابەتەکان ئەمەش ئەوه دەردەخات کـەوا ئـەم شێوازه ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لەمـەڕ دەرخـستن و ئامـاژه پـێ کردنـی سـۆز و
**وەرگێڕان**
کۆمەلایەتیەکان له نێوان قسەکەرو گوێگر له بواری قسه کردندا.

زمانی کوردی بەوه ناسراوه کەوا سیستەمێکی سادەی هەیه بۆ شێوازی ڕێزگرتن که تیایدا شێوه و فۆرمەکانی شێوازی ڕێزگـرتن جیـا دەکرێنـەوه لـه شـێوەکانی نیشاندانی شێوازی کەم ڕێزی. شێوازەکانی کەم ڕێزی یـاخود بـێ ڕێـزی کـه لـه ناوەکەیانەوه دیاره به هیچ شێوەیەك ڕوویەك له ڕووەکانی ڕێزگرتن نیـشان نـادەن بۆ کەسەکان هەرچی شێوازەکانی ڕێزگرتنه هەم ڕێز و حورمەت نیشان دەدەن کـه لــه هــەمان کاتــدا جیــاوازی دەکــات لــه نێــوان تەمــەن و ڕەگــەز و بــواره کۆمەلایەتیەکانیش.

باسەکه له شێوازەکانی ڕێزگرتن له زمانی کوردی دەکۆڵێتەوه و تیـشك دەخاتـه سەر باس کردن و وەسف کردن و شی کردنەوەی فۆرمەکانی شێوازی ڕێزگرتن لـه

هەندێ بواردا بۆ خستنەرو و ناسینەوەی دیاردە کۆمەلایەتیەکان لە زمانی کوردی دا لە میانەی رستەو بواری قسەکردندا کە دیاردەیەکە لە واتاسازی کۆمەلایەتیدا دەردەکەوێ.

**چەمکی شێوازی رێزگرتن**

لەکاتی خۆی دا وا دەرخراوە کە لە هەموو زمانێـك تـا رادەیـەك چـەند تێـرم و زاراوەیەك هەن بەکاردێن بۆ نیشان دانی شێوازی رێزگرتن بەوپەری رێزەوە، بـەڵام فۆرم و پێکهاتەیان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە و بە جیـا بـەکاردێن و باسیان لێوە دەکرێت.

هەروەك وتمان شێوازی رێزگرتن خاسیەتەکە تایبەت بە زمانی قسەکردن، بەڵام ئەم رێگایانەی بەکاردێن بۆ دەربرینیان دەگۆرێـت. رەزامەنـدی دراوە لەسـەر دانـانی سیستەمی شێوازی رێزگرتن لە زمانی قسە کردندا بە تایبەتمەندییەکی ناسـراوی سیستەمی رێزگرتن لە هەر زمانێکدا.

کریستال (1991:179) بـەم شـێوەیە پێناسـەی شـێوازی رێزگـرتن دەکـات" زاراوەیەکە بەکاردێت لە شی کردنەوە گرامەرییەکانی هەندێ زمان بۆ ئاماژەکردن بـە لێـك نەچـووە رستەسـازی و مۆرفۆلۆژیـەکان کـە بـەکاردێن بـۆ دەربرینـی ئاستەکانی رێزگرتن و رەوشت بەرزی بەتایبەت ئەوانەی پەیوەسـتن بـە حالـەت و بەراوردکارییە کۆمەلایەتیەکانی کەسانی بەشداربوو.

ئەم شێوە گرامەرییە لە وشەیەك یاخود پێـشگر یـا پاشـگر پێـك دێـت کـە لـە بنچینەدا بە شێوەی ئاماژە پێ کردنە لە زۆربەی زمانە جیهانیەکانـدا بـاس لـە وەرگێران جۆرەکانی ئاماژە پێ کردن دەکرێت لەلایەن قسەکەرو گوێگرو کەسانی ترەوە بـە بونی بارە کۆمەلایەتیە خزمایەتیەکانەوە (بۆ نمونەگوێگر لە باری بەرز پێچەوانەی گوێگر لە باری نزم). ئەو دەستەواژانەی کە ئاماژە بە باری بالا دەدەن بە شێوازی رێزگرتن دادەنرێن.

یول (2000:10) وا ئاماژە دەکات کە ئەم شێوە گرامەرییـە لـە قـسەکردن دا باس لە پلەی بەرز و کەسایەتی بەتەمەن و... هتد دەکات.

سەرەرای ئەمەش، هەریەك لە تەهرانی و یەگگان ئـەو راسـتیە دەردەخـەن کـەوا شـێوازەکانی رێزگـرتن بەشـێکن لـە فۆرمـەکانی رەوشـت بـەرزی و رێـزەوە لـە

هەرزمانێك دا كە ئەمانیش لە شێوەی وشەو پێشگر یاخود پاشگر و رستەدا دەبێت.

لە لایەكی ترەوە ئێرڤن (1995) لەگەڵ ئەو ڕایە دایە كە شێوازی رێزگرتن لە زماندا رۆڵێكی پێك هاتەییی هەیە كە هەلدەستێ بە بەستنەوەی جیاوازی كەسیەكان بە خۆیانەوە. ئەو كەسەی رێزگرتنی دەدرێتە پاڵ پێ ی دەگوترێت "ئۆرگیۆ" وە ئەوەی جیاوازی دەدرێتە پاڵ یان ئاراستە دەكرێت پێ ی دەگوترێت تێروانینی رێزگرتن.

ئۆرگیۆ بە شێوەیەكی سروشتی قسەكەر دەگرێتەوە كە جیاوازیەكان پیشان دەدات بە كەسانی ترەوە.

یابانیەكان سیستەمێكیان هێنایە كایەوە پەیوەست بە شێوازی رێزگرتن لە زماندا پێیان دەگوت "كیگۆ" كە رێزی قسەكەر دەردەخات بۆ كەسی گوێگر. ئەم سیستەمە پێك دێت لە ئاستی جیاوازی قسەكردنەوە كە كەسی كارامە (كیگۆ) دەتوانێت دەستەواژەی گونجاو هەلبژێرێت و بەكاریان بێنێ كە لەو كۆمەلە وشە و دەستەواژانەن لە بیری كەسەكەدا بۆ دەربرینی رێزگرتن.

ئۆتەیك و یاماتۆ (2003:13) باوەڕیان وایە كە مەبەستی شێوازی رێزگرتن بۆ جەخت كردنە لەسەر كەسی ئاماژە بۆ كراو وە بە درێژایی مێژووش تەنها كەس چەند ئاماژە بۆ كراوی هەبێت سەرۆكی پێشووی ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكایە "جۆرج واشنتن" ە كە لە تێكستەكاندا بەم شێوانە دەبینرێن:

- سەرۆك
- بەرێز واشنتن

وەرگێڕان

- ئەو
- یاخود بە دەستەواژەی "هاوڕێ" دەردەبردرێت.

لەگەڵ ئەوەی بە چەند شێوەیەك دەتوانرێ باسی لێوە بكرێت، بەڵام تەنها و تەنها یەك رووی ئاماژە پێ كراوی هەیە لە بوارەكەیدا.

**شێوازەكانی رێزگرتن لە زمانی كوردیدا**

زمانی كوردی چەند جۆرێك شێوازی رێزگرتن لە خۆ دەگرێت لەوانە زاراوەكان كە دەدرێنە پاڵ كەسەكان بۆ دەرخستنی حالەتەكانیان و ئەو كاتانەی كە پەیوەستن بۆ

ئاماژە پـێ کردنـی کەسـەکان. سـەرەرای سـلاو کـردن و نـاوی کەسـەکان ئـەو دەربرینانەی لەلایەن تاکەکانەوە دەردەچێ پێویستیان بە سەرچاوەو زانیاری هەیـە بۆ دەربرینی رێزگرتن.لە هەندێ حالەتی تردا دەبینین چـەند شـێوەیەکی رێزگـرتن لەگەڵ ناونیشان و دانە پالی وشەکان دەبینرێن کە دەدرێنە پاڵ ناوی کەسەکانەوە.

**پێشگر**

پێشگرەکان دەکرێ بەوە بناسرێن کە یارمەتی دەرن بۆ دەربرینی سلاو کـردن بـە شێوەی فەرمی یاخود نا فەرمی دا. پێشگر لە زمانی کوردی دا زیاتر پەیوەسـتن بە تەمەن و باری بە خێزان بوون یان نەبوون وەك کـاك، بـەرێز، خـاتوون، ئاغـا، خوشکە.

پێشگرە دیارەکانی زمان لە ژمارەدا سـنووردارن، زۆربـەیان ئامـاژە بـە رەگـەزی کەسی گوێگر یاخود کەسی پەیوەست دار دەکەن بە بابەتەکەوە بۆ نمونـە ئاغـا و کاك رەگەزی نێرینە دەردەخەن لە کاتێکـدا خـاتوون یـا خـانم وە پاشـگری خـان ئاماژە پێ دەری رەگەزی مێینەن.

کۆمەڵێك پاشگرو پێشگر لە زمانی کوردیدا

- کاك، بەرێز
- خانم
- خاتوون
- خان
- خوشکە

وەرگێڕان

**ناونیشان**

سەرەرای بونی پێشگر لە فۆرم و دەسـتەواژەکانی رێزگـرتن دەکرێـت سیـستەمی رێزگـرتن بـە شـێوەی ناونیـشانیش دەربـردرێـت. بـەکارهێنانی ناونیـشان بـۆ ناسینەوەی شوێن و پلەو پایەی کۆمەلایەتی یە. لێرەدا شێوازەکانی رێزگـرتن لـە چەند فۆرمێکی جیاوازدا خۆی دەبینێ.

1- ناونیشان لەگەڵ ناوی یەکەم

شێوەکانی ناونیشان بە چەند جۆرێك دەردەبردرێن بە پشت بەستن بە پلەو پایەی کۆمەلایەتی ئەو کەسانەی کە ناونیشانەکانیان دەدرێتە پاڵ.

ا- ناونیشانە ئایینیەکان

ناونیشانە ئایینیەکان ئەمانە لە خۆ دەگرێ (مەلا، شێخ، مفتی، قازی، حاجی، سەید).

لێرەدا پێویستە دوو خالی گرنگ لەبەرچاو بگیرێت:

یەکەم، هەموو ناونیشانەکان دەکەونە پێش ناوی یەکەمی کەسەکە تەنها ناونیشانی (موفتی) نەبێت کە دەکەوێتە دوای ناوەکەوە.

دووەم، دەتوانرێت وشەو دەستەواژەی تری رێزگرتن بدرێتە پاڵ هەریەکە لەم ناونیشانانەی کە باس کران لەسەرەوە، وەك کاك مەلا، مامۆستا مەلا...، کاك حاجی.

ب- دەستەواژە خزمایەتیەکان

وەك ئەمانەی خوارەوە

1- دەستەواژەکان بە بوونی ناو : (مام سوار، خالە تاهیر، پلە خەجیج)

2- دەستەواژەکان بێ بوونی ناو : (مامە، خالە، پلە، بابە، دایە)

ج- ناونیشان بەبێ بوونی ناو

وەك (مامۆستا، وەستا)

د- تێکنۆنیم

ئەو دەستەواژانەن کە بەکاردێت بۆ بانگ کردنی کەسەکان (دایك یان باوك) بە هۆی ناوی یەکەم منداڵیان. ئەمەش دیاردەیەکی کۆمەلایەتی باوە لە زۆر کەلتوری ولاتان دا دەبینرێت لەوانە لە زمانی کوردیش دا، وەك باوکی سارە، دایکی دانا.

هـ- پێغەمبەران

وەك (موحەمەد پێغەمبەر، عیسا پێغەمبەر)

پلەو پایە بەرز و ناونیشانە خانەدانیەکان

1- ناونیشان بێ بوونی ناو

وەك (ئاغا، ئاغا ژن، شا، شاژن، میر، میر ژن، خاتوون، بەگ)

2- ناونیشان لەگەڵ ناوی یەکەم

( میر بدرخان، شا موحەمەد، کێخوا سێوێ)

أ- ناوى یەکەم لەگەڵ ناونیشان

(حەسەن ئاغا، عوسمان بەگ)

ب- ناونیشانە حکومی و دەزگا فەرمیەکان

(سەرۆك بەش، بەرپرس، وەزیر، حەکیم، بریکار، ئەفسەر، سیناتۆر، نوێنەر، قسەکەر، بالیۆز، قونسول، قایمقام ) هەریەك لەمانیش دەتوانرێت بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بە دەربرینی تری شێوازی رێزگرتن دەربڕدرێن وەك جەنابی وەزیر، بەرێز جەنابی سەرۆك.

3- ناونیشانە عەسکەرییەکان

وەك (جەنەرال، کۆلۆنێل، سەرهەنگ، نەقیب، ئەفسەر، چاوش، عەریف، فەرماندە، لیوا) هەریەك لە مانیش پێش ناوى تایبەتى دەکەون وەك لیوا وریا، عەریف عبداللە، نەقیب دلێر.

4- ناونیشانە زانستی و کارگێرییەکان

وەك (سەرۆك، راگر، پرۆفیسۆر، پ.یاریدەدەر، مامۆستا، م. یاریدەدەر)

5- ناونیشانە پزیشکی یەکان

وەك (دکتۆر، سیستەر، یاریدەدەری پزیشك)

سیستەمی رێزگرتن و ناونیشانە خێزانیەکان

لە زمانی کوردی دا ئەندامانی خێزان بە جۆرێك لە شێوازی رێزگرتن دەردەبردرێن شان بە شانی شێوازی کەم (بێ) رێزی دا کە ئەمیش بۆ مەبەستی ئاسان بەراورد کردنە لە نێوانیان دا. شێوە رێزگرتنیەکان دروست دەبن بە دانە پالی مۆرفیمی (ە) بۆ دواى ناونیشانەکە ، لەلایەکی ترەوە مۆرفیمی (ە) هێماو گەواهیدەری حالەتی ناوى بچوککراوە دەدەن.

لە زمانی ئینگلیزی دا هەردوو حالەتی رێزگرتن و بێ رێزی بە دیاردەکەوێت وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| باپیر grandfather | ⟵ باپیرە | granny | |
| داپیر grandmother | ⟵ داپیرە | granny | |
| باوك father | ⟵ باوە، بابە، باوکە | dad, daddy | |
| دایك mother | دایە، دایکە | mum, mummy | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دایك و باوك | mother and father | ← | دایەو بابە | daddy and mummy |
| برا گەورە | elder brother | ← | براڵە | dear brother |
| خوشکە گەورە | elder sister | ← | دادە | dear sister |
| کوڕ | son | ← | ڕۆڵە | sonny |
| کچ | daughter | ← | کچۆڵە | little girl |
| مێرد | husband | ← | پیاوەکە | darling, honey |
| ژن | wife | ← | ژنەکە | darling |
| مام | paternal uncle | ← | مامە | uncle |
| خاڵ | maternal uncle | ← | خاڵە | uncle |
| پلك | aunt | ← | پلە | auntie |

لە زمانی کوردی دا زۆر جار ژن بانگی پیاوەکەی دەکات بە "پیاوەکە" بە مانـا سـەرەکیەکەی "تـۆ" بـەڵاّم لـەم حاڵەتـەدا بـەکاردێت بـۆ دەرخـستنی سـۆز و خۆشەویستی بۆ یەکتر وەك ئازیزم، ڕۆحەکەم. بە هـەمان شـێوەش پیـاو بـانگی خێزانەکەی دەکات بە "ژنەکە" یان "ژنە" ـ ژنێ کە هەردووکیان مانـای "تـۆ" دەبەخشن. بێ گومان هەریەك لەم زاراوانەش لە جیاتی ناوی کەسەکە بەکاردێن.

**سیستەمی ئەریستۆکراتی ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا**

چوارچێوەو بنچینەی سەرەکی سیستەمی ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا بریتی یە لە خستنە بەرو دانانە پاڵی ناونیشانەکە بۆ سەر ناوی کەسەکە کە لـەو پـەری پلـەو پایەو فرە دەسەلات دایە. ئەم چوارچێوەیە شێوە بلاّو و ناسراوەکان لە خۆدەگرێت و ئامرازی بانگ کردن و کەسی سێ یەمی ئاماژە بۆ کراو لـە خـۆی وەدەردەنـێ وەك گەورەم، خاوەن شکۆ، جەنابی سەرۆك.



سیستەمەکە ئەمانە لە خۆ دەگرێ

شا – شا موحەمەد

شاژن، شازادە

میر – میرکامەران

میرژن، میرزادە

بەگ — عوسمان بەگ
بەگزادە
ئاغا - عەباس ئاغا
ئاغا ژن، کوری ئاغا، کچی ئاغا
کێخوا- کێخوا رەسول
کێخوا ژن، کوڕی کێخوا، کچی کێخوا

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێت کەوا پاشگری "زادە" لە زمانی کوردیدا دەرخەری ئەو راستیەیە کەوا ئەو کەسانەی ئەم پاشگرەیان دەدرێتە پاڵ کەسانی جێ ی رێز و بایەخ و سەرنجن و سەر بە خێزانی خانەدانن. لە هەمان کاتیشدا بەکاردێت لەگەڵ ئەو خێزانانەی سەر بە رێچکەیەکی ئایینین وەك شێخ، مەلا، سەید، موفتی. شێخ زادە، مەلازادە، سەیدزادە، موفتی زادە.

لێرەدا دەردەکەوێت ئەوانەی ئەم پاشگرەیان لەسەرە کەسان و نەوەی مەلاو شێخ و سەید و موفتین.

**شێوازە هاوبەش و تاك لایەنەکان لە زمانی کوردیدا**

شێوازی رێزگرتن بە دوو شێوەی سەرەکی دەردەبردرێت لەوانە شێوازی هاوبەش یان دوولایەن و شێوازی تاك لایەن، لە شی کردنەوە وتاریەکاندا واباوە جیاوازی بکرێت لە نێوان دوو جۆری سەرەکی و گرنگی گوتار، هەمە لایەن و تاك لایەنەکان (تەهرانی و یەگگان 1999: 62).

شێوازی هاوبەش و پەیوەندی بەتێنی هاوڕێیەتیەکان بریتین لە هێلی ئاسۆیی
**وەرگێران**
نێوان ئەندامەکان وە هۆکارە سەرەکیەکانیان پێك دێن لە نرخ و بەهای هاوبەش (کە دەکرێت ناسنامە خزمایییەتیەکان سود وەرگرن لە پیشەو رەگەز و تەمەن و بە هاولاتی بوون ئەمیش بەهۆی پەیوەندی بەردەوام و راستیە باو و دیارەکان هەروەها خۆ دەرخستنی راستی کەسایەتی). (براون فۆرد 1946: 236)

کریستال (1991: 291) بەم شێوەیە باسیان لێوە دەکات کە دەستەواژەیەکن بەکاردێن بۆ ئاماژە پێ کردنی ئەو پۆلانەی کە رووی راستەقینەی پەیوەندی هاوبەش و دوولایەنە دەردەخەن لە هەندێ شێوازی وەسفی گرامەریدا. ئەم

پەیوەندیە دوولایەنیە باری یەکسانی نیشان دەدەن لە نێوان نێردەر- قسەکەر وە وەرگر- گوێگر دا لە هەریەك لە لایەنی تەمەن و رەگەزو پلەی کۆمەلایەتی دا.
لە زمانی کوردی دا شێوازە هاوبەشەکان دەتوانرێت بەم شێوانەی خوارەوە دەربڕدرێن
ناونیشان/ناونیشان ، ناونیشان +ناوی یەکەم/ ناونیشان +ناوی یەکەم، تێکنۆنیم/ تێکنۆنیم

1- ناونیشانە هاوبەشەکان، بەم شێوانەی خوارەوەن

ا- ناونیشانە زانستی و ئەکادیمیکان

مامۆستا/ مامۆستا، دکتۆر/ دکتۆر

ب- مزگەوت و کەنیسەکان

مامۆستا (مەلا)/ مامۆستا، باوکە/ باوکە (قەشە)

پێویستە ئەوەش بزانرێ کە لەگەڵ ئەوەی تایتل و ناونیشان لە زمانی کوردیدا لە پلەو ئاست و پەیوەندی ئەوتۆی بەتێندا نییە, بەلاّم لە هەمان کاتیشدا پلەو پایەکی زیاتر و جیاوازی هەیە بە بەراوردکردن لەگەڵ ناونیشان+ ناوی یەکەم.

**2- ناونیشانی هاوبەش+ ناوی یەکەم/ ناونیشانی هاوبەش+ ناوی یەکەم**

بەم شێوانە دەبینرێن

ا- لە نێوان ئاغا ، میرو شا ی دوو هۆزدا

دلشاد ئاغا/ سوارا ئاغا

ب- لە نێوان بەرێوەبەرانی دوو دەزگا

بەرێز علی/ بەرێز موحەمەد

مامۆستا علی / مامۆستا موحەمەد

وەرگێران

ج- لە نێوان مامۆستا، دکتۆر، وەستا و کرێکاردا

مامۆستا رێبوار/ مامۆستا سیروان

دکتۆر شاسوار/دکتۆر هندرێن

وەستا زرار/ وەستا رەشید

3- تێکنۆنیمە هاوبەشەکان

ا- لە نێوان ژن و مێردا

باوکی شاد/ دایکی شاد

ب- لە نێوان دوو خێزان دا

مێ ینە: دایکی سارا/ دایکی نور

نێرینە: باوکی سۆران/ باوکی مەریوان

ج- لە نێوان گروپە ئایینیەکان

باوکی موحەمەد/ باوکی ئەحمەد

**4- هاوبەشی لە چەند ناوێك**

ئەم شێوازە بەکاردێت لە نێوان چینەکانی مندالان و هاورێیان و کەسانی نزیك وە لابردن و نەهێشتنی هەر تایتل و ناونیشانێك شتێکی ئاساییەو یاخود هەندێ جار ناچارییە،

ئازاد/ نەوزاد

رێبۆ/ رەشۆ

دلۆ/ نەوە

لەلایەکی تردا شێوازەکانی تاك لایەنی رەنگدانەوەیەکی جیاوازی هەیە لە بیرو فکری قسەکەرو گوێگردا.

براون و فۆرد (1946: 236) باس لەوە دەکەن کە شێوازی تاك لایەنە بریتین لە هێلی ستونی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان، لەم شێوازەدا دەرفەتی تەواو گونجاو بەدی نایەت بۆ پەیوەست بوون و تێکەل بوون لەگەلْ یەکتری ئەمەش بەهۆی ئامادەنەبون و بێ ئاگایی کەسی گوێگرە لە هەموو ئەو گۆرانکاری و پێشکەوتنەنانەی کە دەگوترێت. ئەمەش ئەم پەیوەندییە دوولایەنیە دەردەخات کە دووپاتی نایەکسانی لە بیر و تەمەن و حالەتەکان دەکاتەوە، بەم شێوانەی خوارەوە دەبینرێن:

وەرگێڕان

1- ناونیشان/ ناوی یەکەم

ا- لە نێوان خوداو پێغەمبەرو بەندەکانی

خوای گەورە/ موحەمەد، عیسا

ب- لە نێوان سەرۆك و دارودەستەکانی

سەرۆك/ ئازاد

ئاغا/ کرمانج

ج- لە نێوان مامۆستا/ قوتابی و دکتۆر/ نەخۆش
مامۆستا/ ئازاد
دکتۆر/ ڕێبوار
د- لە نێوان دادوەرو تاوانباران
جەنابی قازی/ بارام

2- تایتل/ ناوی یەکەم
ا- مامۆستا/ قوتابی
مامۆستا وریا/ ئازاد
ب- دکتۆر/ نەخۆش
د. پشتیوان/ نەوزاد
ج- تێکنۆنیم
- خێزاندار/ سەلت
- باوکی ئازاد/ نەوزاد
- خاوەن ماڵ
باوکی سوار/ ڕێبۆ
3- زاراوە خزمایەتیەکان
- باوك/کوڕ
باوکە/ دلێر
- دایك/ کچ
دایکە/ ژینۆ

## وەرگێڕان

### ڕاناوە کەسییەکان

لە سیستەمی زۆربەی زمانەکاندا بەراورد و جیاوازی لە نێوان قسەکەرو گوێگر نیشان دەدرێت.ڕاناوەکان پەیوەندیان بە دوو ڕەهەندەوە هەیە لەوانە ڕەهەندی تواناو ڕەهەندی هاوکاری. (براون و گلیمان 1972: 254)
کریستال (1991: 177) باس لەوە دەکات کە سیستەمی ڕاناو لە زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان وەك (tu and vous) لە زمانی فەرەنسی و ( tu and

(usted)ی ئیسپانی دا بە روونی جیاوازیەکە دەردەخەن، هەروەهاش بێتەوە ئـەم دیاردەیە لە هەریەك لە زمانەکانی کوردی و عەرەبیدا بە دیاردەکەویٚ وەك (انـت و انتم) وە (تۆ و ئێوە)، بەڵام هەرچی لە زمانی ئینگلیزیە ئەم جیاوازیـە بـەدیار ناکەویٚ لەبەر ئەوەی تەنها یەك فۆرم مان هەیە بۆ دەربرینیان ئەویش (you) ە، لە کاتی ئێستاماندا ئەم دیاردەیە شێوەیەکی بچوککراوەیی وەرگرتـووە لـە رووی مۆرفۆلۆژیەوە.

لە زمـانی کوردیـدا، رانـاوی کەسـی یەکـەم و دووەم روویـەك لـە شـێوازەکانی رێزگرتنیان هەیە بە هۆی ئەمانەوە دەتوانرێـت بـەکاربهێنرێن وەك رێگایـەك بـۆ دەرخستنی رێزلێنان شان بەشانی شێوازەکانی کەم رێزی.

| ڕێزلێنان | ڕێزلێنەنان |
| --- | --- |
| ئێمە | مـن |
| ئێوە | تۆ |

یول (2000: 10) ئاماژە بەوە دەکات کە بەکارهێنانی هەریەك لە شـێوەکانی (ئێوە و تۆ) خۆی لە خۆی دا جیٚ بەجیٚ کردنی کردارێکە کە بریتییە لە پەیوەندی کردن لە نێوان قسەکەرو گوێگردا.

راناوی (تۆ) بە دوایدا فەرمان بە شێوەی تاك دێت، بەڵام هەرچی راناوی (ئێمەیە) فەرمان بە شێوەی کۆ دێت. لە کاتی بەکارهێنانی رانـاوی "ئێمـە" لـە شـێوەی رێزگرتن دا ناوی دوای خۆی هەر لە شێوەی تاك دەبێت نەوەکو کۆ، چونکە ئاماژە بۆ کەسی گوێگر دەکات.

بەم شێوەیە لە رووی مۆرفۆلۆژییەوە دەتوانرێت جیاوازی بکرێت لە نێوان هـەردوو باری رێزگرتن و رێزلیٚ نەگرتن بۆ راناوی "ئێمە" کە لە بنچینەدا شـێوەو مانـای وەرگێران کۆ دەدات لە حالەتی کەم رێزی نیشان دان و مانای رێزگرتن دەدات لـە حالـەتی ئاماژە کردن بۆ کەسی گوێگری تاك. (لڤنسن 1997: 130)

ئەم جیاوازیە کۆمەلایەتیە کە لە ئاماژە پیٚ کردنی کەسیەوە دا هاتووە ناودەنرێت بە جیاوازی تی/ڤی کە لە زمانی فەرەنسی دا لە شێوەی (tu vous) وەرگیراوە مانای ناسراو و نەناسراو دەدەن.

لە زمانی کوردی دا بارێکی نادیار و لێل دێتە گـوریٚ لـە کـاتی بـاس کـردن و بەکارهێنانی ئەم راناوە کە تیایدا سیٚ جـۆر تێگەیـشتن و راڤـە کـردن شـیمانەی

ڕوودانن. جارێك "ئێمە" بەكاردێك كـە مانـای لـەخۆ گرتنـی تـەنها قـسەكەرو كەسانی تر دەدات جگە لە گوێگر، لە كاتێكی تردا یان لە لایەكی تردا بەكاردێت كە مانای لـە خـۆگرتنی قـسەكەر و گـوێگر دەدات. لـەم نمونانـەدا زیـاتر روون دەبێتەوە

1- ئێمە بە تۆ رازی نین. (قسەكەر و كەسانی تری لە خۆگرتووە)
2- ئێمە مرۆڤمان دروست كردووە. (كەسی یەكەمی تاك لە خۆدەگریٚ)
3- ئێمە ناچین، وانیە؟ (قسەكەرو گوێگر لە خۆدەگرێت)

لە هەندیٚ حالەتی ئاینی وەك تكا و نزاو داوای لیٚ بوردن كـردن و حالـەتی تـری كۆمەلایەتی دا، كەسی سیٚ یەمی تاك روویەك لە شێوەی ڕێزگـرتن وەردەگرێـت وەك ئەمانەی خوارەوە

1- لە كاتی نزاو پارانەوە: ئەو ئێمەی دروست كردووە.
2- كاتیٚ بەندەیەك باس لە گەورەیی گەورەكـەی خـۆی دەكـات رانـاوی (ئـەو) بەكاردێنیٚ بۆ نیشان دانی ڕێز بۆی.
3- كاتیٚ ژن ناوی مێردەكەی خۆی دێنیٚ بە "ئەو" دەری دەبرێت ئەمەش خۆی لە خۆی دا گەواهیدی ئەوەیە كە لە كۆمەلی كوردی دا تاكی نێرینە كەسـی بـالاٚ دەستە. تا ئێستا باس و تێروانین لەسەر كەسی سیٚ یەم بوو بەلام لێرەدا جـەخت لەسەر كەسی ئاماژە بۆ كراو دەكەینەوە لە هەندیٚ حالەتدا لە كاتی گفتوگۆ كردن لە نێوان قسەكەر و گوێگر یا كەسی ئاماژە بۆ كراو. جیا لەم بابەتانەی سـەرەوە لە بری بـەكارهێنانی رانـاوی "ئـەو" لێـردا قـسەكەر وشـەی "خـاوەن شـكۆ" بەكاردێنیٚ وە ئەگەر كەسی ئامـاژە بـۆ كـراو دەسـەلاتێكی زۆری هـەبوو ئـەوا
وەرگێران
قسەكەریش ڕێزێكی زۆرتری دەداتە پـاڵ بـە هـۆی بـەكارهێنانی ئـامرازی تـری ڕێزگرتن وەك "جەنابی سەرۆك". (ڤنسن 1997: 90-92 ) (ئیرڤن 1995: 11-13)

**دەرئەنجام**

لەم باسەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

1- بابەتی ڕێزگرتن لە زمانی كوردی شێوەیەكی سادەی هەیە بۆ دەربرین.

2- فۆرمە ناسراوەکان لە زمانی کوردی لەم شێوانەی خوارەوەن ناونیشان، زاراوە خزمایەتیەکان بە بونی ناوی یەکەم و بیٚ بوونی، ناونیشان بە تەنها ، تێکنۆنیمەکان.

3- دەتوانرێت راناوی کەسی یەکەم و دووەمی کۆ بەکاربهێنرێت بۆ دەربرینی ریزلێنان.

4- لە رووی مۆرفۆلۆژیەوە پێشگر لە زمانی کوردی رۆلی دەربرینی سۆزو باری کۆمەلایەتی کەسەکانە.

5- شێوە هاوبەش و تاك لایەنەکان لە زمانی کوردیدا خاوەنی شێوەی دەربرینی خۆیانن کە شێوە تاك لایەنەکان هێمای نایەکسانی نیشان دەدەن لە نێوان قسەکەرو گوێگردا لە رووی تەمەن و پلەوە، وە دیاردەی کۆمەلایەتی لە زمانی کوردی دا بە زۆری لە بواری دەرەبەگایەتی خۆی دەبینێتەوە.

ژێدەر:

Bakir, S. N. 2008. Eight Kurdish Studies. Hawler. Kurdish Honorifics system

**وەرگێڕان**

**سەرچاوەکان:**

1- Brown, R., and Ford, M. 1964. "Address in American English". Language in Culture and Society. New York: Harper.

2- and Row and Gilman, A. 1972. "The Pronouns of Power and Solidarity". Reading in the Sociology of Language. Paris: Mounton, the Hague.

3-Crystal, D. 1991.A Dictionary of Linguistics and Phonetics, 3rd ed. Oxford: Blackwell publishers.

4- --------1997. The Cambridge Encyclopedia of the English language. Cambridge: Cambridge university press.

5- Flint. D. 1995. "Honorifics and Equality in the Court". Australian press council. Vol.7, No.4, (1-6).

6- Irvinne, J.,T. 1995. Honorifics: handbook of Pragmatics. Amsterdam, Philadelphia: John Benjamin, pp. 1-20.

7- Levinson, S.C. 1997. Pragmatics. Cambridge: Cambridge university press.

8- Mish, S.1991. What is a referent?
http://www.google.com

9- Ohtake, K. and Yamamoto, K. 2002. Paraphrasing Honorifics. http://www.google.com pp. 13-20

10- Tehrani, N. J. and Yagsneh, A. Sh. 1999. A Dictionary of Discourse Analysis. Tehran: Rahnama.

11- Webster's and unabridged dictionary. 2001. New York: Random house Inc. p. 1951.

12- Yule, G. 2000. Pragmatics. Oxford: Oxford university press.

ئەرشیفی زمانناسی

ئەرشیفی زمانناسی

# حیسابی ئەبجەد

پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین

تا ئیستا ساغ نەبۆتەوە و نەزانراوە کەی پیتەکانی ئـەلفوبێی عـەرەبی بـە شێوەی (ابجد – هوز – حطی – کلمن – سعفص – قرشت – ثخذ – ضـظغ) دا داڕێژراون و بەکار هێنراون. ئەوەی لەم بارەیەوە روونە و زانـراوە ئەوەیـە کـە لـە سەردەمی جاهیلیی پێش ئیسلامیشا هەر بەم جۆرە بووە.

بە بەراورد کردنـی سروشـتی ئـەم ریزبوونـە لـە گـەڵ ئـەلفوبێی زمانـە کۆنەکانی وەك عیبری و عـەرەبی و لاتینـی و گریکـی و سەنـسکریتی و زمانـە سیریلیکی‌یەکان و ئەو زمانانەی پێیان ئەنووسرێن ، لیك چوونێکی دیار و ئاشکرا لە نێوانیانا لە ریزبوونی پیتەکانیانی ئەلفوبێ یەکانیانا بە دی ئەکرێ کە هەرگیز ناشێ بخرێتە پاڵ رێکەوت.

ئەمە بەڵگەیێکی بەهێزە بـۆ سـەلماندنی هاوسەرچـاوەیی ئـەم ئـەلفوبێ یانە.( ئەم جۆرە بەڵگەیە ئەشێ بە فۆسلێ – متحجرات ناو ببرێ).کە تـا ئیـستا ریزبوونە نژادەکەیان پاراستووە. ئەوەش ئەسـەلمێنێ کـە ئـەڵێ هـەموو ئـەم ئەلفوبێ یانە لە یەك سەرچاوەوە کە (هیرۆگلیفی) یە دابەزیوون.

ئەرشیفی زمانناسی

نصر بن عاصم (27 – 89ك) پێڕوێکی تری بۆ ریزبوونی پیتەکانی عەرەبی دانا ، کە بە گوێرەی شێوەی لێکچوونیانە. ئـەو پیتانـەی لێـك ئەچـن لـە تەنیـشت یەکتری دانان ( ت) و( پ) لە (ب) ئەکەن ، لە تەك یێکی دانان (ح) و (خ) لـە (ج) ئەکەن و لە تەك یێکی دانان وبەم جـۆرە ( ا – ب – ت – پ – ج – ح –

خ - ... ) . ئیستا بە شێوەییێکی گشتی ئەم پێڕەوە لە کاروباری بەڕێوەبردن و فەرھەنگ دانانا بە کار ئەھێنرێ.

خلیل بن احمد الفراهیدی ( 94 – 175ك) لە فەرھەنگی ( كتاب العين) دا پیتەکانی بە پێی شوێنی دروست کردنی دەنکەکانی لە زارا ریز کردووە. بە (ع) دەست پێ ئەکا لە بەشی ھەرە دواوەی ئەندامانی ئاخاوتندا دروست ئەکرێ. بە (م) کۆتایی پێ ئەھێنێ کە لە بەشی ھەرە پێشەوە دروست ئەکرێ کە دوو لێوەکانە. ریز بوونەکەی بەم جۆرە ریزیان ئەکات : ( ع ح ھـ خ غ ق ك ج ش چ ص س ز گ د ت ڤ ژ پ ر ل ن ف ب م ) ئنجا بزوێنەکان ( و ا ی ).

بۆ حیسابی ئەبجەد پێڕەوی ( ابجد ـ ھوز ـ حطي ـ كلمن ـ سعفص ـ قرشت ـ ثخذ ـ ظضغ) کراوەتە بیناغە.ھەر پیتەی ژمارەییێکی ھەیە. بە ﴿أ﴾ دەست پێ ئەکات کە ژمارەکەی (1) ـە. بە ﴿غ﴾ کۆتایی دێت کە ژمارەکەی ھەزارە (1000). تا پیتی دەیەم بە یەکانە ئەڕوات.لە یازدەھەمەوە ئەبێ بە دەیانە تا پیتی (ق) ئەبێ بە سەدانە بەم جۆرە:

| | | |
|---|---|---|
| أ ـ 1 | ك ـ 20 | ر ـ 200 |
| ب ـ 2 | ل ـ 30 | ش ـ 300 |
| ج ـ3 | م ـ 40 | ت ـ 400 |
| د ـ 4 | ن ـ 50 | پ ـ 500 |
| ھـ ـ 5 | س ـ 60 | خ ـ 600 |
| و ـ 6 | ع ـ 70 | ژ ـ 700 |
| ز ـ 7 | ف ـ 80 | چ ـ 800 |
| ح ـ 8 | ص ـ 90 | ڤ ـ 900 |
| گ ـ 9 | ق ـ 100 | غ ـ 1000 |
| ی ـ 10 | | |

ئەرشیفی زمانناسی

ھونەری حیسابی ئەبجەد لەوەدایە ، رستەییێك یا دێرە شیعرێك یا وشەییێك بە جۆرێ رێك ئەخرێ گەر ژمارەی پیتەکانی کۆ بکرێنەوە ئکاتە مێژووی رووداوێك نووسەرێ یا شاعیرێ ئەیەوێ تۆماری کات و بیچەسپێنێ وەك مێژووی مردن یا لە دایك بوون... ھتد.

بۆ نموونە شێخ سەلام لە شیوەنی ( محمد امین زەکـی ) دا بـەم دێـرە کۆتـایی بـە شیعرەکەی ئەهێنیٚ.

سالّی تأریخی دلّی ئاشفتە وتی بە تەعجیل

( امین زکی بەگ شوێنی بەهەشتە) بە یکصد دلیل

1368

ئەمین ( 1 + 5 +40 + 10 + 50 ) = 106

زکی ( 7 + 20 + 10 ) = 37

بەك ( 2 + 5 + 20) = 27

شوێنی ( 300 + 6 + 10 + 50 + 10 ) = 376

بەهەشتە ( 2 + 5 + 5 + 5 + 300 + 400 + 5 ) = 722

106 + 37 + 27 + 376 + 722 = 1368 هـ کە ئەمە سالّی کۆچـی دوایی مێژوونووس (ئەمین زەکی بەگ ) ــە.

* ئەم وتـارە بـۆ یەکـەم جـار لـە ڕۆژنامـەی هاوکـاری ،ژمـارە (1122) ی 1989/10/30، ل7 بلّاوکراوەتەوە

## بیبلۆگرافیا

# بیبلۆگرافیای فەرهەنگی کوردی

# 2009 – 1787


بەشی یەکەم

د.شوان سلیمان یابە

کۆلێجی زمان- زانکۆی سەلاحەددین


## بابەت

**فەرهەنگی ئابووری**

ـ ئینسکلۆپیدیای ئابووری ـ لێکدانەوی زیاتر لە (2000) زاراوەی ئابووری بە کوردی، (عەرەبی ـ ئینگلیزی ـ کوردی)، فەیسەڵ دەباغ، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2001، 571ل.

ـ فەرهەنگی ئابوری (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، (عەرەبی ـ کوردی ـ ئینگلیزی)، نەژاد عەبدولقادر شمقار،سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،2003 196+217ل.( زنجیرەی گۆڤاری زانستی سەردەم: 5).

فەرهەنگی ئاینی

ـ فەرهەنگی ئاسان بۆ لێکدانەی وشە و زاراوەکانی قورئان لەگەڵ بە دەرخستنی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکان، رزگار کەریم و ناسیح فەتاح، قم: چاپخانە اسوە،2004، 610ل.

ئەرشیفی زمانناسی

بیبلۆگرافیا

**فەرهەنگی ئەدەبی**

ـ فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی (کوردی ـ ئینگلیزی)، (ئینگلیزی ـ کوردی)، بەختیار سەجادی، محەمەد مەحموودی، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2002، 123+98ل.

ـ فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، ب1، د. موحسین ئەحمەد عومەر، هەولێر: لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، 2005، 110ل.

- زاروەی ئەدەبی ( کوردی- عەرەبی- ئینکلیزی)، لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان،هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،2006، 320ل.

- فەرهەنگی دیوانی شاعیران ( نالی، سالم، کوردی) ، د. محەمەد نوری عارف، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007، 1000ل.

- فەرهەنگی دیوانی نالی،چ2 ، دانان و ئامادەکردنی مارف خەزنەدار، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، 2008، 191ل.

**فەرهەنگی ئەستێرەزانی**

ـ فەرهەنگی ئەستێرەزانی (ئینگلیزی ـ عەرەبی کوردی)، (عەرەبی ـ کوردی ـ ئینگلیزی)، کەمال جەلال غەریب، ئەکرەم قەرەداغی، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2004، 174+179ل.

فەرهەنگی ئیتالی – کوردی ( بە پیتی لاتینی)

- ڕیزمان وشەی زمانی کوردی ماریزۆ گارزۆنی فەرهەنگێکی ئیتالیایی – کوردی یە، ڕۆما، 1787، 288ل.

**فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی**

ـ فەرهەنگی ئیدیومی کوردی (کوردی ـ کوردی ـ عەرەبی)یە، سادق بەهائەددین ئامێدی، 1973، 162ل.

ـ فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی ـ ڕوسی، د. مەکسیمی خەمۆ، یەریڤان، (ب،چ)، 1979، 284ل.

- فەرهەنگی زاراوە و ئیدیۆمی زمانی کوردی، کۆکردنەوە و لێکدانەوە و بەراوردکردنی محەمەد ئەمین هەورەمانی، بەغدا: ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، 1989، 432ل.

ـ ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، ب2، جەلال مەحمود عەلی، سلێمانی: وەزارەتی رۆشنبیری ـ سلێمانی، 1997، 148ل.

بیبلۆگرافیا

- فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، عەبدولوەهاب کانەبی شەریف، سلێمانی: چاپخانەی ڕوون، 2005، 420ل.

- ئیدیەمێت کوردی، سادق بەهائەدین، چ2، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 227ل.

**فەرهەنگی ئیسپانی- کوردی**

ـ فەرهەنگی هەندەران (ئیسپانی ـ کوردی)، حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2004، 403ل.

**فەرهەنگی ئینگلیزی- کوردی**

- فەرهەنگی قوتابی ( ئینگلیزی- کوردی)،د. ئیحسان فوئاد، جەمال عەبدول، عەبدوللا شالی، محەمەدئەمین غەفور هەورەمانی، بەغدا: چاپخانەی دار افاق العربیە، 1985، 272ل.

ـ فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیزی، وشە و زاراوەی هاوواتا، ب1 (ئـ)، شەوکەت شیسماعیل حەسەن، بەغدا: دار الجماهیر للصحافە، 1989، 374ل

ـ قاموسا سەلاحەدین (ئینگلیزی ـ کوردی ) ، سەلاحەدین سەعدوللا، بەغدا: دار الحریە للگباعە، 1998، 1183ل.

ـ فەرهەنگی شارەزوور (کوردی ـ ئینگلیزی) د. شەفیق قەزاز، هەولێر: دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، 2000، 601ل.

ـ قاموسا سەلاحەدین (ئینگلیزی ـ کوردی (لاتینی)، سەلاح سەعدوللا، چ2، ئەستنبول: ئەنیستوتی کوردی لە پاریس، 2000، 1477ل.

ـ فەرهەنگی جاف (ئینگلیزی ـ کوردی)، ئیحسان جاف چ1، 2002، 654ل.

ـ فەرهەنگی فوئاد (ئینگلیزی ـ کوردی)، فوئاد ڕەشید، سلێمانی: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ سلێمانی: 2002، 592ل.

ـ فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی ـ کوردی)، سەلام ناوخۆش، هەولێر: لە بلاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر، 2002، 416ل.

ـ فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نوێ ـ فەرهەنگێکی ئینگلیزی ـ کوردییە، سەلام ناوخۆش، چ2، هەولێر: چاپخانەی منارە، 2003، 407ل.

ـ فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد (ئینگلیزی ـ کوردی)، سەلام ناوخۆش، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر، 2003، 540ل.



ـ فەرهەنگی جاف (ئینگلیزی ـ کوردی)، چ2، ئیحسان جاف ، ( ب.ش)(ب.چ)، 2003، 654ل.

ـ فەرهەنگی جاف (ئینگلیزی ـ کوردی)، چ3، ئیحسان جاف ، ( ب.ش)(ب.چ)، 2003، 654ل.

ـ فەرهەنگی جاف (ئینگلیزی ـ کوردی)، چ4، ئیحسان جـاف، ( ب.ش)(ب.چ) ،2003، 654ل.

- فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نوێ فەرهەنگێکی کوردی ـ ئینگلیزییـە (سـۆرانی ـ بادینی ـ ئینگلیزی)، سەلام ناوخۆش، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، 2003، 303ل.

- فەرهەنگا کورمانجی – ئینگلیزی، مایکل چایت، ئەمەریکا: زانکۆی یـەیلی، 2003، 847ل.

ـــ فەرهــەنگی جــاف (ئینگلیــزی ـ کــوردی)، چ5،ئیحــسان جــاف، ،(ب.ش)(ب.چ) ،2004، 654ل.

ــ فەرهـەنگی گیرفـانی ئۆکـسفۆرد (ئینگلیـزی ـ کـوردی)، سـەلام نـاوخۆش، سلێمانی: لە بلاۆکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، 2004، 536ل.

ـ فەرهەنگی جاف (ئینگلیزی ـ کوردی)، چ6، ئیحـسان جـاف ،(ب.ش)(ب.چ) ،2004، 654ل.

- فەرهەنگی سپی ( کوردی- ئینگلیزی)،ئیسماعیل سەلام ئەسعەد،، سلێمانی: چاپخانەی دیلان،2005،298ل،( لە بلاۆکراوەکانی سەنتەری هەتاو، ز:7)

- فەرهەنگی فوئاد (ئینگلیـزی – کـوردی)، فوئـاد بـەکر ڕەشـید ، سـلێمانی: چاپخانەی کارۆ، 2005، 568ل.

**فەرهەنگی باڵندە**

ـ نامهای پرندگان در لهجە های کـردی، محمـد کیـوان پـور، تهـران، (ب. چ) 1326(1947)، 155ل.

ـ فەرهەنگی باڵندە، ئەحمەد بەحری، هـەولێر: چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، 2001، 352ل.

**فەرهەنگی بایۆلۆژی**

ـ فەرهەنگی بـایۆلۆژی بـۆ مـاوەی خانـە، (ئینگلیـزی ـ عـەرەبی ـ کـوردی)، (عەرەبی کوردی ـ ئینگلیزی)، ئەکرەم قەرەداغی، سـلێمانی: دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم،2002، 149+154ل. ( زنجیرەی گۆڤاری زانستی سـەردەم: 4).



**فەرهەنگی پزیشکی**

- گیانیٚ مرۆڤیٚ ـ فەرهەنگێکی (عەرەبی ـ کوردی)، بەغدا: (ب، چ)، 1978، 55ل.

- فەرهەنگی پزیشکی سوێدی- کوردی ، حەسیب ڕۆژبـەیانی و عــەلی لـەبڕێز، سوید: چاپخانەی ئاپێك، 1999، 98ل.

- فەرهەنگی سۆفیا ، ئۆتمە بیوهمە، و/ لە سویدییەوە بەهرۆز حەسەن، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2003، 253ل( کتێبی گیرفان، ز: 40).

- ئەتلەسی توێکاری لەشی مرۆڤ، ( ئینگلیزی- کرمانجی- سۆرانی)، مـستەعین لەیلانی، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، 2004، 63ل.

- فەرهــەنگی پزیــشکی ددان(ئینگلیــزی- کــوردی- عــەرەبی)، د. ســەعید عەبدوللـەتیف عەبدولکـەریم، سـلێمانی: چـاپخانەی چـاپو پەخـشی سـەردەم، 2007، 605ل، ( لە زنجیرە بلاّوکراوەکانی گۆڤاری زانستی سەردەم، ز: 14).

**فەرهەنگی پێنج زمانی**

- کۆلّکە زێرینە (کوردی ـ فارسـی ـ عــەرەبی ـ فەرەنـسی ـ ئینگلیـزی)، گیـو موکریانی، هەولێر: چاپخانەی کوردستان، 1966، 240ل.

**فەرهەنگی تورکی- کوردی**

- فەرهەنگی جاف( تورکی- کوردی)،ئیحسان جاف، ،( ب.ش)(ب.چ)، 2003، 644ل.

**فەرهەنگی جەنگی ڕوسی ـ کوردی**

- فەرهەنگی جـەنگی ڕوسـی ـ کـوردی، ڤ. نیکـتین، ورمـیٚ: (ب،چ) 1916، 72ل.

**فەرهەنگی جوگرافی**

- فەرهەنگی جوگرافیای سروشتی (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کـوردی)، (عــەرەبی ـ کوردی ـ ئینگلیزی)، جەزا تۆفیق تالیـب، ئەحمـەد محەمـەد عــەلی، سـلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (ب، س)، 171+159ل.

- فەرهــەنگی جوگرافیــای دانیــشتوان( کــوردی- عارەبی،عــارەبی-کــوردی)، د.عەبـدوڵلاّ غــەفور، دهـۆك: چـاپخانەی خـانی،2007، 152ل،( لـە زنجـیرە بلاّوکراوەکانی دەزگای توێژینەوەو بلاّوکردنەوەی موکریانی،ز: 258).

## فەرهەنگی چوار زمانی

ـ فەرهەنگی (کوردی ـ ترکی ـ فەرەنسی ـ ئینگلیزی)، جۆیس بلو، ئەستەمبول: (ب،چ)، 1991، 341ل.

- فەرهەنگی ئاماژە ( کوردی- عەرەبی- فارسی- ئینگلیزی)، جەمیل سەید مەحمەد، سلێمانی: چاپخانەی چوار چرا،2006، 159ل.

## فەرهەنگی دەروونناسی

ـ قاموسی دەروونناسی (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، عەبدولسەتار تاهیر شەریف، بەغدا: چاپخانەی علاو، 1985، 250ل.

## فەرهەنگی دووانەی ئینگلیزی- کرمانجی- کرمانجی- ئینگلیزی

ـ فەرهەنگی (کوردی ـ ئینگلیزی ، ئینگلیزی- کوردی)، عەزیز ئەمینداروٚڤ، نیۆرك: 1994، 313ل.

- فەرهەنگی (ئینگلیزی- کرمانجی- کرمانجی- ئینگلیزی) دیالێکتی بادینی ،ب1،چ2،شیرین، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 361ل .( بە تیپی لاتینی)

ـ فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نوێ (ئینگلیزی ـ کوردی ـ کوردی ـ ئینگلیزییە)، چ3، سەلام ناوخۆش، هەولێر: چاپخانەی منارە، 2003، 303+383ل.

- فەرهەنگی دوانەی ئۆکسفۆرد ( ئینگلیزی- کوردی، کوردی- ئینگلیزی)چ5،،سەلام ناوخۆش،سلێمانی: لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، 2006، 400ل.

## فەرهەنگی دووانەی کوردی ـ ئینگلیزی، ئینگلیزی ـ کوردی

ـ فەرهەنگۆك ـ قامووسچەیەکی ئینگلیزیی ـ کوردی و کوردیی ـ ئینگلیزییە، شاکر فەتاح، رەواندوز: چاپخانەی زاری کرمانجی، 1934، 53ل.

ـ فەرهەنگا کوردی ـ ئینگلیزی، ئینگلیزی ـ کوردی، باران ڕزگار، لەندەن: (ب.چ)، 1993، 400ل.

ـ فەرهەنگی (کوردی ـ ئینگلیزی، ئینگلیزی ـ کوردی)، عەزیز ئەمینداروٚڤ، نیۆرك: 1994، 313ل.

## فەرهەنگی دووانەی کوردی ـ تورکی، تورکی ـ کوردی

ـ فەرهەنگ کوردی ـ ترکی، ترکی ـ کوردی، دەلیلۆ ئیزۆلی، نێدرلاند، (ب.چ)، 1987، 413ل.

- فەرهەنگی ( کورمانجی- دیمیلی- ترکی، ترکی- دیمیلی — کورمانجی)، سەید ڤیرۆژ ،ئەستەنبۆل: وەشانی وار، 2003، 512ل.( بە پیتی لاتینی).

**فەرهەنگی دووانەی کوردی ـ ڕوسی،ڕوسی ـ کوردی**

- فەرهەنگی کوردی — ڕوسی ، ڕوسی — کوردی، س. ئا. یەگیزاریۆف، ل.ق. زاگۆڕێسکی، تەفلیس: (ب.چ)، 1891، 122ل.

**فەرهەنگی دووانەی کوردی ـ عەرەبی،عەرەبی ـ کوردی**

ـ فەرهەنگا قازی (کوردی ـ عەرەبی) (عەرەبی ـ کوردی) حافق قاچی، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 469ل

**فەرهەنگی دووانەی کوردی ـ فارسی - فارسی ـ کوردی**

ـ ژورەزاری (کار) زازەکی زانەیی سەرهەمی زارین کوردی، تەلغی فارسی و ئیسپرانتو فراگویش (کار)، (م.س.کارا)، (کوردی ـ فارسی - فارسی ـ کوردی)، سنندج: چاپ تعاونی 2م سنندج، 1363، (1984)

**فەرهەنگی ڕوەکە ئابورییەکان**

ـ کەلە فەرهەنگی ڕوەکە ئابورییەکان، (کوردی ـ عەرەبی ـ لاتینی)، کەمال جەلال غەریب، ستۆکهۆلم، 1994، 436ل.

- کەلە فەرهەنگی ڕووەکە ئابوورییەکان بەتایبەتی لە کوردستاندا (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی)، کەمال جەلال غەریب، سوید، کتێبخانەی هەرزان، 2002، 432ل.

**فەرهەنگی ڕوسی ـ کوردی**

ـ خەبەرناما ژ فلەیی ـ کرمانجی، ئەمینی ئەڤدالێ، حاجی جندی، ج ـ گینجو، ڕەوان: (ب ،چ)، 1933، 330ل.

ـ فەرهەنگا عروسا ـ کرمانجی،ئومار و ئیج، فادیزوف ئیڤان، مۆسکۆ: (ب،چ)، 1957، 782ل.

ـ خەبەرناما کوردییا، نڤیساندنە ئەمینی ئەڤدالێ، ڕەوان: (ب، چ)، 1958، 214ل.

ـ فەرهەنگێکی قوتابخانەیی (روسی ـ کوردی) ێ. ئی. میترۆخینە، مۆسکۆ: 1977،ل.

- فەرهەنگی ڕوسی — کوردی بیبلۆگرافیا دستان موکریانی بە هاوکاری کیدایتینیە، مۆسکۆ: (ب.چ)، 1977،ل.

## فەرهەنگی زاراوەی زانستی

ـ هەندێك زاراوەی زانستی (كوردی ـ عەرەبی)، جەمال نەبەز، سلێمانی: چاپخانەی كامەران، 1960، 17ل.

- زاراوەی زانستی ی كوردی، (عەرەبی - كوردی)، سلێمانی: چاپخانەی ژین، 1960، 104ل.

ـ زاراوە زانیارییەكانی كتێبە قوتابخانەیی یەكان، (عەرەبی ـ كوردی)، گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژ(7، 8)ی ساڵی (4)ی هاوینی 1974، 290ل.

- فەرهەنگی زانیاری ( عەرەبی- كوردی)، ب1،كەمال جەلال غەریب، سلێمانی: چاپخانەی كامەرانی، 1974، 438ل.

ـ فەرهەنگی زانیاری وێنەدار، (عەرەبی ـ ئینگلیسی ـ كوردی)، كەمال جەلال غەریب، بەغداد: چاپخانەی اجیال، 1975، 102ل.

ـ زاراوە زانستییەكان (عەرەبی ـ كوردی ـ ئینگلیزی)، دانان و لێكۆڵینەوەی لیژنەی زاراوە زانستییەكان، بەغدا: چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، 1976، 45ل.

- فەرهەنگی زانیاری ( عەرەبی- كوردی)، ب2،كەمال جەلال غەریب، بەغدا:، 1979، 403ل.

ـ فەرهەنگی زانیاری (عەرەبی ـ ئینگلیزی ـ كوردی)، ب3، كەمال جەلال غەریب، بەغدا: چاپخانەی المیناو ، 1983، 384ل.

ـ پرۆژەی زاراوەی زانستی كوردی، كەمال جەلال غەریب، ستۆكهۆلم، 1991، 149ل.

ـ زێوار ـ دەستە فەرهەنگێكی زانستی یە، هەندێك زانستە زاراوەی كیمیا و زیندەوەرزانی و بیركاری و فیزیای پێویستی قۆناغی زانكۆی گرتۆتە خۆی (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ كوردی)، جەمال عەبدول، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، 1995، 336ل.

ـ فەرهەنگی زاراوەی زانستی، (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ كوردی) (كوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی)، مصگفی سلیمان، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج، 2001، 180+220ل.

ـ كەمالنامە ـ فەرهەنگی زانستی عەرەبی ـ ئینگلیزی ـ كوردی، كەمال جەلال غەریب، سلێمانی: چاپخانەی ڕێنوین، 2002، 1640+48ل.

## فەرهەنگی زارەوەگەلی كاروباری مین

فەرهەنگی زارەوەگەلی کاروباری مین( کوردی – ئینگلیزی )(ئینگلیزی– کوردی )، ب1، ئامادەکردنی جەمال جەلال حوسێن و دلێر سابیر ئیبراهیم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006، 80ل.

**فەرهەنگی ڕاکەیاندن**

ـ فەرهەنگی زاراوە، زاراوەگەلی ڕاگەیاندن و گارکێری و قوتابخانەیی عەرەبی ـ کوردی، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر: لە بلاۆکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، 2002، 142ل.

ـ زاراوەی ڕاگەیاندن (عەرەبی ـ کوردی)، ئا: لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر: لە بلاۆکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، 2005، 108ل.

ـ فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن (ئینگلیزی ـ کوردی ـ عەرەبی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر: لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، 2005، 165ل.

- زاروەی ڕاگەیاندن ( عەرەبی - کوردی)، ئامادەکردنی کەمال غەمبار، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006، 96ل.

- فەرهەنگی ڕاگەیاندن(ئینگلیزی- کوردی- عەرەبی)، جەمال عەبدول، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2007، 842ل،( لە زنجیرە بلاۆکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ز: 14).

فەرهەنگی زمانەوانی

ـ فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی، تاها فەیزی زادە، ارومیە: مرکز فرهنگ و ادبیات کردی، 1363 (1984)، 223ل.

ـ فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ، محەمەد ئەمین هەورەمانی، بەغدا: چاپخانەی سومر، 1987، 340ل.

ـ زمانی ئاڤێستا ـ سۆکۆلۆڤ، محەمەد ئەمین هەورامانی، بەغدا: چاپخانەی دار الحریە للگباعە، 1988، 320ل.

ـ فەرهەنگی ناوی دەنگ لە زمانی کوردیدا، د. نەسرین فەخری، بەغدا: چاپخانەی مەعارف، 1974، 122ل.

ـ فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی(کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی) لەگەڵ دوو پاشکۆ،د. ئەورەحمانی حاجی مارف، سلێمانی: (ب،چ)،2004، 485+60ل.

ـ فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، د. تالیب حوسێن عەلی، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 278ل.

- فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، کەمال میراوەدەلی، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، 2007، 161ل

# فەرهەنگی زمانناسی

# زاراوەگەلی بواری وزەو گەرمی بزووتن

**بەشی دووەم**

**ئا: رزگار بەکر وەلی**
**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**زانکۆی سەلاحەدین**

| | | |
|---|---|---|
| Dry ice | ثلج جاف | ووشکە بەفر: دووەم ئۆکسیدی بەستوو(رەق), لە ژێر پاڵپەستۆی زەپۆشدا دەگۆڕێت بۆ دۆخی گازی بە بێ ئەوی بە دۆخی شلیدا بڕوات چونکە شێدار نیە, وە ئاو نامینێتەوەو لە کاتی توانەوەی, وە لەبەر ئەم هۆیە بەم ناوە ناو نراوە. |
| Dry saturated steam | بخار الماء المشبع الجاف | تێرە هەڵمی ووشك |
| duct | مسلك | کەنال, هەواکێش, جۆك |
| Durable | متين | توکمە, خۆڕاگر |
| Dust | غبار | تۆز |
| Dynamic similarity | تشابە دينامی | لێکچوونی دینامیکی |

| | | |
|---|---|---|
| Ebullition cooling | التبريد بالغليان | ساردكردنەوە بە كولاّن |
| Ecliptic plane | مستوى دائرة البروج | ڕووتەختى بازنەى كەلوەكان |
| Economizer | الموفر | ئابوورى خواز |
| Eddy formation | تكوين دوامى | دروستبوونى گێژاو |
| Effective | مؤثر | كاريگەر |
| efficiency | الكفاءة | چووستى, هەژيتى |
| Efficiency | كفائة | چوستى |
| Efficient cross-section | مقطع كفء | بڕگەى كاريگەر |
| Elbow meter | مقياس الكوع | پيوەر لە شيوەى چەماوە: بەكار دەهێنرێت بۆ پێوانى بڕى ڕۆيشتنى گازاو |
| Electric analogy | تماثل كهربائى | ليكچوونى ئەليكتريكى(كارەبايى) |
| Elevation | الارتفاع | بەرزى, بلّندى |
| Elevation head | سمت الارتفاع | ئاستى بەرزى |
| Ellipse | شكل بيضوى | شێوەهێلكەيى |
| Emissivity | انبعاثية | تيشكدانەوە |
| Emissivity | الانبعاثية | پەرچدانەوە |
| Empirical | تجريبى | پراوەسازيانە |
| Empirical equation | معادلة تجريبية | هاوكێشەى پراوەيى |
| Emulsion | مستحلب | شيراو, شيلاوگ, شێلاڤ |
| Endothermic | ماص للحرارة | گەرمى بەر |
| Energy | الطاقة | وزە |
| Energy gradient | انحدار الطاقة | پليكانەى ئاستى وزە |
| engine | المحرك | بزوێنەر, مەكينە |
| Engine deposit | ترسبات المحرك | نيشتەكانى ناو بزوێنەر |
| Enlargement | توسيعة | فراوان بوون, بەربينايى |
| Enthalpy | الانثالبى | ئينسالّپى |
| entropy | الاينتروبى | ئينتروپى |

| | | |
|---|---|---|
| Environment | البيئة | ژینگه, دەروبەر |
| Equalizer | معادل | یەکسانکەر |
| Equation of motion | معادلة الحركة | هاوکێشەی جووڵە, هاوکێشەی لڤین |
| Equation of state | معادلة الحالة | هاوکیشەی ڕەوش |
| Equation of time | معادلة الزمن | هاوکێشەی کات |
| equilibrium | التوازن | هاوسەنگی |
| Equilibrium | الاتزان | هاوسەنگی |
| Equipotential lines | خطوط تساوى الجهد | هێڵەکانی پاڵهێزی یەکسان |
| Equivalent length | طول مكافىء | درێژی هاوتا |
| Erosion | تآكل, تعرية | داخوران: کەم بوونەی پێوانەکانی کانزا لەئەنجامی لێخشاندن و بەرکەوتن نەوەك لە ئەنجامی گۆڕانی کانزاکە بۆ کەرستەی خاوی سەرەتایی. |
| Established | توطد, مرسخ | دامەزراندن، جێگیربوون |
| Established flow | انسياب متكون | داشلانی دامەزراو(جێگیر) |
| Estimated reserves | الاحتياطى المخمن | یەدەکی خەملێنراو |
| Ethyl fluid | السائل الاثيلى | شلەی اپیلی |
| Euler's number | رقم اويلر | ژمارەی ئویلەر |
| Evacuation | اخلاء | چۆڵکردن, ڤالاکردن |
| Evaporator | المبخر | هەڵمێنەر, هەڵمکەرە |
| Excess air | الهواء الزائد | هەوای سەربار |
| Exhaust | التفريغ | بەتاڵکردن, دەرهاوێشتن |
| Exhaust gas | غاز العادم | گازی فڕێدراو, گازی پاشەڕۆ |
| Exhaust valve | صمام العادم | وەلفی فڕێدان |
| Exothermic | باعث للحرارة | گەرمی دەر |
| Expansion factor | معامل التمدد | هاوکۆلکەی کشان |
| Expansion loss | فقد التمدد | زیانی کشان |

| | | |
|---|---|---|
| Experimental methods | طرق التجارب | ڕێچکە کردەنیەکان, ڕێکە ئەزموونیەکان |
| Explosion | الانفجار | تەقینەوە, پەقین |
| External fired boiler | مرجل الاشتعال الخارجی | بۆیلەری دەرەگڕ |
| External mixing atomization | التذریة بطریقة المزج الخارجی | پرۆژاندن بەتێکەڵبوونی دەرەکی |
| Extinction | توهین | جیاکردنەوە, ڤاڤارتن |
| Extraction | استخلاص | قاڵ کردن, ڕشتە گری |
| Extrinsic | غیر نقی | خڵتە دار |
| Fan | مروحة | پانکە |
| Fiber glass | الیاف زجاجیة | ڕیشالی شوشەیی |
| Field | حقل | بوار, کێڵگە, بیاڤ |
| Film coefficient of heat transfer | المعامل الغشائی لانتقال الحرارة | هاوکۆلکەی توێژاڵی بۆ گواستنەوەی گەرمایی |
| Fin | زعنفة | پەڕماسی, فین, پەڕەی زیادە لە دەوری بۆڕی یان ئەو شوێنەی کە پێویستی بە ساردکنەوەیە بە مەبەستی زیادکردنی ڕووبەری گەرمی گواستنەوە. |
| Fire bricks | الطابوق الناری | کەرپوچی سووکراو |
| Fire tube boiler | مرجل انابیب النار | بۆیلەری بۆڕی ئاگرین |
| Fire tube boilers | بویلر بانابیب الغاز | بۆیلەری گازە بۆڕی |
| Firing | الاحتراق | ئاگرتێ بەردان |
| Fittings | وصلات | تێکبەستەکان, جومگەکان, ئاسنجە |
| Fixed bed cracking | التکسیر بالعمل المساعد علی هیئة طبقة ثابتة | درزبردنی بنکە جێگیر |
| Fixed carbon | الکربون المثبت | کاربۆنی جێگیرکراو |
| flame | الشعلة،اللهب | گڕ, بڵێسە |

| | | |
|---|---|---|
| Flame | اللهب | گڕی ئاگر, بلّێسه, گوری |
| Flame blown off | انفصال اللهب | جیابوونەوی بلّێسه |
| Flame diffusion | تشتت اللهب | پەرتبوونەوەی گڕ |
| Flame extinguished | انطفاء اللهب | کوژانەوەی گڕ |
| Flame propagation | انتشار اللهب | بلاّوبوونەوەی گڕ |
| Flame speed | سرعة اللهب | خێرایی گڕ |
| Flash point | نقطة الوميض | خالی بلّێسه دان |
| Flat plate | لوح مسطح | رووتەخت, تەختەك |
| Flat plate solar collector | المجمع الشمسى المستقيم | تەختە كۆكەرەوەی تیشكی خۆر |
| Float measurements | قياسات العوامة | پێوانەكانی سەرئاوكەوتوو |
| Flow | تدفق، جريان | داشلاندنی شلكاز |
| Flow | جريان | داشلان |
| Flow | انسياب او جريان | داشلان |
| Flow | جريان | داشلاند |
| Flow net | شبكة الانسياب | تۆڕی داشلان |
| Flow nozzle | بوق الانسياب | نۆزلی داشلان |
| Flow rate | معدل الانسياب | تێكڕایی داشلان |
| Fluctuation | تراوح | هەلّبەزو دابەز |
| Flue gas | غاز العادم | گازی پاشەڕۆ گازی فڕێدراو |
| Fluid | الموائع | گازاو، شلگاز, شلكاو |
| Fluid coupling | المزدوج المائعى لنقل القدرة | تێك بەست بە شلگاز |
| Fluid dynamics | ديناميك الموائع | گازاو بزووتن, گازاو داینامیك |
| Fluid mechanics | ميكانيكا الموائع | میكانیكی گازاوەكان |
| Fluidized bed cracking | التكسير بالعمل المساعد على هيئة طبقة مسيلة | درزبردنی بنكە شل |
| Foaming | ارغاء | دروستتبوونی كەف, كەف كردن, كەفدان |

| | | |
|---|---|---|
| Focal length | البعد البؤرى | دووری تیشکۆیی |
| Focus | بؤرة | تیشکۆ |
| Forced draught | تيار السحب القسرى | تەووژمی ڕاکێشانی بەزۆر |
| Forced vortex | دوامة جبرية | گێژاوی پاڵنراو |
| Fossil fuel | الوقود الحجرى | سووتەمەنی بەردین, کۆمڕ |
| Fossil fuel | وقود المتحجرات | سووتەمەنی بەردینەکان |
| Foul gas | غاز لا يتكثف | گازی نەچڕ |
| Fouling factor | معامل التقذر | هاوکۆلکەی پیسبوون (گەنیبوون) |
| Frame of reference | اطار مرجعى | چێوەی بنچینەیی |
| Francis turbine | تربين فرنسيس | تۆربینی فرانسیس |
| Free body diagram | مخطط الجسم الحر | هێڵکاری تەنێکی بێبەربەست |
| Free discharge | تصريف حر | داشلانی بێبەربەست |
| Free outfall | سقوط حر | تاڤگەی بێبەربەست |
| Free surface | سطح حر | ڕوویەکی بێبەربەست (ڤەژێر) |
| Free vortex | دوامة حرة | گێژاوی بێبەربەست (ڤەژێر) |
| Friction drag | اعاقة احتكاكية | بەرگری لە ئەنجامی لیکخشاندن |
| Friction factor | معامل الاحتكاك | هاوکۆلکەی لیکخشاندن |
| Friction head | سمت(ارتفاع) الاحتكاك | بەرزی لێکخشاندن |
| Froude number | رقم فراود | ژمارەی فراود |
| Fuel | الوقود | سووتەمەنی |
| Fugacity | مدلولات التطاير | نیشانەکانی هەڵاّوکردن |
| Fuidge diagram | مخطط فيوج | هێڵکاری فیوج |
| Full throttle | الاختناق الكلى | خنکانی تەواو, فەتساندن |
| Furnace | الفرن | کورە, فرن, تەندوور |
| Fusible plug | سدادة انصهارية | دەمەوانەی ئاسانتواوە |
| Gage | مقاس او مقياس | پێوەرە, گێج |
| Gas | الغاز | گاز |
| Gas | الغاز | گاز |

| | | |
|---|---|---|
| Gas constant | ثابت الغاز | نەگۆری گاز |
| Gas dynamics | ديناميك الغازات | گاز بزووتن, گاز داینامیك |
| Gas laws | قوانين الغاز | یاساكانی گاز |
| Gas producer | مولد الغاز | گاز زایەنەر, گازچاكەر |
| Gas purger | مطهر الغاز | خاوێنكەرەوەی هەوا, گاز پاگژكەرە |
| Gas separator | برج فصل الغاز | تاوەری جیاكەرەوەی گاز |
| Gas turbines | التربين الغازى | تۆربینی گازی, گاز تۆربین |
| Gasification | التغويز | بەگاز كردن, گازاندن |
| Gasoline | البنزين | بانزین |
| Gate | البوابة | دەروازە, دەرك |
| Gear pump | مضخة ذات التروس | ترومپای دیشلیدار |
| Geometric similarity | تشابه هندسى | لێكچوونی ئەندازیاریانە |
| Glazing | تغليف ثلجى | داپۆشینی بەفری، بەفر پۆشی |
| Governor | حاكم | گلاتۆر, ڕێكخەری خێرای |
| Gradient | انحدار | پلیكەیی, نشێو |
| Gradient | ميل او تدرج | پلیكانە |
| Gradually varied flow | انسياب متغير تدريجيا | داشلانی گۆڕاو بە پلە |
| Grates | المواقد | ئاگردانەكان, كوانوو, كۆچك |
| Gravity | جاذبية | ڕاكێشانی زەوی |
| Gravity waves | موجات تثاقلية | شەپۆڵەكانی كێشكردن |
| Green house | البيت الزجاجى | خانووی سەوز, شوشەبەند |
| Grille | شبيكة | پەنجەرۆكە, هێڵەنگ, هێلەك |
| Groove | اخدود | ڕچە, تلێش, دەرزە |
| Guide vanes | ارياش توجيه | پەروانەكانی ئاراستەكردن |
| Gum | الصمغ | كەتیرە |
| Gum content | محتوى الصمغ | پێكهاتەی كەتیرە |
| Gum existing | الصمغ الموجود | كەتیرەی بەردەست |

| | | |
|---|---|---|
| Gum formation | تكوين الصمغ | دروستبوونی کەتیرە |
| Gum test | مقياس الصمغ | پشکنینی کەتیرە |
| Hard water | ماء عسر | ئاوی ناساز |
| haze | سديم | نەرمە هەور, تەنکە هەور, تەنیلاك |
| Head loss | فقد السمت | زیانی بەرزی |
| Heat | حرارة | گەرمی, گەرماتی |
| Heat balance | موازنة الحرارة | گەرمە هاوسەنگی |
| Heat density | الكثافة الحرارية | گەرمە چڕی |
| Heat exchanger | المبادل الحرارى | جێگۆرکەری گەرمایی |
| Heat exchanger | المبادل الحرارى | جێگۆڕەری گەرمایی، جێگۆرکەری گەرمایی |
| Heat input | الحرارة الداخلة | گەرمی تێ چووێنراو |
| Heat output | الحرارة الممتصة او المطروحة | گەرمی دەرچوێنراو |
| Heat pump | المضخة الحرارية | ترومپای گەرمایی |
| Heat radiation | حرارة الاشعاع | گەرمی تیشکدانەوە, تیشکە گەرمی |
| Heat transfer | انتقال الحرارة | گەرمی گواستنەوە |
| Heater | سخان | گەرمکەرە، هیتەر |
| Heating load | الحمل الحرارى | بارتای گەرمکردن |
| Hermetic compressor | ضغاط محكم الغلق | کۆمپرێسەری تەواو داخراو |
| High pressure gas burner | محرق الضغط العالى(للغازات) | سوتێنەری بەرزە پەستان |
| High silica bricks | الطابوق العالى السليكا | کەرپوچی بەرزە سلیکا |
| Hook gage | مقياس خطافى | پێوەری چەنگالدار |
| Horizontal fired furnace | الفرن ذات المحارق الافقية | تەندووری ئاگر ئاسۆیی |
| Hot wire anemometer | انيمومتر(مقباس) السلك الساخن | ئەنیمومیتەر(پێوەر بە وایەری گەرم: |

| | | |
|---|---|---|
| | | ئەم ئامێرە بەکاردێت بۆ پێوانی خێرایی گاز لە کاتی داشلانیدا. |
| Hour angle | زاوية الساعة | کۆشەی کات |
| Humidity | الرطوبة | شێداری, شێ, نم |
| Humidity | رطوبة | شێ |
| Hydrate | هايدرات | هایدرات |
| Hydraulic cross section | مقطع هايدروليكى | بڕگەیەکی هایدرۆلیکی |
| Hydraulic drop | انخفاض هيدروليكى | دابەزینی هایدرۆلیکی |
| Hydraulic efficiency | الكفاءة الهايدروليكية | چوستی هایدرولیکی |
| Hydraulic grade line (HGL) | | هێلی پلیکانەی هایدرۆلیکی |
| Hydraulic gradient | الانحدار الهايدروليكى | پلیکانەی هایدرۆلیکی |
| Hydraulic jump | قفزة هايدروليكية | بازدانی هایدرۆلیکی |
| Hydraulic radius | نصف قطر الهيدروليكى | نیوە تیرەی هایدرۆلیکی |
| Hydraulic slope | ميل هيدروليكى | لاری هایدرۆلیکی |
| Hydraulics | هيدروليكا | زانستی هایدرۆلیك |
| Hydro cracking | التكسير بالهدرجة | درزبردن بە هایدرۆجین, هایدرۆ-درز |
| Hydro skimming process | عملية التقطير البترول بمرحلة واحدة | پرۆسەی دلۆپاندنی یەکسەرە |
| Hydro treating | التنقية بالهدرجة | پوختکردن بە هایدرۆجین |
| Hydrodynamics | هيدروديناميكا | دینامیکی هایدرۆلیکی, هایدرۆداینامیك |
| Hydroelectric power | القدرة الكهرومائية | توانستی کارۆئاوی |
| Hydrogenation | الهدرجة | هایدرۆجین پێدان |
| Hydrometer | هيدروميتر | پێوەری هایدرۆیی, شلیپێو: بەکار دەهێنریت بۆ پێوانی کێشی جۆری شلەکان |
| Hydrometer | المكثاف | چڕی پێو, چڕی پێوەرە |

| | | |
|---|---|---|
| Hydrostatic | هيدروستاتيكا | هايدرۆستاتيك |
| Hygrometer | هيجروميتر | هايگرۆميتەر, شێ پێوەر ئامێرێكە بەكار دەهێنرێت بۆ پێوانی رێژەی شێداری |
| Hypersonic flow | انسياب فرط الصوتى | داشلانی گازاو بەخێرایی زۆری سەرووی دەنگ |
| Ideal | مثالى | نموونەیی, میناكی |
| Ideal behavior | السلوك المثالية | رەفتاری نموونەیی |
| Ideal fluid | مائع مثالى | گازاوی نموونەیی (میناكی) |
| Ignition | اتقاد | گڕگرتن, داگیرسان, پێكردن |
| Ignition temperature | درجة حرارة الاتقاد | پلەی گەرمای داگیرسان |
| Illumination | اضاءة | رۆوناك كردنەوە, تەیسین |
| Impeller | دفاعة | پاڵنەر, هاژۆ |
| Impulse momentum principle | نظرية الدفع و التحرك | بنەماكانی پاڵدان و جووڵە |
| Impulse turbines | تربينات الدفع | توربینەكانی پاڵدان |
| Impurity | شائبة | گەرد, خەوش |
| Indicating horse power | القدرة الحصانية المبينة | ئەسپە توانستی دیاریكراو |
| Indirect | غيرمباشر | ناڕاستەوخۆ, نایەكسەر |
| Induced drag | اعاقة مستحثة | بەرگری ووروژێنراو |
| Induced draught | تيار السحب التاثيرى | تەووژمی ڕاكێشانی وروژێنراو |
| Induction period | فترة المقاومة (للاكسدة) | كاتی بەرگری ( بۆ ئۆكساندن) |
| Industrial fuel | الوقود الصناعى | سووتەمەنی دەستكرد |
| Inert gas | غاز خامل | گازی سست, سستە گاز |
| Inflammability limits | حدود قابلية الاشتعال | سنووری توانای گڕگرتن |
| Infrared radiation | الاشعة تحت الحمراء | تیشكی ژێر سوور |

| | | |
|---|---|---|
| Inhibitors | مواد مانعة ( مضادة) | دژه مادەی (داڕزین) |
| Insolation | تشمس | خۆدانە بەر هەتاو |
| instantaneous | آنى | هەنووکەیی, نەهۆیی |
| Insulant | عازل | نەگەیەنەر, دابڕ |
| Insulator | عازل | نەگەیەنەر, دابڕ, ناوبڕ |
| Intake valve | صمام السحب, صمام الدخول | وەلفی ڕاکێشان، وەلفی چوونە ژوورەوە |
| Intensity | شدة | توندی |
| Interface | السطح البينى | ناوکەش, ڕووی ناوکەش |
| Interferometer | مقباس التداخل | پیوەری بەیکداداچوون |
| Internal combustion engines | محركات الاحتراق الداخلى | بزوێنەری ناوە سووت |
| Internal energy | طاقة داخلية | وزەی ناوەوە |
| Internal fired boiler | مرجل الاشتعال الداخلى | بۆیلەری ناوەگڕ |
| Internal mixing atomization | التذرية بطريقة المزج الداخلى | پرۆژاندن بە تێکەڵبوونی ناوەکی |
| International system (SI) of units | نظام الوحدات(SI) العالمى | سیستەمی یەکەکانی (SI) جیهانی |
| Intrinsic | ذاتى، نقى | ناوخۆیی, پاك |
| Ionosphere | الطبقة المتاينة فى الجو | ئایۆنۆسفیر, چینێکی ئایۆندار لە هەوادا |
| Irreversible process | العملية اللارجاعية | پرۆسەی نا پێچەوانە |
| Irrotational flow | انسياب لادورانى | داشلانی گازاوی نە خوولاوە |
| Irrotational vortex | دوامة لادورانية | گێژاوی نە خوولاوە |
| Isentropic flow | انسياب ايسنتروبى | داشلانی ئایسنترۆپی گازاو |
| Isentropic process | اجراء ايسنتروبى | کرداری ئایسنترۆپی |
| Isobaric | تضاغطى | پەستاندن |

| | | |
|---|---|---|
| isobars | خطوط تساوی الضغوط | هێڵەکانی پاڵەپەستۆ هاوسەنگ |
| Isochoric | تحاجمی | هاوقەبارەیی |
| Isomers | اینسومرات | ئایزۆمێرەکان |
| Isothermal process | العملیة الایزوثیرمیة | پرۆسەی ایزۆسێرمی: ئەو پرۆسێسەیە کە لە پلەی گەرمای نەگۆڕدا ڕوودەدات. |
| isotherms | خطوط تساوی درجات الحرارة | هێڵەکانی پلەی گەرما یەکسان |
| Isotropic | متماثل الخواص الاتجاهیة | ئایزۆترۆپ, لێکچوونی سیفاتی ئاڕاستە |
| Jacket | دثار | گیرفان |
| Jet | بثق | فیچقە, جێت (دەرچوونی گازاو لە کونێکی بچووکەوە بە خێرایی) |
| Jet | نفث | فیچقاندن |
| jet condenser | المکثف القذف | خەستکەرەوەی هاوێژەر, چڕکەرەوی گوژمەدار |
| Jet contraction | تقلص النفث | هاتنەوە یەکی فیچقاندن |
| Jet engine | محرك نفاث | بزوێنەری فیشەکدار |
| Jet mixing | المزج مع الانبثاق | تێکەڵبوون بەهۆی گووژمە, تێکەڵکردن بە جێت |
| Junction | وصلة | جومگە, تێکبەست |
| Kaplan turbine | تربین کابلان | تۆربینی کاپلان |
| Kinematic similarity | تشابە کینماتی | لێکچوونی کیناماتی |
| Kinematic eddy viscosity | لزوجة کینماتیکیة دوامی | لینجی کایناماتیکی بە گێژاو |
| Kinematic similarity | تشابە کینماتیکی | لێکچوونی کایناماتیکی |
| Kinetic energy | طاقة حرکیة | وزەی جوڵاو |
| Knock | الفرقعة | لێدان (تەقەتەق): |

| | | |
|---|---|---|
| | | لیدانی بزۆێنرری ئۆتۆمۆبێل له کاتی خراپی جۆری سووتەمەنیەکە |
| Kutta formula | معادلة کوتر | هاوکێشەی (ڕێسایی) کوتەر |
| Lag | تخلف | دواکەوتن: کاتی پێویست بۆ هەستیارەکان یان هەر توخمێکی تری تایبەت بە هەستکردن لە رێکخەری تۆماتیکی تا بتوانێت هاوسەنگ بێت لەگەل گۆڕانکاریەی کە بەسەر ماددەکە یان ئەو بەشەی کە پێویستەکۆنترۆل بکرێت. |
| Laminar flow | الجریان الطبائقی | داشلانی چین چین |
| Lapse rate | معدل انقضاء | تێکڕای بەسەرچوون |
| Latent heat | حرارة التبخر | هەڵمە گەرمی |
| Latitude | خط العرض | پانە هێڵ, هێڵی پانی |
| Leakage | تسرب | دزەکردن, لیك کردن, لیکداری |

## لاپەڕەی دوایی

چەمکی ئاشکرای دەق بریتییە لـە سیـستەمێکی زمانـەوانی
کەشێوەیەکی دیاریکراوی خۆی وەردەگرێت بەپێی جۆری

# زمانی دەق

عەبدوڵلا رەحمان

چەمکی ئاشکرای دەق بریتییە لە سیستەمێکی زمانەوانی کەشێوەیەکی دیاریکراوی خۆی وەردەگرێت بەپێی جۆری بەرکاهێنانی لەوانەش شیعر و رۆمان و چیرۆک ..... هتد، لەگەڵ ئەوەشدا رەخنەی هاوچەرخ ئەم چەمکەی بەهیچ لە پێوەرەکانی شێوەی نەبەستۆتەوە، بەڵکو وا سەیری دەق دەکات کە مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکانی زمان وەکو فۆنیم و فۆنەتیك و وشەو ڕستە.....هتد، دەکات، بەو پێیەش کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەنێو خودی کۆمەڵگا لەدایك دەبێت و گەشە دەکات و پێش دەکەوێت ، بۆیە زمانی دەقیش بەپێی باروودۆخی لەدایکبوونی گۆڕانی بەسەردا دێت و بەم پێیەش دەقێك لە دەقێکی دیکەی جیا دەبێتەوە، بەواتای زمان یەکێکە لە هۆکارە هەر گرینگەکان کە دەقەکان لەیەکتر جیاواز دەکات، مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا رۆژانە رووبەڕووی دەیان دەق دەبێتەوە و ماناکانیان لێکداتەوەو تێیان دەگات و وەڵام و قسەی خۆی لەبارەیانەوە ئامادە دەکات. لێ گشت ئەو دەقانە بەهۆی سیتستەمێکی تایبەتی زمانیدا لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، بەمانایەکی دیکە فۆنیم وشەو رستەو هەر یەك لەو دەقانە لەیەکتر جیاوازن و هەریەکێکیان دەلالەت لە چەمك و تێگەیشتنێکەوە دەکەن، ئەمەش چونکە دەق لە بارودۆخێك و واقیعێکی دیاریکراوە دێتەکایەوەو گوزارشت و لەو بارودۆخەو واقیعە دەکات. هەر بۆیە ساتی نووسینی دەق ، ساتێکی دیاریکراوەو دەکەوێتە ژێر کاریگەری گشت فاکتەرەکانی دەوروبەرو بوونەوەو دواجاریش گوزارشت لەگشت ئەو فاکتەرانەش دەکات. دەق هەڵگری ماکی سەردەمەکەی خۆیەتی و هەڵگری وردەکارییەکانی سیستەمی زمانی سەردەمەکەیەتی ، هەر بۆیە دەقێکی کۆن لە دەقێکی نوێ بە سیستەمە زمانەکەی جودا دەکرێتەوەو بە ئاشکرا ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمانەکەدا هاتووە بەپێی واقیع و بارودۆخی خوڵقاندنی دەقەکە دیار دەکەوێت. بەهەمان پێوەر تەواوی کایەکانی دیکەی وەکو مێژوو و سیاسەت و ئابووری ، لە نێو دەقدا دەستنیشان دەکرێت.



ئەورەحمانی حاجی مارف

چاپخانەی منارە - هەولێر